# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە (٢)ی هاوینی (٢٠٢٥) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە مەڵبەندی دیراساتی گشتیی (ی.ن.ك) دەریدەکات.

- داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان دەق و پراکتیکدا.
- نامۆبوونی سیاسیی تاکی کورد... لەنێوان بەرداشی هەرێم و عێراقدا.
- بەشداری سوننە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی "2025"دا.
- ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم.. دەرفەت و ئاڵنگارییەکان
- کۆتایی عوسمانی لەژێر چەتری عەلمانییەت، دەستور و خەلافەت



# گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسیی و ستراتیجییە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

## ژمارە (٢)ی هاوینی (٢٠٢٥)



خاوەن ئیمتیـــــــاز | مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)
سەرنووســــــــەر | د. یوسف گۆران
جێگـری سەرنووسـەر | پ.د. ئومێد رفیق فتاح
بەڕێوەبەری نووسیـن | م. هونەر احمد كريم

### دەستەی نووسەران

پ.ی.د. عابد خالد رسول
پ.ی.د. بێستون حسێن عارف
د. فریدون صالح حمە
د. جليل عمر علي
د. فاروق عبدول مولود

### دەستەی ڕاوێژکاری

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران: فريد ئەسەسەرد

### ئەندامانی دەستە

پ.د. یونس علی احمد
پ.د. هيوا عزيز اسعد
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پ.ی.د. نرمين معروف غفور
پ.ی.د. ئارام عمر محی الدين
پ.ی.د. یادگار علی محمد
پ.ی.د. هندرێن عبدالله طاهر
پ.ی.د.سەنگەر حسام عبدالله

هەڵەبڕ | پ. ی. بێستون عارف عزیز
دیزاین | شاهۆ عەبدولڕەحمان



- پێگە: cgs.kurdpuk.org
- ئیمەیڵ: jss@dirasatdiploma.org
- ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٥٠٩٢١٩٦
- ناونیشان: عێراق- هەرێمی کوردستان- سلێمانی- گەڕەکی چوارچرا.

# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی گۆڤارێکی وەرزییە، مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. لەلایەن دەستەیەك لە کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییانە دەدات، کە ڕەهەندێکی ستراتیجییان هەیە و کاریگەریی و لێکەوتەی فرە ڕەهەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و نێودەوڵەتی، جێی گرنگی پێدان و بایەخی زانستییە، گۆڤارەکە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فرە ڕەهەند، بۆ پرسە جیاوازە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییە خراوە ڕووەکان، بە سەنتەری هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەو پرسانەش کە ڕەهەندی ستراتیجیی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە. سیاسەتی گۆڤارەکە گرنگیدانە بەو چەمك و پانتاییانەی کە ڕەهەندی ئایندەی و ستراتیجیی لەخۆدەگرن، بەشێوەیەك توێژەر بتوانێت لە ڕەهەندی ئایندەییەوە سیناریۆکان و بژاردەکان بەشێوەیەکی زانستیی شیبکاتەوە.

پاش جێبەجێکردنی ئەو مەرج و سیاسەت و ڕێنماییانەی نووسین، کە لە گۆڤارەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان دیاریکراون، ژمارەکانی گۆڤارەکە جگە لەوەی بە شێوەی چاپکراو بڵاودەکرێنەوە، هاوکات بە شێوەی ئەلیکترۆنیش لە ماڵپەڕی فەرمیی مەڵبەندی دیراساتی گشتیی بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گرنگی پێدەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە.

# پێرست


- گۆڕاوەکان و ئایندەی دەرکەوتنی هێزە نوێیەکان ........................................ | ٥
  پ.د.ئومێد رفیق فتاح
- بەشداری سوننە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی "٢٠٢٥"دا ............ | ٧
  پ.د. عابد خالد رسول
- جەنگی "١٢" ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران: لێکەوتەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ............ | ٢٣
  پ.ی. د. بێستون حسین عارف
- ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم.. دەرفەت و ئاڵنگارییەکان ........................................ | ٤٧
  د. دژوار ئەنوەر ئەحمەد
- کۆتایی عوسمانی لەژێر چەتری عەلمانییەت، دەستور و خەلافەت ........................ | ٦٥
  فەرید ئەسەسەرد
- نامۆبوونی سیاسیی تاکی کورد... لەنێوان بەرداشی هەرێم و عێراقدا ........................ | ٨٩
  پ. ی. د. سەنگەر حسام عبداللە
- داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان دەق و پراکتیکدا .................... | ١١١
  بهجت علی احمد
- ئایندەی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک) لە بەستێنی پرۆسەی ئاشتی تورکیا-پەکەکەدا ...... | ١٢١
  نـاودار زیـاد ڕەزا
- ئایندەی تورکیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا: دەرفەت و ئاڵنگارییەکان ............ | ١٥٩
  زانیار حمد محمد
- وێرانەخاک... جیهانێک لە تەنگژەی نەبڕاوەدا ڕۆبەرت کاپڵان، ڕاندۆم هاوز، ٢٠٢٥ ............ | ١٨٥
  ئامادەکردنی: د. سەرکەوت جەلیل

مەڵبەندی دیراساتی گشتی



# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|
| 1009 | 06/04/2025 - 06/04/2026 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 22/9/2008 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ) وەرزییە، خاوەن ئیمتیازی (مەڵبەندی دیراساتی گشتی ی.ن.ک) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (1009)تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

سەروتار



# گۆڕاوەكان و ئایندەی دەركەوتنی هێزە نوێیەكان

پرۆفیسۆر.د. ئومێد رفیق فتاح

روداوەكانی حەوتی ئۆكتۆبەر روخسارو دەم و چاوی هێزەكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕیوە، نەخشەی سیاسی هێزەكان و بەركەوتن و ململانێكان، لەیەك دەوڵەت هاوتەریبن لەگەڵ هەوڵی تر و ئاراستەی ئاشتەوایی و پێكەوەژیان، نمونەی پرۆسەی ئاشتی لە توركیا و گەرمی روداوەكانی سوریا، لە كاتێكدا لە لایەكی وڵاتەكە شەڕو ململانێی تائیفی هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی سوریا دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئیدارەی هاوپەیمانی سوریای دیموكرات هەیە.

لە سیاقی دەركەوتنی هاوكێشەو هێزی نوێ، كێبڕكێی گەرم لە نێوان هێزە گەورەكان و ئیرادەی هەرێمی نوێ بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی تازەی هەرێمی و ئیمپراتۆرییەتی نوێی هەرێمی و زاڵبونی گوتاری پۆلیسی نێودەوڵەتی لەلایەك هەیە، لە لایەكی ترەوە هەوڵەكان بۆ دروستكردنی هاوكێشەی نوێ بۆ دوركەوتنەوە لە هەژمونی ئەمریكا. گێژاوێكی ئاڵۆزی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان دروستكردووە.

ئێستا لە هەموو كات زیاتر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە قۆناغی نا دڵنیاییدا دەژێت، نەبوونی متمانەو بازدان بەسەر پرەنسیپەكانی ئاشتی نێودەوڵەتی خاڵی جیاكەرەوەی ئەم قۆناغەیە.

ئەو ئامرازانەی دەم و چاوی قۆناغەكە دەگۆڕن، زیاتر ئامرازی تەكنەلۆجیاو تاقیكردنەوەی ئامرازەكانی شەڕی نوێن.

لە شەڕی دوانزە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیلدا تویتەکانی ترەمپ و درۆن و ساروخەکان قسەی یەکلاکەرەوەیان دەکرد. شێوازی ئەم ململانێ تازەیە ستراتیجیەتی بەرگری و هێرشی دەوڵەتی گۆڕی. لە ئێستادا بیرکردنەوەی کلاسیکی دەوڵەت بۆ هێز بۆ ئاسایش بە تەواوی گۆڕاوە . دەوڵەتی بیرکەرەوە ژیر لە ئێستادا جگە لە پەنابردن بۆ هاوپەیمانی سەربازی و بەرزکردنەوەی خەرجی بەرگری، بە تایبەت بەرگری ئاسمانی. بیر لە داهاتوی مانەوەی خۆی دەکاتەوە لە نێو گۆڕانکارییەکان.

کەواتە ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەری ڕودانی هەیە، دەرکەوتنی هێزی نوێی هەرێمییە، کە نوێنەرایەتی هێزێکی خاوەن هەژمونی نێودەوڵەتی دەکات و ڕیزبەندی هێزەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دەبێت. سلۆگۆنی قۆناغەکە دورخستنەوەی مەترسیە لەسەر ئاسایشی ئەو هێزو ئیرادە هەرێمییە. لەم قۆناغەدا ئەو کارەکتەرە نادەوڵەتییە توندوتیژانەی قۆناغی دوای شەڕی سارد دروستیکردن، خۆریان بەرەو ئاوابون ڕۆیشت. ئەم ئیرادە هەرێمیە بەرپرسیارێتی قۆناغەکە دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی گوێڕایەڵ بە ئیرادەی هەرێمی.



# بەشداری سوننە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی "٢٠٢٥"دا

پ.د. عابد خالد رسول
دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان

**پێشەکی:**

هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە «١١»ی تشرینی دووەمی «٢٠٢٥»دا بەڕێوەبچێت، ساتێکی گرنگە بۆ هەموو پێکهاتە سیاسییەکان، ڕەنگە دیارترینیان پێکهاتەی عەرەبی سوننە بێت لە عێراقدا. دوای ساڵانێک لە پەراوێزخستن و ململانێ و دابەشبوونی ناوخۆیی، بەشداری سوننە لەم هەڵبژاردنانەدا بە کاریگەر دەبینرێت لەسەر پێگەی سیاسیی سوننە خۆیان و سەقامگیریی دەوڵەتی عێراق و هاوسەنگیی هێزی بەرفراوانتر لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی ناوچەکە بە سەرکەوتنی سوننە بۆ کورسی حوکم لە سوریا و زیادبوونی جووڵەکانی تورکیا و پاشەکشێکردنی هەژموونی ئێران لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و بەدوایدا ئەگەری لاوازبوونی باڵادەستی شیعە لە عێرقدا، هەموو ئەمانە بە دەرفەت دەبینرێن لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی سوننە لە عێراقدا.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا سوننەکان لەبەردەم چەندین ئاڵنگاریی گەورەدان، بەتایبەت ململانێی ناوخۆیی سیاسەتمەدارەکانیان لەسەر سەرکردایەتیی پێکهاتەکە و لاوازی هەوڵە جدییەکانیان بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی ناوخۆییان، لەگەڵ چەندین گرفتی دیکەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی کە ناوچە سوننە نشینەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دووچاریان هاتوون، هەموو ئەم ئاڵەنگاری و گرفتانەش دەشێت ئایندەی نوێنەرایەتی سوننە لەدوای

هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لە کۆتایی «٢٠٢٥» سەرلەنوێ لە قاڵب بدەنەوە. بۆیە جێی پرسیارە ئاخۆ سروشتی بەشداری سوننە لەو هەڵبژاردنەدا چۆنە؟ ئایا ئەگەری یەکڕیزیی لەنیوانیان هەیە؟ کاراکتەرەکانی گەڵاڵەکردنی ئەو یەکڕیزییە ئەگەر هەبێت کێن؟ تا چ ڕادەیەك دەرفەتی وەدیهێنانی هەیە؟ ئەی ئاڵەنگارییەکانی بەردەمی چین؟



**یەکەم: ڕەوشی مێژوویی بەشداری سوننە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا**

لەدوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی «٢٠٠٣» و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، عەرەبی سوننە کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا پێگەیەکی باڵادەستیان هەبوو، ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و واقیعێکی سیاسی نوێ بوونەوە. سەرەتا بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دەستوری ساڵی «٢٠٠٥»یان کرد، بەهۆی تێکەڵەیەک لە ناڕازیبوون لە دۆخەکە و یاخیبوون لەو سیستەمە سیاسییەی کە تازە لە ڕۆناندا بوو، پێگەی سیاسی ئەوانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو لاوازبوون بردبوو، ئەمە وێڕای برەوسەندنی توندوتیژی تائیفی کە باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوسای عێراقدا کێشابوو. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا بەشداریی سوننەکان زیادی کرد، وەک لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی «٢٠٠٥»دا بینرا، کە سوننەکان ڕێژەیەکی زۆری بەشدارییان تۆمارکرد، کە ئەمەش بە دووبارە گەڕانەوەیان

بۆ پرۆسەی سیاسی لەقەڵەمدرا، بەڵام دیمەنی سیاسییان هەتا ئێستا بە پارچەپارچەیی و ناجێگیری ماوەتەوە.

قۆناغی دوای جەنگی داعش، بەتایبەتی، چەندین پێدراوی نوێ هاتنەئاراوە کە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئاڵۆزکردنی ڕەفتاری سیاسیی سوننە هەبووە، وەك ئەو وێرانکارییەی کە جەنگەکە لە ناوچە سوننە نشینەکاندا خستبوویەوە، بوونی گروپە چەکدارە جیاوازەکان، پرسە هەڵپەسێرا و چارەسەرنەکراوەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری و گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەموو ئەم هۆکار و پێدراوانە فشارێکی بێئەندازەیان خستە سەر سیاسەتمەدارانی سوننە تاکوو هەوڵبدەن دەستکەوتی بەرجەستە بۆ پێکهاتەکەیان بەدەستبهێنن[١]. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین قەوارەی سیاسی نوێ و پوکانەوەی زۆرێك لە قەوارە کۆنەکان و گۆڕانی ڕیزبەندیی هاوپەیمانییە جۆراوجۆرەکان، بەڵام زۆربەی جار لە دەوری سەرکردەی تاك و تەریك چەقیان بەستووە، نەک لە دەوری پلاتفۆرمی ئایدیۆلۆژی تۆکمە و چەسپاو.

بۆ نموونە، لەگەڵ نەمانی کەسایەتییە تەقلیدییەکانی وەک ناو حزبی ئیسلامی و تاریق هاشمی و بنەماڵەی نوجەیفی لەدوای ساڵی «٢٠١٤»ەوە، ئەمجا وردە وردە سەرکردە سوننییە بەرچەڵەك شارییەکانی (بەغدا و موسڵ) لەدوای سەردەمی داعشەوە بۆ سەرکردەی هۆزەکانی (ئەنبار و صلاح الدین) گۆڕان، بەتایبەت کە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی ساڵی «٢٠٢١» و دەرکەوتنی چەند کەسایەتی و حزب و هاوپەیمانییەکی نوێی سوننەی بەخۆیەوە بینی، وەک پارتی (التقدم) بە سەرۆکایەتیی (محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان) و هاوپەیمانی (العزم) کە سەرەتا (خەمیس ئەلخەنجەر) سەرۆکایەتیی دەکرد و دواتر (موسەننا ئەلسامەڕائی) بووە سەرۆکی[٢]. لە ئەنجانی ئەم هەڵبژاردنەدا پارت و هاوپەیمانییە سوننییە نوێیانە جێگای زۆرێك لە پارتە تەقلیدییەکانیان گرتەوە. هاوکات بە دەستوەردانی شیعە (مەحمود مەشهەدانی)، کە یەکەم سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لە «٢٠٠٦-٢٠٠٨»، لە تشرینی یەکەمی «٢٠٢٤»دا جارێکی دی بۆ هەمان پۆست گەڕێنرایەوە.

کەواتە بەگشتی، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لەناو هێز و پارتە سوننییەکاندا ڕوویداوە، لەلایەك ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو ماڵی سوننە دەکات، لە لایەکی دیکەش گوزراشت لە بوونی جۆرێك لە هەوڵی بەردەوام بۆ خستنەڕووی هێزی نۆی لەلایەن ئەم پێکهاتەیەوە دەکات، تاکوو بتوانن لە دەرفەتێکدا خەونی پێکەوەنانی نوێنەرایەتییەکی کاریگەر و یەکدەنگ لەناو ڕیزەکانیاندا بهێننەدی.

**دووەم: ویستی یەکڕیزیی دواخراو: فرە لیستی لە هەڵبژاردندا و هاوپەیمانیی فراوان لە پەرلەماندا**

یەکێك لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان بەر لە هەڵبژاردنی «٢٠٢٥»، سەرەڕای هەبوونی داواکاری و بانگەشەی جۆراوجۆر بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزیی ناوخۆیی ماڵی سوننە و چەسپاندنی کاریگەریی بە کۆمەڵی پێکهاتەکەیان لە ئایندەی عێراقدا، دوای چەندین ساڵ لە ناکۆکی ناوخۆیی، لە ناویشیاندا ئەو ناکۆکیانەی کە لە سەروەختی گۆڕینی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران (محەمەد حەلبوسی) لە کۆتایی ساڵی «٢٠٢٣» ڕوویدا[٣]، بەڵام وێڕای ئەم بانگەشانە پێدەچێت هێشتا زۆربەی هێزە سوننییەکان چوونە ناو هەڵبژاردن بە یەك لیستی بەرفراوانی سونی بە پێویست نەزانن.

بۆیە، لەگەڵ ئەوەی ڕاوێژی نێوان پارت و هێزە سوننییەکان سەبارەت بە چۆنێتی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەردەوامە، بەڵام پێدەچێت سوننەکان لەڕێگەی چەند لیستێکی هەڵبژاردنەوە بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن، لەوانە لیستی (التقدم) کە (محەمەد حەلبوسی) سەرۆکایەتیی دەکات؛ لیستی هاوپەیمانیی (السیادة) بە سەرۆکایەتیی (خەمیس ئەلخەنجەر). لیستێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی (مەحمود مەشهەدانی) سەرۆکی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

> **” هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە "١١"ی تشرینی دووەمی "٢٠٢٥"دا بەڕێوەبچێت، ساتێکی گرنگە بۆ هەموو پێکهاتە سیاسییەکان، ڕەنگە دیارترینیان پێکهاتەی عەرەبی سوننە بێت لە عێراقدا “**

لەم چوارچێوەیەدا، هەوڵی دامەزراندنی چەند هاوپەیمانییەك لەنێوان پارت و هێزە سوننییەکاندا هەیە، وەك هاوپەیمانیی نێوان پارتی (المتحدون) بە سەرۆکایەتیی (ئوسامە نوجەیفی) سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران و هاوپەیمانیی (العزم) بە سەرۆکایەتیی (موسەنا ئەلسامەرائی) پێکهێنراوە, ئەمەش بە ئامانجی بەهێزکردنی هەژموونیان لە موسڵ[٤]. هەروەها دامەزراندنی هاوپەیمانیی چارەسەری نیشتمانی (الحسم)ە، کە چەندین کەسایەتیی کاریگەریی سوننەی وەک؛ (جەمال کەربولی) سەرۆکی پارتی (الحل) و (رشید

ئەلعەزاوي) سەرۆکی (الحزب الإسلامي العراقي) و (ئوسامە نوجەیفی) و (ڕافع ئەلعیساوی) و (ثابت ئەلعەباسی- وەزیری بەرگری ئێستا) کۆکردووتەوە. ئەمە وێڕای لیستە نوێیەکەی (یەزن ئەلجبوری) بە پشتیوانی سەرۆك خێڵەکان لە پارێزگاکانی سەڵاحەدین و ئەنبار. جێی باسە کە هاوپەیمانی (الحسم) وا لەخۆی دەڕوانێت کە طموحێکی زۆر فراوانتر لە چوونە ناو هەڵبژاردنی هەبێت، گوایە هەوڵدەدات لە ئێستاوە پلاتفۆرمێکی یەکگرتووی وا دابڕێژێت کە توانای هەبێت بەشداری دانوستانەکانی دوای هەڵبژاردن بکات و ڕۆڵێکی جەوهەریتر لە حوکمڕانی داهاتووی عێراقدا بۆ پێکهاتەی سوننە دەستەبەر بکات.

لێرەدا ئەگەر بەبەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی ساڵی «٢٠٢١»، پێشبینییەکی سەرەتایی بۆ ئایندەی نەخشەی سیاسی و گۆڕانکاریی لە پێگەی ئەم لیست و پارت و هاوپەیمانییانەی سوننە بخەینەڕوو، ئەوا چاودێران وا پێشبینی دەکەن کە پارتی (التقدم) بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی پاشەکشێی بەرچاو لە پێگەی سیاسی و ژمارەی کورسییەکانیدا ڕوودەدات. وەك ئاشکرایە حەلبوسی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی «٢٠٢١»دا وەک کەسایەتییەکی باڵادەستی سوننە دەرکەوت، پارتەکە توانی «٣٧» کورسی بەدەستبهێنێت، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو پارت و هاوپەیمانی و لیستەکانی تری سوننە زیاتربوو. ئەمەش وایکرد ببێتە سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی سوننە و لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وەرگرت. بەڵام دوای دوورخستنەوەی حەلبوسی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی «٢٠٢٣»دا لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بەهۆی تۆمەتی ساختەکارییەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەی سیاسی لاواز بوو، لە کاتێکدا هێشتا وەک سەرۆکی پارتی (التقدم) ماوەتەوە، بەڵام لەدەستدانی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران بەو مانایەیە کە چیتر ناتوانێت هەژموونی حزبەکەی بۆ پێدانی ئیمتیاز یان بەستنی ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنێت، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی دەسەڵاتەکەی بووە. لەبەر ئەمە چاودێران پێشبینی دەکەن کە لیستە سوننییە ڕکابەرەکان لە هەڵبژاردنی «٢٠٠٥»دا لە ژمارەی کورسییەکانی پارتی (التقدم) کەمبکەنەوە. بەتایبەتی کە پێشبینی دەکرێت لیستی (العزم) چەند کورسییەك بەدەستبهێنێت، ڕەنگە لیستی (الحسم) ژمارەی کورسییەکانی لە سێ بۆ پێنج تا هەشت زیاد بکات. هەروەها پێشبینی دەکرێت لیستە نوێیەکەی یەزن ئەلجەبوری چەند کورسییەک بەدەستبهێنێت. هەر وەك وترا پێشبینی دەکرێت هەموو ئەم دەستکەوتانە لەسەر حیسابی ژمارەی کورسییەکانی تەقەدوم بێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی زیاتری هەژموون و باڵادەستی لە نێوان لیستە سوننییەکاندا[٩].

کەواتە، بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو دەشێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکاریی بەرچاو لە نەخشەی سیاسی و پێگە و هەژموونی پارت و لیست و هاوپەیمانییەکانی سوونەدا

ڕووبدات، ئەم گۆڕانکارییانەش دەتوانێت ئاڵۆزیی نوێ بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە دوای هەڵبژاردن بخاتەڕوو، بەڵام بەگشتی سەرەڕای ئاڵۆزی ماڵی سیاسیی سوننە، دەشێت وەك هەندێك لە چاودێران پێشبینیی دەکەن، ئەم فرە لیستییە هەنگاوێکی تەکتیکی بێت، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین کورسی پەرلەمان، هەر لیستە و لە ناوچەی نفوزی خۆی، دواتر لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، لەناو پەرلەماندا زۆربەی ئەم لیستە سوننییانە هاوپەیمانییەکی فراوانتر بۆ نوێنەرایەتیی سوننە پێکبهێنن و بەیەك دەنگ بچنە ناو دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنەوەی پۆستەکانەوە[٦]. بۆیە بە بڕوای هەندێك دەشێت ئەم هەنگاوە پێشبینیکراوە ئاماژە بێت بۆ گەڵاڵەبوونی دەرکێکی ستراتیجی نوێ لەناو هێزە سوننییەکاندا، کە ئیدی پێویستە دەستبەرداری میتۆدی پارچەپارچەیی بن، کە هەمیشە لە پێکهێنانی حکومەتەکانی ڕابردوودا هێزی دانوستاندنیانی لاواز کردووە، لەسایەی سیستەمێکی سیاسیدا کە زۆر پشت بە بونیاتنانی هاوپەیمانیی دەبەستێت. بەڵام سەرپێخستنی ئەم دەرکە، هێشتا ئاڵنگاریی زۆری لەبەردەمە، گەرچی هەندێك دەرفەتی بۆ ڕەخساوە.

### سێیەم: پاڵنەر و ئاکامەکانی بەشداری سوونە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا:

هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکەدا، بەتایبەت دووبارە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوونە، بەڵام ئەمجارە لە سوریا، دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و جێگرتنەوەی بە گروپێکی سیاسیی سوننە، کە تا ئێستا وا لێی دەڕوانرێت سەرکەوتووانە حوکمڕانی دەکات، لەبەرامبەر دارمانی یان ئاوابوونی باڵادەستی شیعە و بەری موقاوەمە، هەر لە غەززەوە تا لوبنان و سوریا و بەڵکو خودی ئێرانیش، لە ئەنجامی لێکەوتەکانی جەنگی ئیسرائیل دژی ئەم بەرەیە بەدوای ڕووداوەکانی«٧»ی ئۆکتۆبەردا، سیاسەتمەدارانی سوننەی عێراق بە هیوای بەشدارییەکی زۆری جەماوەری سوننەن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، لەپێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین کورسی و پتەوکردنی پێگەی سیاسیی سوننە لە حوکمڕانی عێراقدا. لەم چوارچێوەیەدا هەندێک لە کەسایەتی و پەرلەمانتاری دیاری سوننە، بە ئاشکرا داوا لە دەنگدەرە سوننەکان دەکەن کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەگەرمیەوە بەپیر بەشداری و دەنگدانەوە بچن، تاکوو سوننەکان بتوانن لەدوای هەڵبژاردنەکە لە سەرووەختی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و دابەشکردنەوەی پشک و پۆستە حکومیەکاندا دانوستان لەسەر گەورەترین دەستکەوت بکەن. هەندێک کەسایەتیی سوننە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەشداریکردنی بەرفراوان دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکان ئەمجارە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران مسۆگەر بکەن. ناوەڕۆکی ئەم بانگەشە ڕاشکاو و ڕاستەوخۆیانە، لەلایەن چەندین ئەکتەری دیکەی

سوننە و لە چەندین بۆنەی تردا گوزارشتی لێکراوەتەوە، بەڵام ڕەنگە زۆرجار بە بێدەنگتر و ناڕاستەوخۆ دەربڕابێت، بۆئەوەی لایەنە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە حوکمڕانی ئێستای عێراقدا ئیستفزاز نەکەن[٧].

**” سوننەکان لەبەردەم چەندین ئاڵنگاریی گەورەدان، بەتایبەت ململانێی ناوخۆیی سیاسەتمەدارەکانیان لەسەر سەرکردایەتیی پێکهاتەکە و لاوازی هەوڵە جدییەکانیان بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی ناوخۆییان، لەگەڵ چەندین گرفتی دیکەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی کە ناوچە سوننە نشینەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دووچاریان هاتوون، هەموو ئەم ئاڵەنگاری و گرفتانەش دەشێت ئایندەی نوێنەرایەتی سوننە لەدوای هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لە کۆتایی "٢٠٢٥" سەرلەنوێ لە قاڵب بدەنەوە “**

کەواتە، لەژێر سایەی ئەو پاڵنەرانەی سەرەوە، تاڕادەیەکی زۆر حەماسەتێک لەناو سوننەکان بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی لە عێراقی دوای «٢٠٠٣»دا هەیە، یان لانی کەم هەوڵبدەن تا کاریگەریی قووڵ لەسەر ئەم حوکمڕانییە دروستبکەن. ئەم حەماسەتە وا بە خێرایی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد سەریهەڵدا، کە بە نموونە هەر زوو دامەزراندنی (هاوپەیمانیی سەرکردایەتیی یەکگرتووی سوننە - ائتلاف القيادة السنية الموحدة)ی لە مانگی یەکی ئەمساڵدا بە دوادا هات، کە هەریەك لە (مەحمود مەشهەدانی) و (خەمس ئەلخەنجەر) و (موسەنا ئەلسەمەرائی) سەرۆکی هاوپەیمانی (العزم) و (ئەحمەد جبووری سەرۆکی) پارتی (الجماهير) و (زیاد جەنابی) سەرۆکی (كتلة المبادرة)ی لەخۆگرتبوو[٨]. ئامانجی ئاشکرا و نزیك مەودای ئەم هاوپەیمانییە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە سیاسییە سوننەکان و ڕێکخستنی کارەکانیان و تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانیان بوو، بەڵام ئامانجی پەنهان و دوور مەوادی پشتیوانیکردن بوو لە ئەجێندایەکی یەکگرتوو دژی حزب و هێزە ئیسلامییە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا. ئەم هاوپەیمانییە بەهۆی جەختکردنەوەی لەسەر ناسنامەی تائیفی، بەتایبەت کە هاوپەیمانییە سوننەکانی پێشتر لە ساڵی «٢٠٠٣»ەوە تا ئێستا هەرگیز بۆ وەسفکردنی خۆیان دەستەواژەی «سوننە»یان بەکارنەهێناوە. هەرچەندە

لەو کاتەوەی دامەزراوە هیچ شتێکی بەرجەستە لەم هاوپەیمانییەوە دەرنەچووە، بەڵام هەر تەنیا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی سوننە، ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، لەخۆیدا دەربڕی ئەو گۆڕانکارییەیە کە سوننەکانی عێراق پێیدا تێدەپەڕن، ئاماژەیەکە بۆ هەستکردنیان بە متمانەی زیاتر بەخۆیان، هەروەها گوزارشتە لە ئامادەییان، لەڕێگەی ئامرازی سیاسی و هەڵبژاردنەوە، بۆ تەحەداکردنی هاوپەیمانیی شیعەی دەسەڵاتدار، کە تا ئێستا وەک هاوبەشی سیاسیی پەراوێزی خستوون.

هەڵبەت ئەم هەوڵدانەی سوننەکان بۆ خۆسەلماندن، سنووری نائارامییەکان بەرامبەر بە شیعەکان بەرفراوانتر دەکات، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی بایکۆتی سەدرییەکان بۆ هەڵبژاردن و ئەگەری کەمبوونەوەی زیاتری ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان لە ناوچە شیعییەکاندا، کە هەموو ئەمانە بوونەتە سەرچاوەی نیگەرانی و زیادبوونی دڵەڕاوکێی هێزە باڵادەستەکانی شیعە، ئەم دڵەڕاوکێیەش بووەتە هۆی سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی کەشی (ململانێی بوون و نەبوون- صراع الوجود) لەنێوان شیعە و سوننەدا، کە لە ساڵانی سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی سەدامدا، لەلایەن هێز و لایەنە ئیسلامییە سیاسییە شیعەکانەوە پەرەی پێدرا, کە لەکاتی خۆیدا هاودەنگی لەنێوان شیعەکاندا دروستکرد و بووە هۆی سەرکەوتنی هاوپەیمانی شیعە لە هەڵبژاردنەکان و بردنەوەی دەسەڵات لە عێراقدا، لە کاتێکدا کە سوننەکان بەڕێژەیەکی زۆر بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردبوو. هەربۆیە بەم دواییانە سەرلەنوێ بانگەوازی کەسایەتییە سیاسی و ئایینییە شیعەکان پەرەی سەندووەتەوە و هۆشداری دەدەن بە جەماوەر لەسەر مەترسی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان، چونکە بایکۆتی زیاتر لای ئەوان واتا سوننەکان دەسەڵات لە عێراقدا دەگرنەوەدەست، ئەمە بە ئاشکرا گوتەی ئیمامێکی نوێژی هەینی نەجەف بووە. پێدەچێت هەر ئەمەش وای لە پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی سادیقونی سەر بە عەسائیب ئەهلی حەق کردبێت، کە گەورەترین گروپی چەکداری عێراقە، هەڕەشەی ئەوە بکات کە «سوننەکان ڕێگەیان پێنادرێت پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق وەربگرن، تەنانەت ئەگەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتوودا سەربکەون». بەهەرحاڵ، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا سوننەکان دەتوانن پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە شیعەکان وەربگرن یان نا، پێدەچێت پارت و لیستە براوەکانی سوننە لەدوای هەڵبژاردنی داهاتوو زیاتر نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی سوننە بکەن، بەمەش زیاتر تەحەدای دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی دەکەن و زیاتر پێداگری لەسەر داواکارییەکانیان دەکەن، بەتایبەت دۆسیەی کۆتایهێنان بە بوونی گروپە چەکدارەکان لە ناوچە سوننییەکاندا، کە سەرچاوە بازرگانی و ئەمنییەکانی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردووە، وەک دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ سوریا و ئوردن. هەروەها وەک ئەو پرۆژە ئابوورییانەی کە لە ڕێگەیانەوە ئەم گروپە چەکدارانە

چەندین سەرکردایەتیی کارتۆنی و کرێگرتەی سوننەیان دروستکردووە، کە بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی داواکاریی دانیشتوانی ئەو ناوچانە ناکەن. لە دۆخێکی وادا زۆر ئەستەمە بۆ ئەم سەرکردە کارتۆنیانە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، نوێنەرایەتیی خۆیان بۆ سوننە نوێ بکەنەوە، یان ملکەچییان بۆ هێزە شیعەکان وەک جاران بپارێزن[٩].

**” هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لەناو هێز و پارتە سوننییەکاندا ڕوویداوە، لەلایەك ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو ماڵی سوننە دەکات، لە لایەکی دیکەش گوزراشت لە بوونی جۆرێك لە هەوڵی بەردەوام بۆ خستنەڕووی هێزی نۆی لەلایەن ئەم پێکهاتەیەوە دەکات، تاکوو بتوانن لە دەرفەتێکدا خەونی پێکەوەنانی نوێنەرایەتییەکی کاریگەر و یەکدەنگ لەناو ڕیزەکانیاندا بهێننەدی “**

ئاکام، لای هەندێك لە چاودێران، ناکرێت چیدی هەوڵەکانی سوننە لە چوارچێوەی ململانێ تەقلیدییەکاندا تێبگەین، بەتایبەتی ململانێ لەسەر سەرکردایەتیی لەنێوانیان، بەڵکو ئەو هەوڵانە نوێنەرایەتی دیدگایەکی ستراتیجیی دەکات کە خواستی گەیشتنە بە ئامانجە هاوبەشەکانی سوننە لەسەر ئاستی نیشتمانی، کە گرنگترینیان گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی پێگەی سیاسیی سوننەیە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، بەتایبەت شیعە. بۆیە پێدەچێت ئەمجارە سوونەکان خوازیاربن گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا بکەن، لە حوکمڕانی دوای هەڵبژاردنەکەدا بوون و قورسایی و نەخشی گەورەتریان هەبێت، بەتایبەت کە دەزانن هاوبەشی ڕووکەش (الشراكة السطحية) لە حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا، کەمترین خواستەکانی پێکهاتەی سوونەی دەستەبەر نەکردووە، بۆیە یەکلاییکردنەوەی زۆربەی دۆسیەکانی ئەم پێکهاتەیە لە عێراقدا تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە یان بەنیوەناچڵ بەجێهێڵراون، بۆ نموونە کاتێك سوننەکان لە پێکهێنانی حکومەتەکەی سودانیدا لە تشرینی یەکەمی «٢٠٢٢» بەهاوبەشیکردنی شیعە و هێزەکانی دیکەی عێراق قایل بوون، بەڵێنی کۆمەڵێک داواکاریان وەرگرتبوو، کە تا ئێستا زۆربەیان نەهێنراونەتەدی، دیارترینی ئەو داواکاریانە لەوکاتەدا بریتیبوون لە[١٠]:

- هەموارکردنەوەی یاسای لێبوردنی گشتی کە زۆرترین توێژی حوکمدراوانی سوننە بگرێتەوە،

بەتایبەتی ئەوانەی کە مەرجی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە حوکمدانیاندا نەبووە.

- گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان و دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان.

- کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی شارە سونییەکان لەلایەن گروپە چەکدارەکان و دوورخستنەوەیان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون لەو شارانەدا.

- قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازی و تیرۆریستییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە.

- ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و دادگاییکردنی تاوانباران.

- هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری (دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری) کە بە پێشێلکاریی دژی هاوڵاتیانی سوننە تۆمەتبارە.

- بەدیهێنانی هاوسەنگی سوننە بە پێکهاتەکانی دی (شیعە و کورد) لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لەوانەش دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان.

**چوارەم: دەرفەت و کاریگەرییەکانی بەشداری سوننە:**

جێی گومان نییە کە بەشداری کارای سوننەکان لە هەڵبژاردنەکانی «٢٠٢٥»دا دەرفەتی بەرچاو دەخاتە پێش هەوڵەکانی یەکڕیزیی ناو ماڵی سوننە و یەکگرتنیان، هاوکات کاریگەریی قووڵیشی لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت[١١]، کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بخرێنە ڕوو:

**١- بەهێزکردنی نوێنەرایەتی و کاریگەریی سیاسی سوننە:**

بوونی بەرەیەکی سوننی یەکگرتووتر و یەکدەنگ لەڕووی ستراتیژییەوە، توانای دانوستانکردنیان لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. ئەمەش دەتوانێت لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا بکرێتە ئامرازی بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە پۆستە وەزاری و حکومییەکان بۆ سوننە و دابەشکردنی دادپەروەرانەتری داهاتی عێراق بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ناوچە سوننییەکان و ئامادەیی بەهێزتری سوننە لە دروستکردنی بڕیارە نیشتمانییەکانی عێراقدا.

**٢- پتەوکردنەوەی یەکێتیی عێراق و سەقامگیری:**

بەشداری کاریگەرانەی سوننەکان و ئیندیماجکردنی ڕاستەقینەیان لە سیستەمی سیاسی

عێراقدا، کاریگەریی بەرچاوی بۆ پێشخستنی یەکێتیی عێراق و سەقامگیریی دەبێت. ئەمەش تەنها بۆ سوننە ڕاست نییە, بەڵکو بۆ سەرجەم پێکهاتەکانیتریش ڕاستە، کاتێک هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای عێراق هەست بە نوێنەرایەتییەکی گونجاو بکەن و پشکیان لە سیستەمی حوکمڕانیەکەیدا زامنکرابێت، ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و ململانێی ناوخۆیی کەمدەکاتەوە.

**” ئەگەر بەبەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی ساڵی "٢٠٢١"، پێشبینییەکی سەرەتایی بۆ ئایندەی نەخشەی سیاسی و گۆڕانکاریی لە پێگەی ئەم لیست و پارت و هاوپەیمانییانەی سوننە بخەینەڕوو، ئەوا چاودێران وا پێشبینیی دەکەن کە پارتی (التقدم) بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی پاشەکشێی بەرچاو لە پێگەی سیاسی و ژمارەی کورسییەکانیدا ڕوودات “**

**٣- کاریگەریی لەسەرهاوپەیمانییە نێوان تائیفییەکان:**

پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەهێزتری سوننە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر حیساباتی فراوانتری دروستکردنی هاوپەیمانیی لە بەغداش هەبێت، بەتایبەت کە لە ئێستادا چوارچێوەی هەماهەنگی حوکمڕان لە عێراقدا کە هاوپەیمانیی زۆرینەی شیعەیە، ڕووبەڕووی دابەشبوونی ناوخۆیی بووەتەوە، بۆیە دەشێت لەپێناو زامنکردنی مانەوەی باڵادەستی خۆی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا یەکێك لە ئامرازەکانی بریتیبێت لە هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی (زۆرینەیەکی پەرلەمانی نێوان تائیفی)، ئەمەش بە فراوانترکردنی مەودای هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ هاوبەشە سوننی و کوردەکانی دەبێت. هەڵبەتە یەکدەنگی سوننە لەم جۆرە دانوستانانەدا هاوبەشێکی بەهێزتر و خوازراوتر دەبێت بۆ شیعە.

**٤- چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی ناسەقامگیری:**

بە بەشداری چالاکانە و داکۆکیکردنی کارا لە پێداویستییەکانی پێکهاتەکەیان، سیاسەتمەدارانی سوننە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی ئەو ناڕەزایەتیيە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە بگێڕن, کە لە پاش کەوتنی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە،

کە سوننە پێکهێنەری سەرەکی بوو، سەرچاوەی ناسەقامگیریی ناوچەکانیان بووە، ئەمەش بەتایبەت دۆسیەکانی لێپرسینەوە و دادپەروەری (المساءلة والعدالة) و گەڕانەوەی ئاوارەکان و چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و...هتد دەگرێتەوە.

**پێنجەم: ئاڵەنگارییەکانی بەردەم بەشداری سوننە:**

سەرەڕای ئەو دەرفەتانەی سەرەوە، هەوڵی بەشداری کارای سوننە لە هەڵبژاردنەکانی «٢٠٢٥»دا و نیازی یان مەرامی یەکڕیزییان لە پەرلەمانی داهاتوودا، ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاریی بەرچاو دەبێتەوە[١٢]، کە گرنگترینیان ئەم خاڵانەی لای خوارەوەن:

**١- پەرتەوازەیی ناوخۆیی و کێبڕکێکردن لەسەر سەرکردایەتی:**

لەکاتێکدا کە سوننەکان نیازی دروستکردنی هاوپەیمانیی بەرفراوانیان لەپێناو یەکدەنگی و یەکڕیزیی لە پەرلەمانی داهاتوودا هەیە، بەڵام هێشتا ڕکابەری و کێبڕکێی توند بۆ سەرکردایەتیکردنی ماڵی سونی لەنێوانیاندا بەردەوامە. ناجێگیری دیمەنی سیاسیی بۆ سوننەکان ئەوەیە کە ڕەنگە هەر زوو هێز و گروپە سیاسیە سونییەکان دوای هەڵبژاردنەکان دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ڕکابەری یەکتری و بە ئەنجامیش لێکترازانی نێوانیان، کە ئەمەش ڕێگری لە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ سوننە دەکات. هاوکات لە سایەی نەبوونی مەرجەعێك یان سەرکردەیەکی سوننە کە هەموان لە ناوخۆ و دەرەوە لەسەری هاوڕابن و هەموان لەدەوری کۆببنەوە، هەوڵەکانی سوننە بۆ خستنەڕووی دیدگایەکی هاوبەش و یەکگرتوو زیاتر ئاڵۆز بووە.

**٢- ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و متمانەی جەماوەری:**

هێزە سوننییەکان و سیاسەتمەدارانیان هەمیشە لە ژێر فشارێکی بەرفراواندان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە زۆرانەی، کە بارگرانیی لەسەر ژیانی دەنگدەرانی بازنەکانی هەڵبژاردنیان داناوە. پرسەکانی وەک؛ سستی پرۆسەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی دوای داعش، بەرزی ڕێژەی بێکاریی، کەمی خزمەتگوزارییە گشتییەکان (بەتایبەت: کارەبا و ئاو) و چارەنووسی بێسەر و شوێنەکان، چارەنوسی بەشێك لەو ئاوارانەی تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، بەردەوام تاوی بە بێزاری و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان داوە. ئەگەر دەنگدەران هەست بە بوونی پێشکەوتنی بەرجەستە لە چارەسەری ئەم پرسانەدا نەکەن و گەندەڵیش بەردەوام بێت، ئەوا دەشێت ئەمە ببێتە هۆی بایکۆتکردنی زیاتریان لە دەنگدان و کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنیان

لە هەڵبژاردنەکان، ئەمەش شەرعیەتی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان لە پەرلەماندا زیاتر سنووردار و لاواز دەکات.

**٣- کاریگەریی گروپە ناحکومییەکان و نیگەرانییە ئەمنییەکان:**

بوون و هەژموونی بەردەوامی گروپە چەکدارە جۆراوجۆرەکان، لەوانەش گروپەکانی حەشدی شەعبی، لە هەندێک لە ناوچە سوننییەکەندا، هێشتا پرسێکی هەستیارە، بەتایبەت ئەگەری بەکارهێنانی هەژموونی حەشد بۆ فشارخستنە سەر دەنگدەران لە ناوچەکانی هەڵبژاردنی سوننەدا، لە بەرژەوەندیی هەندێک لایەن هێشتا جێگەی نیگەرانییە، ئەمەش گومان لەسەر بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن لەم ناوچانەدا دروستدەکات. وێڕای ئەوەی دۆخی ئەمنی هەندێک لە ناوچە سوننەییەکان بەردەوام نائارامە، کە ئەگەری هەیە لەکاتی هەڵبژاردندا کاریگەریی لەسەر توانای دەنگدەران بۆ گەیشتنیان بە بنکەکانی دەنگدان هەبێت و ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنیان. ئاشکرایە کە نەبوونی ئاسایش نیگەرانی دەنگدەران زیاد دەکات و وادەکات لە دەنگدان دوودڵ بن.

> **” بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو دەشێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکاریی بەرچاو لە نەخشەی سیاسی و پێگە و هەژموونی پارت و لیست و هاوپەیمانییەکانی سوونەدا ڕووبدات، ئەم گۆڕانکارییانەش دەتوانێت ئاڵۆزیی نوێ بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە دوای هەڵبژاردن بخاتەڕوو بەڵام دەشێت وەك هەندێك لە چاودێران پێشبینیی دەکەن، ئەم فرە لیستییە هەنگاوێکی تەکتیکی بێت، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین کورسی پەرلەمان“**

**٤- چوارچێوە دەستووری و یاساییەکان:**

هەمیشە دەستووری عێراق کە بەندەکانی لە دۆخی دوای «٢٠٠٣» و سەردەمی بایکۆتی سوننەدا داڕێژراوە جێی ڕەخنە و نارەزایەتیی سوننەکان بووە، دواتر یاساکانی هەڵبژاردن زۆرجار لەلایەن سوننەکانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە بەوەی کە ئەگەری هەیە دابەشبوونی تائیفی توندتر بکات. لەماوەی چەند مانگی پێشووشدا سوونەکان خواستی هەموارکردنەوەی سیستەمی هەڵبژاردنەکەیان بۆ فرە بازنەیی هەبوو، تاکوو کاندیدە سەربەخۆ و خۆجێییەکان دەرفەتی

باشتری بردنەوەیان هەبێت، گوایە ئەمە کاریگەری ئەرێنی لە فراوانکردنی نوێنەرایەتی سوننەدا دەبێت. هەڵبەت لەم کاتەدا ئەگەری چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەستووری و یاساییانە پێش هەڵبژاردنەکانی «٢٠٢٥» زۆر دوورە ئەگەر مەحاڵ نەبێت.

**٥- بێ ئومێدی و بایکۆتی دەنگدەران:**

لەکاتێکدا کە رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراقدا خول لە خول بەرەو دابەزین رۆیشتووە، ئەمە دیاردەیەکە سەرجەم ناوچەکانی عێراقی گرتووەتەوە جا سوننە نشین شیعە نشین، یان کورد نشین بێت، بەڵام بۆ ناوچە سوننییەکان کە لەماوەکانی ڕابردوودا دوچاری ململانێ و ئاوارەبوونی بەرچاو و ناجێگری دۆخی ئەمنی بوونەتەوە، ڕەنگە لیست و هاوپەیمانییە سونییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لە کۆکردنەوەی دەنگدەراندا ڕووبەڕووی ئاستەنگی تایبەت ببنەوە.

**٦- کاریگەرییە دەرەکی و ناوچەییەکان:**

ئاشکرایە کە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بە تەواوی پەیوەستە بە داینامیکی گۆڕاوە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێوە، کە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر هاوپەیمانییە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق هەیە، لەوانەش پێکهاتەی سوننە. ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم فشارە دەرەکیانە و خزمەتکردنی بەرژەوەندیی نیشتمانی بۆ سیاسەتمەدارانی عێراق، چ سوننە بن یان شیعە یان کورد، کاریگەریی چارەنووسسازیان لەسەر ئەو پێکهاتە حکومییە هەیە کە پاش هەر هەڵبژاردنێك متمانەی پەرلەمانی پێدەدرێت.

**ئەنجام و کۆتایی:**

هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لە کۆتایی ساڵی «٢٠٢٥»دا، دەشێت ببێتە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بۆ بەشداریکردنی پێکهاتەی سوننە لە ژیانی سیاسیی عێراقدا. سوننەکان دوای ساڵانێک لە پەراوێزخستن و تەحەددا، ویستی بەدەستهێنانەوەی ڕۆڵی کاریگەریی خۆیان و نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە کە دەستەبەری ڕەنگدانەوەی خواستەکانیان بکات هەیە. بەڵام وەدیهێنانی ئەم ویستە پەیوەستە بە گریمانەی هەبوونی چەند دەرفەتێکەوە کە سیاسەتمەدارانی سوننە و پارت و هاوپەیمانییەکانیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو گرەوی لەسەر دەکەن، وەك گریمانەی گەڵاڵەبوونی جۆرێك لە هۆشیاریی سەبارەت بە پێویستی یەکخستنی ڕیزەکان ماڵی سوننە و پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانتر لەناو پەرلەماندا تاکوو دەرفەتی وەرگرتنی دەسکەوتی گەورەتریان هەبێت. ئەمە وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە،

بە سەرکەوتنی سوننە بۆ حوکمی سوریا و پاشەکشێکردنی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا، کە هەندێك لە سوننەکان دەخوازن بۆ وەدیهێنانی دەستکەوتی ناوخۆیی لە عێراقدا لەم گۆڕانکارییە دەرەکییانە سوودمەندبن.

لەبەرامبەر ئەم دەرفەتە گریمانە کراوانەدا، بەڵام هێشتا ماڵی سوننە لە عێراقدا لەبەردەم ئاڵنگاریی گەورەدایە هەر لە پارچە پارچەبوونی سیاسی و ململانێی ناوخۆییەوە تا دەگاتە نەبونی سەرکردەیەکی سونی کە هەمووان لەسەری هاوڕابن و کۆکەرەوەی هەموان بێت، ئەمە وێڕای گرفتی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە زۆربەی ناوچە سوننییەکان و فراوانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ناویاندا و کاریگەریی گروپە شیعییە چەکدارەکان لەم ناوچانەدا و نائارمی دۆخی ئەمنی هەندێک لەو ناوچانە. بۆیە خواستی سوننەکان بۆ زیادکردنی بەشدارییان لە هەڵبژاردنی «٢٠٢٥»دا و فراوانکردنی نوێنەرایەتی و کاریگەرییان لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی دوای ئەو هەڵبژاردنەدا, پەیوەستە بە توانایان بۆ گەڵاڵەکردنی دیدێکی ستراتیجیی ڕوون، کە توانای سوودوەرگرتنیان لەو دەرفەتانەی بۆیان هاتووەتەپێش لەگەڵ سەرکەوتنیان بەسەر ئەو ئاڵانگاریانەی لەبەردەمیانە لەخۆبگرێت. ڕەنگە هەمان ئەم سیناریۆیە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش ڕاستبێت، بەتایبەت کورد، بەڵام هەڵبەت بە جیاوازیی دەرفەت و ئاڵانگارییەکانی لەگەڵ پێکهاتەی سوننە.

---

### لیستی سەرچاوەکان:


١- محمد ناجي، هل تحول السنة في العراق من حماة الدولة المركزية إلى دعاة للتقسيم؟ توغل الميليشيات في مناطق غرب البلاد مقابل خروج القوات الأميركية، اندبندنت عربية، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/٨)، على الرابط الآتي:

https://www.independentarabia.com/node/٨٧٦٢١/الأخبار/العالم-العربي/هل-تحول-السنة-في-العراق-من-حماة-ا

٢- انتخابات عراقية غير تقليدية: ما الذي يجعل ٢٠٢٥ مختلفة؟، شبكة "نيريج" للصحافة الاستقصائية، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/٩)، على الرابط الآتي:

https://nirij.org/٢٠٢٥/٠٥/٣٠/انتخابات-عراقية-غير-تقليدية-ما-الذي-يج/

**3-** Will provincial elections open path for shift in Sunni politics in Iraq?, Amwaj Media, Date of visited (9/7/2025), at this link:

https://amwaj.media/en/article/political-bickering-spirals-on-between-iraq-s-sunni-politicians-amid-the-fall-of

**4-** Two Sunni factions form alliance ahead of 2025, Rudaw Net, Date of visited (10/7/2025),

at this link:
https://www.rudaw.net/english/authors/rudaw
**5-** Inna Rudolf and Douglas A. Ollivant, The Ides of November: Navigating the Shifting Sands of Iraq's 2025 Electoral Landscape, Date of visited (13/7/2025), at this link:
https://warontherocks.com/2025/05/the-ides-of-november-navigating-the-shifting-sands-/of-iraqs-2025-electoral-landscape

٦- القوى السُنية وخارطة انتخابات ٢٠٢٥.. تقدم» منفرداً و»السيادة» يستهدف التحالف، الجبال للاخبار، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٣)على الرابط الآتي:
https://:/aljeebal.com/posts/٥٢٦٢
٧- مُفترق طرق جديد: مستقبل الفصائل المسلحة في العراق بين الضغوط الأمريكية والمطالب الداخلية، مركز الامارات للدراسات، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٥)، على الرابط الآتي:
https://epc.ae/ar/details/scenario/mustaqbal-alfasayil-almusalaha-fi-aleiraq
٨- الإعلان عن «ائتلاف سني» جديد في العراق، الجزيرة نت، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٥)، على الرابط الآتي:
https://www.aljazeera.net/news/2025/1/8/الإعلان-عن-ائتلاف-سني-جديد-في-العراق
٩- مُفترق طرق جديد، المصدر السابق.

١٠- هل يغير الائتلاف السني الجديد معادلات القوى في العراق؟، الجزيرة نت، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٦)، على الرابط الآتي:
https://www.aljazeera.net/politics/2025/1/9/هل-يغير-الائتلاف-السني-الجديد-معادلات
١١- أحمد مصطفى الغر، المؤتمر الأول لسُنّة العراق.. التوقيت والدلالات، مجلة البيان، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٥)، على الرابط الآتي:
https://www.albayan.co.uk/Article2.aspx?id=31014
١٢- علاقاتهم مع الحكومة ودورهم في قوات الأمن الوطني.. أهم مشاكل السُّنَّة في العراق، موقع بوابة الحركات الاسلامية، تاريخ الزيارة (٢٠٢٥/٧/١٨)، على الرابط الآتي:
https://www.islamist-movements.com/36935



# جەنگی "١٢" ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران: لێکەوتەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پ.ی. د. بێستون حسین عارف
دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان

**پێشەکی:**

دوای زیاتر لە چوار دەیە لە ململانێ و شەڕی سێبەری، ئیسرائیل و ئێران دواجار لە جەنگێکی ڕاستەوخۆی «١٢» ڕۆژەدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کە بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بۆمبارانکردنی وێستگە ئەتۆمییە گرنگەکانی ئێران و ئاگربەستێکی لەرزۆك بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بەم جەنگە هات. لە ئێستادا کە ئاگری جەنگەکە دامرکاوەتەوە، دەکرێت بپرسین ئەم ڕووداوە چۆن کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، پرسیارێك کە چەندین پرسیاری تری لە ناوەخنی خۆیدا هەڵگرتووە، لەلایەك بەهۆی گەورەیی ڕووداوەکە و لایەنە خولقێنەرەکانی، لە لایەکی ترەوە لێکەوتە قووڵەکانی بۆ ناوچەیەکی جیۆپۆلۆتیکی فراوان کە بە نزیکەی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە پێی کاریگەر دەبن و باڵانسی هێز بۆ ئایندەیەکی دوور لە ناوچەکە دەگۆڕێت. هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێت لەوانە: بۆچی دوای زیاتر لە دوو دەیە لە ململانێ و ناکۆکی، ئیسرائیل بەمدوایانە هێرشی کردە سەر ئێران؟ ئایا جەنگی ئیسرائیل-ئێران درێژکراوەی جەنگی ئیسرائیل - حەماسە؟ ئایا لێکەوتەکانی ئەم جەنگە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە چییە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە باکگراوندی مێژوویی پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل تیشکی خراوەتە سەر و دواتر شەڕی سێبەری و بریکاری ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و گەشەسەندنی بۆ ڕووبەڕوونەوەی ڕاستەوخۆ خراوەتەڕوو، هاوکات جەنگی «١٢» ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران و لێکەوتەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەنووسی بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە شیکردنەوەی بۆکراوە.

**تەوەری یەکەم: باکگراوندی مێژوویی پەیوەندییەکانی ئێران - ئیسر ائیل**

پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا ئیسرائیل پلانێکی بۆ درووستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی ناعەرەبی لە ناوچەکە دارشتبوو، ئەمەش لەپێناو پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی عەرەب. ئەم پلانە لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئیسرائیل بە دەوڵەتی عەرەبی رادیکاڵ چواردەوردراوە, کە لە لایەن جەمال عەبدول ناسر سەرۆکی میسر سەرکردایەتی دەکرا. سەرکردەکانی ئیسرائیل هەرزوو لەوە تێگەیشتن کە ئاسایش و بەرژەوەندییەکانیان بەهۆی هاریکاریی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی و یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە مەترسیدایە. لەبەرئەوە ئیسرائیل دەیویست لەڕێگەی ئەم پلانەوە پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ هەریەکە لە ئێران و تورکیا لە باکورەوە و ئیسیۆپیا لە باشورەوە دابمەزرێنێت. لە ساڵی «١٩٥٠» ئیسرائیل بەشێوەیەکی نافەرمی لەلایەن ئێرانەوە دانی پێدانرا، سەرەڕای دژایەتیی پێشووی ئێران لە بەرامبەر بوونی دەوڵەتێکی جولەکەنشین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو کاتەدا ئیسرائیل زۆر گۆشەگیر بوو، لەبەرئەوە پێشوازی لە بنیاتنانی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران کرد و دانپێدانانە نافەرمییەکەی ئێرانی پەسەند کرد[١].

هەرچەندە لە ساڵانی «١٩٥٠»کان پەیوەندییەکانیان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە نەبینی، بەڵام بە تێپەربوونی کات پەیوەندییەکانیان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بۆ مامەڵەی بازرگانی و سەربازی و تەنانەت ئاڵوگۆری سەربازی لەنێوان هەردوو لادا سەریکێشا، بە شێوەیەك ئێران نەوت و سەرچاوەی سروشتی هەناردەی ئیسرائیل دەکرد و لەبەرامبەردا ئیسرائیلیش چەك و پێداویستی سەربازی ڕادەستی ئێران دەکرد[٢]. لە ماوەی نێوان «١٩٦٢» بۆ «١٩٧٩» دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل رۆڵێکی گرنگی لە مەشقپێکردن و ڕاهێنانپێکردنی فەرماندە سەربازییەکانی ئێران گێراوە، بە پێی ئەلقی «بە پراکتیکی هەموو فەرماندەیەکی سەربازی لە سوپای شا سەردانی ئیسرائیلی کردووە و بە سەدان بەرپرسی سەربازیی ئێرانی بەجۆرێک لە جۆرەکان بە مەشقپێکردنی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلدا تێپەریووە»[٣]. لە ناوەڕاستی «١٩٧٠»کان، هاریکاریی سەربازیی نێوانیان بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند, تەنانەت ئیسرائیل پلانی هەبوو بۆ پێدانی مووشەکی دوورمەودا بە ئێران, کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی هەبوو، لە بەرامبەردا ئێران دەبوایە بە نرخی یەک ملیار دۆلار نەوت هەناردەی ئیسرائیل بکات، بڕیار وابوو مووشەکان لە ساڵی «١٩٧٩» بگاتە ئێران، بەڵام شۆڕشی ئیسلامی ئێران هاوکێشەی پەیوەندییەکانی هەڵگێرایەوە و پرۆژەکەی نێوانیانی پوچەڵکردەوە[٤].

قۆناغی دووەمی پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل لەدوای شۆڕشی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی

ئایەتوڵڵا خومەینی دەستپێدەکات. دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، تاران پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتان بەرەو کەنارگیری و ئاڵۆزی چوو. ئیسرائیل و ئەمریکا ئەو دوو وڵاتە بوون کە خومەینی بەردەوام بەیەکەوە ناوی دەبردن و بە دوژمنی ئێرانی لە قەڵەم دەدان. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە لەدوای گۆڕینی ڕژێمی شا لە ساڵی «١٩٧٩» هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا نەما، بەڵکو پاش ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێران – عێراق و گۆشەگیرکردنی ئێران لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکەوە، ئێران بە ناچاری دەستی هاوکاریی هیچ وڵاتێکی ڕەتنەدەکردەوە ئەگەر دووژمنیش بێت. هەرچەندە ئێران بەتەواوی دژی بوونی ئیسرائیل بوو لەناوچەکە لەڕووی ئایدۆلۆجی و دانی بە بوونی ئیسرائیلدا نەدەنا، بەڵام هاوکارییەکانی نێوانیان لە ئاستێکی کەمدا بەردەوام بوو، بۆ ئێران ئەو پەیوەندییە دەرچەیەك بوو بۆ خۆدەربازکردن لەو گۆشەگیرییەی کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەریدا سەپێنرابوو، ئیسرائیلیش عێراقی وەك دوژمنێکی سەرەکی خۆی دەبینی لەناوچەکەو یارمەتیدانی ئێرانی بەهەل دەزانی بۆ لاوازکردنی پێگەی عێراق، ئەمە سەرەڕای فشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئیسرائیل بۆ وەستاندنی هاوکارییەکانی بۆ ئێران. هاریکارییەکان کاتێك دەستیپێکرد کە شاندێکی ئێرانی لەگەڵ جێگری وەزیری بەرگری ئیسرائیل بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی مامەڵەی جولەکە بۆ چەك (Jews for arms) کۆبوونەوە. بەپێی مامەڵەکە ئێران ڕێگەی بەکۆچکردنی جولەکەکانی ئێران بۆ دەرەوە دا، لە بەرامبەردا ئیسرائیل چەك و پێداویستی سەربازی یەدەك لە ناویشاندا کەل و پەلی سەربازی ئەمریکی بە ئێران فرۆشت[٥].

تریتا پارسی توێژەری دیاری پرسی ئێران دەڵێت: «لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق, ئیسرائیل دابینکەری سەرەکی چەك و کەل و پەلی سەربازی بوو بۆ ئێران، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەرچاوە هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێران زانیاریی هەواڵگری داوە بە ئیسرائیل لە کاتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کورەی ئەتۆمی ئۆزریکی عێراق لە ساڵی «١٩٨١»دا[٦]. بەڵام دوای ئاشکرابوونی پرۆگرامی نهێنی ناوەکی ئێران لە «٢٠٠٢»دا، پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل بەرەو ئالۆزی زیاتر ڕۆشت, بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێران «٢٠٠٥-٢٠١٣». دوای دروستبوونی جەنگی ناوخۆی سوریاش لە «٢٠١١»، پەیوەندییەکانیان زیاتر گرژی تێکەوت و تا گەیشت بەوەی ئیسرائیل بۆ چەندین جار هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە و بارەگا سەرەکییەکانی ئێران لە سوریا ئەنجامدا. دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە «٧ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣»دا، ناکۆکییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە چووە قۆناغێکی نوێوەو ئیسرائیل بە نزیکەی

هەموو بریکارەکانی ئێرانی لە چواردەوری خۆی لاوازکرد و وای لێکردن کە ئێران چیتر بە ئاسانی نەتوانێت بە ئاسانی لە دژی ئیسرائیل بەکاریان بهێنێت, کە لە بەشەکانی دواتردا باسی دەکەین.

**تەوەری دووەم: ئێران و ئیسر ائیل لە شەڕی سێبەرەوە بۆ جەنگی ڕاستەوخۆ**

جەنگی وشەیی و ساردی نێوان ئێران و ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی «١٩٧٩» دەستیپێکرد، تاوەکو پێش هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە «٧» ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣» لە فۆرمێکی توندتردا بەردەوامی هەبوو، بەڵام ئەم هێرشە ئەو دوو هێزەی بە ناچاری ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە، بەو پێیەی ئیسرائیل پێی وابوو کە حەماس بەبێ هاوکاری و ڕێنمایی ئێران بوێری ئەوەی نییە کە هێرشێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدات. ئیسرائیل ڕایگەیاند کە هەموو سەرکردەکانی حەماس دەکەنە ئامانج و لە ناویان دەبەن و بەشوێن هەموو ئەو کەسانەوە دەبن کە لەو هێرشەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بەرپرسیاربوون. هاوکات بنیامین نتنیاهۆ هەموو دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیلی بۆ ئەو مەبەستە ڕاسپارد[٧]. دیارە ئەم بەڵێنە هەر قسە نەبوو، بەڵکو کرا بە کردار و بەشێوەیەك کە بە نزیکەی زنجیرە فەرماندەیی حەماس و حزبوڵڵا لەماوەی دوو ساڵی دوای هێرشەکە بەتەواوی لە لایەن ئیسرائیلەوە سڕانەوە و کوژران.

لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای جەنگی ئیسرائیل - حەماس، وا دەردەکەوت کە ئێران سوودمەندی سەرەکی جەنگەکەیە, بەو پێیەی حەماس ژمارەیەکی زۆر دیلی ئیسرائیل لەبەردەستدا بوو و شکۆی ئیسرائیل لەڕووی سەربازیی و هەواڵگرییەوە شکابوو، هاوکات لەسەرەتادا بریکارەکانی ئێران لە پێشیانەوە حزبوڵڵای لوبنانی و بریکارەکانی تری ئێران لە سوریا و عێراق لەو جەنگەدا تێوە نەگلابوون و تەنها جار جار بۆ پاڵپشتی حەماس هێرشی مووشەکی و درۆنیان دەکردە سەر ئیسرائیل و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، بەشێوەیەك لەو ماوەیەدا ئەم گروپانە زیاتر لە«٢٥٠» هێرشیان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئەنجامدا[٨]. لەسەرەتادا ئیسرائیل زیاتر ئەولەویەتی ڕووبەڕووبوونەوە حەماس بوو, بۆئەوەی لەیەك کاتدا چەند بەرەیەکی فراوانی جەنگ لەگەڵ بریکارەکانی ئێران نەکاتەوە، هاوکات لە هەرلایەکەوە هێرشی بکرایەتە سەر بەرپەرچی توندی دەدایەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئیسرائیل غەزەی وێرانکرد و بەتەواوی حەماسی لاواز کرد، دەستیکرد بە حیسابکردن لەگەڵ گروپە بریکارەکانی ئێران و خودی ئێران.

بۆ یەکەمجار ئیسرائیل لە«١»ی نیسانی «٢٠٢٤»، هێرشی کردە سەر چەند باڵەخانەیەکی سەر بە باڵوێزخانەی ئێران لە دیمەشق و وێرانی کرد، لە هێرشەکەدا چەند ئەفسەرێکی پلە

باڵای ئێران کرانە ئامانج و کوژران[٩]. ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدار بوو لە ئالۆزییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، چونکە یەکەمجار بوو ئیسرائیل ڕاستەوخۆ ئێران بکاتە ئامانج. لەدوای «١٢» ڕۆژ، لە تۆڵەی ئەو هێرشەی ئیسرائیل، ئێران لەڕێگەی «٣٠٠» درۆن و موشەکی کروز و بالستیکەوە، لەژێر ناوی (وعد صادق) هێرشێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر ئسرائیل، هەرچەندە هێرشەکە زیانێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئەم وەڵام و وەڵامکارییە سەربازییە لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە، ئەو تابۆ چەند دەیەیی شکاند کە هەردووڵا خۆیان بەدوورگرتووە لە بەئامانجگرتنی سەربازی ڕاستەوخۆی یەکتری. لێرەوە ئیسرائیل دەستیکرد بە کوشتنی سەرکردە باڵاکانی حەماس و حزبوڵڵا، لە کۆتایی «٣٠»ی حوزەیرانی «٢٠٢٤»، فواد شکر سەرکردەی باڵای حزبوڵڵایان لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوشت و ناوبراو دووەمین فەرماندەی باڵای ئەو گروپە و بەرپرسی چالاکییە سەربازییەکانی گروپەکە بوو، هەر چەند کاتژمێرێك دواتر ئیسرائیل ئیسماعیل هەنییە بەرپرسی مەکتەبی سیاسی حەماسیان لەناو جەرگەی تاران کوشت، کە ناوبراو بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی مەسعود پزیشکیان وەك سەرۆك کۆماری ئێران لە تاران بوو[١٠]. لەدوای کوشتنی ئیسماعیل هەنییە و بێدەنگی ئێران لە وەڵامدانەوەی ئەو کردەوەیە، وایکرد ئیسرائیل بوێرتر بێت لە بە ئامانجگرتنی بریکارەکانی ئێران.

> **” دوای زیاتر لە چوار دەیە لە ململانێ و شەڕی سێبەری، ئیسرائیل و ئێران دواجار لە جەنگێکی ڕاستەوخۆی "١٢" ڕۆژەدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کە بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بۆمبارانکردنی وێستگە ئەتۆمییە گرنگەکانی ئێران و ئاگربەستێکی لەرزۆك بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بەم جەنگە هات “**

هەر لە درێژەی بە ئامانجگرتنی بریکارەکانی ئێران، ئیسرائیل لە ئۆپەراسیۆنێکی بێ پێشینەدا، لە «١٧» و «١٨»ی ئەیلولی «٢٠٢٤»، زنجیرەیەك تەقینەوەی پلان بۆ داڕێژراوی دەستپێکرد. لەسەرەتادا هەزاران پەیجەر (ئامێری بێ تەل) کە لەلایەن ئەندامانی حزبوڵڵای لوبنانییەوە بەکاردەهات تەقاندەوە، ڕۆژێك دواتر ئامێری (واکی - تۆکی) پەیوەندیکردن لە ماڵ و نوسینگە و تەنانەت لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکانی ئەندامانی حزبوڵڵا تەقینەوە. لە ئەنجامدا،

زیاتر لە «٣» هەزار کەس بریندار بوون و بەلایەنی کەمەوە«٣٧» کەس کوژران. ئەم هێرشە بە گەورەترین ئوپەراسیۆنی ئیسرائیل لەدژی حزبوڵڵا لەدوای دەستپێکردنی جەنگی ئیسرائیل - حەماسەوە لە«٧»ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو دانرا[11]. ئەم هێرشە پەیامێکی ڕوونی ئیسرائیل بوو بۆ حزبوڵڵا بەتایبەتی و بۆ ئێران بەگشتی, بەوەی کە ئێمە دەتوانین بتانکەینە ئامانج لە هەر شوێنێك کە بمانەوێت و چیتر جەنگەکە لەسەر سنورەکان نییە، بەڵکو بۆ ناو ماڵەکان و بازاڕ و نوسینگەکان فراوان بووە. ئیسرائیل بەوەوە نەوەستا، دە ڕۆژ دواتر لە«٢٧»ی هەمان مانگ، لە هێرشێکی ئاسمانی ورد و چڕدا بۆ سەر بارەگای حزبوڵڵا، حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری حزبوڵڵا و ژمارەیەك فەرماندەی ئەو گروپەی کوشت[12]. لێرە بەدواوە ئیسرائیل بە نزیکەیی زنجیرەیی فەرماندەیی حزبوڵڵای لوبنانی کردە ئامانج و لە ناوی بردن، ئەم ستراتیجیەیی ئیسرائیل بەتەواوی حزبوڵڵای لوبنانی لاواز کرد و گروپەکەی ڕووبەڕووی قەیرانێکی قوڵی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن کردەوە. هاوکات ئێرانی خستە باردوخێکی قورسەوە، چونکە حزبوڵڵا کرۆکی بریکارەکانی ئێران بوو لە ناوچەکە و چەندین دەیەیە ئێران لە دژی ئیسرائیل وەبەرهێنانی تێدا دەکات. دوای چەند ڕۆژێك ئێران نزیکەی «١٨٠» مووشەکی بالیستی ئاڕاستەی ئیسرائیل کرد و سوپای پاسداران ڕایگەیاند کە ئەم هێرشە لە تۆڵەی کوژرانی ئیسماعیل هەنییە و حەسەن نەسروڵڵا و فەرماندە سەربازییەکانی سوپای پاسداران بووە[13]. لە وەڵامی ئەو هێرشەدا، ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانی سنورداری کردە سەر بنکەکانی بەرگری ئاسمانی ئێران، دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سەکۆکانی هەڵدانی مووشەك. هاوکات دوای دوو هەفتە ئیسرائیل کوژرانی یەحیا سنیوار فەرماندە و بەرپرسی یەکەمی سەربازی و سیاسی حەماسی ڕاگەیاند، کە دەوترێت داڕێژەری سەرەکی هێرشەکەی «٧»ی ئۆکتۆبەری «٢٠٢٣» بووە بۆ سەر ئیسرائیل[14]. لێرەوە هەم حەماس و هەم حزبوڵڵا بەتەواوی لاوازبوون و توانای ئۆپەراسیۆنی فراوانیان لەدژی ئیسرائیل نەما و هەوڵی ئاگربەستیان دەدا.

دوای هیلاکبوون و لاوازبوونی حزبوڵڵای لوبنان و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە «٢٧»ی نۆڤەمبەری «٢٠٢٤»، لە هەمان بەرواردا ڕووداوێکی گەورەتر سەرنجی کەوتە سەر کە هێرشەکانی گروپی دەستەی تەحریر شام بە سەرکردایەتی ئەحمەد شەرع بوو بۆ سەر ڕژێمی سوریا، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕژێمی ئەسەدیان ڕووخاند و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت. ڕەنگە سوودمەندیی سەرەکی لەم ڕووداوە ئیسرائیل بووبێت، بەو پێیەی ئەسەد هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێران بوو و هێڵی سەرەکی وشکانی گواستنەوەی پێداویستی و هاوکاریی سەربازی ئێران بوو بۆ حزبوڵڵای لوبنان و ئەمانە بە ڕووخانی ئەسەد کۆتاییانهات[15]. تەنها لە ماوەی «٤٨» کاتژمێردا لەدوای کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد، ئیسرائیل

لەڕێگەی گەورەترین هەڵمەتی هێرشی ئاسمانی لە مێژوودا (٪٨٠)ی سوپای سوریای لەناوبرد. ئیسرائیل بە سەرپێچیکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پشتگوێخستنی سەروەری خاکی سوریا، نزیکەی «٥٠٠» هێرشی ئاسمانی ئەنجامدا و ناوەندیی توێژینەوەی زانستی سوریا و «٢٥٠» شوێنی سەربازی لە سەرانسەری سوریادا لەناوبرد. تەواوی هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی سوریای سڕییەوە. لە هەمان کاتدا ئیسرائیل هێرشی کردە سەر خاکی سوریا و ڕایگەیاند کە بەرزاییەکانی جۆلان کە «٦٠» ساڵە داگیری کردووە، دەبێتە بەشێک لە ئیسرائیل «بۆ هەتا هەتایە»[١٦].

**” پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا ئیسرائیل پلانێکی بۆ درووستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی ناعەرەبی لە ناوچەکە دارشتبوو، ئەمەش لەپێناو پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی عەرەب “**

بەم هێرشانە ئیسرائیل پاشماوەی سەربازی سوریا لە سیستەمی بەرگری و هێزی ئاسمانی و بەنزیکەیی هەموو توانا سەربازییەکانی لەناوبرد و ڕێگای ئاسمانی سوریا کە پێشتر ڕێگربوو لەوەی ئیسرائیل بگات بە خاکی ئێران بەتەواوی پاك کردەوە و هیچ بەربەستێکی بەرگری ئاسمانی لە سوریا نەهێشت. لەبەرئەوە پێش دەستپێکردنی جەنگی «١٢» ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، تەلئەبیب بە قۆناغبەندی هەموو ئەو ئامرازانەی بەرگری کە تاران چەندین ساڵە وەبەرهێنانی تێدا دەکات لە پێشیانەوە گروپە بریکارەکانی، بەتەواوی لاوازیکردن و چیتر وەك چەکێکی کاریگەر نەمانەوە کە ببنە هۆی سڵەمینەوەی ئیسرائیل لەوەی هێرش نەکاتە سەر ئێران. دوای هەموو ئەو پاشەکشێیانەی بەسەر ئێراندا هات، تەنها یەك دوو مەترسی مابوو کە لە تێڕوانینی ئیسرائیلەوە دەبوایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوانیش:

**یەکەم**: پرۆگرامی ناوەکی ئێران بوو کە ئیسرائیل پێی وابوو تاران لە هەموو کات نزیکترە لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی, بەشێوەیەك «٤٠٠» کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئاست بەرزی هەبوو لە پێش هێرشەکە, کە بەس بوو بۆ بەرهەمهێنانی «٩» بۆ «١٠» بۆمبی ئەتۆمی بەپێی هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکان.

**دووەم:** ئەو مووشەکە بالیستییانەی ئێران لە مانگەکانی چوار و دەی «٢٠٢٤» بۆ یەکەمجار ئاراستەی ئیسرائیلی کرد و ئاسایشی ئیسرائیلی خستە مەترسییەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو هێرشانە زیانێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام هۆشداری توند بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل کە ئێران لەڕێگەی مووشەکی بالیستییەوە دەتوانێت ئیسرائیل بکاتە ئامانج، هەر واش دەرچوو بەتایبەتی لە جەنگی «١٢» رۆژەی نێوانیان، ئێران توانی زیاتر لە «٥٠٠» مووشەکی بالیستی بگرێتە ئیسرائیل و لەو رێژەیەش «٣٦» مووشەکی ئامانج بپێکێت کە زەرەو زیانێکی زۆری هەبوو، بۆیە ئیسرائیل لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێران لە باربردنی توانای مووشەکی ئێران لە پاڵ پرۆگرامە ناوەکییەکەی کردە ئامانجی سەرەکی. هاوکات ئیسرائیل زۆر نیگەران بوو لەو هەوڵە دیبلۆماسیەیی لەنێوان ئێران و ئەمریکا بە نێوەندگیریی عومان بۆ چارەسەری پرسی ئەتۆمی ئێران دەستیپێکردبوو، بەشێوەیەك پێنج گەڕی دانوستان لەنێوانیان بەڕێوە چووبوو، لایەنەکان خۆیان بۆ گەڕی شەشەم ئامادە دەکرد، بەڵام ئیسرائیل بە هێرشەکەی ئەو هەوڵەی لەباربرد و نیگەران بوو لەوەی ئەو هەوڵە دیبلۆماسییانە رێکەوتنێکی هاوشێوەی رێکەوتنامەی ناوەکی «٢٠١٥»ی لێبکەوێتەوە، بۆیە ئیسرائیل لاوازی ئێران و بریکارەکانی قۆستەوە بۆئەوەی هێرشێکی لەناکاو کوتوپڕ بکاتە سەر ئێران و پرۆگرامە ناوەکی و مووشەکییەکەی لەباربەرێت، کە لە تەوەرەی سێیەمدا وردەکاری جەنگەکە و دەرەنجامەکانی دەخەینەڕوو.

> **"تریتا پارسی توێژەری دیاری پرسی ئێران دەڵێت: "لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق, ئیسرائیل دابینکەری سەرەکی چەك و کەل و پەلی سەربازیی بوو بۆ ئێران،**
> **ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەرچاوە هەیە ئاماژە بەوە دەکات**
> **کە ئێران زانیاریی هەواڵگری داوە بە ئیسرائیل لە کاتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کورەی ئەتۆمی ئۆزریکی عێراق لە ساڵی "١٩٨١"دا "**

### تەوەری سێیەم: جەنگی «١٢» رۆژەی ئیسر ائیل - ئێران

لە کاتێکدا ئێران خۆی بۆ گەڕێکی دیکەی دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا ئامادە دەکرد کە بڕیاربوو لە «١٥»ی حوزەیرانی «٢٠٢٥» لە عومان بەڕێوە بچێت، ئیسرائیل دوو رۆژ پێش ئەو بەروارە واتە لە«١٣»ی حوزەیرانی «٢٠٢٥» هێرشێکی فراوانی ئاسمانی بە ناوی

(ئۆپەراسیۆنی شێر هەڵدەستێت) بە بەکارهێنانی زیاتر لە «٢٠٠» فڕۆکەی جەنگی بۆ سەر ئێران دەستپێکرد و ماوەی «١٢» ڕۆژی خایاند[17]. لەو ماوەیەدا، قەبارە و چڕی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بێ پێشینە بوو، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی ئاسایشی بوویەوە کە لەدوای شەڕی ئێران - عێراقەوە بەخۆیەوە نەبینی بوو. بەگشتی ئیسرائیل نزیکەی «٥٠٨» هێرشی لە سەرانسەری «٢٧» پارێزگای ئێران ئەنجامداوە. زۆرێک لەو هێرشانە بریتیبوون لە چەندین هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجە جیاوازەکان لە هەمان شاردا. لە ماوەی «١٢» ڕۆژدا زیاتر لە «١٥٠» شوێنی جیاواز کرانە ئامانج. چڕی هێرشەکان بۆ سەر تارانی پایتەختی ئێران بەتایبەتی جێی سەرنج بوو، نزیکەی یەک لەسەر سێی هەموو هێرشەکان بۆ سەر تارانی پایتەختی ئێران چڕبوویەوە, کە لە کۆی «٢٢» قەزای تاران، حەڤدە قەزایان هێرش کرایە سەری[18].

ئیسرائیل گورزی کوشندەیی لە زنجیرە فەرماندەی سوپای سەربازی ئێران دا و زیاتر لە «٣٠» فەرماندەی سەربازی و «١١» زانای ئەتۆمیی ئێرانی کوژران، کە زۆربەیان لە هێرشی یەکەم ڕۆژدا کرانە ئامانج. لەناو کوژراوەکان، جەنەڕاڵ محەمەد باقری، سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران؛ حسێن سەلامی فەرماندەی سوپای پاسداران؛ غولام عەلی ڕەشید فەرماندەی باڕەگانی ناوەندی خاتەم-ئەلئەنبیا لەگەڵ جێگرەوەکەی عەلی شادمانی، هەبوون. لەناو سوپای پاسدارانیش هەریەکە لە فەرماندەی هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران؛ فەرماندەی یەکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی پاسداران و جێگرەکەی؛ فەرماندەی یەکەی بەرگری ئاسمانی سوپای پاسداران؛ بەرپرسی هەواڵگری سوپای پاسداران و جێگرەکەی؛ بەرپرسی هەواڵگری هێزی قودس و جێگرەکەی کوژران[19].

ئیسرائیل بەخێرایی کۆنترۆڵی ئاسمانی ئێرانی لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەوە تا تاران مسۆگەر کرد، ئەمەش باڵادەستی ئاسمانی پێبەخشی. ئیسرائیل سەرەتا پێشکەوتووترین فڕۆکەی دزێوی خۆی بەکارهێنا بە یارمەتی هەواڵگری ورد و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە پێشتر مۆساد بە قاچاخ بردبوویە ناو ئێرانەوە[20]. ئەم تەکنیکە دامەزراوەکانی ڕاداری بەرگری ئاسمانی ئێرانی و سەکۆی مووشەکی دژە فڕۆکەی پەککخست و ئاسانکاریکرد بۆئەوەی فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت بچنە ئاسمانی ئێرانەوە و بەمەودایەکی فراوان هێرشەکانیان ئەنجام بدەن. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە فڕۆکەی (ئێف-٣٥)ی ئیسرائیلیان خستۆتە خوارەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاستکرەوە نەخرایەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران چەند فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئیسرائیلیان خستە خوارەوە[21]. ئیسرائیل زیاتر لە «١٦٠» هێرشی بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان و «١٠» هێرش بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس ئەنجامدا. پێش ئەوەی

ئەمریکا لە «٢٢»ی حوزەیران هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئیسرائیل پێشوەختە دەیان هێرشی کردبووە سەر ژێرخانی ئەتۆمی ئێران. جگە لەوەش ئیسرائیل چەند بینایەکی حکومەتی کردە ئامانج، لەوانە وەزارەتەکانی بەرگری، هەواڵگری و نەوت و هەروەها بارەگای دەزگای پەخشی نیشتمانی ئێران. هاوکات لەوەڵامی هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر وێستگە ناوەکییەکان، ئێران لە «٢٣»ی حوزەیران «١٤» مووشەکی دور مەودا و کورت مەودای ئاراستەی بنکەی سەربازی العدیدی ئەمریکا لە قەتەر کرد، کە زیاتر هێرشێکی شکڵی و نمایشی بوو، چونکە دواتر دەرکەوت کە ئێران پێشوەختە قەتەر و ئەمریکای لە هێرشەکە بە ڕێگای جیاواز ئاگادار کردبوویەوە. دەستێوەردانی ئەمریکا لە جەنگەکە بووە سەرەتای کۆتایی جەنگەکە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنێوان ئەو دوو لایەنە.

سەرەڕای وردی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان، زۆرێك لە خەڵکی سڤیلیش کوژرران یان بریندار بوون، بەپێی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لانیکەم (٤٠٪)ی کوژراوەکان - نزیکەی «٤٤٠» کەس لە کۆی زیاتر لە «١١٠٠» کەس کە کوژران - سڤیل بوون. لە کوشندەترین ڕووداوەکان هێرشی سەر زیندانی ئەڤین بوو کە زۆرێک لە زیندانییە سیاسییەکانی تێدا ڕاگیراون. ئیسرائیل زیندانەکەی بە «هێمای ستەمکاری» وەسف کرد، بەڵام هێرشەکەی ئیسرائیل زیاتر لە «٧٠» کەسی کوشت، لەنێویاندا کارمەندان، زیندانییەکان و ئەندامانی ئەو خێزانانە کە سەردانی زیندانییەکانیان کردبوو هەبوون. لەماوەی جەنگەکەدا هەزاران هاوڵاتی تارانی پایتەختی ئێرانی جێهێشت، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە هێرشەکانی ئیسرائیل. بەپێی ناوەندیی (ACLED) بۆ لێکۆڵینەوە لە جەنگ، زیاتر لە «٢١» ملیۆن کەس کە نزیکەی چارەکێکی دانیشتوانی ئێرانن، لەو ماوەیەدا بەرکەوتەیان لەگەڵ هێرشەکانی ئیسرائیل هەبووە[٢٢].

بێگومان ئێران لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی ئیسرائیل بێوەڵام نەبوو، تاران بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل پشتی بە توانا مووشەکی و درۆنیەکەی بەست. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئێران «٤٢» شەپۆلی هێرشی مووشەکی کە نزیکەی «٥٣٠» مووشەکی بالیستی لەخۆگرتبوو بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامداوە، ئەمە جگە لە ئاراستەکردنی زیاتر لە «١١٠٠» فرۆکەی بێفرۆکەوان. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشانەی ئێران، ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەڕێگەی «٢٠٠» سەکۆی دژە مووشەکەوە لە (٨٦٪) مووشەکەکانی ئێرانیان خستە خوارەوە، بە واتایەکی تر تەنها «٣٦» مووشەکی ئێرانی بەر خاکی ئیسرائیل لە باکور و باشور و ناوەڕاست کەوتن. ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی بە پشتبەستن بە زانیاریی مانگە دەستکردەکان ڕایگەیاندووە کە لەماوەی جەنگەکەدا شەش مووشەکی ئێران لە پێنج بنکەی سەربازی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیلیان داوە. هاوکات لە ئەنجامی هێرشەکانی

ئێران بۆ سەر ئیسرائیل «٢٨» هاوڵاتی ئیسرائیل كوژران و زیاتر لە«٣٠٠٠» هاوڵاتی بریندار بوون، هاوكات «٢٣٠٥» ماڵ لەناو «٢٤٠» باڵەخانەدا وێران بوون، ئەمە جگە لە دوو زانكۆ و نەخۆشخانەیەك و زیاتر لە «١٥٠٠٠» ئیسرائیلی ئاوارە بوون[٢٣].

**” جەنگی وشەیی و ساردی نێوان ئێران و ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دروستبوونی كۆماری ئیسلامی لە ساڵی "١٩٧٩" دەستیپێكرد، تاوەكو پێش هێرشەكانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە "٧" ئۆكتۆبەری ٢٠٢٣" لە فۆرمێكی توندتردا بەردەوامی هەبوو، بەڵام ئەم هێرشە ئەو دوو هێزەی بە ناچاری ڕووبەڕووی یەكتر كردەوە، بەو پێیەی ئیسرائیل پێی وابوو كە حەماس بەبێ هاوكاری و ڕێنمایی ئێران بوێری ئەوەی نییە كە هێرشێكی لەو شێوەیە ئەنجام بدات “**

بەگشتی لەماوەی «١٢» ڕۆژی جەنگدا، ئیسرائیل بە تێكەڵكردنی ستراتیجی هێرشی كوتوپڕ و لێدانی ورد و كۆكردنەوەی زانیاریی هەواڵگری پێشكەووتوو و دزەكردنی قووڵ بۆ ناو سیستەمی بەرگری ئێران توانی لاوازی ستراتیجیی بەرگری ئێرانی ئاشكرا بكات، دواتر بۆ باڵادەستی ئاسمانی بەسەر خاكی ئێرانەوە سودی لێوەرگرت و دەسكەوتی تاكتیكی بەرچاو لە سەرەتای شەڕەكەدا بەدەستبهێنێت.هاوكات ئیسرائیل هێرشە ئامانجدارەكانی بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەكانی ئێران چڕكردەوە و ئۆپەراسیۆنی سەربازی شاراوەی لە دژی دامەزراوە سەرەكییە سەربازیی و مووشەكییەكانی ئێران ئەنجامدا. لە هەمووی گرنگتر، هەڵمەتەكەی ئیسرائیل تاكتیكی تیرۆر و هێرشی ئامانجداری بۆ سڕینەوەی فەرماندە و سەركردە سەربازی و زانا ئەتۆمییەكان لەخۆگرتبوو، كە زیاتر ستراتیجی پێشووی ئیسرائیل بەرامبەر بە حزبوڵڵای لوبنان بە بیر دەهێنێتەوە. بەكۆی گشتی، ئەم پێكهاتە تەكنیكیانە پێكدادانەكانیان لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل شكاندەوە، ئەمە جگە لە دەستێوەردانی ویلایەتە یەكگرتووەكان بە بۆمبارانكردنی وێستگە ئەتۆمییە سەرەكییەكانی ئێران لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل، هاوكات فاكتەرێكی سەرەكی بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەستێكی لەرزۆك لەنێوان ئیسرائیل و ئێران.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ئێران لە ماوەی جەنگەكەدا لەگەڵ ئیسرائیل دەستكەوتی خۆی نەبووە. سەرەڕای ئەوەی تاران تووشی زیانێكی تاكتیكی پێشوەختە بوو، بەڵام خێرا بوو

لە شوێنگرتنەوەی فەرماندەکانی و توانی بە نزیکەی ڕۆژانە شەپۆلی مووشەکی بالیستی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە دژی ئیسرائیل لەماوەی «١٢» ڕۆژدا ئەنجام بدات، لە کاتێکدا سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیل زۆرینەی مووشەکە بالیستیکەکانی ئێرانیان بەرەو ئیسرائیل ڕاگرت، ئەوانەی سیستەمەکەیان تێپەڕاند لە ناوەڕاست و باکور و باشووری ئیسرائیل زیانێکی بەرچاو و قوربانی زۆری لێکەوتەوە. سەرەڕای ئەوەش، دوای ئەوەی ئێران لە هەڵدانی مووشەکەکانیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی لۆجستی بووەوە، ڕێڕەوی خۆی گۆڕی بە هەڵدانی مووشەکی بالیستیکی پێشکەوتووتر بە شەپۆلی بچووکتر و پەرشوبڵاو، کە سەرەڕای کەمبوونەوەی ژمارەی مووشەکەکان هێشتا هەندێکیان لە خاکی ئیسرائیلیان دەدا. ئەمەش لە کۆتاییدا پێدەچێت هاندەری ئیسرائیلیش بووبێت - کە بەهۆی کەمیی یەدەگی مووشەکی سیستەمی بەرگرییەوە ناچار بووبێت بە قبوڵکردنی ئاگربەست بۆ ماوەیەکی کورتخایەن تا پڕکردنەوەی جبەخانەکەی، کەواتە ئێران هێشتا خاوەنی مووشەکی بالیستییە کە توانای گەیشتن و زیانگەیاندن بە ئیسرائیل هەیە لە خولەکانی داهاتووی جەنگدا ئەگەر ڕووبدات.

**تەوەری چوارەم: لێکەوتەکانی جەنگەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**یەکەم:** زۆر جار لە ئیسرائیل و ئەمریکا باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دەکرێت، ئەوە ڕاستە کە باڵانسی هێز لە ناوچەکە بەتەواوی گۆڕاوە، ئەگەر سەیر بکەین هێزی ئێران ساڵێك لەمەوبەر چۆن بووە و ئێستا چۆنە، پێش ئەوەی ئیسرائیل حزبوڵڵا بەتەواوی لاواز بکات، پێش کەوتنی ئەسەد لە سوریا، پێش ئەوەی سیستەمی بەرگری و مووشەکی ئێران لاواز بکرێت. ئێران بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر لە ئاستی ناوچەییدا زۆر لاوازترە. کەواتە وڵاتانی کەنداو چۆن ئەم گۆڕانکارییە لە باڵانسی هێز دەبینن، وڵاتانی کەنداو سەرەڕای نزیکبوونەوەی ساڵانی ڕابردوویان لەگەڵ ئێران، بەبێ متمانەیی بەرامبەر بە ئێران دەمێننەوە. دەکرێت بوترێت شەش وڵاتەکەی کەنداوی عەرەبی ئێستا بەرەو ئەو تێڕوانینە دەڕۆن کە ناوچەکە پێویستی بەوەیە هەمووان هەست بە ئاسایش و سەقامگیری بکەن, بەڵام لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازن. هیچ کام لە وڵاتانی کەنداو بڕوای بەوە نییە کە ئێران، ئیسرائیل یان تورکیا لە سیستەمەکە بەدەر بکرێن بۆئەوەی کۆتایی بە ململانێکان بهێنرێت و ئاشتی و سەقامگیری فەراهەمبکرێت، کە زۆر گرنگە بۆ ئەو وڵاتانەی کەنداو بۆ گەشەسەندنی ئابورییەکەیان و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتیان بەدوور لە نەوت. کەواتە لەم پرۆسەیەدا، دەکرێت هەندێك دەوڵەتی کەنداو هەڵوێستێکی توندتر لەبەرامبەر ئێران وەگرێت وەك لە ئیسرائیل، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک بەحرەین تا ئەمڕۆ، پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێراندا نییە، بەڵکو پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە.

**دووەم:** بە تێڕوانین لەو شیکردنەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جەنگی «١٢» ڕۆژەی ئیسرائیل هاوسەنگی هێزی بەلایەنی کەمەوە بۆ ئێستا لە بەرژەوەندیی تەلئەبیب شکاندەوە، ئەمە هۆشدارییەکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی تورکیا و وڵاتانی کەنداو. بۆیە پێدەچێت ئەم دەوڵەتانە هەوڵی بەهێزکردنی جبەخانەکانیان بدەن و گرنگی زیاتر بە کڕینی چەك بۆ هاوسەنگکردنی ئیسرائیل بدەن. لە «١٨»ی حوزەیرانی «٢٠٢٥»، ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا پێشنیازێکی بۆ زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی لە فڕۆکەی جەنگی، تانک و زرێپۆش، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و کەشتی جەنگی ڕاگەیاند و هاوکات داوای کرد کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا «تەواو سەربەخۆ» بن لە پشتبەستن بە سەرچاوە دەرەکییەکان. نیگەرانییەکانی تورکیا لە بەیاننامەیەکی سیاسەتمەداری ناسیۆنالیست، دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا (مەهەپە) هات، کە دەڵێت «ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیل کە لە ئێران ئەنجامدراوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیامێکی ترسناکە کە بە تورکیا دەدرێت»، ئەمەش دەشێت پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا لەرزۆکتر بکات کە پێشوەختە بەهۆی جەنگی ئیسرائیل- حەماس و دەستێوەردانەکانی ئیسرائیل لە سوریا بەرەو لاوازی چووە.

> **” بۆ یەکەمجار ئیسرائیل لە "١"ی نیسانی "٢٠٢٤"، هێرشی کردە سەر چەند باڵەخانەیەکی سەر بە باڵوێزخانەی ئێران لە دیمەشق و وێرانی کرد، لە هێرشەکەدا چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ئێران کرانە ئامانج و کوژران، ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدار بوو لە ئالۆزییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، چونکە یەکەمجار بوو ئیسرائیل ڕاستەوخۆ ئێران بکاتە ئامانج “**

**سێیەم:** هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر بنکەی سەربازی العدیدی ئەمریکا لە قەتەر، لە وەڵامی هێرشی ئەمریکا بۆسەر سێ بنکە ئەتۆمییەکەی ئێران، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم جەنگە دەکرا فراوان بێت و وڵاتانی کەنداویش بێ زیان لێی دەرنەچن. هەرچەندە دەوترێت کە پێشتر ئێران قەتەری لەو هێرشە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام هێشتا لەلایەك هەر بە هێرش و بەزاندنی خاکی قەتەر دادەنرێت، لە لایەکی ترەوە ئێران خۆی مەبەستی نەبوو کە زیانی زۆر بگەیێنێت، بەو پێیەی ئامانجی ئێران زیاتر نمایشێك بوو بۆ وەڵامی هێرشەکەی ئەمریکا، نەك ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناو جەنگەکە، بۆیە لە حاڵەتی فراوانبوونی جەنگەکە،

بەدڵنیاییەوە وڵاتانی کەنداو بە ناچاری دەبوونە بەشێك لەو جەنگە، ئەمە جگە لەو زیانە ئابوری و داراییەی کە لەماوەی جەنگەکەدا کردویانە بەهۆی نادڵنیایی وەبەرهێنان و پچڕانی هێڵی ئاسمانییەوە. لەبەرئەوە، ئەم هێرشەی ئێران بۆ سەر قەتەر و باڵادەستبوونی ئیسرائیل لە ناوچەکە، ڕەنگە وڵاتانی کەنداو ناچار بکات بە دۆکترینی سەربازی و ئەمنی خۆیاندا بچنەوە و بۆ ڕێکەوتنی نوێ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەربکێشێت، بۆئەوەی لە گێچەڵی داهاتووی ئیسرائیل بەدوور بن.

**چوارەم:** ئێرانێکی لاواز، بۆشیایی هەژموون لە سوریا، عێراق و لوبنان دروست دەکات، کە دەکرێت ئەم ناوچانە ببنە ناوچەی نوێی ململانێ هەرێمیەکان. ساڵانێکە ئێران هەژموونی هەرێمی خۆی بە بەکارهێنانی هاوپەیمانەکانی لە بەرەی بەرنگاری لە ناویاندا حزبوڵڵا لە لوبنان و حەماس لە غەززە و حەشدی شەعبی لە عێراق و ڕژێمی ئەسەد لە سوریا پیادە کردووە. بەشێك لەو ناوچانەی هەژموونی ئێران شوێنی ئەنجامدانی هێرشەکانی سەر ئیسرائیل و ئامانجەکان لە ناوچەی کەنداو بوون - وەك بەشێك لە ستراتیجی «بەرگریی لە پێشەوە»ی ئێران، کە توانای ئەوەی پێدەدا لەڕێگەی بریکارەکانییەوە کاریگەریی دروست بکات. لەبەرئەوە، لاوازبوونی ئێران و حیزبوڵڵا و حەماس لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیل و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد هەژموونی ئێرانی لە ناوچەکە بەتەواوی لاواز کرد. لە هەمانکاتدا بۆشایی هێزی دروستکرد, کە ڕێگەی بە ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو و تورکیادا دەرفەتی فراوانکردنی هەژموونی خۆیان هەبێت و ململانێی نێوانیان زیاتر ببێت، چونکە هەریەکەیان بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەیە.

**پێنچەم:** بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بریتین لە دروستکردنی ناوچەی پارێزراو لە دەوروبەری سنوورەکانی بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هێرشەکانی هاوشێوەی «٧»ی ئۆکتۆبەر، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئیسرائیل بەدوای بوونی سەربازی هەمیشەییەوە لە باشووری لوبنان و باشووری سوریا بۆ پاراستنی سنوورەکانی لە بەرەی باکورەوە[٢٤]. لەدوای جەنگی «١٢» ڕۆژە، ئامانجەکانی ئیسرائیل لە پارێزگاریکردن لە سنورەکانەوە فراوانتر بووە بۆ گۆڕینی سیستەمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێوەیەك باڵادەستی سەربازی هەبێت و ئێرانێکی بێ پرۆگرامی ئەتۆمی و بریکار بوونی هەبێت. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە دەیانەوێت پرۆگرامی ناوەکی ئێران بەتەواوی لە ناوچێت و چیتر ئێران توانای بنیاتنانی بەرنامەیەکی لەو شێوەیەی نەبێت، دیارە بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا هێرشەکانی ئیسرائیل و دواجار هێرشی فرۆکەی (بی-٥٢) ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئەو پرۆگرامەی بەتەواوی لەناوبردووە یاخود تەنها چەند ساڵێك بردوویەتییە دواوە.

**شەشەم:** شارەزایان هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ زیانەکانی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن کە ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بوون. وێستگەی ئەتۆمی نەتنز، فۆردۆ و ئیسفەهان کە کە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکات بەتەواوی لەناوچوون، لەکاتێکدا زانیارییە هەواڵگرییە دزە پێکراوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو وێستگانە زیانی زۆریان بەرکەوتووە نەك لە ناوچوو بێتن. هاوکات شرۆڤەکارە سەربازییەکانی ئەمریکا و پسپۆڕانی سەربەخۆ دەڵێن «زیانێکی زۆر»یان بەرکەوتووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنەکان بۆ ئەوەی بزانرێت کە دەسەڵاتدارانی ئێران چەندە خێرا دەتوانن بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆیان بنیات بنێنەوە جیاوازن و ڕەنگە هەڵسەنگاندنی وردی لانیکەم بۆ ئێستا مەحاڵ بێت. بەگشتی دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە ژێرخانە ئەتۆمییەکانی ئێران بە تەواوەتی لەناو نەچووە و هێشتاش دەتوانێ کەڵک لەو یۆرانیۆم و وێستگە ئەتۆمیانە و کەرەستە خاوەکانی پیتاندن وەربگرێت، کە لە بنکە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ و نەتەنز زیانیان بەر نەکەوتووە. ڕەنگە هێشتا ئێران بەشێک لەو «٨» هەزار کیلۆگرام یۆرانیۆمە پیتێندراوەی لەبەردەستدا مابێت، بەتایبەت ئەو «٤٠٠» کیلۆگرام یۆرانیۆمەی بە ڕێژەی سەروو «٦٠» لە سەد پیتێندراوە, کە بەشی لانیکەم «١٠» بۆمبی ئەتۆم دەکات ئەگەر زیاتر بپیتێنرێت بۆ ئاستی (٩٠٪). هەروەها هێشتاش ژمارەیەک زۆر لە سانترفیوژی پێشکەوتوو و پارچە سانترفیوژی و ئامراز و دیکیۆمێنتی پەیوەندیدار بە پرۆژە ئەتۆمییەکانی پاراستووە، هاوکات ژمارەیەکی بەرچاو لە زانا ئەتۆمییەکانیشی هەر بۆ ماوەتەوە. ماوەتەوە بزانین ئایا ئەمەریکا و ئێران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی نوێ بۆ جێگرتنەوەی ڕێکەوتنەکەی ساڵی «٢٠١٥» یان جارێکی دیکە پەنا بۆ هەڕەشە و گەڕانەوە بۆ توندوتیژی دەبەن. بۆ ئێستا و سەرەڕای ئەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا و ئێران دانوستانە ئەتۆمییەکان دەست پێ دەکەنەوە، کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر مافی پیتاندنی یۆرانیۆم دەکات و تا نووسینی ئەم بابەتە ڕەتیدەکاتەوە کە پلانی دانوستانی لەو شێوەیە هەبێت. دەبێت لەبیرمان نەچێت، کە ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر پرسی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی ئێران هاوڕا نین، ڕاستە هەردوولا دەیانەوێت ئێران نەبێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، بەڵام ئەمریکا بە ئێستاشەوە بانگەشەی دانوستان لەسەر ئەو پرسە دەکات، لە کاتێکدا بنیامین نتنیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەهیچ جۆرێك گفتوگۆ و دانوستانی لەگەڵ ئێران لەسەر ئەو پرسە پێ قبوڵ نییە، ڕەنگە هێرشەکەی ئیسرائیل کە خولی شەشەمی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکا لە باربرد باشترین بەڵگە بێت. لەبەرئەوە ئەگەر لە ماوەکانی داهاتوودا ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئەمریکا و ئێران نەکرێت، ئەوا ڕەنگە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئێران دەستپێبکاتەوە, ئەمەش هەر کاتێك ئیسرائیل بۆی دەرکەوت کە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بەتەواوی لەناو نەچووە و ئێران دووبارە دەستی بە پڕۆگرامەکە کردووەتەوە.

**حەوتەم:** لە کۆتاییدا، ئەم پێشهاتانە ناوەندگەرایی ئەمریکایی وەك ئەکتەرێکی سیاسی و سەربازی باڵادەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپاتکردەوە. لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا دەریدەخەن کە ئەمریکا بە متمانەیەکی زیاترەوە لە ململانێکان دەرچووە، بەتایبەتی لە تواناکانی بۆ پشتگیریی هاوپەیمانەکانی (ئیسرائیل) و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکان (ئێران) و داڕاشتنی ئەنجامەکانی ناکۆکییەکە (ئاگربەست). لەماوەی جەنگەکەدا، ئەمریکا هەم پشتیوانی سەربازی ناڕاستەوخۆ و هەم بەرگێکی دیبلۆماسی ڕاستەوخۆی پێشکەش بە ئیسرائیل کرد و تەنانەت بەشداری لە هێرشەکانی «٢٢»ی حوزەیران بۆ سەر بنکە ناوەکییەکانی ئێران کرد. هاوکات دەرکەوت کە ئەمریکا خوازیاری جەنگ یان گۆڕینی ڕژێم لە ئێران نییە، بەڵکو ئەمریکا تەنها نیگەرانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە، ئێستا کە دیار نییە ئەو پرۆگرامە بەتەواوی لەناوچووە یان نا، ڕەنگە ئەمریکا دووبارە دەرفەتی دیبلۆماسی بە ئێرانییەکان بدات, بەڵام بەو مەرجەی ئێران مافی پیتاندنی یۆرانیۆمی نەبێت، مافێك کە ئێرانییەکان بە ئێستاشەوە سوورن لەسەری.

لە بەرامبەردا وەڵامی ڕووسیا تەنها لە ئیدانەکردنی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران مایەوە و کردەوەکەی بە ناڕەواو دەستدرێژیکارانە وەسفکرد. مۆسکۆ ئامادەیی خۆی بۆ نێوەندگیریی دەربڕی, بەڵام خۆی بەدوور گرت لە پێشکەشکردنی دەستپێشخەریی بەرجەستە سەربازییەکان یان دیپلۆماسییەکان. پێدەچێت ئەم هەڵوێستە پاسیڤەی ڕووسیا بەهۆی شەڕی بەردەوامی لەگەڵ ئۆکرانیا و نەبوونی برگەیەکی بەرگریی هاوبەش بێت لە ڕێککەوتنە هاوبەشە ستراتیژییە گشتگیرەکەی ڕووسیا - ئێران بێت, کە لە ینایری «٢٠٢٥» لەنێوان خۆیان واژۆیان کرد. ڕەنگە ئەم بێ هەڵوێستیەیی ڕووسیا ناڕەزایەتیی لەناو بازنەی دەستبژێری ئێران لێبکەوێتەوە و کاریگەریی لەسەر ئەو دەوڵەتانەش هەبێت کە هەمان جۆری پەیوەندیی ئێرانیان لەگەڵ ڕووسیا هەیە. پێشبینیش دەکرێت مۆسکۆ خۆی لە تێکەڵبوون لە ململانێ سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوو بگرێت و ئەولەویەت بە پاراستنی بنکەکانی لە حمیمیم و تەرتوس لە سوریا بدات و هەماهەنگی لەگەڵ تەلئەبیب بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی نەخوازراو بکات. هاوکات هەوڵدەدات خۆی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك بەدوور بگرێت کە هاوسەنگی لاوازی خۆی لەگەڵ واشنتۆن بخاتە مەترسییەوە[٢٥].

بە هەمان شێوە وڵاتی چینیش هەڵوێستی لە چوارچێوەی ئیدانەکردندا هێشتەوە و بە پێشێلکردنی سەروەری ئێران وەسفیکرد و داوای خۆگرتن و ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی کرد. ئەم هەڵوێستەی چین لەگەڵ هەڵوێستی ستراتیژیی فراوانتری پەکین دەگونجێت, کە خۆی دەبینێتەوە لە دەستێوەردان نەکردن، پاراستنی ڕێڕەوی وزە لە کەنداوەوە و پاراستنی بازرگانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتە ناوچەییەکان. ئەم هەڵوێستەی چین

ڕەنگە زۆرێکی لە تاران تووشی نائومێدی کردبێت لە نەبوونی پشتیوانییەکی بەهێزی چین، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی قووڵی پەیوەندییەکانی چین و ئێران، کە پاڵپشتە بە ڕێککەوتنی فەرمی هاوبەشی ستراتیژی «٢٥» ساڵە، کە لە مانگی ئازاری «٢٠٢١» لەنێوان هەردوولا واژۆ کرا. بۆ خاوکردنەوەی ئەم نائومێدییە، ڕەنگە پەکین هاوکاریی ئابووریی لەگەڵ ئێران چڕتر بکاتەوە، کە ئەگەری هەیە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی دوای وێرانکارییەکانی دوای جەنگ و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووریدا بکات.

**" دوای هیلاکبوون و لاوازبوونی حزبوڵڵای لوبنان و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە "٢٧"ی نۆڤەمبەری "٢٠٢٤"، لە هەمان بەرواردا ڕووداوێکی گەورەتر سەرنجی کەوتە سەر کە هێرشەکانی گروپی دەستەی تەحریر شام بە سەرکردایەتی ئەحمەد شەرع بوو بۆ سەر ڕژێمی سوریا، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕژێمی ئەسەدیان ڕووخاند و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت. ڕەنگە سوودمەندیی سەرەکی لەم ڕووداوە ئیسرائیل بووبێت "**

ئەم دیمەنانە ئەوە نیشان دەدات کە ئەمریکا وەک تاکە هێز دەمێنێتەوە, کە ئامادەیە و توانای ئەوەی هەیە هێزی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکاربهێنێت بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیل. تەنانەت کاتێک دەوڵەتانی ئەوروپا بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی دژی حوسییەکان لە یەمەن کرد، لەژێر فەرماندەیی ئەمریکادا بوون. هاوکات چین و ڕووسیا و یەکێتیی ئەوروپا خۆیان لە دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی و بەیاننامەی ڕۆژنامەوانیدا قەتیس کردووە و خۆیان لە هەر کارێک بەدوور گرتووە کە ببێتە هۆی وروژاندنی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ واشنتۆن[٢٦].

**تەوەری پێنجەم: چارەنووسی بەرەی بەرگری (بەرەی مقاوەمە)**

بۆ دەیان ساڵە، ئێران ملیارەها دۆلار وەبەرهێنانی لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی ناوچەیی لە میلیشیا شیعەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان کردووە - ئەوەی پێی دەوترێت ‹›میحوەری بەرخۆدان›‹یان « بەرەی مقاوەمە« بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل و فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لاوازی

پێکهاتەیی و سنووورداری ئەم ستراتیژەی ئاشکرا کردووە. هەر ئەندامێکی میحوەرەکە - چ لە عێراق، یەمەن، یان لوبنان - ، بەهۆی جوگرافیا و فشارە ناوخۆییەکانەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی کردووە[٢٧]. هەروەها ئەوە وەرینی ئەم هاوپەیمانییەیی خێراترکرد ئەوەیە کە لە ماوەی ساڵ و نیوێکی ڕابردووی ململانێدا، ئێران بریکارەکانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی ئیسرائیل وەك پێویست نەپاراست، کە بووە هۆی لاوازبوونی بەرچاویان.

لەدوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە«٧»ی ئۆکتۆبەری «٢٠٢٣»، وەك هاوسۆزییەك بۆ حەماس، میلیشا عێراقییەکان بە بەکارهێنانی درۆن و مووشەك هێرشیان دەکردە سەر ئامانجە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان، بەڵام لەناکاو ئاگربەستیان لەژێر تۆڵەی توندی ئەمریکییەکان ڕاگەیاند. حوسییەکانی یەمەن لەگەڵ ئەوەی توانای پەکخستنی هاتوچۆی دەریاییان لە دەریای سوور و ناوبەناو پێکانی ئامانجە ئیسرائیلییەکان هەیە، بەڵام لەڕووی جوگرافی و لۆجستییەوە بەسنورداری مانەوە؛ کاریگەریی هێرشەکانیان، هەرچەندە کەم نەبوو، بەڵام نە ڕێڕەوی شەڕەکەی گۆڕی و نە ئیسرائیلی لە ئامانجەکانی لە غەززە یان ئێران پەشیمان کردەوە. لەلایەکی دیکەوە حیزبوڵڵا قورسایی تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیلی لەئەستۆ گرت. ستراتیژی حزبوڵڵا کە لە «بەرەی پشتیوانی» خۆی دەبینییەوە بۆ حەماس ئامانجەکەی فشارخستنە سەر ئیسرائیل بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە غەززە، بەڵام لەبری ئەوە ئەو بیانوویەی بە ئیسرائیلدا کە لە مێژە بەدوایدا دەگەڕا: «دەرفەتێک بۆ لاوازکردنی ژێرخانی سەربازیی حزبوڵڵا». ئیسرائیل سەرەتا وەك شەڕێکی سنوردار دەستی پێکرد و بەڵام سەرکەوتنەکانی بە ئاگربەستێکی تاکلایەنە کۆتایی هات, کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئازادیی بە ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی بەسەر باشووری لوبناندا بە ئیسرائیل بەخشی.

بەتێڕوانین بۆ ئایندە، گروپەکانی ناو میحوەری بەرگریی هەوڵی دووبارە خۆبنیاتنانەوە و ڕێکخستنەوە دەدەن، بەو هیوایەیی کە ئێران برینەکانی سارێژ بێت و بتوانێت لە داهاتوودا جارێکی تر هاوکارییان بکاتەوە[٢٨]. بەڵام پێدەچێت تۆڕی بریکارەکانی ئێران لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر بشکێن و لاواز بن، پێناچێت ستراتیجی «یەکێتیی بەرەکان» لە دژی ئیسرائیل بە ئاسانی زیندوو بێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی، بریکارەکانی ئێران نەك تەنها ڕووبەڕووی ئیسرائیلێکی شەڕانگێز دەبنەوە کە ئامادەیە بە هەر نرخێك بێت هەڕەشەکان لەسەر ئیسرائیل نەهێڵێت، بەڵکۆ فشارە ناوخۆییەکانی سەریان زیاد دەکات بۆ خۆلادان لە بەشداریکردن لە هێرشەکانی سەر ئیسرائیل، کە دەشێت وڵاتەکانی خۆیان لەو ململانێیە بگلێن.

حیزبوڵڵای لوبنان کە سەردەمانێک وەک یەکەمین بریکاری ئێران و بەرچاوترین هەڕەشەی نادەوڵەتی بۆ سەر ئیسرائیل دادەنرا، ئێستا ڕووبەڕووی چاودێریی توندی چڕی نێودەوڵەتی

و ئیسرائیل و لوبنانییەکان دەبێتەوە. لە ئێستادا لەگەڵ لاوازبوونی ئێران، ڕەنگە حزبوڵڵا ڕووبەڕووی فشاری زیاتر بۆ داماڵینی چەک ببێتەوە، ئەمەش مەترسی دابەشبوونی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، چونکە پێدەچێت بەرەی توندی ناو گروپەکە سوور بن لە دژایەتیکردنی ئیسرائیل و چەك داماڵین ڕەتبکەنەوە. بەمپێیە داهاتووی حزبوڵڵا تا دێت دەبێتە نیگەرانییەکی ناوخۆیی و ئێرانیش کاریگەرییەکی کەمی بەسەر ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، پێدەچێت ئەو گرووپە لە ئێستادا زیاتر چاوی لە ناوخۆی خۆی بێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە دابنێت. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە حزبوڵڵا ڕەتیکردووەتەوە بەشداری لە جەنگی «١٢» ڕۆژەی ئێران لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات، ئەمەش بەهۆی خواستی پاراستنی خۆی لە بەرامبەر ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل. هەروەها بەهۆی دەستوەرنەدانی ئێران لە شەڕی وێرانکەری حزبوڵڵا خۆی لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی پێشوودا. ئەمەش توانای ئێران بۆ کاریگەریی لەسەر حزبوڵڵا لە ململانێکانی داهاتوودا سنووردار دەکات٢٩.

> **” دوای هەموو ئەو پاشەکشێیانەی بەسەر ئێراندا هات، تەنها یەك دوو مەترسی مابوو کە لە تێڕوانینی ئیسرائیلەوە دەبوایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوانیش یەکەم: پرۆگرامی ناوەکی ئێران بوو کە ئیسرائیل پێی وابوو تاران لە هەموو کات نزیکترە لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دووەم: ئەو مووشەکە بالیستییانەی ئێران لە مانگەکانی چوار و دەی "٢٠٢٤" بۆ یەکەمجار ئاڕاستەی ئیسرائیلی کرد و ئاسایشی ئیسرائیلی خستە مەترسییەوە “**

لەم نێوەندەدا، میلیشیا عێراقییەکان تا دێت بەهۆی هێڵە سوورەکانی ئەمریکا و سیاسەتی ناوخۆی عێراقەوە دەسەڵاتیان سنووردار دەبێت. لە کاتێکدا حەشدی شەعبی هێشتا دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریی بەهێز و بەرچاویان هەیە، بەڵام شانۆی سیاسی ناوخۆی عێراق گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا دێت و پێدەچێت میلیشیاکان ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی پشتیوانی لۆجستی و دارایی لەلایەن ئێرانەوە ببنەوە. دەشتێت کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی ئێران ئەم گروپانە ڕووبەڕووی دابەشبوونی ناوخۆی بکاتەوە، هاوکات هانیان بدات یان

بەدوای سەربەخۆیی زیاتردا بگەڕێن، یان بە قووڵی تێکەڵ بە دامەزراوەکانی دەوڵەت بن، یان هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنە داراییەکان لەڕێگەی چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکانەوە بدەن. لە ئەنجامدا، ڕەنگە هێڵی کاریگەریی حکومەتی عێراق کەمێک بەهێزتر بێت، ئەمەش کرانەوەیەکی ستراتیژیی بۆ محەمەد شیعە ئەلسودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دابین بکات بۆئەوەی وردە وردە کاریگەریی میلیشیاکان سنووردار بکات، هەرچەندە بە وریاییەوە بۆ ئەوەی کاردانەوەی لێنەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا مەترسی ئەوە هەیە کە میلیشیا عێراقییەکان هەست بە گۆشەگیری بکەن و بۆ دووبارە سەلماندنەوەی خۆیان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یان ڕکابەرە ناوخۆییەکانیان بکەنە ئامانج، لەو کاتەی ئێران لاواز بووە, بەڵام بەتەواوی لە شانۆی سیاسی عێراق نەچووەتە دەرەوە[٣٠].

لە کۆتاییدا، پێدەچێت توانای ئۆپەراسیۆنی حوسییەکان لە ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبکرێتەوە، چونکە ئەوان بە پلەی یەکەم پشت بۆ چەك و پێداویستی بە ئێران دەبەستن، تەنانەت بۆ ئەو چەکانەی کە لە ناوخۆی یەمەنیش تەجمیع دەکرێن و بەهۆی زیادبوونی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی ئەو پێداویستیانە دەبنەوە. هاوکات توانای سەربازی گروپەکە کەمبووەتەوە بەهۆی ئەو هێرشە ناوبەناوانەی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کە بۆ ماوەی دوو ساڵە بۆ سەریان بەردەوامە. لە کاتێکدا حوسییەکان خۆڕاگری خۆیانیان سەلماندووە، پشتیوانی ئێران لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە زۆر گرنگتر دەبێت، چونکە نەبوونی ئەم پشتیوانییە نەك تەنها تواناکانی ئەم گروپە سنوردار دەکات, بەڵکو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بوێرتر دەکات. لەڕاستیدا ڕاپۆرتەکانی چەند مانگی ڕابردوو، هەرچەندە دووفاقین و لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ڕەتکراونەتەوە، بەڵام ئاماژەیان بەوە کردووە کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کە لەلایەن سعودیە و ئیمارات و ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێن، خۆیان بۆ هێرشێک بۆ سەر حوسییەکان ئامادە دەکەن. ڕەنگە ئەمە دەستبەجێ ڕوونەدات, بەڵام ئەگەری هەیە لە چەند مانگ یان ساڵانی داهاتوودا ڕوو بدات, ئەگەر حوسییەکان ڕووبەڕووی کێشەی ئابووریی ناوخۆیی بەردەوام ببنەوە و ڕەتی بکەنەوە سازش لەسەر یەکلاییکردنەوەی هەمیشەیی کێشەکان لە یەمەن بکەن، یان ئەگەری هەیە یەکگرتووی ناوخۆیی لە ئەولەویەت دابنێن و شەڕ لە یەمەن دەستپێبکەنەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکەیان[٣١].

**دەرەنجام**

- جەنگی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران بەرەنجامی چەند دەیەیەك لە ململانێ و شەڕی سێبەری و بریکاری نێوان ئەو دوو لایەنەیە، کە ئیسرائیل بە قۆناغبەندی لە دوای «٧»ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو ئەو گروپ و سەرچاوەی هێزانەی کە ئێران چەندین ساڵە وەك ئامرازی بەرگریی لە

دژی ئیسرائیل پشتیان پێدەبەستێت لاواز کرد. ئەمە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆئەوەی ئیسرائیل دواجار هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر پرۆگرامە مووشەکی و ئەتۆمییەکەی ئێران و زۆرێك لە فەرماندە سەربازییە باڵاکان و زانا ئەتۆمییەکان تیرۆر بکات. لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە تەنها بۆ ناوخۆی ئێران نەبوو، بەڵکو بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەشێوەیەك کە ڕەنگە بۆ چەندین دەیە باڵانسی هێز لە ناوچەکە بگۆڕێت، ئیسرائیل بوێر تر بکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو وڵاتانەی کە شوێنپێی ئێران لە دژایەتیکردنی ئیسرائیل بگرنەبەر.

**” لە کاتێکدا ئێران خۆی بۆ گەڕێکی دیکەی دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا ئامادە دەکرد کە بڕیاربوو لە "١٥"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" لە عومان بەڕێوە بچێت، ئیسرائیل دوو ڕۆژ پێش ئەو بەروارە واتە لە"١٣"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" هێرشێکی فراوانی ئاسمانی بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی شێر هەڵدەستێت) بە بەکارهێنانی زیاتر لە "٢٠٠" فڕۆکەی جەنگی بۆ سەر ئێران دەستپێکرد و ماوەی "١٢" ڕۆژی خایاند “**

- پرۆگرامی ناوەکی ئێران تا ئێستا بەناڕوونی ماوەتەوە، هەڵسەنگاندێکی ورد نییە تەواوی زیانەکانی ئەو هێرشانە بۆ سەر وێستگە ناوەکییەکانی ئێران بخاتەڕوو، بۆیە هەر کاتێك ئاماژەیە دەرکەوێت کە ئێران هەوڵی بنیاتنانەوە یان وەبەرهێنانی چەکی ناوەکی دەدات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دووبارە دەکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیل بە پاڵپشتی ئەمریکا، مەگەر پێشتر ڕێکەوتن لەسەر ئەو پرسە بکرێت، هەروەك ئەمریکا بەردەوام جەخت لەسەر دانوستان لەگەڵ ئێران بۆ پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە.

- لەماوەی جەنگەکە لە ئەنجامی ئەو شکستەی بەسەر سیستەمی بەرگریی ئاسمانی ئێراندا هات، ڕەنگە ئێران گرنگییەکی تایبەت بە سیستەمی بەرگری بدات و هەوڵی بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوو بەتایبەتی لە چین و ڕووسیاوە بدات.

- لاوازبوونی ئێران بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر میحوەری بەرگریی لە ناوچەکە دەبێت و بەتایبەتی بەشێکیان ئەوەندە لاواز بوونە کە شەڕی مانەوەی خۆیان دەکەن و توانای ئەوەیان نییە چیتر وەك ئامرازێکی بەرگریی لە لایەن ئێرانەوە لە دژی ئیسرائیل بەکاربهێنرێن.

## سەرچاوەکان

**1-** Beston H. Arif (2016). Iran's Nuclear Program and the future of Israeli-Iranian Relations. LAP LAMBERT Academic Publishing.

**2-** David B. Green, 2018, From Friends to Foes: How Israel and Iran Turned Into Arch-enemies, Haaretz, Available At: https://www.haaretz.com/middle-east-news/iran/MAGAZINE-how-israel-and-iran-went-from-allies-to-enemies-1.6049884 (accessed 1/7/2025)

**3-** (2) Alavi, B. 1988. 'Khomeini's Iran: Israel's ally', The Washington Report on Middle East Affairs (1982-1989), VI (12), p. 4.

**4-** بێستون حسین عارف(2016)، پەیوەندییەكانی نێوان ئیسرائیل و ئێران: دووژمنی وەهمی یان حەقیقی؟ گۆڤاری (جۆرناڵ(، ژمارە (8)، ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان، سلێمانی.

**5-** Jane Hunter, 1986, Israeli Arms Sales to Iran, Washington Report on Middle East Affairs. Available at: http://www.wrmea.org/1986-november/israeli-arms-sales-to-iran.html (accessed 1/7/2025)

**6-** )Parsi, T. 2007. Treacherous Alliances: The Secret Dealings of Israel, Iran, and the United States, Yale University Press, USA.

**7-** The Guardian, 2024, Mossad chief says Israel is committed to finding and killing all Hamas leaders, Available at: https://www.theguardian.com/world/2024/jan/03/israel-settling-score-with-hamas-leaders-after-assassination-in-beirut(accessed 1/7/2025)

**8-** Michael Knights, Amir al-Kaabi, Hamdi Malik (2024), Tracking Anti-U.S. and Anti-Israel Strikes From Iraq and Syria During the Gaza Crisis, The Washington Institute for Near East Policy, Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/tracking-anti-us-and-anti-israel-strikes-iraq-and-syria-during-gaza-crisis (accessed 2/7/2025)

**9-** Reuters (2024), Iran says Israel bombs its embassy in Syria, kills commanders, Available at: https://www.reuters.com/world/middle-east/israel-bombs-iran-embassy-syria-iranian-commanders-among-dead-2024-04-01/ (accessed 2/7/2025)

**10-** Michael Young, 2024, Israel Has Targeted Hamas's Ismail Haniyeh in Tehran and Hezbollah's Fouad Shukr near Beirut, Carnegie Middle East Center, Available at: https://carnegieendowment.org/middle-east/diwan/2024/07/israel-has-targeted-ismail-haniyeh-and-fouad-shukr-in-tehran-and-beirut?lang=en (accessed 3/7/2025)

**11-** Matt Murphy and Joe Tidy, 2024, What we know about the Hezbollah device explosions, BBC, available at: https://www.bbc.com/news/articles/cz04m913m49o (accessed 3/7/2025)

**12-** Mick Krever and et al., 2024, Israel killed Hezbollah leader Hassan Nasrallah in Beirut strike, group confirms, CNN, Available at: https://edition.cnn.com/2024/09/28/middleeast/hezbollah-nasrallah-killed-israel-strikes-intl (accessed 3/7/2025)

**13-** Tasnim News Agency, 2024, Iran Launches Retaliatory Missile Attack on Israeli Targets, Available at: https://www.tasnimnews.com/en/news/2024/10/01/3169791/iran-launches-retaliatory-missile-attack-on-israeli-targets(accessed 3/7/2025)

**14-** Politico, 2024, Israel kills Hamas leader Yahya Sinwar as Netanyahu announces war goes on, Available at: https://www.politico.eu/article/israel-killed-hamas-leader-yahya-sinwar-gaza/ (accessed 5/7/2025)

**15-** Sinem Adar and et al. 2024, The Fall of the Assad Regime: Regional and International Power Shifts, Available at: https://www.swp-berlin.org/publikation/the-fall-of-the-assad-regime-regional-and-international-power-shifts (accessed 5/7/2025)

**16-** Atif Rashid, 2025, America and Israel's plan to destroy Iraq, Syria and Iran set the entire Middle East on fire, Available at: https://www.analystnews.org/posts/america-and-israels-plan-to-destroy-iraq-syria-and-iran-set-the-entire-middle-east-on-fire (accessed 5/7/2025)

**17-** CNN, 2024, Israel hit Iran's nuclear program – and Iran hit back. Here's what we know, available: https://edition.cnn.com/2025/06/13/middleeast/israel-attack-iran-nuclear-program-explainer-intl (accessed 8/7/2025)

**18-** ACLED, 2025, Twelve days that shook the region: Inside the Iran-Israel war, available at: https://acleddata.com/2025/07/04/qa-twelve-days-that-shook-the-region-inside-the-iran-israel-war/(accessed 8/7/2025)

**19-** Emanuel Fabian, 2025, The Israel-Iran war by the numbers, after 12 days of fighting, The Times of Israel, Available at: https://www.timesofisrael.com/the-israel-iran-war-by-the-numbers-after-12-days-of-fighting/ (accessed 9/7/2025)

**20-** Miriam McNabb, 2025, The Silent Invasion: How Israel's Small Drones Infiltrated Iran, Dronelife, Available at: https://dronelife.com/2025/06/23/the-silent-invasion-how-israels-small-drones-infiltrated-iran/(accessed 9/7/2025)

**21-** Emanuel Fabian, Op. cit.

**22-** ACLED, 2025, Op. cit.

**23-** The Telegraph, 2025, Iran struck five Israeli military bases during 12-day war, Available at: https://www.telegraph.co.uk/world-news/2025/07/05/iran-struck-five-israeli-military-bases-12-day-war/ (accessed 10/7/2025)

**24-** Al- Jazeera, 2025, Israel says its troops will remain in Gaza, Lebanon and Syria indefinitely, Available at: https://www.aljazeera.com/news/2025/4/16/israel-says-its-troops-will-remain-in-gaza-lebanon-and-syria-indefinitely (accessed 10/7/2025)

**25-** Alieddin Hilal, 2025, The future power balance in the Middle East, Ahramonline, Available at: https://english.ahram.org.eg/NewsContent/4/1204/549351/Opinion/Opinion/The-

future-power-balance-in-the-Middle-East--.aspx (accessed 10/7/2025)

**26-** ibid.

**27-** Stratfor, 2024, Assessing the Strategic Imperatives of the Iranian-Led 'Axis of Resistance', Available at: https://worldview.stratfor.com/article/assessing-strategic-imperatives-iranian-led-axis-resistance (accessed 12/7/2025)

**28-** Stratfor, 2025, To Placate the U.S., Iran Temporarily Scales Back Its Regional Proxy Strategy, Available at: https://worldview.stratfor.com/article/placate-us-iran-temporarily-scales-back-its-regional-proxy-strategy (accessed 13/7/2025)

**29-** Freddy Khoueiry, 2025, The Impact of the 12-Day War on Iran and Its Allies, Part 1, Stratfor, Available at: https://worldview.stratfor.com/article/impact-12-day-war-iran-and-its-allies-part-1 (accessed 13/7/2025)

**30-** ibid.

**31-** ibid.



# ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم.. دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

د. دژوار ئەنوەر ئەحمەد
دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی

## پێشەکی:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە «١٥»ی سێپتەمبەری «٢٠٢٠» بە چرکەساتێکی مێژووییدا تێپەڕی، کاتێك هەریەك لە ئیمارات و بەحرین ڕێکەوتننامەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە ئیسرائیل واژۆکرد کە بە «ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم-The Abraham Accords -» ناسرا. ئەم ناوە لە پێغەمبەر ئیبراهیمەوە وەرگیراوە، کە بە «باوکی پێغەمبەران» دادەنرێت و ڕێزێکی زۆری لە هەر سێ ئایینی ئاسمانی جولەکە و کرستیان و ئیسلامدا هەیە .

ڕێکەوتنەکانی ئبراهیم گرنگیەکی بێ وێنەی لە چوارچیوەی ململانێی عەرەبی – ئیسرائیلیدا هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکەوتنەکانی پێش خۆی جیاوازترە. لەوانەش ڕێکەوتنی ئسرائیل-مصر لە ساڵی ١٩٧٩و ئسرائیل ئوردن لە ساڵی ١٩٩٤. کە بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ ئەنجام دران.ڕێکەوتنەکانی ئبراهیم چەندین پاڵنەری ستراتیجی و ئابووری و ئەمنی لە پشتەوە بوو، کە ڕێگەی بۆ هاوبەشییەکی قوڵتر و بەردەوامتر خۆشکرد، بەو شێوەیەش لە پاش ئیمارات و بەحرین، مەغریب و سودانیش چوونە نێو ئەو پرۆسەیەوە، ئەویش بەو واتایە دێت کە دەکرێت ئەو مۆدێلە فراوان بکرێت و وڵاتی عەرەبی دیکە ببن بە بەشێك لەو ڕێکەوتننامانە.

ڕێکەوتننامەکان لە چرەکەساتێکدا لە دایکبوون ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکاریی گەورەدا تێدەپەڕی، بەو پێیەی ئەوەی پێدەگوترا «بەهاری عەرەبی»، نەخشەی هاوپەیمانێتی و هەژموونی وڵاتانی لە ناوچەکە گۆڕی. لەکاتێکدا ڕۆڵی وڵاتانی وەکو میسر و سوریا لە پاشەکشەدابوو، وڵاتانی کەنداو وەکو ئەکتەری هەرێمی هەرە کارا هاتنە پێش، لە هەمان

کاتدا ئێران زۆر بەهێز لە ناوچەکە دەردەکەوت و گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە گۆڕەپانەکەدا بوون، هەموو ئەمانە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕیککەوتی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبیە میانڕەوەکان.

لەبەر گرنگی ڕێکەتننامەکانی ئیبراهیم و کاریگەریان لەسەر پەیوەندیەکانی لایەنە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم توێژینەوەیە شیکارییەك بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕێکەوتننامەکان دەکەین و ئایندەی پابەندبوونی لایەنەکان پاش جەنگی غەزە و پێکدادانی سەربازیی نێوان ئیسرائیل و ئێران، ئاڵینگارییە ناوچەیی و جیهانییەکان کە ڕووبەڕووی ئەو ڕێکەوتننامانە دەبێتەوە، دەخەینەڕوو.


**تەوەری یەکەم/ مێژووی ڕێکەوتننامەکان: لە هەماهەنگیی نهێنییەوە بۆ هەنگاوی کرداری**

لە «١٥»ی ئەیلولی «٢٠٢٠»، سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە باخچەی پشتەوەی کۆشکی سپی کۆکردەوە، ئەو کەسایەتییانەی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون بریتیبوون لە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، وەزیری دەرەوەی ئیمارات، وەزیری دەرەوەی بەحرین، ئەو کات هیچکام لە ئیمارات و بەحرین دانیان بە ئیسرائیلدا نەنابوو. ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستی لەبیرکردنی ڕابردوو، ڕێکەوتن و ئاساییکردنەوەی پەیوەنییە دووقۆڵییە دبلۆماسییەکان بوو[١].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، ئەوەی ڕوونە ئەو ڕێکەوتننامانە لەخۆڕا گرێ نەدرا، پێش ئەوە بۆ چەندین ساڵ لێکنزیکبوونەوەی نهێنی لەنێوان وڵاتە عەرەبییە پارێزگارەکان و ئیسرائیلدا هەبوو. لێکنزیکبوونەوەکە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هەرێمیانەی «بەهاری عەرەبی» دروستیکرد بەهێتر بوو، زیادبوونی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و جوڵە و چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین. پێش ساڵی «٢٠٢٠»، هەماهەنگیی ڕانەگەێندراو لەنێوان سعودیە، ئیمارات، میسر لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، ئەو هەماهەنگییانە زۆرتر لە بواری ئاسایش، هەواڵگری و وزەدا بوو، بۆ نموونە؛ هەماهەنگیی ناڕاستەوخۆ لەنێوانی ئەو وڵاتانە و ئیسرائیلدا لە بواری ڕووبەڕوونەوەی فراوانخوازیی ئێران لە ناوچەکە هەبوو، بەتایبەتیش پاش جەنگی یەمەن و بەرزبوونەوەی ئاستی چالاکییەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، جگە لەوەش، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگی لەو پەیوەندییانە گێڕا، بەو پێیەی هەندێك وڵاتی عەرەبی ئیسرائیلی وەکو هاوبەشێکی گریمانەیی دەبینی لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا، کشتوکاڵ و ئاسایشی سیبرانی[٢].

ئەوەی لە ساڵی «٢٠٢٠» لەنێوان ئیمارات و بەحرین لەلایەك ڕوویدا, دواتر مەغریب و سودان و ئیسرائیل لەلایەکی دیکە، ئەو پەیوەندییانە لە نهێنییەوە بۆ پەیوەندیی ئاشکرا

گۆڕی، پەیوەندییەك كە تەنها لە بواری دیبلۆماسی قەتیسی نەخوارد، بەڵكو چەندین بواری جۆراوجۆری گرتەوە.



**تەوەری دووەم/ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەکاندا**

ڕێكەوتننامەكانی ئیبراهیم خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕیاربەدەستانی واشنتۆن وەكو هەلێكی ستراتیجی دەیبینن بۆ بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی گرنگی وڵاتەكەیان لە ناوچەكەدا. ئەو ئامانجانە تەنها پەیوەندیی بە ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێكی عەرەبییەوە نییە، بەڵكو گشتگیرترە و پەیوەندیی بە ستراتیج و جیهانبینی ئەمریكاوە هەیە، كە دەكرێت ئامانجی هەرە سەرەكی ئەمریكا ئەمانەی خوارەوە بن:

**یەکەم: ڕێگە خۆشکردن بۆ کشانەوە لە ناوچەکە**

دیارترین ئامانجی ئەمریكا لەو ڕێكەوتننامانە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە كە ئەمریكا هەمیشە هەوڵی بۆ داوە، ئەویش بریتییە لە دروستكردنی بەرەیەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە لە توانایاندا بێت سەربەخۆ بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا بپارێزن و ئەمریكا پێویستی بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ نەبێت لە ناوچەكە، بتوانێت بە سەرنجی زیاترەوە لە ناوچەی دیكە كاربكات، كە دیارترین ئەو ناوچانە ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی

کێبڕکێ لەگەڵ چین. ئەمریکا بە گرنگی دەزانێت دووبارە بەرژەوەندییەکانی و سەرچاوەکانی لە ناوچەکەدا ڕێکبخاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە ناخوازێت دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیش ئەو بەرژوەندییانەی پەیوەندیی بە بەگژاچوونەوەی تیرۆر و ڕێگریی لە ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی. هەروەها کێبرکێی چین لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. باشترین ڕێگە چارە بۆ ئەمریکا، پشتبەستن بوو بە دۆستە هەرێمییەکان کە ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم کۆیاندەکاتەوە[٣].

**دووەم: بەهێزکردنی هەماهەنگیی ئابووری و بەرانگاربوونەوەی چین**

ئەمریکا درکی بەوە کردووە کە ئابوورییەکی گشتگیری هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودی زۆر بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت. بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی بونیادنانی ئابوورییەکی گشتگیر کەموکورتی زۆری هەیە. ئامانج لە ڕیکەوتننامەکانی ئیبراهیم پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەیە و ڕێگرییە لە فراوانبوونی هەژموونی چین لە ناوچەکە. بۆ نموونە؛ پرۆژەی هەرێمییە هابەشەکان، کە تەکنەلۆجیای ئیسرائیل و سەرمایەی ئیمارات کۆدەکاتەوە، ڕێگریی لە هەژموونداری چین لە بوارە گرنگەکانی وەکو کەرتی پەیوەندییەکان و ژێرخان و ئاوەدانکردنەوە دەکات. جگە لەوەش، گشتگیری ئابووریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هانی لایەنە دەرەکییەکانی دیکە دەدات بچنە نێو کێبڕکێ ئابوورییەکەوە، نموونەی هند و یەکێتی ئەوروپا و یابان، ئەو کارەش چانسی چین کەمتر دەکاتەوە و جۆرێك لە هاوسەنگیی دروست دەکات.

**سێیەم: پتەوکردنی سەقامگیریی هەرێمی و ئاسایشی هاوبەش**

ڕێکەوتنەکانی ئیبراهیم ئاستی هەماهەنگیی ئەمنی و سیاسی نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل بەهێزتر دەکات، ڕێگە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیی خۆش دەکات، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و ڕێگریی لە ئێران بەبێ پشتبەستن بە دەستوەردانی دەرەکی. جگە لەوەش، سەرجەم ئەو لایەنانە پشت بە سیستەمی سەربازیی ئەمریکا دەبەستن و کەرەستەی سەربازیی ئەو وڵاتە بەکاردێنن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هانی وڵاتانی دیکە دەدات پەیوەستی سیستەمی سەربازیی ئەمریکا بن، بەو شێوەیەش پێگە و کاریگەریی ڕوسیا و چین لەو بوارەدا لاواز دەبێت[٤].

**تەوەری سێیەم/ سوودی ڕێکەوتننامەکان بۆ ئیسرائیل**

ڕێکەوتنامەکانی ئیبراهیم بۆ ئیسرائیل بایەخێکی فرە ڕەهەندی هەیە و لە چەندین ڕووەوە ئەو وڵاتە سوودی لەو ڕێکەوتنانە بینیوە و دەبینێت:

**یەکەم:** لەڕووی سیاسییەوە، ئیسرائیل تا ڕادەیەك ئەو ئابڵوقە دیبلۆماسییەی شکاند کە لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە خرابووە سەری و پێگەی خۆی بەهێزتر کرد لە ئەگەری هەر دانووستانێك کە دەربارەی فەلەستین بکرێت لە داهاتوودا.

**دووەم:** لەڕووی ئەمنی و هەواڵگرییەوە، ڕێکەوتننامەکان دەرفەتێك بوو بۆ هاوبەشی و دروستکردنی بەرەیەکی نوێ دژ بە هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکە و پتەوکردنی هاماهەنگیی ئەمنی و هەواڵگری.

**سێیەم:** ئەوەی پەیوەندیی بە بواری ئابوورییەوە هەیە، ڕێککەوتنەکە ڕێگە خۆش دەکات بۆ وەبەرهێنان لە ئیسرائیل و بازاری نوێ دروستدەکات و کەرتی گەشتیاریی ئیسرائیل دەبووژێنێتەوە. هەروەها دەستبەجێ پاش واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکانیش، هەریەك لە ئیسرائیل و ئیمارات ڤیزایان لە سەر هاوڵاتیانی یەکدی هەڵگرت و گەشتی فرۆکەوانی لەنێوانیان کاراکرا، جگە لەوەش، ساڵی «٢٠٢٢» هەردوولا ڕێکەوتننامەی بازرگانیی ئازاد و گشتگیریان واژۆکرد، کە تێیدا دەستبەجێ (٩٦٪) باج و گومرگ لە سەرجەم کاڵا بازرگانییەکانی هەردوولا هەڵگیرا.

> **" ڕێکەوتنەکانی ئبراهیم گرنگیەکی بێ وێنەی لە چوارچیوەی ململانێی عەرەبی — ئیسرائیلیدا هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکەوتنەکانی پێش خۆی جیاوازترە. لەوانەش ڕێکەوتنی ئسرائیل-مصر لە ساڵی ١٩٧٩و ئسرائیل ئوردن لە ساڵی ١٩٩٤. کە بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ ئەنجام دران "**

**چوارەم:** سەبارەت بە مەغریب، بەو پێیەی ژمارەیەکی بەرچاو لە جولەکە تا ئێستا لە مەغریب دەژین و ئەو وڵاتە بۆ ئیسرائیل دەروازەیەکە بۆ بازارەکانی ئەفریقا، ئیسرائیل سوودی گەورە لە وەبەرهێنان لەو وڵاتە دەبینێت و لەڕووی ئەمنیشەوە دەتوانێت بە ئاسانی زانیاریی هەواڵگری لەسەر ئەو گروپە توندڕەوانەی کە لە کیشوەری ئەفریقا کاران بەدەستبێنێت.

**پێنجەم:** ئەوەی پەیوەندیی بە بەحرینەوە هەیە، ئەو وڵاتە بۆ ئیسرائیل دەرفەتێك بوو بۆ گەشتین بە ئاوی کەنداو و چاودێریکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان و دەستڕاگەیشتن بە سنوورەکانی ئێران، ئەمە جگە لە کۆکردنەوەی زانیاریی لە وڵاتێکی کەنداوەوە کە پێگەیەکی جیوسیاسی گرنگی هەیە[٥].

### تەوەری چوارەم/ سوود و بەرژەوەندیی وڵاتە عەرەبییەکانی نێو ڕێکەوتننامەکان

ڕێکەوتننامەکان بۆ ئیمارات، دەرفەتێك بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەو وڵاتە وەکو یاریکەرێکی هەرێمی، دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکانی ئیسرائیل لە بواری پزیشکیی و کشتوکاڵ و کەرتی ئاو و بەرگریی و سوودبینین لێیان. هەروەها پێگەی دوبەی وەکو سەنتەرێکی ئابووریی کارا لە ناوچەکەدا بەهێزتر کرد. ڕێکەوتننامەکان چاوەڕێ دەکرێت سەدان هەزار هەلی کار لە چەند ساڵی داهاتوو بۆ هەردوولا دابین بکات. لە ساتی ڕێککەوتننامەکانەوە زیاتر لە نیو ملیۆن ئیسرائیلی سەردانی ئیماراتیان کردووە و لە ئێستادا زیاتر لە «١٠٠٠» کۆمپانیای ئیسرائیلی لە ئیمارات وەبەرهێنان دەکەن، ئەوەی پەیوەندیی بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە هەیە، پێش ڕیککەوتننامەکان لە ساڵی «٢٠١٩» ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات بە شێوەیەکی نافەرمیی ئەنجامدەدرا و «١٢» ملیۆن دۆلاری تێنەدەپەڕاند، بەڵام پاش ڕێککەوتننامەکان، لە ساڵی «٢٠٢١» گەیشتە «٩٠٠» ملیۆن. ساڵی «٢٠٢١» بۆ «٢،٥» ملیار بەرزبووەیەوە و ساڵی «٢٠٢٣» قەبارەی بازرگانیی «٣،٥» ملیار دۆلاری تێپەڕاند. بەپێی پێشبینیی ئابووریناسان لە ساڵی «٢٠٣٠» قەبارەی بازرگانیی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگاتە دەوروبەری «١٠» ملیار دۆلار. ئەمریکاش لەلای خۆیەوە وەکو پاداشتێك بۆ ئیمارات تا ئێستا چەندین جۆر تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو و چەکی جۆراوجۆرو و سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی داوە بە وڵاتە[٦].

ئەوەی پەیوەندیی بە بەحرەینەوە هەیە، ڕەنگە پاڵنەری سەرەکیی بۆ ئەو وڵاتە کە وای لێکرد بچێتە ناو ڕێککەوتنامەکانەوە، نزیکی ئەو وڵاتەیە لەڕووی جوگرافییەوە لە ئێران. ئێران تا چەند دەیەیەك پێش ئێستا خاکی بەحرینی بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی دەزانی و بەحرەین بەردەوام ئێران وەکو هەڕەشەیەکی جددی دەبینێت. ڕێکەوتتنامەکان لەگەڵ ئیسرائیل دەرفەتی بۆ هەردوولا ڕەخساند هەماهەنگیی ئەمنی و هەوڵگریی بگەیەننە بەرزترین ئاست، بەحرەین سوودی زۆری لە تەکنەلۆجیای ئیسرائیل لە بواری ئاسایشی سیبرانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاریی و بانکیی وەرگرت. ئەوەی پەیوەندیی بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە هەیە، پێش ڕیککەوتننامەکان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئیسرائیل و بەحرەین «٥» ملیۆن دۆلاری تێنەدەپەڕاند، بەڵام پاش ڕێککەوتننامەکان، لە ساڵی «٢٠٢٣» گەیشتە «٢٠٠» ملیۆن دۆلار، جگە لە بچووکی قەبارەی بازرگانیی بەراورد بە ئیمارات، ئەوەی بەحرین لە ئیمارات جودا دەکاتەوە ئەو ڕاستییەیە کە زۆرینەی دانیشتوانی بەحرین شیعە مەزهەبن و پاڵپشتیی وڵاتەکەیان ناکەن لە هەنگاوەکانی بۆ نزیکبوونەوە و پەیوەندییەکی تۆکمەتر لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمە جگە لە هاوسۆزیی شیعەکانی بەحرین کە هەمیشە وەکو ئاڵنگارییەك لە پێش ڕێککەوتننامەکانی ئەو دوو وڵاتە دەبینرێت[٧].

سەبارەت بە سودان, هەرچەندە ئەو وڵاتە لە ئوکتۆبەری «٢٠٢٠» ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ چوونە ناو ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمیی واژۆی نەکردووە، ئەویش بە هۆی ئەو نائارامییە سیاسی و سەربازییەی وڵاتەکە تێکەوتووە. ڕەزامەندیی سودان بۆ بوونە بەشێك لە ڕێکەوتننامەکان پاش ئەوە هات کە ئەمریکا بڕیاریدا سودان لە لیستی ئەو وڵاتانە دەربهێنێت کە پاڵپشتیی تیرۆر دەکەن، ئەو بڕیارەش بۆ سودان بڕیارێکی مێژوویی بوو، چونکە ڕێگەی پێدرا هاوکاریی دارایی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت و لە قەرزاکانی خۆش بن کە سەرووی «٦٠» ملیار دۆلارە، هەرچۆنێك بێت، ئەو ململانێ سەربازییە نێوخۆییە کە ساڵی «٢٠٢٣» لەنێوان سوپای سودان بە سەرۆکایەتی عبدالفتاح برهان (کە بەشداربوو لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل) و هێزی پاڵپشتیی خێرا بە سەرۆکایەتیی حمیدتی، هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگیرا، بەو شێوەیەش ئایندەی پەیوەندیەکانی سودان و ئیسرائیل لەسەر چارەسەری سیاسی و سەربازیی قەیرانی سودان ڕاوەستاوە[٨].

> **” ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕیاربەدەستانی واشنتۆن وەکو هەلێکی ستراتیجی دەیبینن بۆ بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی گرنگی وڵاتەکەیان لە ناوچەکەدا. ئەو ئامانجانە تەنها پەیوەندیی بە ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە نییە، بەڵکو گشتگیرترە و پەیوەندیی بە ستراتیج و جیهانبینی ئەمریکاوە هەیە “**

بۆ مەغەریب ڕیککەوتننامەکان دەستکەوتێکی مێژووی هێنایەکایەوە، ئەویش دانپێدانانی ئەمریکا بوو بە سەروەیی مەغەریب بەسەر» سەحرای غربي»، ئەو گرفتە هەرێمییەی کە مەغریب بەردەوام بەدەستییەوە دەناڵاند. جگە لەوەش لە بوارە تەکنەلۆجییەکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ و ئاوی پاك و وزەی نوێبووەوە و کەرتی فرۆکەوانیی و گواستنەوە و چەندین بواری دیکەی گرنگ، مەغریب سوودی زۆری لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل بینیوە.

ئەوەی وەکو ئاڵنگاریی دەبینرێت، لە ناوخۆی مەغریبدا ناڕەزایییەکی زۆر بۆ هەر پەیوەندییەك

لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نافەرمیی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە لە «٥٠» ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی «٢٠١٩»، بۆ «٣٠٠» ملیون دۆلار بەرزبووەتەوە، پێشبینییش دەکرێت لە ساڵی «٢٠٢٢» بەدواو و ساڵانی داهاتوودا بگاتە یەك ملیارد دۆلار.

**تەوەری پێنجەم/ داهاتووی ڕێکەوتننامەکان پاش جەنگی ئیسرائیل- حەماس**

بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی جەنگی غەزەوە، پەیوەندیی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە فەرمییەکان مایەوە، بەڵام لە سەر ئاستی میللی ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیانی پیگەیشت، نارەزایەتییەکی زۆر لە ئاستی جەماوەیی دژ بە هەر ئاساییکردنەوەیەك لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل دروستبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ڕیکەوتننامەکانی ئیبراهیم وەکو خۆیان مانەوە، ئەویش بەهۆی ئەو سوودە زۆرەی ئەو ڕێکەوتننامانە دەیگەیەنێت بە لایەنەکانی، بەو شێوەیش، هەریەك لە مەغریب و ئیمارات و بەحرین بەشێوازێك مامەڵەیان لەگەڵ لێکەوتەکانی جەنگەکە کرد کە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان.

ئەوەی پەیوەندیی بە ئیماراتەوە هەیە، هەرچەندە ئیمارات بە ئاشکرا سەرزەنشتی هێرشەکانی ئیسرائیلی کرد بۆ سەر غەزە، بەڵام پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل نەپچڕی و و لەسەر ئاستی حکومەتیش لە هەماهەنگیی لەگەڵ ئەو وڵاتە بەردەوامبوو. ئەوەی ڕوویدا ساردبوونەوەیەک لە بازرگانیی درووستبوو و ئیمارات هەندێك پرۆژەی بازرگانیی لەگەڵ کۆپانیا ئیسرائیلییەکان ڕاگرت، جگە لەوەش، کەرتی گەشتیاریی هەندێك زیانی پێگەیشت و لە سەرەتای جەنگەکە ژمارەی گەشتیارە ئیسرائیلییەکان بۆ ئیمارات بەشیوازێکی بەرچاوە کەمیکرد، لە بەرامبەردا جەنگەکە ڕێخۆشکەربوو بۆ دروستکردنی ڕێگەیکی زەمینیی لەنێوان هەردوولا کە بە سعودیە و ئوردندا تێدەپەڕێت، بۆئەوەی کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان لە ڕێگای دەریای سوور و هێرشەکانی حوسییەکان بەدووربن.

سەبارەت بە بەحرین، کە ئوستوڵی پێنجی هێزی دەریایی ئەمریکیی لێیە، سەرباری ئەوەی ڕاستەوخۆ پاش جەنگی غەزە باڵیۆزی ئیسرائیل ئەو وڵاتەی بەجێهێشت، بەحرین هیچ هەنگاوێکی نەگرتەبەر کە نیشانەی ئەوە بێت لە ڕێکەوتننامەکان دەکشێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتە جەختی لەسەر گرنگی پەیوەندییە ئەمنی و سەربازییەکان لەگەڵ ئیسرائیل کردەوە، هەر لە ڕاهێنانی هەواڵگریی هاوبەش تاوەکو کڕینی چەك و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئیسرائیل.

تایبەت بە مەغریب، هەرچەندە پاش جەنگی غەزە کەرتی گەشتیاریی هەندێك زیانی پێگەیشت، بەڵام پەیوەندیەکانی هەردوولا وەکو خۆی مایەوە، بۆ نموونە لە بواری بازرگانییدا، ئیسرائیل دەستیکرد بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە مەغریب لە بری تورکیا، لە بواری کەلتووری و زانستیشدا هەماهەنگییەکان بەردەوامبوو.

دوور لەو وڵاتانەی کە ئەندامن لە ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم، پێویستە لێرەدا ئاماژە بە سعودیە بدرێت، ئەو وڵاتەی کە پێش جەنگی غەزە هەنگاوی باشی گرتبووەبەر بۆ نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل. سعودیە هەر لە ساڵی «٢٠٠٢»وە شازادەی جێنشینی ئەوکات دەستپێشخەرییەکی بۆ ئاشتی و ئاساییکردنەوەی سەرجەم پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاند، لە بەرامبەردا داوایکرد ئیسرائیل لە سەرجەم خاکە عەرەبییە داگیرکراوەکان بکشێتەوە. جگە لەوەش، ساڵی «٢٠١٦» شازادەی جێنشین محمد بن سەلمان نیازپاکیی سعودیەی بەرامبەر ئیسرائیل دەربڕی، لەوانە: کردنەوەی ئاسمانی سعودیە بەرامبەر گەشتە بازرگانییە ئیسرائیلییەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەدارە بیانییەکان وەکو بەشێك لە ئەجیندای محمد بن سەلمان بۆ ساڵی «٢٠٣٠»[٩].

**” ڕێکەوتنامەکانی ئیبراهیم بۆ ئیسرائیل بایەخێکی فرە ڕەهەندی هەیە و لە چەندین ڕووەوە ئەو وڵاتە سوودی لەو ڕێکەوتنانە بینیووە و دەبینێت “**

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، سعودییە بەهۆی بینینی ڕۆڵی پێشەوایەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی و بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی، بوونی جێگا پیرۆزە ئیسلامییەکان لەو وڵاتە، و ترس لە نارەزایەتیی ناخۆیی، زۆر بە هەستیارییەوە هەنگاو بۆ چوونەپێشەوە لە پرۆسەکە دەدات و لەلایەك دەیەوێت پێشتر مەقبولیەت و زەمینەیەکی لەباری عەرەبی و ئیسلامی بۆ پرۆسەکە هەبێت، لەلایەکی دیکەش دەیەوێت لەپای پەیوەندیی کردنی بەڕێکەوتنەکەوە، ئیمتیازی گەورەی وەك ڕێکەوتنی سەربازی و ئاسایشی ستراتیجیی لەگەڵ ئەمریکا، هاوکاریی ئەمریکا لە بواری دامەزراندنی وێستگەی ئەتۆمی وەکو شەرعیەتێك بە پەیوەندییکردنی بە ڕێکەوتننامەکەشەوە دەستکەوتێك بۆ فەلەستینییەکان بەدەست بهێنێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەمزیش بێت. بەڵام ئەم خواستانەی سعودییە نەك بۆ ئەمریکا بەڵکو لەلایەن ئسرائیلیشەوە لەڕووی ستراتیجییەوە جێگەی نیگەرانیی و مەترسییە و نایانەوێت لەم بارەوە ئمتیازگەلێك بە سعودییە بدرێت، کە لە ئایندەدا جێگەی مەترسی بێت.

بەپێچەوانەی سعودیە، تورکیا ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم ڕەتدەکاتەوەو پێی وایە ئەم ڕێکەوتننامانە پێشێلکاریی مافی فەلەستینییەکان دەکات و سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان پێشتر ڕێکەوتننامەکانی بە «ناپاکیی لە ئۆمەتی ئیسلام» یاخود «دوا بزمار لە تابوتی فەلەستین» وەسفکرد. لە ڕاستییدا ئەو هەڵوێستەی تورکیا چەند هۆکارێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لە پشتەوەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە لە ئێستادا تورکیا بانگەشەی خاوەندارێتی پرسی فەلەستین دەکات. هەروەها ئیمارات و سعودیە بە ڕکابەری هەرێمیی دەزانێت لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە سوریا و لیبیا و سۆمال و ئەریتریا و ئەسیوبیا و بەشێك لە سودان. لەڕاستیدا بەهۆی سنوورداری ڕۆڵی تورکیاوە، ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی ئەو ڕێکەوتننامانە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر پابەندییەکانی لایەنەکان نییە و هیچ زیانێك ناگات بە ڕێکەوتننامەکان. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە، سەرەڕای هەڵوێستە زارەکییەکانی تورکیا دژ بە ئیسرائیل، تا ئێستاش ئەو وڵاتە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل نەپچڕاندووە و قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات ساڵانە نزیکەی «٦» ملیار دۆلارە[١٠].

سەبارەت بە عێراقیش بەهۆی هەژموونی ئێران لەم وڵاتە و نالەباریی زەمینەی سیاسی ناخۆیی و ناڕەزایەتیی جەماوەری، ئەگەرێکی دوورە ئەم وڵاتە لە ئێستادا و تا ئایندەیەکی ماوە ناوەنددا پەیوەندیی بەڕێکەوتننامەکانی ئبراهیمەوە بکات و لەم بارەوە ڕێگەیەکی دوور و پڕ لەهەوراز و نشێوی لەبەردەم دایە.

ئەگەر شیکردنەوەیەك بۆ دۆخی ئیستای سوریا و لوبنان بکرێت سەبارەت بە ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم، پاش چاوپێکەوتنی ترامپ و سەرۆکی ئێستای سوریا ئەحمەد الشرع لە (٢٠٢٥/٥/١٤)، لە چەندین سەرچاوەی میدیاییەوە باس لەوە کرا کە ترامپ بە چەند مەرجێك ئامادەیە ئابلوقەکانی سەر سوریا لابدات، دیارترینیان ئەو مەرجەیە کە سوریا ئامادەبێت بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بچێتە ناو ڕێککەوتننامەکانی ئیبراهیمەوە. لەڕوانگەی ئیسرائیلەوە جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ئەو وڵاتە عەرەبییانە هەیە، کە لە ساڵی «٢٠٢٠» لەگەڵ ئیسرائیل چوونە پەیوەندییەوە بەراورد بە سوریا، ڕەنگە ئیسرائیل لەبەر هەندێك هۆکاری ئاسایشی ئامادەبێت جۆرێك لە ڕێککەوتنی تاکتیکیی لەگەڵ دەسەڵاتی ئێستای سوریا بکات، بەڵام ڕێککەوتنێك هاوشێوەی ڕێککەوتننامە ئیبراهیمییەکان کە لەگەڵ ئیمارات و بەحرین و مەغریب ئەنجامدرا ئەستەمە بۆ سوریا بڕەخسێت. جگە لە ڕەهەندە ئەمنی و سیاسییەکان، ئامانجی ئیسرائیل لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان ڕەهەندی ئابووری گرنگی بۆ ئەو وڵاتە هەیە. لەو ڕووەشەوە سوریا لە ئێستادا ئابوورییەکی داتەپیوی هەیە و یەکێکە لە وڵاتە هەژارەکانی دونیا و نزیکەی (٩٠٪)ی هاوڵاتییان لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین. کێشەکە تەنها لەوەدا نییە کە ئەو وڵاتە خاوەنی ئابوورییەکی

داتەپییوە، بەڵكو دۆخی ئەمنی وڵاتەكەش پڕە لە گرفت، لە ئێستا چەندین گرووپی توندڕەو دەسەڵاتیان لە سوریا گرتووەتە دەست و هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتووی حوكمڕانیی ئەو وڵاتە ڕوون نییە، ئەمە جگە لە كێشەی بەرزاییەكانی جۆلان كە ئیسرائیل دەستی بەسەردا گرتووە و لە ئێستادا سوریا بە فەرمی ئامادە نییە دەستبەرداری خاوەندارێتی ئەو ناوچەیە بێت.

ئەوەی پەیوەندیی بە لوبنانەوە هەیە، تاوەكو ئێستا بە فەرمی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئیسرائیل لەباری جەنگدایە و قەدەغەیە هاوڵاتیانی گەشت بۆ ئەو ناوچانەی بە «زەویە فەلەستینیە داگیركراوەكان» دەناسرێت بكەن و ڕێگە نادات هاوڵاتیانی هیچ مامەڵەیەك لەگەڵ ئیسرائیلییەكاندا بكەن. هەروەها بەپێی یاسا ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكان بە ئاشكرا یان نهێنی بە تاوان دەناسرێت. ئەو هەڵویستەی لوبنان چەند بیانوویەكی لە پشتە، گرنگترینیان: داگیركردنی «مزارع شبعا» و «كفر شوبا»یە لە باشووری لوبنان لە لایەن ئیسرائیلەوە. بوونی پەنابەرە فەلەستینییەكان لە لوبنان كە ژمارەیان زیاد لە «٥٥٠» هەزار فەلەستینییە. هەروەها بوونی حزبوڵڵایە لەو وڵاتە كە لەگەڵ ئیسرائیل لەبەرەی جەنگدایە. جگە لەوەش، دابەشبوونی سیاسی و تایەفی ناوخۆیی وایكردووە، هەر لایەنێك بیەوێت لە ئیسرائیل نزیك بێتەوە وەكو خۆكوژیی سیاسی وابێت بۆ ئەو لایەنە[11].

> **” بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەكانی جەنگی غەزەوە، پەیوەندیی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەكان لە چوارچێوەی پەیوەندییە فەرمییەكان مایەوە، بەڵام لە سەر ئاستی میللی ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەكی بەرچاو زیانی پێگەیشت، نارەزایەتییەكی زۆر لە ئاستی جەماوەیی دژ بە هەر ئاساییكردنەوەیەك لە پەیوەندییەكان لەگەڵ ئیسرائیل دروستبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ڕیكەوتننامەكانی ئیبراهیم وەكو خۆیان مانەوە، ئەویش بەهۆی  ئەو سوودە زۆرەی ئەو ڕێكەوتننامانە دەیگەیەنێت بە لایەنەكانی “**

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت، ئیسرائیل بە هێمنی و وریاییەوە پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەو وڵاتە عەرەبییانە ڕێكدەخاتەوە كە لەڕووی دەسەڵاتی سیاسی و ئاسایش و ئابووریە وڵاتی تەواو سەقامگیرن، بەڵام دەكرێت بوترێت سوریا و لوبنان وڵاتی دامەزراوەیی یاخود سەقامگیر نین, تاوەكو بتوانێت بڕیارێكی ئاوها هەستیار بدەن، بۆیە باس لە زەمینەسازیی دەكرێت بە شێوەیەك كە  هەنگاو بە هەنگاو كۆمەڵێك گەرەنتی ئەمنی بە ئیسرائیل بدەن

بەبێ ئەوەی ببێت بە مایەی ڕەخنە و هەڵوێست وەرگرتنی شەقام و لایەنە ناوخۆییە کاریگەرەکان[١٢].

**تەوەری شەشەم/ گۆڕانی هاوکێشەکە و ئامانجە بنەڕەتییەکان**

لەم دواییانەدا، ناوچەکە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی تێدەپەڕێت کە کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتییەکانی ئێستا دادەنێت، بەتایبەتیش پاش پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران. بیرۆکە کۆنەکان دەربارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش ئەو هاوپەیمانێتییانەی کە ئێران وەکو دوژمنی سەرەکی دەبینێت، لە ئێستادا زۆر واقعی نین. لەمڕۆدا، کارایی ڕێکەوتنەکانی ئیبراهیم و سەرکەوتنی ڕاوەستاوە لەسەر توانای ئەو ڕێکەوتننامانە لە ڕەواندنەوەی مەترسییە ئەمنییەکانی سەرجەم هێزە هەرێمییەکان بە خودی ئێرانیشەوە. بە واتایەکی دیکە، هەر ڕێکەوتننامەیەك لە ئێستا و لە داهاتوودا، دەبێت بیرۆکەی «بەرە دروستکردن دژ بە یەك لایەن» تێپەڕێنێت و ئەو چارەسەرە ئەمنیانە بخاتەڕوو کە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان ڕەچاو دەکات. بەڵگەش لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە، لە ساڵی «٢٠٢٣» و بە نێوەندگیریی چین ئێران بۆ خۆڕزگارکردن لەو داخرانەی تێیکەوتووە هەوڵەکانی بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتە عەرەبییەکان چڕکردەوە، ئەوکات دەستپێشخەرییەکی بە ناوی «المودة» ڕاگەیاند بۆ هەماهەنگیی سەقامگیریی هەرێمی نێوان سەرجەم وڵاتە ئیسلامییەکان بە شیعە و سوننەوە، مەبەستی ئێران لەو هەنگاوە دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بوو بۆ ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم.

جەنگی غەزە و ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، تێکشکانی حزبوڵلا، جەنگی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئەو وڵاتە پێگەی پێشتری ئێرانی لاواز کرد[١٣] و ئێران وڵاتە بەهێزەکەی پێشووتر نییە و ئەستەمە هەمان ڕۆڵ و پێگەی پێشووی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوکێشەی پرۆسەی ڕێکەوتنامەکانی ئیبراهیمی هەبێت، بەلانی کەمەوە لە ئێستا و نزیك مەودادا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم لاوازبوونە هێزو ڕۆڵە ناوچەییەی ئێران ڕەنگە یەکێک لە پاڵنەرەکانی پێشووتری وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئیسلامیش بۆ پەیوەندی کردن بە ڕێکەوتننامەکانەوە کەمتر بکاتەوە و خودی ئێرانیش لە هەوڵدایە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی پەرەپێبدات و ئاستی نیگەرانییە ئاسایشییەکانی ئەم وڵاتانەوە کەم بکاتەوە. بەمەش ڕەنگە وڵاتانی عەرەبی ئاستی داواکارییەکانی خۆیان بۆ پەیوەندیی کردن بەڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیمیەوە بەرزتر بکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر پێشتر ڕەهەندی ئەمنی یەکێك بووبێت لە پاڵنەرە گرنگەکان بۆ لەدایکبوونی ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم، بەڵام بە لاوازبوونی ئێران و کەمبوونەوەی کاریگەریی

لە هاوکێشەکە ئەگەری هەیە لە ئەگەری بەردەوامبوونی پرۆسەکە زیاتر ڕەهەندی ئابووریی ببێت بە کرۆکی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگیی لایەنە جیاوازەکانی ناو ڕێکەوتنامەکان.

**تەوەری حەوتەم/ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی گەورە و پاشکەوتنی کاریگەریی هاوپەیمانێتییە تاکلایەنەکان**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو گۆڕانکارییە هەرێمییانەی پێیدا تێدەپەڕێت، دەبێت بە بەشێکی دانەبڕاو لە گۆڕانکارییە جیهانییە فرە جەمسەرەکان، ئەم گۆڕانکارییانە، هاوتەریب لەگەڵ توندتربوونی کێبڕکێی نێوان ئەمریکا و چین و دەرکەوتنی بەرەی ئابووریی نوێ، تا دێت خێراتر دەبن. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ئەو ڕێکەوتننامانەی کە هاوشێوەی ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیمن تا ڕادەیەك قورساییان لەدەست دەدەن.

> **” سعودییە بەهۆی بینینی ڕۆڵی پێشەوایەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی و بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی، بوونی جێگا پیرۆزە ئیسلامییەکان لەو وڵاتە، و ترس لە ناڕەزایەتیی ناخۆیی، زۆر بە هەستیارییەوە هەنگاو بۆ چوونەپێشەوە لە پرۆسەکە دەدات و لەلایەك دەیەوێت پێشتر مەقبولیەت و زەمینەیەکی لەباری عەرەبی و ئیسلامی بۆ پرۆسەکە هەبێت، لەلایەکی دیکەش دەیەوێت لەپای پەیوەندیی کردنی بەڕێکەوتنەکەوە، ئیمتیازی گەورەی وەك ڕێکەوتنی سەربازی و ئاسایشی ستراتیجیی لەگەڵ ئەمریکا، هاوکاریی ئەمریکا لە بواری دامەزراندنی وێستگەی ئەتۆمی وەکو شەرعیەتێك بە پەیوەندییکردنی بە ڕێکەوتننامەکەشەوە دەستکەوتێك بۆ فەلەستینییەکان بەدەست بهێنێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەمزیش بێت “**

هاوپەیمانییەکان هاوشێوەی بریکس پلەس «BRICS+»، کە میسر و ئیمارات لە خۆدەگرێت، ئۆپێك پلەس «OPEC+» کە وڵاتانی ئەنجومەنی هەماهەنگیی کەنداو و ئێران و عێراق تێیدا ئەندامن، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئافریقی-لاتینی، هەموو ئەمانە

هەوڵن بەسەرکردایەتی چین و ڕوسیا بۆ دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ ئەو سیستەمە جیهانییە کە ڕۆژئاوا سەرکردایەتیی دەکات. هەوڵەکانی چین بۆ بەجیهانیکردنی دراوی یەن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی بازرگانیی نوێ، هەوڵەکانی ئیمارات و سعودیە بۆ هەمەڕەنگکردنی یەدەکە بیانییەکان و گرنگییدان بە دراوە دیجیتاڵییەکان، بە تێکڕا دەچنە چوارچێوەی ئەو کێبرکێیانەوە و سروشتی ململانێکان ئاڵۆزتر دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە بۆ کۆمپانیا زەبەلاحە چینییەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا ژینگەیەکی لەبارە و تا دێت پانتایی کارەکانیان لەسەر ئاستی جیهان فراوانتر دەبێت[١٤].

**دەرئەنجام**

١. ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم وەرچەرخانێکی ستراتیجی بوو لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، بەوپێیەی ئەو پەیوەندییانە لە نموونەی ئاشتییەکی کلاسیکییەوە بۆ هاوبەشییەکی گشتگیر گۆڕا, کە چەندین ڕەهەندی ئابوری، ئەمنی، تەکنەلۆجی جیاوازی هەیە.

٢. هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم، ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوڵێکە بۆ کشانەوە لە ناوچەکە و گرنگییدان بە ئاسیا، ئەمریکا لەڕێگەی ئەو ڕێکەوتننامانەوە دەیەوێت هاوپەیمانێتی هەرێمی بەهێز دروست بکات، کە سەقامگیریی ئابووری و ئەمنی هاوبەشی لێدەکەوێتەوە و ڕێگریی لە فراوانخوازیی چین و ڕوسیا دەکات.

٣. ڕێکەوتننامەکان سوودی زۆری بۆ ئیسرائیل هەبووە و دەبێت، تارادەیەك ئابڵوقەی دیبلۆماسیی لە ناوچەکە لەسەر ئەو وڵاتە شکاندوە و دەشکێنێت، بەڵام بەهۆی جەنگی غەزەوە تاڕادەیەك پاڵپشتیی جەماوەریی بۆ هەر ئاشتەواییەك لەگەڵ ئیسرائیل لەناو وڵاتە عەرەبییەکان پاشەکشێی کرد. هەرچۆنێك بێت، گەشەسەندن و سوودە هاوبەشەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە ماوەتەوە سەر بابەتی ئاوەدانکردنەوەی غەزە و بەستراوەتەوە بە دەستپێشخەرییە ئابوورییە هەرێمیە فراوانەکان، بەڵام ئاشتییەکی گشتگیر لەگەڵ ئیسرائیل کارێکی ئاسان نابێت ئەگەر دۆزی فەلەستین چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ نەکرێت.

٤. بەگشتیی ڕێکەوتننامەکان سوودێکی ستراتیجی و ئابووری گرنگی هەبوو بۆ ئەو وڵاتە عەرەبیانەی واژۆیانکردووە لەسەری، پێگەی هەرێمی ئیماراتی وەکو یاریکەرێکی هەرێمی و سەنتەرێکی ئابووری هێندەی دیکە بەهێزکرد، بەحرینی پاراست لە هەڕەشەی ئێران و دەستکەوتێکیی مێژووی تۆمارکرد بە دانپێدانانی ئەو وڵاتە بەسەر سەحرای غەربی.

٥. سەبارەت بە سعودیە، ئەو وڵاتە لەسەر هێڵی چوونە نێو ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیمەوەیە،

بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتەکە خۆی بە ڕابەری وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە دەبینێت، کێشەی فەلەستین بەردەوام بەئەندامبوونی سعودیەی لەو ڕێکەوتنانە دواخستوە. ئەوەی پەیوەندیی بە عێراقەوە هەیە، ئەو وڵاتە لە ئێستادا، لە لیستی وڵاتە کاندیدەکانی ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیمدا نییە، بەهۆی نالەباریی زەمینەی سیاسی ناخۆیی و نارەزایەتیی جەماوەری، ئەگەرێکی دوورە ئەم وڵاتە لە ئێستادا و تا ئایندەیەکی ماوە ناوەنددا پەیوەندیی بەڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیمەوە بکات.

**” عێراق بەهۆی هەژموونی ئێران لەم وڵاتە و نالەباریی زەمینەی سیاسی ناخۆیی و نارەزایەتیی جەماوەری، ئەگەرێکی دوورە ئەم وڵاتە لە ئێستادا و تا ئایندەیەکی ماوە ناوەنددا پەیوەندیی بەڕێکەوتننامەکانی ئبراهیمەوە بکات و لەم بارەوە ڕێگەیەکی دوور و پڕ لەهەوراز و نشێوی لەبەردەم دایە “**

٦. سەرەڕای تورەییە جەماوەرییەکان بەهۆی جەنگی غەزەوە، لەبەر چەندین هۆکاری ئابووری و ئەمنی وڵاتە عەرەبیەکانی ناو ڕێکەوتننامەکە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تل ئەبیب نەپچراند و سعودیەش بەردەوامە لە نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل، ئەمەش زاڵبوونی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکان بەسەر ئایندەی مەسەلەی ئاشتیی لەگەڵ ئیسرائیل دەردەخات.

٧- گەرچی هشێتا ئێران لەتوانایدایە ئاڵنگاریی و لەمپەر بۆ پرۆسەی ڕێکەوتنەکانی ئیبراهیمی دروست بکات، بەڵام بەهۆی جەنگی غەزە و لێکەوتەکانی لەوانەش شکستی حزبوڵڵا و جەنگی ئێران- ئیسرائیل و پاشەکشەی بەرەی بەرەنگاری لە ناوچەکە، لە ئێستا و ئایندەیەکی نزیك ناتوانێت وەك پێشووتر ئاڵنگاریی و بەربەرستی زۆر گەورە بۆ پرۆسەی ڕێکەتننامەکانی ئیبراهیمی دروست بکات. ئەم لاوازبوونەی ڕۆڵی ئێران و هەوڵی ئەم وڵاتە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان جگە لەوەی کاریگەریی هەیە لەسەر لاوازبوونی پاڵنەرەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ پەیوەندیی کردن بە ڕێکەوتن نامەکەوە، هاوکات ڕۆڵی هەیە لەوەی وڵاتانی عەرەبی ئاستی داواکارییەکانیان لەپای پەیوەندیی کردن بەڕێکەوتننامەکانەوە بەرزتر بکەنەوە.

٨. گۆڕانکارییە هەرێمیەکان، کە لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل و لاوازبوونی

ئێران هاتووەتەکایەوە، ڕەهەندی ئەمنی ڕێکەوتننامەکانی تا ڕادەیەك بێ واتا دەکات. ئەو ڕێکەتننامانە پێویستیان بە تێپەڕاندنی بیرۆکەی ئەمنییە کە لە دژایەتی کردنی ئێران خۆی دەبینێتەوە و لە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی پڕ گۆڕانکاریی پێویستە زۆرتر گرنگی بە ڕەهەندە ئابوورییە فراوانەکەی بدرێت.

٩. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی بەخۆیەوە دەبینێت، بەوەی دەبێتە بەشێك لە سیستەمێکی جیهانگیریی فرە جەمسەریی. هاوپەیمانێتییەکانی وەکو: «بریکس+» و «ئۆبك+» و زیادبوونی هەژموونی چین لە گرنگی هاوپەیمانێتییە تاکلایەنەکان کەم دەکاتەوە و هاوسەنگیی هەرێمی لەڕێگای ئابووری جێگرەوە و دراوی دیجیتاڵی و ڕێڕەوە نوێیە ئابوورییەکان دروست دەکات.

---

## لیستی سەرچاوەکان:

1- U.S. Embassy in Bahrain. (2020, September 16). Abraham Accords: Declaration of peace, cooperation, and constructive diplomatic and friendly relations. U.S. Department of State. https://bh.usembassy.gov/abraham-accords-declaration-of-peace-cooperation-and-constructive-diplomatic-and-friendly-relations/21-6-2025

2- Zielińska, K. (2023, April 4). *Israel and the Arab states: Between conflict and interdependence* (OSW Commentary No. 493). The Centre for Eastern Studies (OSW).

٣- السيد، عابدين صدقي. (٢٠٢٤، ١١ مارس). حدود الدور الصيني في الشرق الأوسط. مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية. https://acpss.ahram.org.eg/News/21136.aspx

4- **Bobkin, N. N. (2024). US-China rivalry in the Middle East: Implications for regional and global policies.** *The Russian Journal of Vietnamese Studies, 1*(1), 18–34.

5- Khan, M. R., & Shahzad, S. M. (2021). The Abraham Accords: Israel resizing spheres of influence. Journal of Regional and Strategic Planning, 58(2), 180–186.

6- Vakil, S. (2023). The Abraham Accords and Israel–UAE normalization. Chatham House. https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/2023-04/2023-03-28-abraham-accords-israel-uae-normalization-vakil-quilliam-1.pdf.13-5-2025

7- Morsy, A. (2021, November 16). A diplomatic, military, and economic review for Bahrain, 12 months into the Abraham Accords [Report]. Egyptian Armed Forces, CSAG/CCJ5. https://nesa-center.org/dev/wp-content/uploads/2022/03/2021-1116_DME-Review-Bahrain-12-months-after-Abraham-Accords.pdf.14-5-2025

٨- شيماء فاروق، تصاعد الحرب في السودان ٢٠٢٣ االسباب والتداعيات، المركز الديمقراطي العربي، ٢٠٢٣. https://democraticac.de/?p=89586.

9- Ghariani, J. (2022). Israel and Morocco: From clandestine partnership to the Abraham Accords (Occasional Paper No. 1). Azrieli Institute of Israel Studies, Concordia University. https://www.concordia.ca/content/dam/artsci/azrieli/docs/OccasionalPapers/OccasionalPapers-Issue1.pdf.12-7-2025


10- Kateb, A. (2025, April 25). The Abraham Accords after Gaza: A change of context. Carnegie Endowment for International Peace. https://carnegieendowment.org/research/2025/04/the-abraham-accords-after-gaza-a-change-of-context?lang=en.1-7-2025

11- Redondo, R. (2025, June 30). Israel intends to include Lebanon and Syria in the Abraham Accords. Atalayar. https://www.atalayar.com/en/articulo/politics/israel-intends-to-include-lebanon-and-syria-in-the-abraham-accords/20250630155341216405.15-5-2025

12- Vij, S. (2025, June 20). Syria and the Abraham Accords: Recalculating Middle East power equations. Observer Research Foundation: https://www.orfonline.org/research/syria-and-the-abraham-accords-recalculating-middle-east-power-equations.21-7-2025

13- Abdullayev, H. P. (2024). Between peace and conflict: The Middle East after the Abraham Accords. Vestnik RUDN. International Relations, 24(1), 40-50. https://doi.org/10.22363/2313-0660-2024-24-1-40-50.21-4-2025

14- Saeed, S. (2025). The crises in the Middle East: Reshaping the region's geopolitical landscape and altering the global order. Asian Review of Political Economy (ARPE), 4(1), Article 1. https://doi.org/10.1007/s44216-024-00043-3.28-6-2025



# کۆتـایی عوسمانی لـەژێر چەتری عـەلمانییەت، دەسـتور و خـەلافەت

فەرید ئەسەسەرد
لێکۆڵیار و سیاسـەتمەدار

## پێشـەکی:

مێژووی دەرکەوتنی عەلمانییەت  لە تورکیای عوسمانی بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە.  بەڵام ئەگەر وردتر لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە، دەبێ پشت بە زانیارییەکانی (نیازی بەرکەس) ببەستین کە یەکێکە لەو نوسەرانەی تورك کە لە زووەوە بانگەشەی بۆ عەلمانییەت  کردووە و وای بۆ چووە ڕیشەی عەلمانییەت  لە تورکیا بۆ ساڵی «١٧١٨» دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەدا سوڵتان ئەحمەدی سێیەم «١٧٠٣_١٧٣٠» ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەیەك نیشاندا کە ئەفسەرێکی فەرەنسی پێشکەشی کردبوو، بەپێی پرۆژەکە سوڵتان ڕازی بوو هەندێک لە ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی ئەوروپا بۆ دامودەزگا عوسمانییەکان بگوێزرێنەوە[١]. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، دەشێت ئەم هەنگاوە بە یەکەم وێستگەی عەلمانییەت لە تورکیا دابنرێت.

ئەم دەستپێکە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی بە چەمکی لێك جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتەوە نییە. نیازی بەرکەس ڕوونیدەکاتەوە تورکیا عەلمانییەت لە دەروازەی مودێرنیزەکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە هاتووەتەئارا، بەتایبەتی لەو کاتەدا دەستەبژێرە بەرچاوڕوونە دەسەڵاتدارەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کە دامودەزگاکانی دەوڵەت پێویستیان بە مۆدێرنیزەکردن هەیە، ئەمەش هێندەی زادەی پێداویستییە ناوخۆییەکان بووە، هێندە لەژێر کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکاندا نەبووە. ئەم ڕەوتە ڕیزە تەگبیرێکی لێکەوتەوە کە بووە مایەی ڕێخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی هەندێك بیروڕای عەلمانی. ئەم شیکردنەوەیە لەم گۆشەنیگایەوە لە عەلمانییەتی تورکیا دەڕوانێت کە مۆدێرنیزە هاوتای عەلمانییەتە و

بەهۆی ئەمەوە چەند دەسەڵات بە لای مۆدێرنیزەکردنی جومگە بنچێنەییەکانی دەوڵەتدا دایشکاندووە، بە هەمان بڕ بیروباوەڕی عەلمانی بە شێوەیەکی ڕۆشنترو ڕوونتر خۆی نواندوە و باشتر بڵاوبووەتەوە. بەو واتایەی هەوڵەکانی مۆدیرنێزەکردن هەلومەرجێیکی گونجاویان بۆ هێواش هێواش و خۆبەخۆ سازکردنی بیروباوەڕی عەلمانی لەناو دەستەبژێرە بورژوازییە حوکمڕانییەکان ڕەخساندووە. بەم شێوەیە، عەلمانییەت لە تورکیای عوسمانیدا بە مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت و لاساییکردنەوەی سیستەمە پێشکەوتووە ئەوروپاییەکانی بەڕێوەبردن دەستپێکردووە, کە ئەمەش بەرگێکی پێشکەوتنخوازانەی کردووەتە بەر عەلمانییەت، ئەویش بەو پێیەی کە عەلمانییەت ڕوخسارەکانی خۆتازەکردنەوە و پێشکەوتنی بەرجەستەکردووە و میتۆدێکی نوێی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان گەلاڵە کردووە.

**تەوەری یەکەم:**

## هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دوڵەتی عوسمانی، چاکسازییەکان و عەلمانییەت لە ڕۆژهەڵات

### یەکەم/ هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دوڵەتی عوسمانی

هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەی بەهێزیان بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت تێدا نابینرێت. گرنگترین کرۆکی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت، هەوڵی بێ وچان بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەمکە دێرینە باوەکەی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی جیهان ئیسلامی و گۆڕینی بە چەمکێکی تازەی هاوچەرخ و پشت ئەستور بە دامودەزگا و یاسایی نوسراوەکان و چەمکی هاوڵاتیبون. ئەم چەشنە بیروباوەڕانە لە ڕۆژهەڵاتدا بەدیناکرێن و بە نامۆ ئەژمار دەکرێن. ئاشکرایە میتۆدی بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتییانە، ئەم جۆرە بیروباوەڕانەی بەرهەمنەهێناوە. مایەی تێڕامانیشە کە جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی لەشکرکێشیی مەغۆلەوە، بەشێکی زۆری فاکتەر و مەرجەکانی باڵادەستی و هێز و توانای لە دەست دابوو و ئەو بارودۆخەی پاش لەشکرکێشییەکە هاتەئاراوە، چەند سەدەیەك جیهانی ئیسلامی پەککەست و لە پێشکەوتنی ئاسایی دابڕی.

دیارە بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی چاکسازی، ماوەیەکی زۆری خایاندووە، بەڵام لەو ماوەیەدا گەورەترین تەگەرە لە بەردەم چاکسازیدا، نە سوپای یەنی چیری(کە هێزێکی سەربازی نوخبە و زۆر بەهێزی عوسمانی بوو، لە سەردەمی سوڵتان ئۆرغان بن عوسمان دروست کرا بوو) بوو, نە دامەزراوەی ئایینی، بەڵکو مەسەلەکە زۆرتر پەیوەندیی بە فاکتەری کەلتوورەوە هەبوو. بیری زاڵ بەسەر میتۆدی بیرکردنەوەی کۆمەڵی عوسمانیدا ئەوە بوو کە موسڵمانان بەو پێیەی کە هەڵگری دوایین پەیامی یەزدانن، لە ئەوروپاییەکان سەروەرتر و سالارترن، ئەویش لەو گۆشەنیگایەوە کە ناموسڵمانی ئەوروپاییەکان هیچ بەهایەك بۆ پێشکەوتنی

شارستانی و باڵادەستی زانستییان ناهێڵێتەوە و کارێکی وا دەکا شارستانێتییەکەیان لەبەر پشتبەستنی بە مادده و دوورکەوتنەوەی لە بەها ڕۆحییەکان ئومێدی هیچ شتێکی باشی لەسەر هەڵناچنرێت, بەهۆی ئەمەوە ئەم گرێی خۆبەزلزانینە ڕێگر بوو لە بەردەم هانا بردن بۆ سیستم و ڕێوشوێنە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا.

ئەمە بەم واتایە دێت کە هێزە کۆمەڵایەتییە پارێزگارەکان لەو بڕوایەدا بوون کە وەرگرتنی زانست لە ئەوروپا دەشێت ئاکامی خراپ لەسەر پەیکەری کۆمەڵایەتی و خاوێنیی بیروباوەڕی لێ بکەوێتەوە. دەستەبژێرە بەرچاوڕوونەکان بۆ خۆلادان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دامەزراوەی ئایینی، کەوتنە کۆشش بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ پێکەوە سازاندی مۆرکی ئایینی دەوڵەت و پێداویستییەکانی چاکسازی. ئەو نامیلکەیەی کە مەحمود ڕەئیف ئەفەندی، سکرتێری باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی «١٧٩٨» لە بەریتانیا بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتی و لە ئێستانبول چاپی کردووە، دەریدەخات کە بیری زاڵ بەسەر دەستەبژێری بەرچاوڕوونی ئەو سەردەمەدا ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتێکە خوا دەیپارێزێ و نایەڵێ دوژمنەکانی بەسەریدا زاڵ بن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەوڵەت پێویستی بە چاکسازی و مۆدێرنیزە نییە.

چەمکی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت بە شێوەیەکی بنچینەیی، بەو مانایە نەدەهات کە ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوەو بە هیچ شێوەیەکیش لە بەرنامەدا نەبوو مەسەلەکە بەو سەرەنجامە بگەیەنرێت. تین و تاوی ئەم چەمکە بە مانا عوسمانییەکەی، ئەوەندە تۆکمە بوو کە توانیبووی ڕوخسارێکی پیرۆز بە دەوڵەت و نۆژەنکردنەوەی ئۆرگان و سیستمە پیادەکراوەکانی ببەخشێت.  ئاشکرایە کە مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت تا ڕادەیەکی زۆر دەستی لە مۆدێرنیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و قوڵکردنەوەی مەراقی بەردەوامبوون و نوێبونەوە هەبوو.

**دووەم/ چاکسازییەکان و عەلمانییەت لە ڕۆژهەڵات**

دەکرێت چاکسازییەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم «١٨٠٨_ ١٨٣٩» لە سەدەی نۆزدەهەم، بە دووەم وێستگەی گرنگ لە مێژووی پەیدابوونی عەلمانییەت  لە ڕۆژهەڵات دابنرێت.  پرۆژەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم سەبارەت بە پێکەوەنانی سوپایەکی نوێ بەبێ هەڵوەشاندنەوەی سوپا کۆنەکەی یەنی چیری کە لەو سەردەمەدا هێزە چەکدارە کلاسیکییەکەی دەوڵەتی پێکدەهێنا، چانسی جێبەجێکردنی نەبوو و شکستی هێنا. ئەگەرچی دواتر هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەنجامدرا، بەڵام مێژووی مۆدێرن پشتگیریی لەوە دەکات کە بەبێ لەناوبردنی هێزی پارێزەری پاشکەوتنی دەوڵەت و پەکخەری چاکسازی، مەحاڵ بوو هەلی لەبار بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت و ئەنجامدانی چاکسازی  برەخسێت.

یەنی چیری بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بڕبڕەی پشتی هێزی عوسمانییەکانی پێکهێناوە و هەموو سەرکەوتنە مەزنەکانی عوسمانییەکان بەسەر ئەوروپا، سەفەویەکانی ئێران، مەمالیکی میسر، سوریا و یاخیبووەکانی هەرێمەکاندا، بۆ یەنی چیری دەگەڕێنەوە. بەڵام یەنی چیری بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پەرەی بە خۆی نەداو لە کۆتاییدا بوو بە بارێکی گران بەسەر دەوڵەت و سوڵتانە چاکسازیخوازەکانەوە و لە ئەنجامدا بووە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی لاوازی و بەجێماوی دەوڵەتی عوسمانی و زۆرتر وەك هێزێکی دژی گۆڕان و پێشکەوتن خۆی نواند.

یەنی چیری ڕەنگدانەوەی گیانی عەسکەرتاریانەی عوسمانییەکانە و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار چەمك و نەریتە سوپاییەکانی ئەم دامەزراوەیە، جێیان بە یاساکانی دەوڵەت لێژ کرد و هەژموونی خۆیان بە تەواوی بەسەر دەوڵەتدا سەپان. لە سەرەنجامدا چینێکی شەڕکەری لەسەرووی یاساوە پێکهێنا, کە لە ڕەوتی گەشەکردنیدا هێزێکی تاڵانکەری دڕندەی لێکەوتەوە. بەمجۆرە، بەرە بەرە نۆرینێك سەری دەرهێنا کە پێ وابوو دەوڵەت بەبێ هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری، مۆدێرنیزەی پێناکرێت، مێژووی عوسمانی سەبارەت بە دەستوەردانی یەنی چیری لە سیاسەت و لەکارخستن و کوشتنی سوڵتانەکان زۆر نمونەی نێگەتیڤی تێدایە.

یەنی چیرییەکان لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە دید و ئارەزووی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندووە و هەڕەشەیان گەیشتووەتە ڕادەی بەستنی هاوپەیمانیی لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەت، وەك ئەوەی کە لە بەغدا ڕوویدا، کاتێك یەنی چیرییە یاخییەکان لە دژی ئیستانبول پەیوەندییان بە شا عەباسی سەفەویەوە کرد. لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەمیش، دەوڵەت هەوڵی بۆ مۆدێنێزەکردنی سوپا دا، بەڵام ئەم هەوڵەش لەبەر نارەزایی یەنی چیری، پەکی کەت و سەری نەگرت.

چاکسازییەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم، وەك چاکسازییەکانی سوڵتان سەلیمی سێیەم، لە سوپاوە دەستیان پێکرد. ئەمەش مانای خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە لەو سەردەمە زاڵ بوو و پێی وابوو هێزی سوپایی ڕێوشوێنی سەرەکی پاراستنی سام و شکۆمەندیی پێکدێنێت. تورکە عوسمانییەکان لە بنەمادا گەلێکی شەڕکەر بوون و هەر لە بەراییەوە پیشەی جەنگی نەبێت، پیشەیەکی تریان نەزانیوە. عوسمانییەکان درێژەیان بەم تایبەتمەندییە دا و سیاسەتێکی ئیمپریالیستییانەیان لەسەر بنچینەی پەلهاوێشتن و داگیرکردنی خاکی گەلانیتر پیادە کرد. خاڵێك کە شایستەی بایەخپێدان و تێڕامانە، ئەوەیە کە عوسمانییەکان ئەگەر بە تەواوی و بە سەرتاپاگیری، پشتیان بە سوپا نەبەستایە، هیچ لەو ئامانجانەیان بە دەست نەدەهێنا کە بە شەڕ بە دەستیان هێناون، ئەویش لەبەر ئەوەی عوسمانییەکان خاوەن شارستانیەت نەبوون و تاڵان و جەنگ پیشەی سەرەکییان بووە. بە

پێی ڕوانینی عوسمانییەکان، ئیمپریالیزمی سوپایی بنچینەی چەمکی دەوڵەت پێکدێنێت. هەر بەهۆی ئەمەشەوە، دەبینین لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەمووشتێك لە سوپاوە دەستپێدەکات.

لە ڕاستیشدا ناوبانگی عوسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵماندا بە شێوەیەکی سەرەکی قەرزارباری ئەو سەرکەوتنانەیە کە لە ئەوروپا بەدەستیان هێناوە. پاشان سەرکەوتن بەسەر سەفەوییەکانی ئێران و مەمالیکی میسردا، ئەم ناوبانگەی پایەدارتر کرد. عوسمانییەکان بەر لەوەی بگەنە هەر جێیەك، ناوبانگیان وەك گەلێکی شەڕکەر و جەربەزە، پێش خۆیان گەیشتووەتە شوێنەکان.

> **” مێژووی دەرکەوتنی عەلمانییەت لە تورکیای عوسمانی بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر وردتر لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە، دەبێ پشت بە زانیارییەکانی (نیازی بەرکەس) ببەستین کە یەکێکە لەو نوسەرانەی تورك کە لە زووەوە بانگەشەی بۆ عەلمانییەت کردووە و وای بۆ چووە ڕیشەی عەلمانییەت لە تورکیا بۆ ساڵی "١٧١٨" دەگەڕێتەوە “**

**تەوەری دووەم:**

**داهێزرانی سوپای عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری و پەیدابوونی وەزارەت لە ڕۆژهەڵات**

**یەکەم: داهێزرانی سوپای عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری**

ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی، بە بەراورد لەگەڵ ڕوسیا و ئەوروپا، لە هەموو ڕوویەکەوە بەجێما بوو و ئاستی داهێزرانی زۆر بەرز بوو، بەڵام سوڵتانەکان تەنها لە بەرەکانی جەنگدا هەستیان بەو داهێزرانە دەکرد. پاش زنجیرەیەك شکست و بەزین لە بەردەم هێزە ئەوروپاییەکاندا، سوڵتانەکان باوەڕی تەواویان بەوە پەیدا کرد کە دەوڵەت بە سوپایەکی وەك یەنی چیری کە دژی مۆدێرنیزەیە و بووەتە کوانووی هێزە کۆنەپەرستەکان و هیچ لە هونەرە مۆدێرنەکانی جەنگ نازانێت، ناتوانێت بەرپەرچی ڕووسیا و هێزە ئەوروپاییەکان بداتەوە و تاکە چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری و پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرنەیە

بە پیودانگی هێزە ئەوروپاییەکان.

بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. سوڵتان مەحمودی دووەم هەوڵیدا چاکسازییەکانی نەبنە مایەی ورژاندنی یەنی چیری، خۆیشی نەیدەویست پرۆژەکەی بە دەردی مامی، واتە سوڵتان سەلیمی سێیەم، بچێت. لە ساڵی «١٨٢٦»دا سوڵتان دوو هێزی پێکهێنا کە هەردووکیان پێکەوە لە «٣٠٠» سەرباز پێکهاتبوون و لەسەر شێوازی ئەوروپایی مەشقیان پی کرا بوو. ئەوانەی کە سەرپەرشتیی پرۆسەی مەشق و ڕاهێنانی ئەم دوو هێزەیان دەکرد، چەند ئەفسەرێکی عەرەب بوون کە لە ئەوروپا فێری هونەرەکانی جەنگ بوو بوون.

بەڵام ئەمە هەڵوێستی یەنی چیری بەلایەکدا نەخست. یەنی چیری بە پشتیوانیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان پشت ئەستور بوو و پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراوەی ئایینی بەهێز بوو، بۆیە چاوەڕوان نەدەکرا پرۆژەکە بە سانایی بەڕێوە بچێت. سوڵتان یارییەکەی بە جوانی بەڕێوەبرد و دامەزراوەی ئایینی پەلکێشی ناو پرۆسەکە کرد و چەند فەتوایەکی بە مەلاکان دەرکرد. بەمە پشتیوانیی دامەزراوەی ئایینی لە هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری مسۆگەر کرد. سولتان لە هەوڵێکدا بۆ بەخشینی ڕەواییەتی ئایینی بە کارەکەی، وا پاساوی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری هێنایەوە کە ئەم سوپایە چیتر بەکەڵکی خزمەتکردنی ئیسلام نایەت و بەڵێنیدا کە لێرە بەدواوە سەرگەرمی دروستکردنی سوپایەك دەبێت کە پێداویستییەکانی سەردەم تێدەگات و لە فێربوونی زانستی مۆدێرن دوا ناکەوێت و بە شێوەیەکی کاراتر لە خزمەتی ئیسلامدا دەبێت.

> **” هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەی بەهێزیان بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت تێدا نابینرێت. گرنگترین کرۆکی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت، هەوڵی بێ وچان بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەمکە دێرینە باوەکەی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی جیهان ئیسلامی و گۆڕینی بە چەمکێکی تازەی هاوچەرخ و پشت ئەستور بە دامودەزگا و یاسایی نوسراوەکان و چەمکی هاولاتیبون “**

سەرەڕای هەموو شتێك، دیارە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی یەنی چیری یەکدەنگ نەبون، ئەمەش وای کرد سوڵتان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی کۆنەپەرستانە ببێتەوە کە دانی بە هیچ پاساوێکدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنی چیری

نەدەنا و بە چاوێکی پڕ گومانەوە تەماشای هەنگاوەکانی مۆدێرنیزەکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەکرد. لە ئەنجامی نەسازاندا، ململانێ کۆمەڵایەتییەکە درێژەی کێشا و سەبارەت بە پێویستی و ناپێویستیی مۆدێرنیزە و میتۆدی جێبەجێکردنی و چۆنێتیی لێکجیاکردنەوەی مۆدێرنیزەکردنی دامودەزگاکان و پاراستنی کۆمەڵ لە ئاسەوارە زیانبەخشەکانی مۆدێرنیزە، دیدی جیاواز و جۆراوجۆر پەیدا بوو.

چاکسازیی چەردەیەك تەگبیری لێکەوتەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی پێ بوژایەوە. لەم بوارەدا هەندێك لە تەگبیرەکان وەك دامەزراندنی خوێندنگەی فەرمیی مۆدێرن لەژێر سەرپەرشتیی دەوڵەت هەنگاوی گرنگ بوون بۆ پێشەوە. بوونی دەوڵەت بە سەرپەرشتیاریی پرۆسەی فێرکاری، یەکێك لە گرنگترین لێکەوتەکانی مۆدێرنیزەکردن بەرجەستە دەکەن.

وەك چاوەڕوان دەکرا، دامەزراوەی ئایینی بە چاوی نیگەرانییەوە دەیڕوانییە ئەم هەنگاوە. هۆی ئەم نیگەرانییە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دامەزراوەی ئایینی دژی فێرکاری بووە، بەڵکو وردتر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە بوونی دەوڵەت بە سەرپەرشتیاریی پرۆسەی فێرکاری، بەکردەوە بە مانای دوورخستنەوەی دامەزراوەی ئایینی لە بواری فێرکاری و پەروەردەکردنی نەوەکان دەهات, ئەم هەنگاوە بەقەد ئەوەی کە پێشکەوتنخوازانە بوو، تا ئەندازەیەکی زۆریش مەترسیدار بوو، چونکە خۆی لە قەرەی یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی دەستڕۆیی و هێزی دامەزراوەی ئایینی دەدا. ئەوی ڕاستیش بێ، پشتیوانیی دامەزراوەی ئایینی لەم هەنگاوە شتێکی مسۆگەر نەبوو. بەشێك لە هۆکانی بە گومان کەوتن لەم هەنگاوە و دروستبوونی نارەزایی، جگە لەوەی کە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو خوێندنگە مۆدێرنانە دەبنە هۆی بێبەشکردنی دامەزراوەی ئایینی لە بەشێکی بەرچاوی داهاتی ماددی، پەیوەندیی بەوەشەوە هەبوو کە دامەزراوەی ئایینی لەسەر ئەم جۆرە خوێندنگە تازانە ڕانەهاتبوو و سڵی لە هەرشتێکی نوێ دەکردەوە و خوێندکاران لەسەر بیرکردنەوەی ئازاد ڕانەهێنابوو. ئەوەی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە مێژووی ئیسلامدا فێرکاریی یەکێك لە ئەرکەکانی دەوڵەت نەبووە، بەڵکو لە ئەرکەکانی دامەزراوەی ئایینی بووە. ئەمە نکۆڵی لەوە ناکا کە دەوڵەت لە هەندێك وڵاتدا وەك عیراق و ئێران و میسر ڕۆڵی گرنگی لە کردنەوەی هەندێك خوێندنگە هەبوو، بەڵام زۆربەی جار ئەم کارە هۆی ئایدیۆلۆژیی لە پشتەوە بووە و خوێندنگەکانیش لە کۆتاییدا لە دەستی دەوڵەت دەرچوون و کەوتنە ژێر دەستی دامەزراوەی ئایینی.

هۆکاری دووەم، سڵکردنەوەی دامەزراوەی ئایینییە لە زانستە ئەوروپییەکان کە مایەی گومان و دڕدۆنگی بوون، ئەو وانانەی کە لە خوێندنگە حکومییەکاندا دەخوێنران، گشتی بوون و زۆر بواریان دەگرتەوە و تەنها تایبەت نەبوون بە فێربونی فیقهی ئیسلامی و بەشێکی زۆری

وانەکان پەیوەندییان بە ئایینەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندییان بە زانستەکانی سروشتەوە هەبوو، بۆیە نیگەرانی دامەزراوەی ئایینی لە خوێندنگە حکومییەکان لەوەوە هاتبوو کە پێی وابوو خوێندنی هەندێك لەو ماددانە، دەشێت ببێ بە مایەی تێکدانی باوەڕی خوێندکاران بە بنچینە چەسپاوەکانی سیستمی ژیانیان, کە ئەمەش لە ڕوانگەی تێڕوانینی دامەزراوەی ئایینییەوە، دەشێت زیانی لێبکەوێتەوە. لێرەدا ململانێکە پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە. بزوتنەوەی مۆدێرنیزە کە بزوتنەوەیەکە لەسەرەوە دەستی پێ کردووە، بزوتنەوەیەکی کەلتووری دژ بە ئایین نەبوو وە ڕووی لەوە نەبوو کە ڕەخنە لە ئایین بگرێت. لە ڕاستیدا خودی چەمکی مۆدێرنیزە پرۆژەیەکی ئەوروپایی نەبوو. پێویستی دەوڵەت بە مۆدێرنیزە بنەمای سەرەکی پرۆژەکە پێکدێنێت، بەڵام لەڕووی بابەتییەوە ئەوروپا لە پرۆژەکەوە دوور نەبوو. پەیوەندیی ئەوروپا بە بیرۆکەی مۆدێرنیزەوە دەچێتەوە سەر دووفاکتەر. یەکێکیان شکستەکانی دەوڵەتی عوسمانییە لە بەردەم هێزە ئەوروپاییەکان کە بووە هۆی پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا. ئەوی تریشیان پەی بردنی ئیستانبوڵە بە فراوانبوونی دەلاقەی ڕۆژهەڵاتی بەجێماو و ئەوروپای پێشکەوتوو. لەبەر ئەم هۆیانە، پرۆسەی مۆدێرنیزە لە هەوڵدانێك بۆ فریاکەوتنی دەوڵەت و سەقامگیرکردنی ڕۆڵی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەولاوە هیچی تر نەبووە.

**دووەم: پەیدابوونی وەزارەت لە ڕۆژهەڵات**

ڕێك لەو سەردەمەدا سیستمی وەزارەتەکان لە ڕۆژهەڵاتدا پەیدابوو. حکومەتەکانی ڕۆژهەڵات لە دێر زەمانەوە لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە کاروباری دەوڵەت بەسەر چەند بوارێکدا دابەش بکەن، هەر بوارێکیش بە وەزیرێکی پسپۆر بسپێردرێت. ناوەڕۆکی وشەی (وەزیر) لە ڕۆژهەڵاتدا مانای یاریدەدەر یان ڕاوێژکار دەدا و ئەم وشەیە لە قورئانیش هەر بەم مانایە دێت. سیستمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا تەواوی دەسەڵاتەکانی بە سەرۆکی دەوڵەت داوە (جا پاشا، سوڵتان، خەلیفە یا میر بێت) و پاش سەرۆك، وەزیر دێت, کە لە ڕیزبەندیدا پاش سەرۆکی دەوڵەت بەرزترین دەسەڵاتی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە کە دەسەڵاتی وەزیر لە سەرۆکی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت. جگە لەم پۆستە، دەوڵەت نە وەزیری تر و نە وەزارەتی هەبوو. لە سەردەمی عەباسییەکان و سەلجوقییەکاندا پۆستی وەزیر بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشتر، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام نە پێش ئەم دوو سەردەمە و نە دواتر، تا سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم، هیچ دەوڵەتێکی موسڵمان ئەنجومەنی وەزیرانی نەبوو. ئەمە بەم واتایە دێت کە ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە پۆستی وەزیر پەرە پێبدات. ئەو ئەنجومەنی وەزیرانەی کە لە سەردەمی سولتان مەحمودی دووەم پەیدا بوو، بەشێك بوو لە بزاڤی چاکسازی و بە لاساییکردنەوەی دەوڵەتە

ئەوروپاییەکان دەستپێکرد.

لەم پێودانگەشدا وا دانراوە کە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆڵێکی گەورەی لە هەموارکردن و پێداچوونەوەی یاساکاندا هەبووە و هەر ئەم ئەنجومەنەش بوو کە شورای دەوڵەتی لێکەوتەوە. بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەم هەنگاوە لە هۆشیارییەوە هاتووە و زادەی هەستکردن بووە بە گرنگی دەزگاکە یان هەنگاوێکی هەڕەمەکی بووە. بەهەر حاڵ، دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری تای تەرازووی دەوڵەتی لە تای تەرازووی دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینی گرانتر کرد.

> **” یەنی چیری ڕەنگدانەوەی گیانی عەسکەرتارییانەی عوسمانییەکانە و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار چەمك و نەریتە سوپاییەکانی ئەم دامەزراوەیە، جێیان بە یاساکانی دەوڵەت لێژ کرد و هەژموونی خۆیان بە تەواوی بەسەر دەوڵەتدا سەپان. لە سەرەنجامدا چینێکی شەڕکەری لەسەرووی یاساوە پێکهێنا ، کە لە ڕەوتی گەشەکردنیدا هێزێکی تاڵانکەری دڕندەی لێکەوتەوە “**

**تەوەری سێیەم:**

**بزووتنەوەی چاکسازی و گرووپە ئایینییەکان و مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت**

**یەکەم: بزووتنەوەی چاکسازی و گرووپە ئایینییەکان**

ئاشکرایە کە بەشێکی بزوتنەوەی چاکسازی خۆی لە قەرەی مەسەلەی ئایین نەداوە و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ئایینی بە هەڵپەسێردراوی و ناڕۆشنی هێشتووەتەوە، بەڵام لانی کەم لە سێ بواری دیاریکراودا هەڵوێستی ڕوونی بەرامبەر بە ڕۆڵی ئایین لە ژیانی گشتیدا دەربڕیوە. پاش هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنی چیری، سوڵتان مەحمودی دووەم کەوتە تەنگهەڵچنین بەو دەروێشە بەکتاشیانەی بە دەدە ناسرابوون و تەکیەکانی پێ چۆڵ کردن و خودی تەریقەتەکەشی قەدەغەکرد، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە کە تەریقەتی سۆفیگەرانەی بەکتاشی بە ئایدۆلۆژیای فەرمی سوپای یەنی چیری دادەنرا، بەڵام ئەستەمە ئەمە بەو چاوە سەیر بکرێت کە هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، چونکە ئەم تەگبیرە گوزارشت لە هەڵوێستی دیاریکراوی دەوڵەت بەرامبەر بە سروشتی ئایین و سروشتی بەها

ئاینییەکان ناکات، دەوڵەتیش تەنها تەریقەتی بەکتاشی کردووەتە ئامانج و دەستی بۆ تەریقەت و گروپە ئاینییەکانی دیکە نەبردووە. دیارە قەدەغەکردنی ئەم تەریقەتە و دەست نەبردن بۆ تەریقەتەکانی تر، دەری دەخات کە بەرپەرچدانەوەی تەریقەتە سۆفیگەرەکان، بەشێك نەبووە لە سیاسەتی دەوڵەت و ئەوەی بەرامبەر بە بەکتاشییەکان کرا، تەریقەتی سۆفیگەرییەکان بەشێك نەبووە لە سیاسەتی دەوڵەت تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، بەڵکو تەنها وەك تەگبیرێك کە پەیوەندیی بە هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارەوە هەبووە خۆی دەنوێنێت و بەشێکیش بووە لە هەوڵدانی دەوڵەت بۆ وشککردنەوەی سەرچاوە ئایدۆلۆژییەکانی هێزی یەنی چیری لەم سۆنگەیەوە، هەروەك سوڵتان زۆر بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەنی چیری کرد، هەمان زەبر و زەنگیشی پاش لەناوبردنی یەنی چیری، بەرامبەر بە تەریقەتی بەکتاشی نواند.

نیگەرانی دەوڵەت لە تەریقەتی بەکتاشی پاساوی خۆی هەیە. بەکتاشی جگە لەوەی کە بە ئایدۆلۆژیای دانپێدانراوی یەنی چیری دادەنرا، لە سۆنگەی ڕیشە کۆمەڵایەتییە قووڵەکانییەوە، لێی ڕادەبینرا گۆبەندی گەورە بۆ دەوڵەت بنێتەوە، ئەوەی کە تەوژم و کاریگەری و دەستڕۆیشتویی ئەم تەریقەتە دەردەخا، ئەوەیە کە هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لایەنی کەم سێ سوڵتانی بەکتاشی عوسمانی ئەندامی گروپی دەروێشەکانی مەولەوی و بەکتاشی بوون، بەکتاشی لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا گەرایەکی زۆری لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی داناو لە کۆتاییدا میتۆدێکی وای داهێنا کە زۆر لە شێوەی بیرکردنەوەی جوتیارانەوە نزیکبوو.

گومان لەوەدا نییە کە دەرهێنانی بواری فێرکاریی لە بن دەستی پیاوانی ئایین کارێکی یەکلارەوە نەبوو، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلام پیاوانی ئایینی بەردەوام بوون لەسەر فێرکاریی ئایینی و نەیاندەتوانی دەستبەرداری بن، چونکە ئەمان لەسەر ئەم پیشەیە دەژیان، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە پاش پەیدابوونی خوێندنگە مۆدێرنەکان ڕکابەرێکی سەختیان لەبەردەمدا قووت بووەوە. بە دڵنیاییەوە گرنگترین لێکەوتەی هەنگاوەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم، سنوردانان نییە بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینی لە بواری فێرکاریی ئایینیدا، ئەگەر چی ئەمە یەکێك لە ئاکامەکانی هەنگاوەکەی بوو، بەڵکو گرنگترین لێکەوتەی هەنگاوەکە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە دەرفەتێك بۆ هاوڵاتییان پێکهات کە لە هەڵبژاردنی خوێندنگە ئایینییەکان ئازادبن, کە تەنها وانەی زانستە ئایینییەکانیان تێدا دەوترایەوە و خوێندنگە مۆدێرنەکان کە دەوڵەت پشتگیریی لێدەکردن و تیایاندا چەمکی زانست ئەوەندە درێژ کرایەوە کە تەنها زانستە ئایینییەکانی نەگرتووەتەوە.

لە بواری دادوەریش، دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، بووە هۆی کەمکردنەوەی

دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینی لە بواری دادوەریدا. لە ڕاستیشدا ئەنجومەنەکە تەنها سەرەتایەك بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی هاوچەرخ, لەم بوارەدا لە ساڵی «١٨٦٨»دا ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی تری بەناوی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتەوە و یاسایەکی هاوچەرخی بۆ سزادان لێ کەوتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا چەمکێك کە بەتەواوی گوزارشت لە سکۆلاریزم دەکات و بە هیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا بانگەشەی بۆ نەکراوە سەریهەڵدا، کە ئەویش چەمکی هاوڵاتیبوونە. ئەم چەمکە لە ناوەڕۆکدا واتای یەکسانیی لە خۆگرتووە. وردبوونەوە لە لێدوانەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم کە تێیدا مافی یەکسانی بۆ موسڵمانان و جولەکە و مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەلماندووە و ئازادیی پەرستنی بۆ هەرسێکیان ڕاگەیاندووە، نیشانی دەدات کە دەوڵەت لە لێدوانەکەدا پێوانەی ئایینی نەکردووەتە مەرج بۆ سەلماندنی مافی هاوڵاتیبوون، ئەم هەنگاوە لە هەموو هەنگاوەکانی پێشتر پێشکەوتوتر و عەلمانیترە، چونکە لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابەوە لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، موسڵمانەکان دژی ئەوە نەوەستاونەتەوە کە مافی پەرستن بۆ جولەکەو مەسیحیەکان بسەلمێنرێت و ئەم سەلماندنەیان بە بەشێك لە ئەرکەکانی خۆیان زانیوە، بەڵام سەلماندنی مافی پەرستن هەرگیز نەگەیشتە ڕادەی یەکسانیی ئایینی، چونکە بیری زاڵ لە ناو موسڵمانەکاندا ئەوەبوو کە داننان بە مافی پەرستن بۆ جولەکە و مەسیحییەکان بەم مانایە نایەت کە جولەکایەتی و مەسیحایەتی لەڕووی بەهای ڕوخانی سەروەری ئایینییەوە لەگەڵ ئیسلام یەکسانن و لەم سۆنگەیەوە مافی پەرستن هیچی لەوە نەگۆڕی کە کۆمەڵ بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر موسڵمانان و ناموسڵماناندا دابەشبووە.

> **” گرنگی دەستوری عوسمانی لەوەدایە کە هەنگاوەکە، بە پێی پێوانە باوەکان، بە کارێکی دژە باو دەژمێردرێت و توانیویەتی دەوڵەت لە هەژموونی دامەزراوەی ئایینی ڕزگاربکات “**

لە ڕوانگەی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە، موسڵمانان و جولەکەو مەسیحییەکان لەناو پەرستگاکانیان لێك جیاوازن، بەڵام لە دەرەوەی پەرستگاکاندا وەکیەك و یەکسانن, کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرنسیپێکی سەرەکی سکولاریزم پێکدێنێت، ئەم نورینە برێکی زۆر بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانەو پێشکەوتنخوازانەی تێدایە و لە ڕوانگەی مێژووییەوە گوزارشتە لە گۆڕانی تێڕوانینی دەوڵەت بۆ تاك. بەکردەوە، لێدوانەکە بیرۆکەی (رەعیەت) لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەتەکێنێت، بیرۆکەیەك کە سەدان ساڵ بەسەر بیری موسڵماناندا زاڵبوو

و سەرچاوەکەشی تیۆرییەکە کە پشت بە دیاریکردنی دوو ئەرك دەبەستێت، یەکێکیان ئەرکی سەردانەواندنێکی ڕەهای گەلە بۆ دەسەڵات و ئەویتر ئەرکی دادپەروەرییە کە ئەرکی فەرمانڕەوایە. سەبارەت بە ئەرکی دووەم هیچ میکانیزمێك بۆ ڕاستکردنەوەی پێشێلکارییەکان دیاری نەکراوە. بەڵام ئەوەی لێرە بە گرنگ دادەنرێت ئەوەیە کە بە ڕاگەیاندنی یەکسانی تەواو لەنێوان موسڵمانان و جولەکە و مەسیحیەکان، دەوڵەت لە چەمکی ڕەعیەتەوە بۆ چەمکی (هاوڵاتیبون) گوێزرایەوە و بەهۆی ئەمەوە دەوڵەت لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە، بەم چەشنە تەماشا دەکرێت کە بەبێ جیاوازیی گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکانی دەکات.

**دووەم: مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت**

ڕیشەی مۆدێرنیزەکردنی چەمکی دەوڵەت، زیاترینی بۆ قۆناغی تەنزیمات ”tenzimat“ دەگەڕێتەوە کە قۆناغێکە کەوتووەتە نێوان ساڵانی «١٨٣٩ و ١٨٧٦». هەوڵی دەوڵەت بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لەڕێگەی مۆدێرنیزەوە، وای لێکرد بۆ پشتبەستن بە ئامڕازی کارا و دام و دەزگای وا کە بە چەشنێکی چڕ گوزارشت لە گیانی چاکسازی و مۆدێرنیزە دەکەن بکەوێتەگەڕ. قۆناغی تەنزیمات دوو وێستگەی سەرەکی بە خۆیەوە بینی, لە یەکەمیاندا خەتی شەریف کولخانە لە ساڵی «١٨٣٩» ڕاگەیەنرا و لە دووەمیشدا خەتی شەریف هەمایۆن لە ساڵی «١٨٥٦»، کە دووەمیان تەواوکەری ڕاگەیەنراوی یەکەمە و هەردوکیشیان چوارچێوەیەکی دیاریکراویان بۆ سیاسەتی دەوڵەت لە بواری مۆدێرنیزەکردنی کارگێڕی و بەدیهێنانی یەکسانیدا کێشاوە.

بەڵام وردبوونەوە لە بزافی چاکسازی، ڕوونی دەکاتەوە کە دەوڵەت لەو قۆناغەدا هیچ هەوڵێکی لێبڕاوانە و بە بەرنامە و هۆشیارانە بۆ هێنانە کایەی سکۆلاریزمێکی پایەدارنەبووە و مەبەستەکەی لە چوارچێوەی دابینکردنی یەکسانی و تەبایی نێوان پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکان و مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت نەترازاوە.

ئەگەرچی هەندێك لە بۆچوونەکان لەسەر ئەوە گیرساونەتەوە کە دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە هۆشیارانە بەرەو هێنانەئارای نمونەیەکی تایبەتی سکولاریزم هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەوەندەی کە پشت ئەستورە بە دوا ئاکامی پرۆسەی مۆدێرنیزە کە لە ساڵی «١٩٢٤» بە دامەزراندنی کۆمارێکی عەلمانی لە تورکیا گەیشتە کۆتایی، ئەوەندە پشت ئەستوور نییە بە ناوەڕۆك و مەبەستی چاکسازییەکان کە ئامانجیان نۆژەنکردنەوەی یەکەری دەوڵەت و لاساییکردنەوەی سیستمە پێشکەوتووە ئەوروپاییەکان بووە، نەك هێنانەئارای سیستمێکی پشتبەستوو بە عەلمانییەت، ئەم چەشنە

مەسەلانە لەبەر ئاڵۆزی و تێکپڕژاوی ناوەڕۆکەکانیان، دەرفەتێکی زۆر بۆ دابینکردنی بەڵگەی ڕوون و یەکلاکەرەوە بۆ شیکردنەوە سیاسییەکان نارەخسێن.

**” دەستوری عوسمانی گوزارشت لە تێڕوانینی عوسمانییەکان بۆ عەلمانییەت دەکات, کە چەمکێکە بنچینەکەی گونجاندنی چەمکە نا ئایینییەکانە لەگەڵ چەمکە گشتییەکەی ئیسلام بەبێ سەپاندنی سیاسەتێکی ئایینی بەسەر دەوڵەتدا، سەرباری هێشتنەوەی هەندێك ئەرکی بە ڕوخسار ئایینی بۆ دەوڵەت “**

لە نمونەی تورکیادا، ئامانجی چاکسازییەکان هێنانەکایەی سکۆلاریزم نەبوو، سەرەڕای ئەوەش چاکسازییەکانی دەوڵەت بەبێ هێنانە دی بەشێکی گرنگی پرنسیپە عەلمانییەکان بەڕێوەنەدەچوون، لەوانە دابینکردنی ئازادیی ئایینی، کارکردن بە چەمکی هاوڵاتیبوون، دەستەمۆکردنی کۆنەپەرستی ئایینی، سنورردانان بۆ دووبەرەکییە مەزهەبی و ئایینییەکان و کەمکردنەوەی هەژموونی گروپە ئایینییەکان سەرەڕای هەموو شتێك، ڕوخسارەکانی عەلمانییەت بە سەرەتایەکی سادە و ساکار دەستیان پێکرد, کە ئەمەش خۆی لە پەیدابوونی چەمکی هاوڵاتیبووندا دەنوێنێت, کە چەمکێکە پرنسیپی یەکسانی ناوەڕۆکە بنچینەییەکەی پێکدێنێت یەکسانی هاوڵاتیان لە دەرەوەی پەرستگاکانیان ڕەنگدانەوەی پێویستی دەوڵەت بوو, بە چەشنێکی تازەی هاوڵاتیبوون کە لەسەرووی ئایین و مەزهەبەوە بێ بانگەشە فەرمییەکەی خەتی شەریف کولخانە، لەم بارەیەوە چەمکێکی تازەی هێنایەئارا کە مێژووی سیاسیی موسڵمانان بە کردەوە هێشتا پێی ئاشنا نەبووبوو. فەلسەفەی هاوڵاتیبوون کە ئیستانبول بۆ هاوڵاتییەکانی خۆی ڕاگەیاند، هیچ پەراوێزێکی بۆ باڵادەستیی موسڵمانان لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە نەهێشتەوە، چونکە فەلسەی هاوڵاتیبوون لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە لە سۆنگەی ئایینەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوان هاوڵاتییاندا نییە. ئەمە بەم مانایە دێت کە هاوڵاتیبوون زادەی یەکسانییە. ئەم تەگبیرە لێی ڕادەبینرا ببێت بە سەرەتایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی میللەت( millet, کە لە ئیسلامدا هاوڵاتییانی بەپێی ئایین پلەبەندیی کردووە و بە کردەوە پێگەی موسڵمانانی لەسەرووی پێگە ناموسڵمانەکانی داناوە, کە ئەمەش بە کردەوە جولەکە و مەسیحییەکانی بە هاوڵاتیی پلە دوو داناوە. ئەو سودەی کە جێبەجێکردنی سیستمی میللەتەکان لە ڕابردوو

بۆ گروپە موسڵمانەکانی هەبوو، نەبووە ڕێگر لە بەردەم هەڵوەشاندنەوەی، بەتایبەتی کە بەردەوامبوونی، لەگەڵ مۆدێرنیزە ڕێکنەدەکەوت. لە ڕاستیشدا چەمکی هاوڵاتیبوون کە لە سیستمی میللەت پێشکەوتوترە ئەم سیستمەی تێپەڕاند، بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم سیستمە تەگەرەی لە تێکهەڵکێشبوونی کۆمەڵایەتی نەدەدا. ڕوخسارێکی ڕۆمانتیکی و مرۆڤدۆستانەی هەبوو، بەڵام لە تانە و پلاریش بەدەر نەبوو. بۆچوونی زاڵ لەو سەردەمەدا کە بۆچونێکە کۆنەپارێزی و تێۆریی باڵادەستیی ئایینی و کۆمەڵایەتیی موسڵمانان بەسەریدا زاڵە، دژی ئەو پرنسیپانەی خەتی کولخانە بوو کە تایبەت بوون بە یەکسانی. جەماوەرێکی زۆری موسڵمانان بە چاوی ڕێزەوە سەیری خەتی کولخانەیان نەدەکرد، چونکە ئەم خەتە موسڵمان و ناموسڵمانی لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسان کردبوو, ئەمەش وا لێکدرایەوە کە شان و شەوکەتی موسڵمانان کەمدەکاتەوە و دەیانخاتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە لە خوار موسڵمانانەوەن, لە کاتی ئەنجامدانی چاکسازییەکاندا ئەم نارەزاییانە بەڵگەی تەسکی پەراوێزی گیانی لێبوردەیین.

بە پێی سیاسەتە تازەکە، دەوڵەت بایەخێکی تایبەتی بە بواری فێرکاری دەدات. لە کەیسی چاکسازیدا، فێرکاریی گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لێرەدا مەسەلەکە لەوە ترازاوە کە تەنها مەسەلەی ڕێکخستنی پرۆسەی خوێندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی فێربوون بێت بۆ خوێندکارەکان. لێرە خاڵە بنچینەییەکە ئەوەیە کە مۆدێرنیزەکردنی بواری زانست بەبێ هاوکاریی و پشتیوانیی ئەوروپا نەدەهاتە دی. لەم سۆنگەیەوە دەوڵەت چووە سەر ئەو باوەڕەی کە بەردەوامبوونی لەسەر پشتبەستن بە ئاستی لۆکالیی زانست، ناتوانێت ئامانجە باڵاکان بەدی بێنێت، هەروەك ئەوەشی لێڕانابینرێت کە دەوڵەتی پێ نۆژەن بکرێتەوە. بۆیە دەوڵەت کەوتە خۆ بۆ پەرەپێدانی بواری فێرکاری و لاساییکردنەوەی مۆدێلە پێشکەوتووە ئەوروپاییەکان.

خوێندنگە مۆدێرنەکان و زیادبوونی ژمارەی خوێندکارەکانیان، بوونە هەوێنی سازکردنی کەش و هەوایەکی لەبارتر بۆ بەردەوامبونی مۆدێرنیزەکردن و لە کۆتاییدا بزوتنەوەی تەنزیمات لە ساڵی «١٨٧٦»دا بە ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانی گەیشتە لوتکە. لەو قۆناغەدا دەوڵەت هەنگاوێکی هەڕاوی بەرەو مۆدێرنیزەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون هەڵهێنا. دەستوری عوسمانی کە پاش سیانزە سەدە لە پەیدابوونی ئیسلام هاتووەتەئارا، یەکەم دەستورە لە جیهانی ئیسلامدا. مێژووی ئیسلام دەستورێکی ڕوون و نوسراوی تێدا نییە و موسڵمانان بە درێژایی مێژوویان لەسەر ئەوە ڕۆیشتون کە قورئان دەستوری کۆمەڵایەتی و سیاسییان پێکدێنێت. موسڵمانان بە پێچەوانەی مەسیحییە ئەوروپاییەکانەوە، لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە پەرە بە بیروباوەڕە سیاسییەکانیان بدەن و سەرقاڵی ئەوە نەبوون کە دەوڵەت لەسەر بنچینەی

یاسایی نوسراو و دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتەکان و لێجیاکردنەوەیان ڕێکبخەنەوە. بەم واتایەی کە جیهانی ئیسلام باوەڕی بەوەنەبووە کە دەستور بۆ دەوڵەت گرنگ و پێویستە، بۆیە ئەم بیرۆکەیە زۆر درەنگ لە لای موسڵمانان پەیدا بووە.

**” هەرچەند دەوڵەتی عوسمانی بە توندیی پێی لەسەر مۆرکە ئایینییەکەی داگرتووە و سور بووە لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی، بەڵام چەمکە عەلمانییەکانی هاوڵاتیبوون و یەکسانیی مافەکان لەناو چەندین ماددەی دەستوردا ڕەنگیانداوەتەوە “**

بەهەر حاڵ، گرنگی دەستوری عوسمانی لەوەدایە کە هەنگاوەکە، بە پێی پێوانە باوەکان، بە کارێکی دژە باو دەژمێردرێت و توانیویەتی دەوڵەت لە هەژموونی دامەزراوەی ئایینی ڕزگاربکات. دەرکردنی دەستور لە ساڵی «١٨٧٦»دا بە وێستگەی سێیەمی قۆناغی تەنزیمات دادەنرێت. کاریگەیی ئەوروپا لەسەر بزوتنەوەی چاکسازی و مۆدێرنیزەکردن لەوەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی ماددەکانی دەستوری عوسمانی بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەستورە عەلمانییەکەی بەلژیك وەرگیراون. دەستور بە ئەنجامی هەوڵی ئەو کەسانە دادەنرێت کە خۆیان بە کەسانی چاکسازیخواز و نۆژەنکار دەخستەڕوو، لەسەرووی هەموویانەوە مەدحەت پاشا. لێکجیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت بە یەکجارەکی، بەو چەشنەی کە لە ڕژێمە عەلمانییەکاندا پەیڕەوی لێکراوە، لە دەستوری عوسمانیدا نابینرێت. دەستوری عوسمانی گوزارشتە لە گەڕان بەدوای سەقامگیری و مۆدێرنیزەکردندا، زۆریش مەراقی بووە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی دادپەروەرتر بەدیبێنێت.

**تەوەری چوارەم:**

**پاراستنی عوسمانی لەژێر چەتری دەستوری مەدەنی و خەلافەتی ئیسلامی و دامەزراندنی پەرلەمانی عوسمانی**

**یەکەم: پاراستنی عوسمانی لەژێر چەتری دەستوری مەدەنی و خەلافەتی ئیسلامی**

دەستوری عوسمانی گوزارشت لە تێڕوانینی عوسمانییەکان بۆ عەلمانییەت دەکات, کە چەمکێکە بنچینەکەی گونجاندنی چەمکە نا ئایینییەکانە لەگەڵ چەمکە گشتییەکەی ئیسلام بەبێ سەپاندنی سیاسەتێکی ئایینی بەسەر دەوڵەتدا، سەرباری هێشتنەوەی هەندێك ئەرکی بە ڕوخسار ئایینی بۆ دەوڵەت. لەم ڕووەوە چوار ماددەی دەستور بە

ئاشکرا مۆرکێکی سەرتاپا ئایینییان پێوە دیارە, کە بریتیین لە ماددەکانی (٣،٤،٥ ,١١).
ماددەی سێیەم چەترێکی شەرعی بۆ دەستەبەرکردنی ملکەچبوونی ئارەزوومەندانەی هاوڵاتییە موسڵمانەکان دابیندەکات, لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕژێمی عوسمانی درێژەپێدانی ڕژێمی خەلافەتە کە لە ئیسلامدا پەیڕەوکراوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئەم ماددەیە بە شێوەیەك داڕێژراوە کە دەتوانرێت شتێکی وای لێ هەڵبکرێندرێت کە مەبەست دەستەبەرکردنی وەفاداریی هاوڵاتییانە بۆ خودی بنەماڵەی عوسمان، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە کە ماددەکە مافی حوکمڕانیی بۆ گەورەترین کوڕی ئەم بنەماڵەیە دەستەبەرکردووە. تێکهەڵکێشکردنی دەسەڵات و بنەماڵە، هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی فاکتەرەکانی سەقامگیری بۆ دەوڵەت.

ماددەی چوارەمیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سوڵتانی عوسمانی (بەپێی خەلافەت، پارێزەری ئایینی ئیسلامە). ئەم ماددەیە مەبەستێتی چوارچێوەیەك بۆ سەردانەواندنی هاوڵاتییان بۆ پرنسیپی شەرعیەت دابینبکات و ناوەڕۆکەکەشی ئەوەیە کە دژایەتیکردن و بەرپەرچدانەوەی ویستی سوڵتان، دەرچوونە لە نەریتە ئیسلامییەکان، چونکە دژایەتیکردنی دەوڵەت کە پاراستنی ئایین یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی، بە واتای دژایەتیکردنی خودی ئیسلام دێت, ئەم بیرۆکەیە لە ناوەڕۆکدا پرنسیپی پان ئیسلامیزم بەرجەستە دەکات. ئەم ماددەیە و ماددەکەی پێشتر بانگەشە بۆ تیۆریی یەك فەرمانڕەوا بۆ هەموو موسڵمانانی جیهان دەکەن، کە ئەمەش لە ناوەڕۆکدا بانگەشەیە بۆ ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەو مانایەی کە پێویست ناکات هەر نەتەوەیەکی موسڵمان دەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵکو دەبێت بە هەر هەموویان یەك دەوڵەتی یەکگرتوو و یەك سوڵتانیان هەبێت، ئەم بانگەشەیە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە پرنسیپی نەتەوایەتی (nationalism) پرنسیپێکە بە کەڵکی موسڵمانان نایەت، چونکە ئیسلام کە لە گەوهەردا ئایینیکی ئینتەرناسیۆنالیستە، لێی ڕادەبینرێت کە نەتەوایەتی تێپەڕینێت و دەوڵەتێك دابمەزرێنێت کە ئایینی هاوبەش گرنگترین و تۆکمەترین ستونەکانی پێکهێنێت. ماددەی پێنجەمیش سەرگەرمی دابینکردنی مەرجەکانی پیرۆزییە بۆ خودی سوڵتان، چونکە لە تێڕوانینی عوسمانیدا پیرۆزی سوڵتان مەرجێکی پێویستی تۆکمەکردنی شان و شەوکەتی دەوڵەتە. ئەم تێکهەڵکێشکردنەی لێرە لە ئارادایە، بە ناوەڕۆك پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان سوڵتان وەك پارێزەری ئایین و خاوەنی دەسەڵاتی نیمچە ڕەها پێکدێنێت. ئەم تێکهەڵکێشکردنە لێی ڕادەبینرێت کارێزمای سوڵتان تۆکمەتر بکات و سنوری دەسەڵاتە شەرعییەکەی درێژبکاتەوە و ڕۆڵی لە ژیانی گشتیی هاوڵاتییە موسڵمانەکانی سەقامگیرتر و کاریگەرتر بکات.

لە کاتێدا کە ماددەی یانزەهەم ئیسلام دەکاتە ئایینی دەوڵەت و چەمکی ئایینی فەرمی دەکاتە

تەواوکەری هەموو ماددەکانی پێشتر، هیچ ئەرکێکیتر ناخاتە ئەستۆی سوڵتانەوە، بەڵام بە کردەوە سنورێك بۆ ئەو یاسایانە دیاری دەکات کە پەرلەمان دەریان دەکات و کارێکی وا دەکات کە پەرلەمان نەتوانێت هیچ یاسایەك دەرکات کە لەگەڵ ئاینی فەرمیی دەوڵەتدا نەسازێت.

**” ئەو ڕەهەندە عەلمانییانەی کە لەگەڵ بزوتنەوەی چاکسازی و هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت سەریان هەڵدا، ئەوەندە بە هێز نەبوون کە ڕەگ و ڕیشەیان بە قووڵی بە ناخی کۆمەڵدا شۆڕبووبێتەوە. لەم ڕووەوە پایتەخت و هەندێك ناوچەی نزیك ئەورووپای لێدەرچێت، چاکسازییەکان و بزوتنەوەی مۆدێرنیزە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمەکان بەجێنەهێشت “**

ئەو ماددانەی لێ بترازێت، دەستوری عوسمانی ماددەی تری بە ڕوخسار ئاینی تێدا نادۆزرێتەوە. ئەو خاڵە گرنگەی کە لێرە پێویستی بە لێبوردنەوەیە، ئەوەیە کە دەستور لە کاتی ناوهێنانی سەرۆکی دەوڵەتدا نازناوی (خەلیفە) بەکارناهێنێت, بەڵکو نازناوی (سوڵتان ) بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا کە نازناوی (خەلیفە) ڕوخسارێکی ئاینی ڕۆشنی هەیە، نازناوی (سوڵتان) نە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هیچ مانایەکی ئاینی نییە، جگە لەوەی کە نازناوەکە ئەوەندەی کە بە کەڵکی کاروباری دنیایی دێت، ئەوەندە بە کەڵکی کاروباری ئاینی نایەت، بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە وشەی(خەلافەت) دووجار (لە هەردوو مادەی ٣ و ٤)دا هاتووە، بابەتەکە کەمێک ئاڵۆزیی تێدەکەوێت. خوێندنەوەی ورد بۆ شێوەی داڕشتنی ئەم دوو ماددەیەی کە وشەکانی تێدا هاتووە، ئەوە ڕۆشندەکاتەوە کە سەرەڕای یەکسانکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بە خەلافەتی ئیسلامی، مۆرکێکی پرەگماتیکییانە بەسەر مەسەلەکەدا زاڵدەبێت، بە ئەندازەیەك کە بە هیچ شێوەیەك ناشاردرێتەوە. ئەوەی ئەمە ساغدەکاتەوە ئەوەیە کە دەستورەکە ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ واتای خەلافەت نادات. تاکە ڕوونکردنەوە کە دەستور پێشکەشی دەکات، خەلافەت بە بارتەقای پاراستنی ئایین دادەنێت. ئەو فۆرمەش کە تێیدا باسی پاراستنی ئایین کراوە، بە ئەندازەی پێویست پوخت نایەتە بەرچاو. ئەگەرچی وا مەزەندە دەکرێت کە پاراستنی ئایین لە گرنگترین ئەرکەکانی دەوڵەتە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بە چەشنێك خراوەتەڕوو کە مانایەکی پانوپۆڕ دەدات و ناوەڕۆکەکەی مانایەکی ڕوون و دیاریکراو نابەخشێت.

بە هەمان پێودانگ، ئاماژەکردن بۆ خەلافەت لە دەستوردا یەکجارەکی و یەکلاکەرەوە نییە. سەرەڕای ئەم ئاماژەپێکردنە، دەستور بەڕوونی دەوڵەتی عوسمانی وەك خەلافەت ناناسێنێت و ئەوپەڕەکەی وای دادەنێت کە دەوڵەتی عوسمانی یەکسانە بە خەلافەت یان هاوتای خەلافەتە یان وەك خەلافەت وایە.

دەستور لە ماددەی هەشتەمدا نازناوی (عوسمانی) بۆ هەموو هاوڵاتییانی دەوڵەت بەبێ گوێدانە ئایین و مەزهەب بەکاردێنێت. ئەمە بەم واتایە دێت کە تێڕوانینی عوسمانییانەی چەمکی(هاوڵاتیبوون) هەوڵیداوە پەیڕەوی لە چەمکە عەلمانییەکەی هاوڵاتیبوون بکات, کە جیاوازییەکی گەورەی یاسایی لەنێوان هاوڵاتییان ناهێڵێتەوە و هەوڵدەدات بە چاوی یەکسانی تەماشای هەمووان بکات. بە کردەوە، جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بەم مانایە دێت کە دەوڵەت وازی لە یەکێك لە دێرینترین نەریتە نێگەتیڤەکانی خۆی هێناوە, کە ئەویش وەرگرتنی سەرانەیە لە خەڵکانی ناموسڵمان، کە جولەکە و مەسیحییەکان دەگرێتەوە. ئەمەش، لە ناوەڕۆکدا، پوچەڵکردنەوەی ئەو دابەشکردنە کۆمەڵایەتییە دێرینەیە کە هاوڵاتییان بە شێوەیەکی ستوونی بەسەر موسڵمان و ناموسڵماندا دابەشدەکات, کە دابەشکردنێکە بالآیی موسڵمانان بەسەر ناموسڵماناندا دەسەپێنێت و جیاوازی دەنێتەوە.

مادەی هەشتەم پەیوەندییەکی بەهێزی بە ماددەی حەڤدەهەمەوە هەیە. ئەم ماددەیە یەکسانیی هاوڵاتییە عوسمانییەکان لەبەردەم یاسا بەڕوونی دەناسێنێت. مایەی تێڕامانە کە دەستوری عوسمانی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هەموو هاوڵاتییان، لەوانە هاوڵاتییە ناموسڵمانەکان، مافی ئەوەیان هەیە کە لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا دابمەزرێن، بەڵام ئەمە لە پراتیکدا ئەو پۆستانە ناگرێتەوە کە تایبەتن بە پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی تر. ئەمەش شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێت کە دەستور لەم بوارەدا پرنسیپی هەوڵاتیبوون جێبەجێدەکات، ئەویش بەپێی دەقی ماددەی نۆزدەهەم.

هەرچەند دەوڵەتی عوسمانی بە توندیی پێی لەسەر مۆرکە ئایینییەکەی داگرتووە و سور بووە لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی، بەڵام چەمکە عەلمانییەکانی هاوڵاتیبوون و یەکسانیی مافەکان لەناو چەندین ماددەی دەستوردا ڕەنگیانداوەتەوە, لەوانە ماددەکانی (١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ و١٥ و ١٩) کە تایبەتن بە ئازادییەکانی تاك، ئازادیی ئایینی، ئازادیی ڕۆژنامەوانی، مافی پێکهێنانی کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی، مافی خوێندن و مافی دامەزراندن لە فەرمانگەکانی دەوڵەت. هەموو ئەم پرنسیپانە دەستەبەری ئەوە دەکەن کە دەوڵەت جیاوازیی لەنێوان پەیڕەوانی ئایینەکان ناکات و بانگەشەی بۆ باڵادەستی ئایین و نیزامێکی ئایینی دیاریکراو ناکات. ڕەهایی یەکسانی ئایینی بە چەمکە مۆدێرنەکەی نەك بە چەمکە کۆنەکەی کە پشت ئەستور بوو بە بەرزی هەندێک ئایین و نزمی هەندێك ئایینی

تر، لە ماددەی (٦٢)دا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و لە ناواخنەکەیدا ناوی ئەوانە هاتووە کە شایستەی ئەوەن کە ببن بە ئەندام لە ئەنجومەنی سەنات(ئەعیان)، لەوانە نوێنەرە ئایینییەکانی جولەکەو مەسیحییەکان. گرنگی ئەندامێتی لەو ئەنجومەنە لەوەدایە کە ئەندامێتی ئەو ئەنجومەنە بەدرێژایی تەمەنە و هیچ کەسێك، تەنانەت سوڵتانیش، مافی ئەوەی نییە کە مافی ئەندامێتی لە هیچ ئەندامێك بسەنێتەوە.

**” ئەو عەلمانییەتەی گەنجەکانی عوسمانی لە ئەورووپاوە بە ئامانجی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتەکەیان لە ئەورووپاوە هێنایانەوە لەگەڵ خۆیاندا، نەیتوانی تیماری یەکجاریی برینەکانی پیاوە نەخۆشەکە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی نیو سەدە تەمەنی دەوڵەتی سوڵتانیی درێژکردەوە “**

**دووەم: دامەزراندنی پەرلەمانی عوسمانی**

ئیسلام مێژوویەکی پەرلەمانی نییە. پێکهێنانی یەکەم پەرلەمان لە مێژووی ئیسلامدا لە ساڵی «١٨٧٦» لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەستپێدەکات، ئەوەش ڕەنگدانەوەی تین و تاوی پرۆسەی مۆدێرنیزە بوو کە بە داهێنانی چەند دامودەزگایەك کرۆکی عەلمانییانەی خۆی تۆکمەتر کرد. ئەو دامودەزگایانە لەمەوبەر نە لە مێژووی ئایینی ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێن نە لە مێژووی سیاسیدا. شتێکی بەڵگەنەویستە کە تەرخانکردنی دەزگایەکی تایبەت لە دەوڵەتدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کە یاسادانان و چاودێریکردنی دامودەزگاکانی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارە، ڕادەی پرۆسەی بە عەلمانیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەردەخات.

ئەم پرۆسەیە کە لە مێژووی ناوچەکەدا نمونەی نەبوو، لەمەودای دووردا هەنگاوی هەڵهێنا. لەم پێوەنگەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی یاسایی ڕۆژهەڵاتدا، وشەی (نیشتیمان) چووە ناو دیکۆمێنتێکی فەرمی گرنگەوە، کە ئەویش دەستوری عوسمانییە. پرۆتۆکۆڵی سوێندخواردنی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا سەپاند کە پەیمانی وەفاداری بۆ سوڵتان و نیشتیمان و دەستور بدەن. کرۆکی پەیوەندیی نێوان سوڵتان کە سەرۆکی دەوڵەتە و نێوان نیشتیمان کە تەواوی هاوڵاتییانی دەوڵەت لەخۆدەگرێت، ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتییانە، پەیوەندییەك کە سوڵتان دەکاتە سیمبولی دەوڵەت هاوڵاتییەکانیش دەبنە سیمبولی ئەو قەڵەمڕەوەی کە دەوڵەتی

لەسەر دامەزراوە و دەوڵەت سەرداریێتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت.

دەستوری عوسمانی ماددەیەکی گرنگی تێدایە کە ماددەی شانزەهەمە. ئەم ماددەیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنی بواری فێرکارییەوە هەیە و لەم سەروبەندەدا مەرج بوو لەسەر هەر خوێندنگەیەك کە دەبێت لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بێت. ئەمەش بەم مانایە دێت کە دەوڵەت بواری فێرکاریی قۆرخ دەکات و نابێت هێزە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە چینە ڕۆحانییەکان، هیچ ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەروەردەدا هەبێت, ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە تا ماوەیەکی دوور و درێژ وەك مەسەلەیەکی تیۆریکی مایەوە، بەڵام دەوڵەت مەبەستی بوو کە پرۆسەی فێرکاریی کۆنتڕۆڵ بکات, بۆئەوەی فرە ڕەهەندی پرۆسەی پەروەردە کێشەی گەورەی لێنەکەوێتەوە. ئەو سیاسەتە مۆرکی بوێرانەی لێداناماڵدرێت و لە کرداردا پرۆسەکە ڕۆڵی لە پێگەیاندنی چینێکی خوێندەواری نوێدا هەبوو، بەتایبەتی کە میتۆدی زانستیی خوێندنگە مۆدێرنەکان لە میتۆدە کلاسیکییە ڕۆتینییە کرچ و کاڵەکان سەرکەوتووتر و کاریگەرتر بوو.

سەرەڕای گرنگی دەستور بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی پشتئەستور بە یاساو ڕێگرتن لە تاکڕەوی و دکتاتۆری، هێزە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا بەپێی پێویست سەریان لە بایەخی دەستور دەرنەکردبوو. لە ڕاستیدا دەستور بە پلەی سەرەکی خواستی دەستەبژێرە ڕۆشنبیرە لیبراڵە چاکسازیخوازەکان بوو، خواستی جەماوەر و چینە هەژارەکان نەبوو. کورتبینی و سەردەرنەکردنی جەماوەر لە بایەخی دەستور، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە بەردەم خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی دەستوردا ڕێگربوو، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە، میتۆدی بیرکردنەوەی موسڵمانان سەبارەت بە ئایین ڕۆڵێکی خراپی لە خەباتی دەستوریدا هەبوو. هەندێك لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆچوونێکی نیگەتیفیان دەربارەی دەستور هەبوو، بە چەشنێك کەوا تێگەیشتبوون کە دەستور جێ بە قورئان لێژدەکات، جێی دەگرێتەوە و ئاسەواری لە ژیانی گشتیدا ڕادەماڵێت. دیارترین نمونەی ئەم بۆچوونە بەیتە شیعرێکی تورکی شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە بەوە ناوەستێت کە دەستور بە (وڕێنە) ناو ببات، بەڵکو تەواوی یاسا دانراوەکان بە وڕێنە دەناسێنێت و تەنها دان بە یەك یاسادا دەنێت کە یاسای خوداییە. شێخ ڕەزا لە هەمان گۆشە نیگای ئایینییەوە، لە شیعرێکی دیکەیدا لێکدانەوەیەك بۆ هۆی تێکچوونی ڕەوشی گشتی و پاشەکشەی ڕۆڵی ئایین و گەندەڵیی دەوڵەت و پەرێشانیی گەل پێشکەش دەکات و پەیوەندییەك لەنێوان سوکایەتیکرن بە ئایین و ڕاگەیاندنی دەستور دەدۆزێتەوە و وای بۆ دەچێت کە ڕاگەیاندنی دەستور یەکسانە بە وازهێنان لە دەقەکانی قورئان و دورکەوتنەوە لە ئیسلام.

هەر بۆیە، کاتێك سوڵتان عبدالحەمیدی دووەم لە ساڵی «١٨٧٨»دا دەستورەکەی هەڵوەشاندەوە، هێزە کۆمەڵایەتییەکان کاردانەوەیەکی توندیان نەبوو و هەڵوێستێکی

دیاریکراویان دەرنەبڕی. هەڵوەشاندنەوەی دەستور نیشانیدەدات کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەر لە بەراییەوە دژی دەستور بووە و بە ناچاری ڕەزامەندیی لەسەر نیشانداوە. دەستور بە ئاسانی لەکارخرا و هەڵوەشاندنەوەی هەرایەکی زۆری نەنایەوە, دیارە سوڵتان عەبدولحەمیدی باڵی پارێزگاران بەم چاوە سەیری دەستوریان کردووە کە لە کات بە فیڕۆدان بەولاوە هیچی تر نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سوڵتان و بەرەکەی هەر لە سەرەتاوە بە پێویستیی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت و پێکهێنانی دامودەزگای دەستوری و پیادەکردنی ڕێوشوێنی دیموکراتییانە لە حوکمرانیکردندا پابەندنەبوون. ئەم بابەتە گوزارشت لە مەسەلەیەکی قووڵتر دەکات کە پەیوەندیی بە نزمی هۆشیاریی ڕۆشنبیری و سیاسیی شەقامەوە هەیە و نیشانی دەدات کە زۆربەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان هێزی کۆنەپارێز بوون و کەمترین تێڕوانینیی ورد و پێشکەوتنخوازانەیان بۆ ئاییندەی دەوڵەت و پێویستیی مۆدێرنیزەکردن هەبووە.

ئەو ڕەهەندە عەلمانییانەی کە لەگەڵ بزوتنەوەی چاکسازی و هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت سەریان هەڵدا، ئەوەندە بە هێز نەبوون کە ڕەگ و ڕیشەیان بە قووڵی بە ناخی کۆمەڵدا شۆڕبووبێتەوە. لەم ڕووەوە پایتەخت و هەندێك ناوچەی نزیك ئەورووپای لێدەرچێت، چاکسازییەکان و بزوتنەوەی مۆدێرنیزە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمەکان بەجێنەهێشت. ئەوەی ئەمە بە ڕوونی دەسەلمێنێت ئەوەیە کە ئەو خوێندنگایانەی لە هەرێمەکان دامەزران، لەوانە عیراق و کوردستان ئاسەوارێکی زۆریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بەجێنەهێشت. دواتریش، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەنها بۆ نمایشکردن مانەوە.

پشتبەستن بە شیکردنەوەی هەلومەرجی قۆناغی چاکسازییەکان، گومان لەوەدا ناهێڵێت کە تێڕوانینی عوسمانییەکان بۆ عەلمانییەت ئەوەندە پەرەینەسەند بوو کە بگاتە ئەندازەی لێکجیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وەك لە دەستوری عوسمانیدا دەردەکەوێت، عوسمانییەکان پەراوێزێکیان بۆ ڕۆڵی ئایینی فەرمی دەوڵەت هێشتووەتەوە. لەم پێودانگەدا و لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەکیان بە هەر یەك لە ئەرکی ئایینی و ئەرکی سیاسی بەخشیوە و لەم چوارچێوەیەدا تێڕوانینیان بۆ عەلمانییەت ئەوەندە پەلی نەهاوێشتووە کە لە چوارچێوەی بە عەلمانیکردنی دامو دەزگاکانی دەوڵەت دەرچێت و بگاتە ڕادەی داشکاندن بە لای بە عەلمانیکردنی کۆمەڵدا.

## دەرەنجام

ئەو عەلمانییەتەی گەنجەکانی عوسمانی لە ئەوروپاوە بە ئامانجی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتەکەیان لە ئەوروپاوە هێنایانەوە لەگەڵ خۆیاندا، نەیتوانی تیماری یەکجاریی برینەکانی پیاوە نەخۆشەکە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی نیو سەدە تەمەنی دەوڵەتی سوڵتانیی درێژکردەوە.

دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی دانانی دەستوورێکەوە لەلایەک ڕێگەی بە هاتنەناوەوە تەوژمی عەلمانی بۆ ناو قەڵەمڕەوییەکەی کردەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە بە دەستوو ڕەوایەتیی بە دەسەڵاتی عوسمانی وەک درێژکراوەی خەلافەتی ئیسلامی دایەوە. ئەمەش هاوڵاتیانی ژێر فەرمانڕەویەتیی عوسمانیی ناچارکرد بۆ پابەندبوون بە پشتیوانی و پارێزگاریی لە دەسەڵاتی سوڵتای.

لە هەمانکاتدا جەختکردنەوە لەسەر چەمکی «سوڵتان» لەبری چەمکی «خەلیفە» و داننان بە مافی یەکسانی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای عوسمانیبوون، لەلایەک ئەو یەکسانییەی کە تەوژمی عەلمانییەت لەمەڕ مافی هاوڵاتیبوون بانگەشەی بۆ دەکرد، جێبەجێکرد. لەلایەکی دیکەوە شکۆی عوسمانیی لە جیهانی ئیسلامیدا بە گەورەیی و پارێزراوی هێشتەوە.

دروستکردنی پەرلەمان و بەکارهێنانی دەستەواژەکانی «وەفاداری بۆ سوڵتان و نیشتیمان و دەستور» لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە کاتی سوێندی یاساییدا، تێکەڵەیەکیان لە عەلمایەتی هاوردەکراوی ڕۆژئاوا و خەلافەتی ئیسلامی خۆرهەڵات دروستکرد، بەجۆرێک سەرجەم کاربەدەستان و هاوڵاتیان قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکە لەژێر فەرمانداریی سوڵتانی عوسمانی وەک خەلیفەی مسوڵمانان بمێننەوە.

بەڵام ئەم چارسەرە زۆر کەمی خایاند و تەنها بۆ ماوەیەکی کەم ئازاری پیاوە نەخۆشەکەی کەمکردەوە و مردنی دواخست.

---

## لیستی سەرچاوەکان

١-دکتۆر خەلیل ئیبراهیم عەلاف، ڕەگ و ریشەی عەلمانییەت لە تورکیای مۆدێرن، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە١،ساڵی حەڤدەهەم، ئایاری ٢٠٠٩، سلێمانی، ل(٩).
٢- ڕەبیر منتران، الامبراطورية العثمانية. دراسة تحليلية في نشأتها و تطورهاو سقولها، ترجمة الدكتور غانم محمد الحفو، مركز الدراسات الاقليمية بجامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٧، ص٢٨.
٣-محمود رئيف افندي، التنظيمات الجديدفي الدولة العثمانية، ترجمة الدكتور خالد زيادة، ونشورات جرس برس، طرابلس، ١٩٨٥ص ٣٠.

٤-الدكتور سامى ريحانا، المجتمعات العسكرية عبر التاريخ، دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٦، ص٢٤٠_٢٤١.
٥-اندرى كلو، سليمان القانونى مثل من التمازج بين الهوية والحداثة، ترجمة البشير بن سلامة، دار الجيل، بيروت، ١٩٩١، ص٤٧.
٦-الدكتور علاء موسى كاظم نورس، الراق في العهد العثمانى: دراسه في العلاقات السياسية ١٧٠٠_١٨٠٠، دار الرشد للنشر، بغداد، ١٩٧٠، ص٣٢_٣٣.
٧-انكه اهارت، تاريخ الاصلاحات و التنظيمات في الدولة العثمانية، ترجمة الدكتور محمود على عامر، دار الزمان للطباعة و النشرو التوزيع، دمشق، ٢٠٠٨، ص٢٣.
٨-خليل اينالجك، التاريخ الاقتصادى والاجتماعى للدولة العثمانية، المجلد الاول ١٣٠٠_١٦٠٠_، ترجمة الدكتور عبدالطيف الحارس، دار المدار الاسلامى، بيروت، ٢٠٠٧، ص٩٧.
٩-انكه ليهارت، تاريخ الاصلاحات و التنضيمات في الدولة العثمانية، المصدر السابق، ص٢٣_٢٤.
١٠-هەمان سەرچاوە ل٢٥.
١١-الامير شكيب ارسلان، تاريخ الدولة العثمانية، تحقيق حسن السماحى سويدان، دار ابن كثير و دار التربية، دمشق_ بيروت،٢٠٠١, ص٢٨٥.
١٢-دكتور خەليل ئيبراهيم عەلاف، رەگ و ریشەی عەلمانییەت لە تورکیای مۆدێرن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.
١٣-عثمان بن سند الوائلى، مطاع السعود: تاريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى ١٢٤٢ هجرية (١٧٧٤-١٨٢٦)، تحقيق الدكتور عماد السلام رؤوف و سهيله عبدالمجيد القيسى، الدار الوطنية للنشر والتوزيد و الاعلان، بغداد، ١٩٩١، ص٣٦٧.
١٤-نيقولاى ايفانوف، الفتح العثماني للقطار العربية ١٥١٦_١٥٧٤، ترجمة يوسف عطاالله، الطبعة الثانية، دار الفارابى، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣١٤_٣١٥.
١٥-دكتور خەلیل ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.
١٦-هەمان سەرچاوە، ل١٩٥.
١٧-انكه اهارد، المصدر السابق، ص٤١.
١٨-بۆ دەق شیعرەکان بڕوانە: دکتور عیزەددین مستەفا رەسول، شیخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی عولا، بەغدا، ١٩٧٩، ل١١٣.
١٩-عباس العزاوى، تاريخ العراق بين احتلالين، الجزء الثامن، الطبعة الثانية، منشورات المكتبة الحيدرية، قم، ١٣٨٣، ص٣١٦.



# نامۆبوونی سیاسیی تاکی کورد... لەنێوان بەرداشی هەرێم و عێراقدا

پ. ی. د. سەنگەر حسام عبدالله
دکتۆرا لە کۆمەڵناسیی سیاسی

## پێشەکی:

بەپێی زۆربەی تێڕوانینەکان بە ڕەهەندی ئایینی و فەلسەفی و هزریشەوە دۆخی نامۆبوونی مرۆڤ لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە، بگرە بەپێی تێڕوانیی ئایینی بۆ پێش هاتنە سەر زەوی مرۆڤ دەگەڕێتەوە[1]. بەڵام لە پەیوەندییدا بە سەرهەڵدانی چەمك و شرۆڤەکردنی دیاردەکە بە مانا و تێگەشتنی جیاواز لە پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤ لە کایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، وابەستەی کۆمەڵێك شرۆڤە و خستنەڕووی نوێ دەبێتەوە و زیاتر لە ڕەهەندێکی بۆ تێگەشتن دەبێت، بەوەش چەمکی نامۆبوون زیاتر ڕووندەبێتەوە و توانای تێگەشتن بۆ دیاردەکە ئاسانتر دەبێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە چەمکی « نامۆبوون و ئەو دیاردانەی پێوەی پەیوەستن خاوەن ڕەهەندێکی قووڵی مێژوویی و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندە، کە جێکەوتەی تێڕوانینی ئایینی و فەلسەفی و کۆمەلایەتی و هزری بونگەریی و سایکۆلۆژییەکانی پێوە دیارە»، کە دەکرێت لە کارێکیتر یان خستنەڕوویەکی تیۆریی باسی لێوە بکریت. بەڵام لە پەیوەندیی بە نامۆبوونی سیاسیی لای نەتەوەی کورد، لێرەدا مەبەستمانە تیشک بخەینە سەر سەرەتاکانی هەستکردن بە دیارەدەکە لە دوای درکردن بە دەرکەوتەکانی لای تاکی کوردی و دروستبوونی قۆناغەکانی لە ڕابردوو و ئێستادا، بەتایبەت دوای دابەشکاری کوردستان بەسەر چوار وڵاتی جیاواز. هەروەها لەم کارەماندا بە گرنگی دەزانین ئاماژە بۆ دیارترین قۆناغەکانی نامۆبوونی سیاسیی لە باشوری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی نوێدا، تاوەکو گەشتن بە دیاردەی نامۆبوونی سیاسی لە سایەیی

دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی دیاردەکە لە هەرێمی کوردستان و ژینگەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی و پرسی نەتەوەیی.

لەدوای دروستبوونی عێراقی نوێ «دوای ٢٠٠٣» نەتەوەی کورد لەڕێگەی پارت و کارەکتەرە سیاسییەکانەوە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی بەشداری ڕاستەوخۆیان لە داڕشتنەوەی دەستوور و بونیادنانی ژیانی سیاسی نوێی عێراقدا هەبوو، لە ئەنجامدا ئەو ناوچە کوردیانەی کە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری (الحکم الذاتی)بوون لە دەستووردا بەپێی مادەی «١١٧» بە ناوی هەرێمی کوردستان جێگیرکرا، لەدوای ئەو ماوە بەراورد بە پێش قۆناغی ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا پرۆسە سیاسییەکان و بەشدارییە سیاسییەکان بۆ تاکی کوردی و سیاسییەکان بەشێکی بە ئاڕاستەی کاری سیاسیی لە ناوخۆی هەرێم و بەشێکی تری بە کاری سیاسیی لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا پەیوەست بووە. بەڵام ئەوەی کە لە دەستووری عێراق و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی کایەی سیاسیی لەم هەرێمە دەگوزەرێت, پرسی ئەرك و ماف و دادگەری و بەهاکانی هاونیشتیمانیبوونی بردوەتە قۆناغێکی ترەوە، کە تاکی کوردی هەست بە گۆڕانکاری بکەن و بتوانن لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کولتووری و مەدەنی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن؟ یاخود بە پێچەوانەوە لە تێگەشتنیان بۆ پرۆسەی سیاسی و پرسە نیشتیمانییەکان و بەشدارییە سیاسییەکان هەست بە بۆشایەکی گەورە لەنێوان خۆیان و دەسەڵاتی سیاسی دەکەن و تووشی جۆرێك لە نامۆبوونی سیاسیی بوون, لە هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو ژینگە سیاسی و دامودەزگا حکومییانەی لە ئێستادا جومگەکانی ژیانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەدەستەوەیە.

**تەوەرەی یەکەم: ناساندنی چەمکەکە: نامۆبوونی سیاسی (Political Alenation):**

نامۆبوونی سیاسیی بە یەکێك لە بەربڵاوترین جۆرەکانی نامۆبوون لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بەگشتی و لەنێویشیاندا کۆمەڵگای عێراقی بەتایبەتی دادەنرێت، ئەمەش بەهۆکاری بنچینەی دروستبوونی دەوڵەتەکە و بارودۆخ و کێشمەکێشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگا لە ڕابردوو و ئێستاشدا. هەروەها پرسی ماف و دواواکارییەکان، دەرئەنجامی ڕووداو و شەڕ و کارەساتەکان, بەهۆی بەردەوامی دیاردەکە و جێکەوتەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا بە پێویستی دەزانین ناساندێک بۆ ئەم چەمکە (نامۆبوونی سیاسی) بکەین، کە دەربڕی «بێ توانای و لاوازییە لە بەشداری سیاسی و نارازیبوون لە سیستم. هەروەها بە مانای نەبوونی متمانە و تێکشکاوی و بێزاری بەهۆی نائومێدییەوە دێت[٢]. لەلایەکی ترەوە ساموێل لۆنگ (Samuel Long) نامۆبوونی سیاسیی وا پێناسە دەکات: دۆخێکە تێدا هەست

بە ناڕازیبوون و بێ هیوای و دوورکەوتنەوە دەکرێت لە سەرکردە سیاسییەکان و سیاسەتی حکومەت و سیستمی سیاسی، هەروەها هەستی نامۆبوونیش وادەبینی، کە لە پێنج ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە: (هەستکردن بەلاوازی، تێکشکاوی، نەبوونی متمانە، دووری وتەنیای و نائومێد)[٣]. هەروەها لای رنشۆن (Stanley Allen Renshon – ١٩٤٣- لە ژیاندایە) نامۆبوونی سیاسی ئەو دۆخەیە تاك گیرۆدەی بووە بەهۆی هەستکردنی بەوەی نامۆیە بەسیستمی سیاسی، لەبەرئەوەی بۆشایەکی گەورە لەنێوان «بەهاکانی ئەو » و «بەهای سیستم (سیستمی سیاسی)» هەیە، کە خۆی لە ڕەتکردنەوەی پێوەرەکانی کۆمەڵگا و کەلتوورەکەیدا دەبینێت، لەم دۆخەشدا نامۆبوون وابەستەی هەستکردن بە نەبوونی ئینتما دەبێت[٤].

لە یەکێکی تر لە پێناسەکاندا وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو دۆخە دەخرێتەڕوو، کە شێوە و دەرکەوتەکانی بە لاوازی سیاسی دەستپێدەکات، کەسی نامۆ  توانای ئەوەی نییە بڕیاری کاریگەر لەڕووی سیاسییەوە بدات. هەروەها پێوەر و ڕێسا ڕێکخراوەکانی بۆ کاری سیاسی لێ ون دەبێت، بەمانایەکی تر: مرۆڤ هەست بە نەبوونی ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی سیاسییدا دەکات، بڕیاربەدەستەکان هیچ گرنگیەکی پێنادەن و بەهەندی وەرناگرن[٥]. ئەم چەمکە لە ڕوانگەی ترەوە بەمجۆرە خراوەتەڕوو: «دۆخێکی هەستەکییە مرۆڤ گیرۆدە دەکات، بەهۆی درکردنی بە پەراوێزخستنی و لەدەستدانی ڕۆڵی سیاسی لە کۆمەڵگاکەیدا، پەڕخستن و گوێپێنەدان و بەشداری پێنەکردنی لە هیچ پرۆسەیەکی سیاسییدا، ئەمەش وادەکات هەست بە جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لە واقع بکات، وێناکردنی بۆئەوەی لە دەوروبەریەتی نامۆ بێتە پێش چاو و توانای تێکەڵبوونیانی نەبێت، بڕوای بە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و گۆڕین نەبێت»[٦].

پیناسە و تێگەشتنەکان لەسەر ئەم چەمکە جۆراوجۆر و بەیەکداچوون, بۆ نموونە لە تێگەشتنێکی تردا مەبەست لە نامۆبوونی سیاسیی: «هەستکردنی تاکە بە لاوازی بەرامبەر بەشداری ئەرێنی لەو هەڵبژاردنە سیاسییانەی گوزارشت لە بیروبۆچوونی ڕاستگۆی جەماوەر بکات. هەروەها هەستکردنە بە کەنارگیری و پێنەدانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی کاریگەر لە دروستکردنی ئەو بڕیارە چارەنووسسازانەی کە پەیوەستە بەرژەوەندییەکانی بەوپێیەی ئازاد نییە لە بیروبۆچوونی و گرنگی پێنادرێت و بەهەند وەرناگیرێت[٧]. لەلایەکی تروە نامۆبوونی سیاسیی خۆی لە دۆخی دژبەیەکی نێوان خودێتی تاك و دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی و ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە. هەروەها نامۆبوونە بەرامبەر خودی پرۆسەی سیاسی و دەرئەنجامەکانی و جیبەجێکردنی سیستەم[٨]. هەروەها بریتییە لە دۆخی ژیانی پەرگیری و کشانەوەی تاك یاخود کۆمەڵە کەسێك بەشێوەی تەواوەتی یان جارجار

لە سیستمی سیاسیی بەجۆرێك یان ڕەتیدەکاتەوە یاخود بەشێوەیەکی ڕووکەش ملکەچی بووە یان لە ناوەخندا لە کۆی پرۆسە سیاسییەکە بێزارە، ئەو دۆخەش بە ڕەنگدانەوە لە ڕفتارەکاندا دەبینرێت، وەکو بێباکی و کشانەوە و یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە و خۆپیشاندان و گردبوونەوەی ناڕازی تەنانەت تاوەکو گەیشتن بە توندوتیژی سیاسی و تیرۆر[٩].

لە بەرئەنجامی ئەو پێناسە و ناساندنانەی سەرەوە بۆ «نامۆبوونی سیاسی» کران دەتوانین بڵێین نامۆبوونی سیاسی بریتییە لەو دۆخ و تێگەشتنە سیاسییەی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی دروستدەبێت بەرامبەر پرۆسەی سیاسی و سیستەمی سیاسی و ژینگەی سیاسی، کە بەهۆییەوە بێهیوای و بڕوانەبوون بە گۆڕانکاریی دێتەکایەوە و تاک هەست بە کاریگەریی و گرنگی خۆی لە کایەیی سیاسەتدا ناکات و هەست بە بەرکەوتن لەنێوان بەها باڵاکانی کۆمەڵگا و بەها باو و سیاسییە دروستکراوەکاندا دەکات.

**تەوەرەی دووەم: دەرکەوتەکانی نامۆبوونی سیاسی و قۆناغەکانی:**

لەم تەوەرەدا لە چوارچێوەی دوو خاڵدا باس لە دەرکەوتەکان و قۆناغەکانی نامۆبوونی سیاسیی دەکەین.

**یەکەم:** دەرکەوتەکانی نامۆبوونی سیاسی:

لێرەدا ئاماژە بۆ چوار ڕەهەندی گرنگ دەکەین کە زۆرێك لە توێژەران بە گونجاویان زانیوە و گەڕاونەتەوە بۆ دابەشکاری هەریەك لە «ڕابندا کانگو (Rabindra N. Kaungo)[١٠] و فینفتر (finifter)[١١]» کە بەمجۆرە خستویانەتەڕوو:

١- بێتوانایی سیاسی (العجز -انعدام القوه السیاسیه): واتە هەستکردنی تاك بەوەی ناتوانێت کاریگەریی لەسەر کردەوەکانی حکومەت دابنێت، هۆکاری ئەمەش لای تاك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەناو کۆمەڵگادا دابەشکردنی بەها پاوەنخوازیەکان کە بە ناوەڕۆکی پرۆسەی سیاسی دادەنرێت ناچێتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە، بەوپێیەش پەیوەندیی نێوان بێتوانایی سیاسی و کارایی سیاسیی بە پەیوەندییەکی پێچەوانە دەناسرێتەوە.

٢- نەمانی مانای سیاسی یاخود بێمانای سیاسی (انعدام المعنى السیاسی): واتە بێتوانای تاك لە جیاکردنەوەی بژاردە سیاسییە مانادارەکان، چونکە تاك ناتوانێت پیشبینی دەرئەنجامە پێشبینکراوەکانیان بکات، بۆیە ناتوانێت بۆ گۆڕینی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریانبهێنێت. بڕیاری سیاسیی چاوەڕواننەکراوە بە لای تاکەوە، ئەو بڕیارانەیە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕێکخراوی هەیە، بۆیە ڕێگری لە تێگەشتن بۆ سیستەمی سیاسیی دادەنێت.

٣- نەمانی پێوەر «بێ پێوەری سیاسی (انعدام المعایر السیاسیە – اللامعیاریە السیاسیە): لەم ڕەهەندەدا تاك باوەڕی وایە ئەو نۆرمە یان ڕیسایانەی وا نیشاندەرێت پەیوەندییە سیاسییەکان بەڕێوەدەبەن شکێنراون، بۆیە لادان لە ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەکان بووەتە کارێکی باو، یاخود دەتوانرێت بگوترێت نەمانی پێوەری سیاسیی بە مانای درككردن بە دارمانی پێوەرەکان لە پەیوەندییە سیاسییەکان دێت، لەگەڵ هەستکردن بەوەی بەرپرسانی سیاسیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان یاخود گەیشتن بە بڕیارەکان ڕێکارە یاساییەکان پێشێل دەکەن.

**” بەپێی زۆربەی تێڕوانینەکان بە ڕەهەندی ئایینی و فەلسەفی و هزریشەوە دۆخی نامۆبوونی مرۆڤ لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە، بگرە بەپێی تێڕوانیی ئایینی بۆ پێش هاتنە سەر زەوی مرۆڤ دەگەڕێتەوە “**

٤- دابڕانی سیاسی یاخود پەرگیریی سیاسی (العزلە السیاسیە): بەگشتی بابەتی پەرگیریی بۆ دوو شێوە دابەشدەبێت ئەوانیش: پەرگیریی ئارەزوومەندانە و پەرگیریی ناچارییە، لە پەرگیریی ئارەزوومەندانەدا: مرۆڤ بە ویستی خۆی دۆخی نامۆبوون لەگەڵ دەوروبەر هەڵدەبژێرێت, نمونەی ئەمەش وەکو: (دەرویش، سۆفی و ئەرستۆکراتەکان و ڕۆشنبیرەکان)، بەڵام لە شێوەی پەرگیریی ناچارییدا: مرۆڤ بەهۆی نەبوونی دۆخێکی پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوروبەر و کەسانی ترەوە دووچاری ئەم پەرگیرییە دەبێت، واتە ژینگەی دەووروبەر وای لێدەکات بەناچاری ڕوو لەو شێوە پەرگیرییە بکات[١٢]. لە پەیوەندییدا بە ڕەهەندی سیاسییەوە پەرگیریی لێرەدا بە مانای ڕەتکردنەوەی بنەمای ڕەفتاری و ئەو ئامانجە سیاسییانە دێت لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا جێگەی باوەڕە، لەگەڵ هەستکردن بەوەی بنەمای یارییەکە (القواعد اللعبة) نایەکسان و نایاسایە، ئەمەش لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت پابەندبوونە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا هیچ شتێکی لێ بەرهەم نایەت، تەنها دەرخەری هەندێک ڕەفتاری ڕووکەشی بێکاریگەرن.

**دووەم:** قۆناغەکانی نامۆبوونی سیاسی:

قۆناغەکانی نامۆبوون لە هەر بوارێکدا بە بواری سیاسیشەوە نابێت وەکو دەرئەنجامێکی

کوتوپڕ و خێرا لێی بڕوانرێت، بەڵکو بەلای زۆرێك لە توێژەرانەوە سێ قۆناغی سەرەکی بۆ دروستبونی نامۆبـوون یاخود نامۆبوونی سیاسیی هەن، بەجۆرێك هەر یەك لەو قۆناغانە درێژکراوە و گرێدراوی قۆناغەکەی دوای خۆیەتی، لە کۆتایشدا شێوەی کۆتایی کەسی نامۆ بەدەردەکەوێت. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە قۆناغەکانی ئەم دیاردەیە دەکەین:

١- <u>قۆناغی ئامادەبوون بۆ نامۆبوون</u>: هیگڵ بە یەکەم کەس دادەنرێت ئەم ڕەهەندەی خستووەتەڕوو، لە کتێبی «لاهوتی»دا تاوتوێی پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان تاك و دەوڵەت کردووە، بەوەی دەوڵەت ناتوانێت تواناکانی تاك تێربکات، بۆیە دەوڵەت وەکو سیستەمێکی نامۆ دەردەکەوێت کە بەرژەوەندیی سیاسیی ئەرینی هاوڵاتیانی تێدا ونبووە، بەهۆی ئەو سیستەمە نامۆیەشەوە تاکەکان کۆنترۆڵ (السیطرة) لەدەستدەدەن، لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەم قۆناغە دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەمیان خۆی لە زەوتکردنی زانینی (المعرفة) مرۆڤ بەرامبەر ڕاستییەکانی ئەو سیستەمە یان دەوڵەتە دەبینێتەوە. دووەمیان خۆی لە زەوتکردنی ئازادی و توانا مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبینێتەوە، بەمەش مرۆڤ توانای پێشبینیکردنی بۆ ڕەفتار و دەرئەنجامە نەرێنیەکانی هاونیشتیمانیانی نامێنێت، ئەم قۆناغە بە دەروازەی پرۆسەی نامۆبوون دادەنرێت ڕەهەندەکانی نەمانی کۆنترۆڵ و بێمانای و بێپێوەی و کارلێکی نێوان ڕەهەندەکانی قۆناغی ئامادەبوون بۆ نامۆبوون تێدا دروستدەبێت[١٣].

٢- <u>قۆناغی ڕەتکردنەوە و بێزاری کەلتووری</u>: ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ بەدوای قۆناغی یەکەمدا دێت و بە بوونی ململانێکان دەناسرێتەوە، مەبەست لە ململانێکان لێرەدا ململانێی ناوەکی و ململانێی دەرەکی تاکە، سەرچاوەی ئەم ململانێیەش بۆ کارلێکی نێوان لایەنی خودی و لایەنی بابەتی دەگەڕێتەوە، چونکە تاك لە لایەك کۆمەڵێك بیروباوەڕ و ئامانجی هەیە و ویستی جێبەجێکردنیانی هەیە, واتە «لایەنی خودی»، بەڵام کاتێك هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە دەدات وادەخوازێت ئامادەی لەو واقعەی تێدا دەژی هەبێت, واتە «لایەنی بابەتی» بۆئەوەی بەپێی ئەو ئامڕازانەی بەردەستە لەو واقعەدا ئامانجەکانی جێبەجێبکات. بەڵام بەهۆی بوونی کێشە لە هەڵبژاردنی میکانیزم و ڕێگرییە کەلتوورییەکان، گێرۆدەی کێشە دەبێت، بۆیە لەم قۆناغەدا وەها سەیری نامۆبوون دەکرێت بەرهەمی کەڵەکەبوونی ناڕازییەکانە، چونکە دەکەوێتە دۆخی دژبەیەکی نێوان کامە واقعییە و کامە ئایدیاڵییە.

٣- <u>قۆناغی گونجاندنی نامۆبوو</u>: ئەم قۆناغە بە قورسترین قوناغ دادەنرێت، چونکە بەرهەمی کەڵەکەبوونی هەستە نەرێنییە جیاوازەکانی تاکە لە هەردوو قوناغی پێشوودا، بەوەش تاك گەیشتووەتە ئاستی دابڕانی کۆمەڵایەتی[١٤]، واتە تاك لە دۆخێکدایە تووشی دابڕان لە خێزانەکەی و هاوڕێکانی بووە و ناتوانێت لەگەڵ ئەو ڕەوتی بارودۆخانەی لە کۆمەڵگادایە

بڕوات، بۆیە لەم ڕێگایانەوە هەوڵی گونجاندن دەدات:

أ- كشانەوە لەو واقعەی(كەتوار) بوەتە هۆكاری نامۆبوونی، ئەمەش خۆی لە «ڕووبەڕوونەبوونەوە یان هەڵاهاتن، یان بێباكیدا دەبینێتەوە.

ب- ملكەچبوون بۆ ئەو دەسەڵاتەی فەرمانڕوایە و لەگەڵ هاوكاریكردنێكی ناچارانە بۆ ئەو سیستەمە، بەهۆی ئەوەشەوە ڕەزامەندیی دەرەكی و ڕەتكردنەوەی ناوەكی لێدەكەوێتەوە، بەجۆرێك ئارامگرتن و چاوەڕوانی و پاساوی لەگەڵدایە بۆ ئەو دۆخەی تێكەوتووە.

ت- یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە لەڕێگەی بزوتنەوەی میللییەوە لەپێناو گۆڕانكاریی بنەڕەتی و تێپەڕاندنی دۆخی نامۆبوون[١٥].

**”نامۆبوونی سیاسیی بە یەكێك لە بەربڵاوترین جۆرەكانی نامۆبوون لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكان بەگشتی و لەنێویشیاندا كۆمەڵگای عێراقی بەتایبەتی دادەنرێت، ئەمەش بەهۆكاری بنچینەی دروستبوونی دەوڵەتەكە و بارودۆخ و كێشمەكێشی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیی پێكهاتەكانی نێو كۆمەڵگا لە ڕابردوو و ئێستاشدا “**

ئایا هەر مرۆڤێك ئارەزووی سیاسەتكردن و بەشداریی سیاسیی نەبوو، دەتوانرێت بگوترێت لە دۆخی نامۆبوونی سیاسییدایە، یاخود گوێنەدانی تاكەكان بە كایەی سیاسیی لە كۆمەڵگاكاندا دەتوانرێت وابەستەی نامۆبوونی سیاسیی بكرێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەكرێت بڵێین: دۆخی نامۆبوونی سیاسیی لای تاكەكان دیاردەیەك نییە لە شەو و ڕۆژێكدا دروستببێت و هیچ بنەمایەك نەبێت بۆ تێگەشتن لێی، بەڵكو هەموو دیاردەیەكی نامۆبوون بە نامۆبوونی سیاسییشەوە كۆمەڵێك ڕێوشوێنی خۆی هەیە بۆ تێگەشتن و جیاكردنەوەی لە دۆخێكی تری دەروونی و ڕەفتارێكی سیاسیی دیاریكراو، بۆیە دەبینی پسپۆران و توێژەران بۆ تیگەشتن لە دیاردەی نامۆبوون یاخود نامۆبوونی سیاسیی چەند ڕەهەند و قۆناغێكی تایبەتیان دیاریكردووە، لە پەیوەندییدا بە ڕەهەندەكانی ئەم دیاردەیە دەبینین گەڕاونەتەوە بۆ هەندێک دەركەوتەی وەكو: «بێتوانایی سیاسی، نەمانی مانای سیاسی، نەمانی پێوەر، دابڕانی سیاسی». واتە كاتێك ئەم دەركەوتانە لای تاكەكان لە هەر كۆمەڵگایەك بە كۆمەڵگای كوردیشەوە هەست پێكرا، دەتوانرێت بگوترێت دیاردەی نامۆبوونی سیاسیی

بوونی هەیە، چونکە بێتوانایی سیاسیی لای تاك كاتێك سەرهەڵدەدات، گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی ناتوانێت كاریگەریی سیاسیی دروستبكات، بەتایبەت ئەگەر تاك نەتوانێت پیشبینی دەرئەنجامە پێشبینكراوەكان بكات، بەهۆی بێتوانای لە جیاكردنەوەی بژاردە سیاسییە ماناداره‌كان، هۆكاری ئەمەش بۆ درككردنی بە داڕمانی پێوەرەكان لە پەیوەندییە سیاسییەكان دەگەڕێتەوە، بەوەش نەمانی پێوەری بەدوادا دێت، ئەمەش بۆ دابڕانی سیاسیی لەو ژینگە سیاسی و كۆمەڵایەتییەی لە كۆمەڵگادا هەیە سەردەكێشێت.

ئەو دەركەوتانەی ئاماژەمان پێكردن زادەی ڕووداوێكی كوتوپڕ نین، بەڵكو هەموو دیاردەیەكی نامۆبوونی سیاسیی بە چەند قۆناغێكدا تێدەپەڕێت و هەڵگری بەشێك لەو ڕەهەندانە دەبێت، تاوەكو لە دواجاردا شێوەی كۆتایی وەردەگرێت و دیاردەكەی پێدەناسرێتەوە، بۆیە دەبینین نامۆبوونی سیاسیی بەهۆی بوونی كۆمەڵێك هۆكارەوە سەرەتا بە قۆناغی ئامادەبوون بۆ نامۆبوون دەستپێدەكات، كە هەڵگری دەركەوتەكانی «نەمانی كۆنترۆڵ و بێمانای و بێپێوەی و كارلێكی نێوانیانە، دواتر بەو پاشخانەی قۆناغی یەكەمەوە پێدەنێتە قۆناغی دووەم، لەم قۆناغەدا گیرۆدەی بیزاری كەلتووری دەبێت و لە ئاست بژاردەكان و بەها وپێوەرەكانی كۆمەڵگادا دەسەوەستانە. لە كۆتاییدا بە كاریگەریی قۆناغی یەكەم و دووەم بۆ قۆناغێكی مەترسیدار دەگۆڕێت، وادەكات تاكێكی نامۆ دروستبێت و وەكو كەسێكی نامۆ گونجاندنێك بۆ دۆخی تازەی دروستبكات، كە زۆرجار لە شێوەی دابڕانی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەردەكەوێت، هەر بارودۆخێكیش قبوڵ بكات بەلایەوە  ناچارییە و تا ئەندازەی یاخیبوون و شۆڕش لە بیركردنەوەیدایە. كەواتە گەر پرۆسەكە بەو شێوەبێت، ڕەنگە لە نووسین و خستنەڕوویەكی خێرای لەم شێوەدا ئاماژە بە ڕەهەند و قۆناغەكانی نامۆبوونی سیاسیی لە كۆمەڵگای كوردی ئامانجی مەترسی دیاردەكە لێرەدا ڕوون نەكاتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە لای گەنجان لە هەرێمی كوردستاندا لە پەیوەندیی بە بەهاكانی هاونشتیمانیبوون، لە چوارچێوەی تێزێكی دكتۆرادا كارمان لەسەر كردووە, كە زۆر بەڕوونی درك بە دەركەوتەكان و دیاریكردنی قۆناغەكانی تێدا بەدەركەوتووە، وەكو ئاماژەیەكی ترسناك، كە حزب و سیاسییەكانی هەرێم لێی بێباكن.

**تەوەرەی سێیەم: نامۆبوونی سیاسیی لە كۆمەڵگای كوردییدا**

**یەكەم: نامۆبوون لە مێژووی كورددا**

بەپێی شرۆڤەی مێژوونووسان دیاردەی نامۆبوون لای تاكی كورد ڕەگ و ڕیشەیەكی قووڵی هەیە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی و دابەشكردنی ناوچەكان و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەكەدا، بە مانایەكی تر دوای ڕێكەوتنامەی (سایكس–

بیکۆ)، کە ئەمەش وایکرد کۆمەڵێك گۆڕانکاریی دروستبێت کە کورد درك بە زیانەکانی بکات لەناو پێکهاتەی ئەو قەوارە نوێیانەدا، ئەڵبەت ئەم دۆخەش وابەستەی ڕەهەندێکی زانستییە لە پەیوەندییدا بە نامۆبوون لە کۆمەڵەکان، چونکە زۆرترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نامۆبوون لە کۆمەڵگا پەیوەستە بە ئەندازەی هۆشیاریی کۆمەڵگا بەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە پێیدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ هۆشیاریی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هۆکارانە[١٦]. لەنێو ڕێکەوتنامەکەدا ئەوەی جێگەی تێڕامان بووە سەبارەت بە کورد، ئاماژەکردن بووە بۆئەوەی کوردەکان هەستییان بۆ نەتەوە نییە؟ کارێکی نەکردەیە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، پێیان وابووە کە هیچ هۆکارێك نییە ڕێگربێت لە بەردەم دابەشکردنی کورد کاتێك بتەوێت سنور بسەپێنیت، یان بۆچی وا دابنێین کە کورد گەلێکە پێویستی بە پاڵپشتییە. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتنامەیە خاڵی یەکەم و دووەم و چوارەم و نۆیەمی تایبەت بوو بە کوردستان و بەهۆیەوە کوردستانی دابەشکرد و پرسی کوردی پشتگوێخست. هاوکات بەردەوامی بە دابەشکردنی کوردستان دا[١٧].

**” قۆناغەکانی نامۆبوون لە هەر بوارێکدا بە بواری سیاسیشەوە نابێت وەکو دەرئەنجامێکی کوتوپڕ و خێرا لێی بڕوانرێت، بەڵکو بەلای زۆرێك لە توێژەرانەوە سێ قۆناغی سەرەکی بۆ دروستبونی نامۆبوون یاخود نامۆبوونی سیاسیی هەن، بەجۆرێك هەر یەك لەو قۆناغانە درێژکراوە و گرێدراوی قۆناغەکەی دوای خۆیەتی لە کۆتاییشدا شێوەی کۆتایی کەسی نامۆ بەدەردەکەوێت “**

دەرئەنجامی ئەو دابەشکاریەش دیاردەی سەردەستی و ژێردەستی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیە دروستکرد. ئەمەش وایکرد «لەو دەوڵەتانەی کە ئەنگیزەیەکی (النزعة) تواندنەوەیەکی سەرکوتگەرانەیان دەرحەق بەوانە هەبێت کە لەگەڵ هۆشیاریی نەتەوەپەرستییاندا یەکناگرنەوە، بە دیاریکراویش لەگەڵ کوردەکان کە گەورەترین گروپن لەگەڵ خودهۆشیاریی ئەو دەوڵەتانە و گروپەکانیاندا ڕێکنین. دوای بێئومیدی (نامۆبوون) لەو گۆڕانە نوێیەی لەناوچەکە هاتەئاراوە، کوردەکان بەدەستی سپی و پەتییەوە ڕووبەڕووی ئەنگیزەی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە بوونەوە کە هەموو شێوازێکی دڵڕەق و کەرەستەی پاوانکردن و توندوتیژییان بەکارهێنا، دژی نەتەوەیەك کە تەنها بەرگرییان لە بوونی خۆیان کردووە. هەروەها لە لایەکی تر لە کاتێکدا گەلانی وڵاتانی سەرکەوتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپێناو بەدەستهێنانەوەی شکۆمەندیی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانیان «عەرەب،

فارس، عوسمانی» گیانبازییان بۆ یەکێتیی نێوان کۆمەڵێك وڵات و بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمایەتی خۆیان دەکرد، کورد بێئومێد بوو, ئا لەو کاتەدا کوردەکان گیانبازییان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانە دەکرد ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت، بۆ ئەوەی قەبارەی ئەو دەوڵەتانە بچوکتربن و کەمتر ناوەندی و خاوەن هەژموون بن و نەرمترین لەوەی کە خەون و سیاسەت و هەوڵەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئەو قەوارە گەورانە دەیخوازن، کە کرۆکی سەرکەوتنی ئەو هەوڵانە وابەستەی داننان بە کوردەکان و بە ڕێژەیان و هاوبەشییان لە چوارچێوەی ئەو قەوارانەی کە تیاندا دەژین[١٨].

کەواتە ئایا دەشێت ڕێکەوتنامەیەکی سیاسی وەك سایکس –بیکۆ ڕۆڵێکی گەورە لە نامۆبوونی خودی نەتەوەیەکدا بگێڕێت؟ بێگومان ئەو ڕێکەوتنامەیە تەنها مێژوویەکی ڕووداوئامێزی ماوە کورت نەبوو، تەنها پەیوەندیی نێوان دوو وڵات یان چەند وڵاتێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێکبخات. بەڵکو مێژوویەکی سیاسیی بوو، بایەخی بە پرسگەلێکی قووڵتر لە (مێژووی ڕووداو) دەدا، لەجیاتی گرنگیدان بە کەسایەتی و زنجیرەی ڕووداوەکان توانی بچێتە بوارگەلێکی فراوانی توێژینەوەی میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئەمەش لەڕێگەی کەناڵگەلێکی جۆراوجۆرەوە بەدەستهات: گرنگیدان بە سیاسەت وەك شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری، نزیکخستنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی لە دامەزراوە سیاسییەکان و بەرچاوڕۆشنی دەربارەی ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە پێکهێنانی کایەی سیاسییدا. دابەشکردنی کوردستان یاخود سایکس-بیکۆ زۆر بەوردی کاری لەسەر (قۆڵکردنەوەی) شێوازە جیاوازەکانی نامۆکردنی خودی کوردی کردووە. تەنانەت زیادەڕەوی ناکەین گەر بڵێین مێژووی کورد لە سەد ساڵی تەمەنی ئەو ڕێکەوتنامەیدا مێژووی نامۆکردنی خودی کوردییە. بەکورتی ئاماژە بۆ گرنگترین ئەو شێوازانە دەکەین کە لە نامۆبوونی خودی کوردییدا دەبینرێت: (گوێڕایەڵی یاخود ملکەچی بۆ کۆ، ملکەچکردنی سادیی و ماسۆشی، ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتە نادیارەکان)، کەواتە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت نامۆبوونی خودی کوردی پەیوەستە بە هەلومەرجی مێژوویی کوردستان و زادەی دۆخی ژێردەستەیی کورد و دواکەوتوویی و شێواوی سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردییە، ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆش بەهۆی درێژەدان بە دۆخی ژێردەستەیی و پارچەپارچەکردنی کورد و کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە پرۆسەی نامۆکردنی خودی کوردییدا گێڕاوە[١٩].

ئەگەر بەوردی سەرنجی دۆخی گرێدانی زۆرەملێی کورد لەدوای دابەشکردنی بەسەر ئەو وڵاتانە بدرێت، دەبینین ڕەهەندی سیاسی و مێژوویی جێکەوتە و کاریگەریی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی تاك دروستکردووە، هۆکاری ئەمەش خۆی لەودا دەبینێتەوە پاڵنەری

نامۆبوونی سیاسیی تاکی کورد لەناو پێکهاتەی دەوڵەتە نوێیەکاندا دوای وەرگرتنەوەی ویستی خودی لای تاکی کورد بووە و ئاراستە سیاسییە نوێیەکان لەو وڵاتانە لە بنەمادا لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد دروستبووە، بۆیە ئەمەش وایکردووە نامۆبوونی سیاسیی دروستبێت، بەجۆرێك تاکی کورد» بگاتە دۆخێك هەست بکات بە سیستەمی سیاسی نامۆیە، چونکە بۆشاییەکی گەورە لەنێوان بەهاکانی و ئەو سیستەمەدایە/ ئەمەش خۆی لە ڕەتکردنەوەی پێوەر و ڕۆشبیریی کۆمەڵگادا دەبینێتەوە»[٢٠].

**” بەپێی شرۆڤەی مێژوونووسان دیاردەی نامۆبوون لای تاکی کورد ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی ناوچەکان و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا “**

دووەم: پرسی نامۆبوونی تاکی کورد و گەنجان لە عێراقی نوێدا

نامۆبوونی سیاسیی کورد لە ناو قەوارە سیاسییە نوێیەکاندا بۆ بە دەستهێنانی مافی کورد لەو وڵاتانەدا هەر زوو دەرئەنجامەکانی لە شێوەی یاخیبوون و شۆڕش و بزوتنەوەی بەرهەڵستکاریی بەدەرکەوت. هەروەها لە پەیوەندیی بە باشوری کوردستاندا (هەرێمی کوردستان) هەر لە سەرەتاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتانەی مافی کوردییان پێشل دەکرد, کۆمەڵێك ڕەوت و بەرە و حزب دروستبوون بۆ نمونە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لقی کوردستانی عێراق، حزبی هیوا «١٩٣٨»، حزبی برایی «١٩٣٨»، حزبی پشتیوانی کورد «١٩٣٨»، پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق (شۆڕش)، بەرەی ڕزگاری کورد «١٩٤٥»، پارتی دیموکراتی کورد «١٩٤٦» (پارتی دیموکراتی کوردستان)[٢١]، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە «١٠»ی حوزەیرانی «١٩٧٠»، شۆڕشگێڕان و بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان[٢٢]. ناڕازیبوونی خەڵك و سەرکردە و ڕابەران و شوێنکەوتوانی (پێشمەرگە) ناو ئەم حزبانە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەپێی پلەبەندیی مێژووی خەباتیان خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەم و دەسەڵاتانە دەبینێتەوە کە حوکمڕانی عێراقی کردووە، بەمانایەکی تر گیرۆدەی دۆخی نامۆبوون بوون لەناو ژینگەیی سیاسی کۆمەڵگای عێراقیدا، بەتایبەت دوای بەرفراوانبوونی قۆناغی خەبات کە سەرەتا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر لە «١٩٧٥» بە ڕابەرایەتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تاوەکو «١٩٩١» لە دژی

ڕژێمی بەعس لە خەباتی بەردەوامدابوون، کە لە مێژووی سیاسیی عێراقدا بەتایبەت بۆ کورد پڕ کارەساترین قۆناغی سیاسییە، چونکە حزبی بەعس لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرا دەست پارێزیان لە هیچ نەدەکرد، ئەم پێکهاتە یەك یاسا بەڕێوەیدەبرد و دەیجوڵاند، کە یاسای کوشتن و لەناوبردن بوو. مێژووی بەعس مێژووی لەناوبردنی هەموو ئەوانەیە کە بەهەر هۆیەك بوبێت وەك نەیار و ناحەز وێنایکردوون، تارادەیەك لەناوبردنی کەسە خاوەن ڕا و بۆچوون و قورساییەکانی ناو حزبی بەعس خۆشی[٢٣]. ئەمەش بزوتنەوەی سیاسیی کوردی تووشی نامۆبوون بەرامبەر بەو ڕژێمە کردبوو، کە سەرەڕای کۆمەڵێك ڕێکەوتنامە مافەکانی کورد تێیدا پێشیل دەکرا، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەو دۆخە بزوتنەوەی سیاسیی کوردی تووشی نامۆبوونی سیاسیی کردبوو وەکو ئەوەی «صامئول لۆنگ (long) ئاماژە بۆ نامۆبوونی سیاسیی دەکات بەوەی: دۆخیکە کە تێدا هەست بە ناڕازیبوون و بێهیوای و دوورکەوتنەوە دەکرێت لە سەرکردە سیاسییەکان و سیاسەتی حکومەت و سیستمی سیاسی»[٢٤].

سەرەڕای ئەو ئامادەییە دەستوورییە و بەشداری عێراق لە چەندین پەیماننامە و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافی مرۆڤ بە نمونە «ڕێکەتنامەی ڕێگری لە تاوانی کۆمەڵکوژی لە ساڵەکانی «١٩٤٨» و ساڵی «١٩٥٩»، ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتیی دژی شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزی لە ساڵی «١٩٦٥» و ساڵی «١٩٧٠» پەیماننامەی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە ساڵی «١٩٦٦» و ساڵی «١٩٧١». پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە ساڵەکانی «١٩٦٦» و «١٩٧١»[٢٥].

مێژووی عێراق تۆمارێکی خوێناوی دیاری لە پێشکاریی مافەکانی مرۆڤدا هەیە دژی میللەتەکەی خۆی تا ئەندازەی کۆمەڵکوژی (پرۆسەی ئەنفال، کیمابارن، سەرکوتکردنی شیعەکان...هتد). بۆیە دەبینین لە بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەلایەن هاوپەیمانان بەسەرکردایەتیی ئەمریکا، کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ لە ڕێگەی هێزە سیاسییەکانەوە لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری عێراق لە کۆبوونەوەکان چۆنیەتی گۆڕین و پلانی جیبەجێکردنی هەنگاوە مەیدانییەکان بەشداربوو. هەروەها هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە چوار ئاڕاستەی (دیالە– کەرکوک– موسڵ– سەڵاحەدین) کە لە بەرواری «٢٠» مارتی «٢٠٠٣» دەستپێکرد ڕۆڵی گرنگیان لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان بینی، تا لە کۆتاییدا لە: «٢٠٠٣/٤/٩» کۆتایی بە ڕژێمی بەعس لە عێراق هێنرا، سەرئەنجام لە «٢١» نیسانی «٢٠٠٣» «جەی گارنەر» وەکو سەرۆکی نوسینگەی بوژاندنەوە و هاریکاریی مرۆیی لە عێراق لەلایەن هاوپەیمانان دانرا و دوای ماوەیەک «پۆل بریمەر» حاکمی سەربازی ئەمریکا وەکو جێگرەوەی «گارنەر» دەستبەکاربوو، دواتر ناوی ئەو دەزگایە بۆ (ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی

کاتی عێراق) گۆڕا و ماوەی ساڵێکی خایاند، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش لە خولەکانی بەڕێوەبردن بەشداربوون، تاوەکو گەشتن بە حکومەتی کاتی عێراق بە سەرۆکایەتیی «ئەیاد عەلاوی– سەرۆکوەزیران» و «غازی عجیل یاور» سەرۆککۆمار، کە کورد لە وەزارەتەکاندا بەشداربوو. دواتر ئەم قۆناغەش بۆ حکومەتی عێراقی ڕاگوزەر بە سەرۆکایەتیی «ئیبراهیم جەعفەری– سەرۆکوەزیران» و «مام جەلال تاڵەبانی– سەرۆککۆمار» گۆڕا. هەروەها لە ماوەی سەرۆکایەتیی یەکەم کورد «مام جەلال» لە «٣ی مایۆی ٢٠٠٥» بۆ «٢٠ی مایۆی ٢٠٠٦» توانرا ڕای میللەت لەسەر ڕەشنووسی دەستوور وەربگیرێت و لە «١٥ی حوزەیران ٢٠٠٥»دا دەستووری هەمیشەی بۆ میللەتی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانەوە دابنرێت. بەڕای شارەزایان دەستووری نوێی عێراق بەراورد بە دەستوورەکانی تر دەستوورێکی پێشکەوتووە و زۆر لایەنی ئەرێنی تێدایە, لە بابەتی ماف و ئازادییەکاندا، بەو پێیەی «دەستووری نوێ ساڵی «٢٠٠٥» کۆمەڵێك بەند و مادەی ڕوون و ئاشکرای پەیوەست لەسەر هاوڵاتیبوون دیاریکردووە»[٢٦].

> **” نامۆبوونی سیاسیی کورد لە ناو قەوارە سیاسییە نوێییەکاندا بۆ بە دەستهێنانی مافی کورد لەو وڵاتانەدا هەر زوو دەرئەنجامەکانی لە شێوەی یاخیبوون و شۆڕش و بزوتنەوەی بەرهەڵستکاریی بەدەرکەوت “**

بەڵام ئایا لە ئێستادا دوای «٢٠» ساڵ لە نووسینەوەی دەستوور و بەشداری بەردەوامی کورد (پارتی و یەکێتی– بەزۆری) لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق توانراوە پرسی ماف و خاک و کێشە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بەپێی دەستوور یەکلا بیکەنەوە، یاخود هەموو خولێکی بەشداری سیاسیی کورد لە بەغداد سوڕانەوەیە بە دەوری هەمان بازنەدا، یان بووەتە هۆی لەدەستدانی خاکی زیاتر و پێگە و قورسایی زیاتری کورد لە بەغداد بەتایبەت دوای پرسی» ڕیفراندۆم لە «٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧»، کە دەکرێت وەکو لوتکەی نامۆبوونی سیاسیی بەرامبەر بەغداد لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە سەیر کرابێت؟ بەڵام ئایا ڕیفراندۆم و دەرهاویشتەکانی دۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانی بە کوێ گەیاند؟ هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و بایکۆتێکی سیاسیی لەلایەن ئەم دەستەبژێرە سیاسییە لەسەر ئەو پرسە بەرامبەر بەغداد بینرا؟ یاخود ئەم دەستەبژێرە بە ئەرکی خۆڕادەستکردن

و دڵنەوایی سیاسی و گەرەنتیدان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی سیاسیی لە بەغداد هەستان؟ لەم سەروبەندەدا دەکرێت بپرسین ئایا تاکی کورد خاوەنی چ جۆرە شوناسێکی هاوڵاتیبوونە لە عێراق؟ لەنێوان پابەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقدا، تەنها هاوڵاتیانی کورد (موچەخۆران) لە عێراقدا لە داواکردنی مافەکانیاندا کەوتونەتە بەرداشی نێوان ئەو دوو حکومەتە بۆ ماوەی «١١» ساڵە باجی بێسەروبەری و عینادی حوکمڕانی لە هەرێم و بەغداد دەدەن.

**سێیەم: نامۆبوونی تاکی کوردی و گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا**

ئەگەر تاکی کورد لە سەرەتاوە بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بێگانەوە تووشی نامۆبوون هاتبێت، بە هەموو شێوەیەك خاك و وڵات و ئاوی لێ قەدەغە کرابێت، ئەوا ئەمڕۆ هەمان دیاردەی نامۆبوون بە فۆڕم و شێوازێکی تر خۆی قوت کردووەتەوە. ئەگەر پێشتر نامۆبوون لە گۆڕینی ناو و ناسنامە و خەباتی سیاسیی زۆرەملێدا بووبێت، ئەوا ئێستا ڕقلێبوونەوە و ململانێی سیاسیی ناوخۆی و دزین و بردنی ماڵ و سامانیەتی لەلایەن چەند کەسانێکی دیاریکراوەوە[٢٧]. بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە کە دەبینرێت گۆڕانێکی بەرچاو لە نەخشەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردییدا هاتووەتەکایەوە. کۆمەڵێك گروپی بەهێز و باڵادەست دروستبوون کە بەر لە ڕاپەڕین یان بوونیان نەبوو، یان گروپی بچوك و لاواز و پەراوێزی بوون. ئەم گروپە تازانە، کە تێکەڵەیەکن لە بەرپرسە سیاسی وسەربازی و حیزبی و درێژکراوەکانیان لەناو کەرتە ئابورییە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردییدا، ئەمڕۆ لەیەککاتدا خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی و حیزبی و سەربازی گەورەن، توانیویشیانە بە سەدان شێوە ئەم دەسەڵاتانە بۆ دەسەڵاتێکی ئابوریی شاراوەی بێحساب تەرجەمەبکەن[٢٨].

ئەم جۆرە گروپانە کە هێزی ئەم هەرێمەیان لە دەستدایە بە جۆرێك لە ماوەکانی پێشوودا حوکمڕانیان ئاڕاستەکردووە, کە گەندەڵی ببێتە پەتایەکی کوشندە بۆ کۆمەڵگا و دیاردەی گەندەڵی زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردی داگیربکات، بەتایبەت لە ئاستی باڵا و خاوەن دەسەڵاتەکاندا، لە کاتێکدا لە زۆرێك لە وڵاتداندا حکومەت و دامودەزگاکانی هۆکاری بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵین لە کۆمەڵگادا. گەندەڵی بۆ کۆمەڵگاکان مەترسییەکی گەورە و نەخۆشییەکی کوشندەیە، چونکە گەندەڵی لە یەککاتدا ئەخلاق لە سیاسەت و ئەخلاق لە ئینسان و سیاسەت لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگاش لە ئەخلاق دەسێنێتەوە. گەندەڵی لە پاڵ ئەوەی کە وێرانییەکی مادیی دروستدەکات, لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا بە سەرنوێلکێکی ویژدانی و ئەخلاقیش دەگۆڕێت. مەترسیی گەندەڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی لە شوێنێکی وەك عێراق و کوردستاندا لەوەدایە کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە،

دەستی لەناو زۆربەی هەرە زۆری ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیدایە، بۆیە گەندەڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی دەبێتە هۆی گەندەڵبوونی ڕەهەندەکانی تری ژیان. لە هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە گەندەڵی لە کوردستان و عێراقدا بەگژداچوونەوە و سزادانی گەندەڵی بوونی نییە، لە کاتێکدا گەندەڵی بەبێ سزادان دەبێتە پەتایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەموو نیشتیمان نەخۆش دەخات[٢٩].

**” مێژووی عێراق تۆمارێکی خوێناوی دیاری لە پێشکاریی مافەکانی مرۆڤدا هەیە دژی میللەتەکەی خۆی تا ئەندازەی کۆمەڵکوژی (پرۆسەی ئەنفال، کیماباران، سەرکوتکردنی شیعەکان...هتد). بۆیە دەبینین لە بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەلایەن هاوپەیمانان بەسەرکردایەتیی ئەمریکا، کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ لە ڕێگەی هێزە سیاسییەکانەوە لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری عێراق لە کۆبوونەوەکان چۆنیەتی گۆڕین و پلانی جیبەجێکردنی هەنگاوە مەیدانییەکان بەشداربوو “**

باشترین بەڵگە بۆ پشتگوێخستنی سزادانی گەندەڵکاران ئەزموون و مامەڵەی پەرلەمانە لەگەڵ کاربەدەستان و بەرپرسان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەکانی حوکمڕانی کوردیی دوای ساڵی «١٩٩١»، کە هیچ وەزیر و پلەدارێکی باڵا لێپرسینەوەی لەسەر گەندەڵی لەگەڵدا نەکراوە، «چونکە بەدرێژای نۆ کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێنج خولی پەرلەمانی، «٢٨٢» کەس بوون بە سەرۆکی حکومەت و جێگیر و وەزیر، لەم ڕێژەیە «١١٨» وەزیریان بەبێ وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمانی کوردستان دامەزرێنراون، چونکە ئەو ماوەیە دەکەوێتە سەردەمی دوو ئیداریی لە نێوان «١٩٩٦-٢٠٠٥»، سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتی و قەیران و کێشە و گرفتانەی هەبووە، هیچ یەکێك لەو «٢٨٢» کەسەی ئەنجومەنی وەزیران متمانەیان لێ وەرنەگیراوەتەوە[٣٠].

دەرئەنجامی ئەو شێوازە لە حوکمڕانی وەها دەکات تاکی کورد بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لە چەندین بواری جۆراوجۆردا تووشی نامۆبوون بن، بۆ نموونە لە بواری سیاسییدا گەنجان

تاڕادەیەکی زۆر لە دەسەڵاتی سیاسی و بەشداری لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا دوورکەوتوونەتەوە، ئەمەش وا لە تاکی کورد دەکات ڕەشبینانە و بێهیوایانە بڕواننە دەسەڵاتی سیاسیی کورد و ژیان و چارەنووسی خۆیان. ئەو دۆخەش دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ترە کە وای لە هاونیشتیمانی لەم هەرێمە کردووە بێهیوا و بێئومێد بێت و گوێ بە سیاسەت و حکومەت و بەشداریکردن نەدات. فاکتەرێکی تری نامۆبوونی سیاسیی گەنج لەدوای دەسەڵاتەوە خۆی لە (خێزان و داب ونەریت و کۆمەڵگە و قوتابخانە و ڕاگەیاندن و میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)دا دەبینێتەوە, لەڕێگەی سەپاندنی داب ونەریتەکانەوە دەست وەردەداتە خەون و خواستەکانی گەنج, بۆیە ناتوانێت بەشداری بڕیار وەرگرتن و یەکلایکردنەوەی کار و چالاکی و پێداویستییەکانی بکات[٣١]. هەروەها دووبارە هاتنەکایەوەی هۆز و خێڵ و ناوچەگەریی لە ئێستای کۆمەڵگای کوردی و ئاڕاستەکردنی گەنج لەو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە وابەستەی بەرژەوەندیی سەرۆك هۆز و حزبە سیاسییەکانە، لەبری پەرپێدان بە تواناکانی گەنجان لەڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە.

هەروەها لە پەیوەندییدا بە ڕەهەند و ژینگەی ئاینی لە کۆمەڵگای کوردییدا, چەندین ئاڕاستە و دەستە و گروپ و حزب بوونی هەیە، بەڵام فرەیی لەم بوارەدا جۆرێك ململانێ و پەرتەوازەیی و دژبەیەکی لە بوارەکەدا دروستکردووە، بۆیە دەبینین لە پاڵ هۆکارە سیاسی و ئابورییەکاندا ڕەهەندی ئایینیش بووەتە هۆی نامۆبوون و توندڕەوی بۆ بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا و گەنجان بەتایبەتی. ئەم پرۆسەیە تەنها لە ململانێی ناوخۆی ڕەوت و حزبە ئیسلامییەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو درك بە جۆرێکی تر لە ململانێ لەنێو کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردییدا دەکرێت، لەلایەك زۆرێك لە ڕەوتەکان هەنگاو بەرەو سەلەفیزم دەنێن و لە بەرامبەردا ڕەوتگەلێك پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەوان هەنگاو دەنێن، ئەمەش بەتایبەتی لەنێو ئەو لاوە نوێیانەی کورد کە ڕابردوو و دابونەریتەکان ڕەت دەکەنەوە، ئەم ململانێیە لە ژیانی ڕۆژانە و بزوتنەوەی سیاسییەکان و ڕەوتە هزرییەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تری مرۆڤدا دەردەکەوێت. هەروەها یەکێك لەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە بەڕوونی دەرکەوت لە سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی کۆچی کرێکاران و کارامەیی کورد بۆ دەرەوەی وڵات و سیاسەتی کرانەوەی ئابوری، بەهای زیاد لە ڕادەبەری بەکارهێنەرە زیادەڕەوەکان و باڵادەستی بەهای تاك و نقومبوون بۆ ئاواتە تایبەتە کورتخایەنەکان، ئاغایی بەهای پارە بەسەر هەموو بەهاکانی تردا زاڵی و سەرهەڵدانی بەهاکانی چەندێتی سیاسی[٣٢].

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا دەکرێت توێژێکی گرنگی وەکو گەنجان ڕۆڵیان لەناو گۆڕانکاری و ڕووداو و ململانێ و ڕەخنەکردنی شێوازی حوکمڕانی کوردی بێئەرزش بکرێن؟

بێگومان نەخێر، چونکە سەرەڕای هەڵمژینی تواناکانی گەنجان لە ناو حزبەکاندا و دروستبوونی حزب لەژێر دروشمی گەنجانەدا، توێژی گەنجان لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتیشەوە دەکرێت خۆی ڕێکبخات و ببێتە خاوەن گوتاری تایبەتی خۆی و بە پرۆژەی تایبەتی خۆیەوە لە شێوەی هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی یان گروپێکی فشاردا خۆی ئۆرگانیزە بکات. بەتایبەت دوای ئەوەی دەرکەوتووە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ مەزەندەی ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوان بریتییە لە: (٦ شەش ملیۆن و ١٧١ هەزار و ٨٣ کەس) لەم ژمارەیەش گروپی تەمەن «١٥-٢٩» ساڵ بریتییە لە: (١ ملیۆن و ٧٢٧ هەزار و ٩٠٣ کەس) کە دەکاتە ڕێژەی سەروو (٢٨٪)ی دانیشتوان[٣٣].

**” ئەگەر تاکی کورد لە سەرەتاوە بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بێگانەوە تووشی نامۆبوون هاتبێت، بە هەموو شێوەیەك خاك و وڵات و ئاوی لێ قەدەغە کرابێت، ئەوا ئەمڕۆ هەمان دیاردەی نامۆبوون بە فۆڕم و شێوازێکی تر خۆی قوت کردووەتەوە “**

لە لایەکی ترەوە دەکرێت بپرسین ئایا تەنها تەمەن پێوەری جیاکردنەوەی جیاوازی نێوان نەوەکانە، یاخود چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەنگڕێژکردنی ژیان کە ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی تەمەنی پێوە دیاربێت، لەم ڕووەوە نوسەری دیاری کورد (بەختیار عەلی) جەخت لەوە دەکات: گەنج و پیر هەردووکیان لەیەك دەچن ئەگەر دوو پرۆژەی جیاوازیان نەبێت. ئەوەی گەنج دەکاتە گەنج و پیر دەکاتە پیر پەیوەندیی بە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و لەیەك جیادەبێتەوە، ئەگەر ئەم لەیەك جیابوونەوەیە نەبێت و پرۆژە نەبێت ناسنامەی پیر و گەنج دواجار ناسنامەیەکی هاوچوونیەکە, ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییە گشتییە کە کۆمەڵگا بە درێژایی مێژوو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای دروستدەکات، واتە گەنج لەو ساتەدا دروستدەبێت کە پرۆژەیەکی جیاواز دێنێتە گۆڕێ, کە ساتێك دێت ساتی گۆڕانە کە جۆرێکی تر لە بیری تر لەدایکدەبێت, کە دیدێکە لە خاڵە جەوهەرییەکان ناچێتەوە سەر دیدە کۆنەکان، لێرەوە بیری گەنج کە دروست ئەبێت بیرێکی ڕەخنەگرانەیە، چونکە ئەو داواکاریانەی کە گەنج هەیەتی هێشتا لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاستی سروشتی دەسەڵاتی سیاسیی ڕەنگینەداوەتەوە، کەواتە لە کۆمەڵگادا گەنج و یاخیبوون تەواوکەری یەکترین[٣٤].

کەواتە بۆ تێگەشتن لە دۆخی گەنج لە هەرێمی کوردستان دەبێت گەنج وەکو تاکێکی کۆمەڵگا و گرنگ گەنجبوونی خۆی بسەلمێنێت بە پرۆژە و کرداری تایبەتمەندیی خۆی دەرکەوێت، هەرچەندە ڕێگرییەکان لەلایەن نەوەی پێش خۆیانەوە زۆربێت بۆئەوەی بتوانن نامۆبوونی خۆیان بگۆڕن بۆ نامۆبوونێکی ئەرێنی و گۆڕانکاریی گەورە ئەنجامبدەن. چونکە «ڕۆڵی گەنج بە هەردوو ڕەگەزەوە وەك مرۆڤ ئەمجار وەك سامان پەیوەندیی بە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابوری-کۆمەڵایەتیی هەر نەتەوە و وڵاتێکەوە هەیە، بەشداری گەنج بە هەردوو ڕەگەزەوە بەتایبەت ڕەگەزی مێ لە ژیانی ئابوری و سیاسیدا مەرجە بۆ پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگای چالاك و بۆ گەنج (سامان)ی وڵات. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە گەنج و گەنجی کوردستانەوە هەیە بە ئاشکرا دەبینرێت کە نەتوانراوە کەڵك لە توانا و هێزی گەنجان بەگشتی (بەتایبەت خانمان) لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی ئابوری و سیاسی وەربگیرێت. هەروەها ئەم گەنجینەی وڵاتیش کە هەیە و هەبووە بۆ پێگەیاندنی گەنج و کارکردنیان لە ژیانی ئابوری و سیاسیدا ئاراستەنەکراوە, تا بتوانن بەخشندەبن, بەتایبەتی کوڕان لە بێهیواییدا بۆ شوێنانی تر سەرهەڵدەگرن. پاش تەواوکردنی زانکۆ و پەیمانگاکان بەهۆی نەبوونی دامەزراوەیی ئابوریی لە زۆربەی بوارەکاندا «کشتوکاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، یان هەر بوارێکی تری ئابوریی...» ناتوانن شوێنی کار لە وڵاتدا پەیدا بکەن. دۆخی کۆچکردنی ڕەگەزی نێر لە شێوەی شەپۆل لەڕووی دیموگرافییەوە بۆ ئایندەی کوردستان جێگەی مەترسییە، بەتایبەت لە پەیوەندییدا بە زیادبوونی قەیرەیی کچان و نەمانی دەستی کاری گەنجان بۆ داهاتوو[٣٥].

**دەرئەنجام:**

بەسەرنجدان لە خستنەڕوو و ناساندنی چەمکی نامۆبوونی سیاسی و دەرکەوتە و قۆناغەکانی دیاردەکە، هەروەها بە تیشکخستنە سەر ئەو دەروازە کورتە مێژووییەی کورد لەناو قەوارە سیاسییە جیاوازەکان و حوکمڕانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت، ئەگەر نامۆبوونی سیاسیی بۆ هاوڵاتیان لە وڵاتانی تر بەگشتی حاڵەتێك یان قۆناغێکی تایبەت و ڕاگوزەربێت، بۆ تاکی کورد پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەوپێیەی دەسپێکی ماف و ئازادییەکان و ژیانی سیاسیی لە شێوەی نکوڵی بوون و باڵادەستی و ژێر دەستی نەتەوەیی و سڕینەوەی کەلتوور و جیاوازیی چینایەتی بینیوەتەوە، ئەمەش وایکرد تاکی کورد لەناو ئەو وڵاتانەی دابەشکراوە بە سەریاندا هەست بە نامۆیی بکات، بە مانایەکی تر کاتێک مرۆڤ تەنها بە جەستە لەناو کۆمەڵگەدایە هەموو خەیاڵ و هزرو بیرکردنەوەکانی داگیرکراوە و سەرجەم کارەکانی تری ژیانی بەبێ ڕازیبوون و بیرکردنەوەی ئەوانی تر بڕیار و هەڵوێست وەردەگرێت،

لەم دۆخەدا هەژارترین و بێدەرەتانترین و نامۆترین کەسە. لەم ڕووەوە گوتراوە نامۆبوون لە دەستدانی سەربەستی و داگیرکردنی بوونی مرۆڤە لەلایەن تاکەکانی ترەوە، بەو بڕوایەی کە سەربەخۆی و ئازادیی جەوهەری مرۆڤە. بەوپێیە مرۆڤ لەگەڵ داگیرکردنی بونییدا لە جەوهەری خۆی نامۆ دەبێت و وەکو کەسێکی کاریگەر یاخود داهێنەر ناتوانێت ڕۆڵی سەرەکی خۆی ببینێت. هەروەها لە پەیوەندییدا بە هەرێمی کوردستان هۆکارەکانی نامۆبوونی سیاسیی بە فۆرمیکی تر ئامادەیی هەیە و بەجۆرێک کە بە بەردەوامی کار لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دیاردەکە دەکات، بەتایبەت کاتێک پانتاییەکی بەرفراوان کەوتووەتە نێوان دەستەبژێر و کاربەدەستە سیاسییەکان و هاوڵاتیان. هەروەها شکۆی دامەزراوەکان پەیوەستە بە بەرژەوەندیی سیاسیی حزبەکان، لەلایەکی ترەوە کار لەسەر بێبەهاکردنی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن دەکرێت، لەگەڵ نەبوونی لێپرسینەوەی جدی لە یاساشکێنان و گەندەڵی و دروستبوونی جیاوازیی چینایەتی و لاوازبوونی خزمەتگوزارییەکان و بێباکی لە دواکاری ماف و موچەی هاوڵاتی، ئاڵۆزبوونی کاری حزبی و تێکچوونی پێوەری سەرکەوتن و پلەبەندی حزبی، ئەمانە و زۆر هۆکاری تر لە هەرێمی کوردستان بەردەوام کار لەسەر دروستبوونی (بێتوانایی سیاسی، نەمانی مانای سیاسی، نەمانی پێوەر، دابڕانی سیاسی) دەکەن لای تاکی کوردی، ئەم دەرکەوتانەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پرسی نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتیمانی و لایەنگیری بۆ حزبەکان و پشتگیریی بۆ پرۆسەی سیاسی و بڕوابوون بە حکومەت هەیە.

---

## لیستی سەرچاوەکان:

١-حدة، أ.ذيب،(٢٠١٨)، الاغتراب الديني عند فيورباخ وأثره على كارل ماركس، دراسة منشورة في مجلة (دراسات)، كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، جامعة عبدالحميد مهري قسنطينة ٢، الصفحات في المجلة ١٧٣-١٩٧، ص١٧٦.
٢-عبدالقادر، بلعابد (٢٠١٤)، الاتجاه نحو العنف و علاقته بالإغتراب لدى الشباب في ضوء متغيرى الثقافة والجنس، رسالة دكتوراه في علم النفس مقدمة الى قسم علم النفس و علوم التربية، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة الوهران، الجزائر, ص١٣.
٣-مبيض، هبة خليل سعدى(٢٠١٠)، اللاجئون الفلسطينيون بين الاغتراب والاندماج السياسي «دراسة حالة مخيم بلاطه»، قدمت هذه الأطروحة استكمالاً لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس _ فلسطين، ص٢٦.
٤-الرواشدة، علاء زهير (٢٠١٣)، الاغتراب السياسي لدى الشباب الجامعي – المجلة الأردنية للعلوم الاجتماعية – المجلد ٤ – العدد ٣، ص٢٦٩.
٥-خليفة، عبداللطيف محمد،(٢٠٠٣) دراسات في سيكولوجية الاغتراب، دار الغريب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، ص٩٧.

٦-ميلود، ولد صديق (٢٠١٥)، الإغتراب السياسي في الوسط الطلابي « دراسة استطلاعية لرأى المجتمع الطلابى في العملية السياسية على ضوء التحولات السياسية في العالم العربي، مركز الكتاب الاكاديمي، ص١٧.
٧-عباس، دانيال علي (٢٠١٦)، الاغتراب النفسي وعلاقته بالتحصيل الدراسي «دراسة مقارنة بين طلبة المرحلة الثانوية الترلاء في مراكز الإيواء والطلبة المقيمين في محافظة دمشق، الماجستير في علم النفس التربوي، قسم علم النفس، كلية التربية، جامعة دمشق، ص٣٧.
٨-الشاذلي، عبدالحميد محمد(٢٠٠٨)، الاغتراب النفسي لدى الشباب الجامعي، مجموعة اجيال لخدمات التسويق و النشر و الانتاج الثقافي، ط١، القاهرة –مصر، ص١٥.
٩-صادق، نداء مشطر(٢٠١٩)، الامن الفكرى، كأحد اليات معالجة الاغتراب السياسي لدى الشباب «إنموذج معرفي مقترح للجامعات العراقية» دراسة منشورة في مجلة السياسية و الدولية من الصفحات (٨٥-١١٠)، المجلد٢٠١٩ ، العدد ٣٩-٤٠, ص٨٨.
١٠-اسماعيل و فاطمة (٢٠١٩) قرافي سفيان، ديداوي (الاغتراب السياسي عند الشباب) دراسة ميدانية لطلبة العلوم السياسية بالجامعة أدرار، مذكرة لنيل شهادة الماستر في تخصص تنظيمات إدارية، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، جامعة أحمد دراية أدرار، الجزائر, ص١٧.
١١-عيدي، جاسم محمد(٢٠١٩)، الاغتراب السياسي و علاقتة بالثقة الاجتماعية المتبادلة لدى طلبة الجامعة ، الجامعة المستنصرية – كلية التربية –قسم الإرشاد النفسي و التوجيه التربي – مركز البحوث النفسية، مجلة العلوم النفسية، المجلد٣٠،ص٤١٨.
١٢-حماد، حسن (٢٠٠٨)، الاغتراب الوجودى « دراسة في جدل الصراع بين الرغبة في التنفرد و غواية الامتثال»، هلا للنشر والتوزيع، الجيزة – مصر, ص٢٧.
١٣-شتا، لسيد علي (١٩٨٤)، نظرية الاغتراب من منظور علم الاجتماع، دار عالم الكتب للنشر والتوزيع، الرياض, ص٣٤٠-٣٧٩.
١٤-سليمة، العمري (٢٠١٩)، دور الاتصال التنظيمى في التخفيف من الاغتراب الوظيفي لدى العامل بالمؤسسة الجزائرية، اطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم في علم الاجتماع، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة العربي بن مهيدى –أم البواقي، الجزائر, ص١٥٧-١٥٨.
١٥-عباس، دانيال علي (٢٠١٦)، الاغتراب النفسي وعلاقته بالتحصيل الدراسي «دراسة مقارنة بين طلبة المرحلة الثانوية الترلاء في مراكز الإيواء والطلبة المقيمين في محافظة دمشق، الماجستير في علم النفس التربوي، قسم علم النفس، كلية التربية، جامعة دمشق, ص٤٢-٤٣.
١٦-عبد الرحمن، منى أبو القاسم جمعه(٢٠٠٨)، الاغتراب الفكري والاجتماعي في الشخصية القومية العربية، منشورات جامعة قار يونس، بنغازي، ليبيا, ص٤٣.
١٧-محەمەد، کامەران (٢٠٢٠)، کورد بونیادێکی نەخەمڵیوو، چاپخانەی تاران، چ ١، سلێمانی, ل١١٥.
١٨-محمودو رستم (٢٠١٩)، الأكراد و الأثمان المهولة للحرب العالمية الأولى، مقالة منشورة بنتاريخ (١٢ اكتوبر ٢٠١٩) في الحرة (تلفزيون الحرة )، (com.alhurra.www)، يوم زيارة الى الموقع (١٢ / ٩ / ٢٠٢٣) ساعة (١٠م).
١٩-محەمەد، کامەران (٢٠٢٠)، کورد بونیادێکی نەخەمڵیوو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.
٢٠-الرواشدة، علاء زهير (٢٠١٣)، الاغتراب السياسي لدى الشباب الجامعي – مصدر سابق, ص٢٩٦.
٢١-عەبدولخالق، مەسعوود (٢٠١٢)، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان « ڕەوتیان – ئایدۆلۆژیان – هەڵسەنگاندنیان»، چاپخانەی هێڤی,١٠٠-١٠١.
٢٢-عەبدولخالق، مەسعوود (٢٠١٢)، هەمان سەرچاوە, ل١١٩-١٢٠.
٢٣-قانع، مەریوان وریا(٢٠١٣)، فیکر و دونیا، بەرگی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،

سلێمانی، ل ٣٥١-٣٥٢.
٢٤- مبيض، هبة خليل سعدى(٢٠١٠)، اللاجئون الفلسطينيون بين الاغتراب والاندماج السياسي «دراسة حالة مخيم بلاطه»، مصدر سابق، ص٢٦.
٢٥- الاتفقات الدولية المعنية بحقوق الانسان التي صادق عليها العراق قبل عاع ٢٠٠٣، جدول (١/٢٠)، الصكوك الدولية لحماية حقوق الانسان، iqLAAS.gov.cosit.www، يوم زيارة الى الموقع (٢٠٢٣/٨/٣٠) ساعة (١١م).
٢٦- المرسومى، صلاح غضى صياح خليفة(٢٠١٥)، مستوى معالجة الفضائيات العراقية لمفهوم المواطنة من وجهة نظر الاكاديمين العراقيين العاملين في الجامعات الاردنية، رسالة ماجستير غير منشور، قسم الاعلام، كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط، ص١٥.
٢٧- میراودەلی، لیا حسن محمد (٢٠٢٢)، نامۆبوونی دەروونی –سیاسی، توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٩، ژمارە ٢، ڕەزبەرل٦٩.
٢٨- قانع، مەریوان وریا(٢٠١٢)، سیاسەت و دونیا «مانا و بێمانایی سیاسەت لە کوردستاندا» ئەندیشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ل٣١٧.
٢٩- قانع، مەریوان وریا(٢٠١٢)، سیاسەت و دونیا «هەمان سەرچاوە، ل٣٢٤.
٣٠- دةزطاى ميديايي درةو (٢٠٢١)، ثةرلةمان لة ذيَر هةذمووني حكومةتداية؟ رِاثؤرتيَكى شيكاريية لة بةراوارى (٢٠٢١/٦/١٤) لة سايتى درةوميدياية بلاَوكراوةتةوة (net.drawmedia.www ) رؤذى سةردانيكرن بؤ سايت (١٣/ ٩ / ٢٠٢٣ ) ٠٠:٩م.
٣١- میراودەلی، لیا حسن محمد (٢٠٢٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.
٣٢- الزيبارى، طاهر حسو(٢٠٠٦)، بنية المجتمع الكردي، مقالة علمية منشورة بتاريخ (٢٣ / ٥ / ٢٠٠٦) في موقع قناة الجزيرة (org.ampproject.cdn.net-azeera.www )، يوم زيارة الى الموقع (١٢ / ٩ / ٢٠٢٣) ساعة (٩ م).
٣٣- زريان رِؤذهةلاَتى و ئةوانيتر (٢٠٢٣)، رِاثرسي رِةانطةى طةنجان لة هةريَمى كوردستان – ٢٠٢٣، ناوةندى ليكؤلَينةوةى رِووداو، www.rudaw.net ، حوزةيرانى ٢٠٢٣، لا ١٣ -١٦، رؤذى سةردانيكرن بؤ سايت (٥/ ٩ / ٢٠٢٣) ٠٠:٨م.
٣٤- ئارام سدیق (٢٠٠٧)، گەنج و شوناس «گفتوگۆ دەربارەی گەنج» چاپەمەنی گەنج بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی، ل١٧١.
٣٥- طةناوي، محمد امين (٢٠١٦)، طةنج و طةنج، وتاريَكى بالاَوكراوة لة بةراوارى (٢٠١٦/٢/١٩ ) لة سايتى سثى ميديا، com.speemedia.www، رؤذى سةردانيكرن بؤ سايت (٥/ ٩ / ٢٠٢٣) ٠٠:٨م.



# داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان دەق و پراکتیکدا

بهجت علی احمد
خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی

## پێشـەکی:

هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی بلۆکە نەوتییەکان و بەرهەمهێنانی نەوت تیایاندا، یاسای نەوت و غازی ژمارە «٢٢»ی ساڵی «٢٠٠٧»ی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچواند[١]. بەپێی یاساکە مۆدیلی هاوبەشی بەرهەم دیاریکراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان.

گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم بە قۆناغی سێیەم لە مودیلی گرێبەستەکانی وەبەرهێنانی نەوت دادەنرێت، کە لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوت لە ئێران و دواتر لە عێراق لەلایەن کۆمپانیا نەوتییە بەریتانییەکانەوە گرێبەستی ئیمتیاز بەسەر دەسەڵاتدارانی ئەو دوو وڵاتە بۆ ماوەی «٧٥» ساڵ سەپێندراوە، ئەم گرێبەستانە کەمترین داهات و مافی بە وڵاتانی خاوەن نەوت دابوو، بەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە لەژێر ئینتدابی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بوون و مافی هیچ گفتوگۆ و پێشنیازێکیان لە کاتی واژۆکردنی گرێبەستەکان نەبووە.

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بە سیاسیکردنی پرسی نەوت و شاردنەوەی گرێبەستەکان لە چاوی کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ و بە تاکڕەوی بڕیاردان لە لایەنی پراکتیکی پرۆسە نەوتییەکان، نەتوانراوە بەشێوەی پێویست لێکۆڵینەوە و شیکاریی پێویستی بۆ بکرێت, تا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەو مۆدێلەی گرێبەستی نەوتی دیاری بکرێت.

حکومەتی هەرێم بۆ شەفافکردنی پرۆسەکە، ساڵی «٢٠١٧» گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیتی بەریتانی واژۆکرد، بەڵام ئەو داتا و زانیارییە یاسایی و ئابووریانەی کە دراوە بە ڕای گشتی لەڕێگەی کۆمپانیاکە، بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی کەم و تێکەڵ بوون. هەر بۆیە نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی هەبێت و بتوانێت گومانەکانی سەر پرۆسە نەوتییەکانی هەرێم بڕەوێنێتەوە و نەوت بکاتە نیعمەتێك لە فکر و بیری هاوڵاتی، هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی هاوڵاتیان نەوت وەك سەرچاوەی نەهامەتی دەبینن.

لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی ئەکادیمیانە بۆ سیستەمی یاسای و ئابووری ئەم گرێبەستە نەوتییانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئایا مۆدیلی هاوبەشی بەرهەم بۆ کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان گونجاوە یاخود نا؟ و زیان و قازانجەکانی ئەم جۆرە گرێبەستە چی بووە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان؟

ئەم توێژینەوەیە بۆ دوو بەش دابەش دەکەین، لەبەشی یەکەم شیکاریی گونجاوی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم بۆ بلۆکە نەوتییەکانی هەرێم لەڕووی دەقەوە دەکەین. لە بەشی دووەم شیکاریی لایەنی پراکتیکی گرێبەستە نەوتییەکان و داهاتە نەوتییەکان بەپێی گرێبەستەکان و یاسای نەوت و غازی هەرێم دەکەین.

**بەشی یەکەم: گونجاوی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم بۆ نەوتی هەرێم**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای نەوت و غاز ژمارە «٢٢»ی ساڵی «٢٠٠٧» گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك کۆمپانیای نەوتی جیهانی کردووە بۆ گەڕان و پشکنین لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێم وەك قۆناغی یەکەمی گرێبەستەکان. دوای دۆزینەوەی نەوت بە بڕی بازرگانی خەسڵەتی بلۆکە نەوتییەکان دەگۆڕێت بۆ کێڵگەی نەوتی و قۆناغی دووەمی گرێبەستەکان دەست پێدەکات بۆ پەرەپێدان لە کێڵگە نەوتییەکان کە قۆناغی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانە.

لەم بەشەدا، شیکاریی ئەو بنەمایانە دەکرێت کە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمی لەسەر پێکهاتووە. هەروەها شێوازی دابەشکردنی داهاتە نەوتییە بەدەستهاتووەکان لەنێوان هەرێم و کۆمپانیا نەوتییەکان کە پێویست بوو لە کاتی دابەشکردنی پەیڕەو بکرێت.

**یەکەم: بنەماکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم**

بەشێوەیەکی گشتی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم لەسەر دوو پایە بونیادنراوە، کە بریتین

لە ملكانەی نەوت ”Royalty“، و مەترسي ”Risk“، مەبەستیش لە مەترسی مەترسی گەڕانە بۆ نەوت لە بلۆكە نەوتییەكە. هەروەها ئەم مۆدێلەی گرێبەست بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت. قۆناغی یەكەم گەڕان و پشكنینە كە ماوەكەی لەنێوان «٥ بۆ ٧» ساڵە. دووەم قۆناغی پەرەپێدان و بەرهەم كە ماوەی گرێبەستەكەی لەنێوان «٢٠ بۆ ٢٥» ساڵە[٢].

ملكانەی نەوت «Royalty» یەكێكە لە خاڵە جیاكەرەوەكانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم لە جۆرەكانی تری گرێبەستی نەوتی كە وڵاتانی خاوەن نەوت ئەنجامی دەدەن، ڕێژەی ملكانەی گرێبەستی نەوت جێگیر نییە و گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانكاریانە لەسەر چەند پێوەرێك بنەما دەگرێت، كە گرنگترینیان پێگەی بلۆكە نەوتییەكەیە، ئایا ناوچەیەكی دەشتاییە یاخود دەریایی یان شاخاوی سەخت، كە تێدا كاری گەڕان و پشكنین و بەرهەمهێنانی نەوت تێیدا قورسە.

هەروەها بنەمایەكی تری دیاریكردنی ملكانەی نەوت بریتییە لەوەی كە ئەو بلۆكە نەوتییە ڕێژەی مەترسی دۆزینەوەی نەوت تێیدا چەندە، ئایا پێشتر كاری ڕووپێوی و پشكنینی بۆ كراوە یاخود نا، چونكە ئەگەر بلۆكە نەوتییەكە پێشتر وڵاتی خاوەن نەوت، یاخود كۆمپانیای تر كاری پشكنینی بۆ كردبێت و ئاماژەی بوونی نەوت تێیدا هەبێت، ڕێژەی مەترسی دوزینەوەی نەوت تێیدا كەم دەكاتەوە، ئەو كاتە ڕێژەی ملكانەكە بەرز دەبێت، كە بەسوود بۆ وڵاتی خاوەن نەوت دەگەڕێتەوە[٣].

ڕێژەی ملكانەی نەوت لەنێوان (١٠٪) تا (٢٥٪)ی كۆی نەوتی بەرهەم دەبێت، پێش دەركردنی تێچووی بەرهەمهێنان و دابەشكردنی نەوتی قازانج لەنێوان كۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوت و وڵاتی خاوەن نەوت. لە گرێبەستی نێوان حكومەتی هەرێم و كۆمپانیای «HUNT OIL»ی ئەمەریكی بۆ كێڵگەی نەوتی عین سفنی، ڕێژەی مولكانەی نەوت بە (١٠٪) دیاریكراوە، كە نزمترین ئاستی مولكانەی نەوت دیاریكراوە، كە ئەمەش لەبەرژەوەندیی كۆمپانیای وەبەرهێنە.

بەپێی مۆدیلی هاوبەشی بەرهەم، كۆمپانیای وەبەرهێنەر بەرپرسیارێتیی دابینكردنی بوجەی پێویست بۆ قۆناغی یەكەمی پرۆسەی گەڕان و پشكنین دەگرێتە ئەستۆ، كە لەم قۆناغە كاری ڕووپێوی و پشكنین بۆ بلۆكە نەوتییەكە دەكرێت، داتای تەواو لەسەر پێكهاتەی چینەكانی ژێر زەوی بلۆكە نەوتییەكە كۆدەكرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی گومانی بوونی نەوت لەو بلۆكە، دواتر قۆناغی لێدانی بیری دۆزینەوەی نەوت (الابار الاستكشافیە) بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو داتایانەی كە كۆكراوەتەوە دەكرێت، خۆئامادەكردن بۆ قۆناغی دووەمی پرۆسە نەوتییەكان ئەگەر سەلمێنرا ئەو نەوتەی لە حەشارگەی بلۆكە نەوتییەكەدا هەیە گونجاوە

و بڕەکەی بازرگانییە یاخود نا[٤].

ئەم قۆناغە مەترسیدارترین بەشی پرۆسەیە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان، بەتایبەت بۆ ئەو بلۆکە نەوتیيانەی کە دەکەونە ناو دەریاوە یاخود چیای سەخت کە کاری گەڕان تیایاندا زۆر قورسە. یاخود ئەو بلۆکە نەوتییەی کە کۆمپانیاکە وەبەرهێنانی تێدا دەکات پێشتر هیچ کارێکی ڕووپێوی بۆ نەکرابێت، چونکە ئەگەر نەوت نەدۆزرایەوە کۆی زیانی بوجەکە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای وەبەرهێنەر، بە تەنها زیانەکان لە ئەستۆ دەگرێت و ناتوانێت داوای هیچ قەرەبوویەك لە وڵاتی خاوەن نەوت بکات[٥].

بەپێی مۆدیلی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم، دوای ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی نەوت بە بڕی بازرگانی لە بلۆکە نەوتییەکە، پێویستە کۆمپانیایەکی هاوبەشی سەرکار لەنێوان وڵاتی خاوەن نەوت و کۆمپانیای وەبەرهێنەر دابمەزرێت، بەمەرجێك نابێت ڕێژەی پشکەکانی وڵاتی خاوەن نەوت لە (٢٠٪) کەمتر بێت، ئەرکی ئەم کۆمپانیا هاوبەشە بەڕێوەبردنی سەرجەم کارەکانی کێڵگە نەوتییەکە دەبێت، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی واژۆکردنی ئەم جۆرە لە گرێبەست لەلایەن وڵاتانی خاوەن نەوت، چونکە وڵاتی خاوەن نەوت لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆسە نەوتییەکان بە سوود وەرگرتن لە شارەزای کۆمپانیا بیانیەکە دەرفەتی ئەوەی دەبێت کادری هونەری خۆماڵی خۆی لەسەر بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی کێلگە نەوتییەکە ڕابهێنێت، تا بتوانێت بە دەستی خۆماڵی پرۆسە نەوتییەکان دوای کۆتایهاتنی ماوەی گریبەستە نەوتییەکە بەڕێوەبەرێت[٦].

بەپێی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان وەك لە بڕگەی «٤»دا ئاماژەی پێکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی کۆمپانیای «KEPCO» دەتوانێت بەشداری بکات لە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی سەرکار لە کێڵگەی نەوتی دوای ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی نەوتی بازرگانی لە کێڵگەکە لە ماوەی «١٨٠» ڕۆژ لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنەر.

وەك لە گرێبەستەکان دیاری کراوە، ڕێژەی پشکەکانی حکومەتی هەرێم لەو کۆمپانیا هاوبەشە نابێت لە ڕێژەی (٢٠٪)ی کۆی پشکەکانی کۆمپانیا کەمتر بێت، حکومەتی هەرێم سەرەڕای وەرگرتنی ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکە بەرامبەر بە ڕێژەی بەشداریەکەی، دەتوانێت بەشداری پرۆسە نەوتییەکان بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکە وەك هاوبەش بکات.

بەپێی ئەم مافە کە لە گرێبەستەکان بۆ حکومەتی هەرێم دابین کراوە، لە کۆی داهات و قازانجی کۆمپانیای سەرکار کە دەستی دەکەوێت دوای دابەشکردنی داهاتی نەوت لەنێوان

حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکە، ڕێژەی (٢٠٪) ی قازانج و کۆی داهاتی نەوت لەم ڕێگەیەوە بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش زیادکردنی داهاتی نەوتی دەبێت بۆ داهاتی گشتی.

حکومەتی هەرێم بەپێی ئەم مافە لەوەی کە بەرامبەر ڕێژەی بەشداریەکەی لە پێکهێنانی کۆمپانیاکە بەخشراوە، تێچووی قۆناغی گەڕان و پشکنین بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیا نەوتیە بیانییەکە، بەڵام پێویستە بەشداری دارایی بۆ پرۆسە نەوتییەکان هەبێت دوای بەشداریکردنی لە قۆناغی بەرهەمهێنان و پەرەپێدان[٧].

> **" هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی بلۆکە نەوتییەکان و بەرهەمهێنانی نەوت تیایاندا، یاسای نەوت و غازی ژمارە "٢٢"ی ساڵی "٢٠٠٧"ی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچواند . بەپێی یاساکە مۆدیلی هاوبەشی بەرهەم دیاریکراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان. "**

یەکێك لە بڕگەکانی گەرەنتی بۆ کۆمپانیای وەبەرهێنەر لە مۆدیلی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم، بریتییە لە ئەستۆگرتنی وڵاتی خاوەن نەوت بۆ هەموو ئەو تێچوانەی کە کۆمپانیای وەبەرهێنەر کردوویەتی لە قۆناغی گەڕان و پشکنین لە بلۆکە نەوتییەکە و گێڕانەوەی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکە «RECOVERY OF PETROLEUM COSTS» لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی بەرهەمهاتوو دوای دەرکردنی ملکانەی نەوت بۆ وڵاتی خاوەن نەوتەکە.

بەپێی بڕگەی «٢٥» لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم ڕێژەی (٤٠٪) تا (٤٣٪)ی کۆی داهاتی نەوتی بەرهەم پاش دەرکردنی ملکانە بۆ گەڕاندنەوەی تێچووی نەوت بۆ کۆمپانیای وەبەرهێنەر دیاریکراوە، کە ئەم ڕێژەیە زۆر گەورەیە، لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا نەوتییەکانە، چونکە وادەکات لە ماوەیەکی کەم سەرمایەکەی بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش وایکردوە ڕێژەی داهاتی نەوتی هەرێم کەمتربێت لەو ڕێژەی کە چاوەڕوان دەکرا لە داهاتی نەوت دەستی بکەوێت، ئەوەش لە ساڵانی ڕابردوودا بە ئاشکرا لەسەر داهاتی نەوتی هەرێم دەرکەوت،

بەشێوەیەك داهاتی نەوت نەیتوانی بوجەی حکومەتی هەرێم دابین بکات و قەیرانێکی دارایی گەورەی دروست کرد.

گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم میکانیزمی دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان کە بە نەوتی قازانج «Profit Petroleum» ناسراوە دیاریکردوە، کە لە بڕگەی دووەم شیکاریی بۆ دەکرێت.

**دووەم: شێوازی دابەشکردنی داهاتی نەوتی بەرهەمهاتوو[٨]:**

دابەشکردنی داهاتی نەوتی بەرهەم لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە، پرۆسەیەکی ورد و ئالۆزە و پەیوەستە بە ڕێژەی ئاستی بەرهەمهێنان بەراورد بە بڕی خەرجی ڕاستەقینەی کۆی پرۆسە نەوتییەکە، واتە هەتا ڕێژەی بەرهەمهێنان لە کێلگە نەوتییەکە بەرز بێت گۆڕانکاری لە ڕێژەی قازانجی لایەنەکانی گرێبەستەکەدا ڕوودەدات، واتە لە مانگێك بۆ مانگێکی تر گۆڕانکاری لە بڕی ڕێژەی قازانجی لایەنەکانی گرێبەستەکە هەیە و ڕێژەکە جێگیر نییە.

لەم قۆناغەدا هەردوو لایەنی گرێبەستەکە ئەو داهاتە دابەش دەکەن کە لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت بەدەستهاتووە، شێوازی جۆری داهاتەکە بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولا دیاریدەکرێت، کە ئەویش داهاتەکە بە نەوت دابەش بکرێت یاخود بە دراو دوای فرۆشتنی نەوتی بەرهەمهاتوو، حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا نەوتییەکان لەسەر شێوازی دووەم ڕێکەوتبوون و داهاتی نەوت دوای فرۆشتنی نەوتەکە لەلایەن حکومەتی هەرێم بە دراو دابەش بکرێت.

لە بڕگەی «٢٦»ی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت کراوە بە دابەشکردنی داهاتی نەوت، داهاتی نەوتەکە کە پێی دەوترێت نەوتی قازانج «profit petroleum» کە ئەویش دوای دەرکردنی ملکانەی نەوت بۆ وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت و دەرکردنی تێچووی بەرهەم لە هەردوو جۆری تێچووی سەرمایە و تێچووی بەڕێوەبردن «Cost oil»، ئەم پرۆسەیە کارێکی ژمێریاری وردە، ئەنجامی دابەشکردنی کۆی داهاتی گشتی لەسەر کۆی خەرجی گشتی دەکرێت، ئەنجامی ئەم پرۆسەیە کۆدێك دەردەچێت، کە ئەو کۆدە بەراورد بە بڕگەی تایبەتمەند لە گرێبەستەکە دەکرێت، لە ئەنجامدا ڕێژەی قازانجی هەر لایەنێکی گرێبەستەکە دیاری دەکرێت و هەر لایەنێك بڕە قازانجی خۆی وەردەگرێت[٩].

دابەشکردنی نەوتی قازانج لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم کە لە دەقی گرێبەستەکان جێگیر کراوە بەم شێوەیە دەبێت:

١- قۆناغی یەکەم دەرکردنی ڕێژەی مولکانەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم لە کۆی داهاتی

نەوتی بەدەستهاتوو لە کێلگە نەوتییەکەدا، بە شێوەیەکی گشتی لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی (١٠٪) دیاریکراوە، بەگریمانەی ئەگەر داهاتی کێلگە نەوتییەکە لەو مانگەدا تەنها «١٠٠» دۆلار بوویێت ئەوانە بڕی «١٠» دۆلاری بە هەرێمی کوردستان دەدرێت وەك ملکانەی نەوتی پێش دابەشکردنی داهاتەکە.

٢- لە قۆناغی دووەم گەڕاندنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان بۆ کۆمپانیا نەوتییەکە بە هەردوو جۆری خەرجییەکان (سەرمایە و خەرجی بەرهەمهێنان)، کە لە گرێبەستەکانی هەرێم بە ڕێژەی جیاواز لەنێوان (٤٠٪) بۆ (٤٣٪) لە کۆی داهاتی نەوت پاش دەرکردنی مولکانەی نەوت جێگیرکراوە، بۆ نمونە ئەو «٩٠» دۆلارەی لە بڕگەی یەکەم ماوەتەوە ڕێژەی (٤٠٪) لێدەرەکرێت، کە دەکاتە« ٣٦» دۆلار، بڕی داهاتی ماوە دوای دەرکردنی ملکانە و تێچووی نەوت بڕی «٥٤» دۆلار کە پێدەوترێت نەوتی قازانج «profit petroleum» دەمێنێتەوە.

٣- نەوتی قازانج بەپێی دابەشکاریی «R factor» لەنێوان هەردوو لایەن دابەش دەکرێت،
R FACTOR = Cumulative Revenues actually received by the CONTRACTOR / Cumulative Costs actually incurred by the CONTRACTOR, from the date of the signature of this Contract

**” بەشێوەیەکی گشتی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم لەسەر دوو پایە بونیادنراوە، کە بریتین لە ملکانەی نەوت "Royalty"، و مەترسيي "Risk"، مەبەستیش لە مەترسی مەترسی گەڕانە بۆ نەوت لە بلۆکە نەوتییەکە “**

لە ئەنجامی ئەم دابەشکارییە کۆدێك دەردەچێت کە بە بڕگەی دابەشکارییەکە لە گرێبەستەکەدا بەراورد دەکرێت، ئەگەر ئەنجامی دابەشکارییەکە (R) لە (١) کەمتر بوو, یاخود یەکسان بوو بە (١)، ئەوانە ڕێژەی قازانجی کۆمپانیای وەبەرهێن لە بەرزترین ئاست دەبێت، کە دەگاتە نزیکەی (٤٠٪) و بەشی حکومەتی هەرێم (٦٠٪) دەبێت، بەڵام ئەگەر (R) لە (١) گەورەتر بوو لە (٢) بچوکتر بوو، ئەوە ئاماژەیە کە ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبووەتەوە و دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی خەرجییەکان، کە ئەنجام بەشە قازانجی کۆمپانیا بۆ کەمتر لە (٣٠٪) دادەبەزێت و بەشە قازانجی حکومەتی هەرێم بۆ سەروو (٧٠٪) بەرزدەبێتەوە. ئەگەر

(R) گەورەتر بوو, ئەوە ئاماژەیە کە بەرهەمهێنان لە کێلگەکە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست و خەرجییەکان لە نزمترین ئاستە، ڕێژەی قازانجی کۆمپانیای وەبەرهێن لەنێوان (١٥٪) بۆ (٢٠٪) دەبێت، بەشە قازانجی حکومەتی هەرێم دەچێتە سەروو (٨٠٪)ی کۆی نەوتی قازانج «PROFIT PETROLEUM[١٠]».

بەپێی مادەی پێنجەم یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە «٢٢»ی ساڵی «٢٠٠٧» دەسەڵات دراوەتە ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێم بۆ پەسەندکردنی هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو ئەنجومەنە لە لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێم پێکهاتووە، لەم ئەنجومەنە تەنها لایەنە یاساییەکانی گرێبەستەکان ڕێکخراوە، کە کارێکی دەستەجەمعی بووە، هەر بۆیە دەبینین گرێبەستەکانی هەرێم لەڕووی یاسایی و دەقەوە هاوشێوەی مۆدیلی گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمە کە لەسەر ئاستی جیهان واژۆکراوە، پرۆسە نەوتییەکان ئەگەر وەك دەقی گرێبەستەکان لە لایەنی پراکتیکی جێبەجێبکرایە، ئەوا نەوت دەبووە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان و سەرچاوەی داهاتێکی باش کە بتوانێت خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم دابین بکات.

بەڵام لایەنی دارایی و فرۆشتن و بەرهەمهێنان لە هەرێم لە پراکتیکدا بە میکانزمێکی جیاواز مامەڵەی لەگەل کرا، لەڕووی دامەزراوە نەوتییەکان کە لە یاسای نەوت و غازی هەرێمدا هاتووە. هەروەها دەقەکانی گرێبەستە نەوتییەکان، کە ئەمەش هۆکاری دروستبوونی کێشەکان بوو لە سێکتەری نەوتی هەرێم کە لەبەشی دووەم شیکاریی دەکرێت.

**بەشی دووەم: کاریگەریی نەبوونی دامەزراوە نەوتییەکان لەسەرداهات**

بە دامەزراو نەکردنی سێکتەری نەوتی هەرێم کاریگەریی گەورەی لەسەر نە پاراستن و کەمکردنی داهات هەبوو، بەتایبەت ئەگەر وڵاتی خاوەن نەوت پشتی بە کۆمپانیای نەوتی دەرەکی بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و غازی وڵاتەکەی بەستبێت وەك هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم کۆمپانیایانە تەنها ئامانجیان دەستکەوتنی قازانجە لە وڵاتی خاوەن نەوت، سەرەڕای ئەوەی کە دەیانەوێت کەمترین سەرمایە خەرج بکەن و زۆرترین خەرجی تۆمار بکەن ئەگەر لایەنی دارایی پرۆسە نەوتییەکان بە باشی لەلایەن وڵاتی خاوەن نەوتەوە کۆنترۆل نەکرابێت.

لەم بەشەدا، شیکاریی یاسای نەوت و غازی هەرێم دەکرێت کە ژمارەیەك دامەزراوەی گرنگ بۆ بەرێوەبردنی پرۆسە نەوتییەکانی هەرێم دیاریکراوە، کە کاری سەرجەم پرۆسەکان بە دامەزراوەی بکرێت، کە لە ئەنجامدا میکانیزمی دابەشکردنی داهات گۆڕانکاری بەسەردا

هاتووە پێچەوانەی دەقی گرێبەستەکان، بۆیە ئەم بەشە بۆ دوو بڕگە دابەش دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: دامەزراوە نەوتییەکانی هەرێم**

پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و غازی دەرچواند، بە مەبەستی پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە نەوتییەکان وەك ئەوەی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان لە گرێبەستەکان ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، تا بتوانێت زۆرترین داهات بۆ بوجەی گشتی دابین بکرێت و نەوت ببێتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان، دەرکردنی ئەم یاسایە پشتیوانە بە مادەی «١٢١» دەستوری عێراق[١١].

بەپێی یاساکە، بڕیار دراوە لە دامەزراندنی چەند دامەزراوەیەك لەلایەن حکومەتی هەرێم، تا بتوانێت شەفافییەت لە پرۆسە نەوتییەکان فەراهەم بکات، پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان ڕێکبخات. هەروەها پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستووری عێراق ڕێکبخرێت، تا بتوانرێت نەوت و غازی بەرهەمهاتووی هەرێم لە چوارچێوەی سیستەمی نەوتی عێراق ڕێکبخرێت، تا لە کاتی بەجێگەیاندنی وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و غازی هەرێم گەورەترین سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت و کێشەی دارایی و دەستووری بۆ دروست نەبێت.

> **” بەپێی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان وەك لە بڕگەی "٤"دا ئاماژەی پێکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی کۆمپانیای "KEPCO" دەتوانێت بەشداری بکات لە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی سەرکار لە کێڵگەی نەوتی دوای ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی نەوتی بازرگانی لە کێڵگەکە لە ماوەی "١٨٠" ڕۆژ لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنەر “**

وەك لە بەشی پێنجەمی یاسای نەوت و غازی هەرێمدا هاتووە، پێنج کۆمپانیای گشتی پێویست بوو کە دابمەزرێت، کە ئەرکی هەر یەکێك لەم کۆمپانیایانە کەمتر نییە لە ئەرکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ڕۆڵێکی گەورەیان بۆ پێشخستنی سێکتەری نەوت و غازی

هەرێم دەگێرا، کە گرنگترینیان ئەم کۆمپانیایانە بوون:

**1-** کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت«KEPCO»

وەك لە مادەی «١٠»ی یاسای نەوت و غازی هەرێم ئاماژەی پێدراوە، دەسەڵاتێکی فراوان بەم کۆمپانیایە دراوە تا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات لە چوارچێوەی پرۆسە نەوتییەکانی هەرێم بۆ دۆزینەوەی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان و گەڕان و پشکنین بکات. هەروەها دەسەڵاتی ئەنجامدانی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەیە[١٢].

بەهەمان شێوە لە سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە بڕگەی «٤»دا ئاماژە دراوە بە پێویستیبوونی ئەم کۆمپانیایە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان، تا لە پێکهێنانی کۆمپانیای هاوبەش بۆ سەرکاری پرۆسە نەوتییەکان بەشداربێت، لەنێوان کۆمپانیا بیانییەکە و کۆمپانیایەکی خۆماڵی کە ڕێژەی بەشداری کۆمپانیا خۆماڵییەکە نابێت لە (٢٠٪) کەمتر بێت، بەم شێوەیە ڕێژەی (٢٠٪)ی داهات و قازانجی کۆمپانیا بیانییەکە کە دەستی دەکەوێت لە نەوتی هەرێم لەم ڕێگەیەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕایەوە[١٣].

دانەمەزراندنی ئەم کۆمپانیایە پێچەوانەی بڕگەی «٩» لە مادەی «٣٧»ی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، کە پابەندی خستووەتە سەر هەرێم کە پێویستە ڕاستەوخۆ بەشداری لە پرۆسەی گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێلگە نەوتییەکانی کوردستاندا بکات، کۆمپانیا نەوتییەکان بەم کارە ڕەزامەندبوون لەڕێگەی واژۆکردنی گرێبەستەکان بەڵام حکومەتی هەرێم ئەم کۆمپانیایەی دانەمەزراند کە هۆکاری لە دەستدانی داهات بووە بۆ بوجەی گشتی سەرەڕای پێگەیاندنی شارەزای نیشتمانی لەڕێگەی ئەم کۆمپانیایەوە بە سوود وەرگرتن لە شارەزای کۆمپانیا بیانییەکان.

**2-** کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت «KNOC»

لە مادەی یانزەهەمی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و غازی هەرێمی کوردستان دراوە، کە ئەم جۆرە کۆمپانیایانە لە گرنگترینەکانی وڵاتانی خاوەن نەوتە، ئەم کۆمپانیایە لە ئەرك و مافدا هاوشێوەی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچەکەیە، بۆ نمونە کۆمپانیای «أدنوك» لە ئیمارات، یاخود «ارامکو»ی سعودی کە گەورەترین کۆمپانیایە لەسەر ئاستی وڵاتی سعودیە و ناوچەکە.

هەموو وڵاتێکی خاوەن نەوت بە مەبەستی بە دامەزراویکردنی سێکتەری نەوت و غاز و دوورکەوتنەوە لە بەڕێوەبردنی ناوەندیی ئەم سێکتەرە، پەنا دەبەنە بەر دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی نەوت، چونکە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و غاز و بەرهەمهێنان تیاندا، کارێکی هەستیار و بە پەلەیە کە ناکرێت بە ڕۆتینی کاری حکومی یاخود بەڕێوەبردنی ناوەندیی بەڕێوەببرێت، هەر وڵاتێکی نەوتی بەشێوەی ناوەندیی کاری بەڕێوەبردنی کردبێت تووشی شکستی دارایی و کەمبوونی بەرهەمهێنان بووە، نموونەی نزیك عێراق، کە دەبینین نەتوانراوە پلانی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی بەرهەم جێبەجێبکرێت[١٤].

**" دابەشکردنی داهاتی نەوتی بەرهەم لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە، پرۆسەیەکی ورد و ئالۆزە و پەیوەستە بە ڕێژەی ئاستی بەرهەمهێنان بەراورد بە بڕی خەرجی ڕاستەقینەی کۆی پرۆسە نەوتییەکە، واتە هەتا ڕێژەی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکە بەرز بێت گۆڕانکاری لە ڕێژەی قازانجی لایەنەکانی گرێبەستەکەدا ڕوودەدات "**

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سەرەڕای ڕۆڵی گرنگیان لە پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی نەوت لە وڵاتدا، بەهۆی جیاوازی سیستەمی کارگێری و دارایی تێیدا، ڕۆڵێکی گەورە لە زیادکردنی بنەماکانی شەفافییەت لە پرۆسە نەوتییەکان و ئاشکراکردنی بڕی داهات و قازانج بۆ ڕای گشتی لە وڵاتدا دەبینێت، زیادکردنی ڕۆڵی حکومەت بۆ چاودێریکردنی کارە هونەری و دارایی و کارگێرییەکانی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، کە ئەمەش بە سوودی گشتی دەگەڕێتەوە[١٥].

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، یاسای نەوت و غازی هەرێم لە مادەی یانزە کە تایبەتە بە دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت، شێوازی بەڕێوەبردنی ناوەندیی بۆ سێکتەری نەوت و غازی هەرێم هەڵبژاردووە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە دیاریکراوە بۆ کۆمپانیاکە، هیچ بڕگەیەکی تێدا نییە کە مافی گەڕان و پشکنینی بە کۆمپانیاکە دابێت، بەڵکو لەبری ئەمە دەسەڵاتە مافی ئەوەی پێداوە کە کێبرکێی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی گەڕان و پشکنین بکات، واتە دەسەڵاتی گەڕان و پشکنینی لە هەرێمی کوردستان بە وەزارەتی سامانەسروشتییەکان داوە[١٦].

**3- کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت «KOMO»**

یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە بەڕێوەبردنی پرۆسە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەتمەند بە مەبەستی فرۆشتن و بەبازاڕکردنی نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێمی کوردستان، چونکە شێوازی مامەڵەکردن و دۆزینەوەی کڕیار بۆ نەوت و غاز کارێکی هونەرییە و پێویستی بە بوونی شارەزایەکی تایبەتی هەیە، پێویستە وڵاتی خاوەن نەوت پلان و تەکتیکی بۆ شێوازی فرۆشتنی نەوت و غازی بەرهەم هاتوو هەبێت.

فرۆشتنی نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکان چوار جۆری هەیە، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لەوی تر و تێیدا نرخەکان بۆ هەمان جۆری نەوتی خاو جیاوازن، بۆیە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە بۆ حکومەتی هەرێم کارێکی پێویست بوو، تا بتوانێت بە باشترین نرخ و هاوتای نرخی فرۆشتنی نەوتی عێراق نەوتی هەرێم بفرۆشێت، بەڵام وەك لە ڕاپۆرتی کۆمپانیانی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم و لێدوانی بەرپرسانی حکومەت ئاشکرا دەکرا، هەرێم بەراورد بە نرخی نەوتی عێراق بە «١٢» دۆلار کەمتر نەوتی خۆی فرۆشتووە، کە ئەمەش زیانێکی گەورەی بە داهاتی نەوتی هەرێم گەیاند[١٧].

بەدامەزراوی نەکردنی سێکتەری نەوتی هەرێم و جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کاریگەریی گەورەی کردووەتە سەر کەمبوونی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لە تەوەرەی دووەم شیکاریی دەکرێت.

**دووەم: داهاتی نەوتی هەرێم بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی کە لەسەر داهاتی نەوت هەبوون، لە ساڵی «٢٠١٧» و بۆ ماوەی پێنج ساڵ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆتی بەریتانی کرد، ئەمەش بە مەبەستی ئاشکراکردنی داهاتی نەوتی هەرێم و شەفافکردنی بۆ ڕای گشتی، کۆمپانیاکە ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی لەسەر داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بڵاودەکردەوە.

**یەکەم: ڕۆڵی یاسای نەوت و غاز لە شەفافکردنی زانیارییەکان**

یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە بڕگەی شەشەم لە مادەی پانزەهەم، پابەندی خستووەتە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، کە پێویستە سەرجەم زانیارییەکانی تایبەت بە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ بۆ ڕای گشتی بەپێی

بنەما کارپێکراوەکانی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بڵاوبکرێتەوە[١٨].

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی پێنج ساڵەی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیتی بەریتانی کرد، تا بتوانێت کاری وردبینی لە داهاتە نەوتیەکانی هەرێم بکات و بڕی بەرهەمهێنان و شێوازی بڕی نەوتی خاوی هەناردەکراو بۆ دەرەوەی هەرێم کۆمپانیاکە لە سەرەتای ساڵی «٢٠١٧» دەستبەکاربوو، تا ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری لە مانگی ئاداری ساڵی «٢٠٢٣»[١٩].

> ” بەپێی مادەی پێنجەم یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە "٢٢"ی ساڵی "٢٠٠٧" دەسەڵات دراوەتە ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێم بۆ پەسەندکردنی هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان “

ئەگەر لە ماوەی پێنج ساڵی کارکردنی کۆمپانیاکە سەرنجێکی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی بدرێت، بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتەکانی پێچەوانەی بڕگەکانی یاسای نەوت و غازی هەرێم بووە، هەروەها میکانیزمی دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان لەنێوان لایەنەکانی گرێبەستە نەوتیەکان، لەبری ئەوەی هەر کێڵگەیەکی نەوتی بەسەربەخۆ ڕاپۆرت بکرێت و داهات و بەشە قازانج دیاری بکرێت بۆیان، بەڵام کۆمپانیاکە ڕاپۆرتەکانی بەشێوازی کۆ و بێ ڕەچاوکردنی بڕگەی دابەشکردنی داهات بەپێی سیستەمی دابەشکردن لە گرێبەستەکان کە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، زانیارییەکانی بۆ ڕای گشتی بڵاوکراوەتەوە[٢٠].

**دووەم: خەرجی پرۆسە نەوتییەکان و داهات لە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیانی دیلۆیت**

ئەگەر بە وردی بەراوردێك لەو ژمارانە بکرێت کە لە سەرەتای ساڵی «٢٠١٧» تا کۆتای ساڵی «٢٠٢١» کە لە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت کراوە، دەردەکەوێت بەڕێوەبردنی پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەدەر بووە لە ڕێکارەکانی یاسای نەوتی و غازی هەرێم کە دیاریکردووە. هەروەها ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز ڕۆڵیان لە پرۆسەی فرۆشتن و سەرپەرشتی کردنی پرۆسە نەوتییەکان نەبووە، واتە لەڕووی پراکتیکییەوە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە ئەو پرۆسەیە بەڕێوەبراوە، هەر بۆیە بەهەدەردانێکی زۆر لە داهاتی نەوتدا دەردەکەوێت، بە

زیادکردنی بڕی تێچووی هەناردەکردن و بەرهەمهێنان، هەرزانی نرخی فرۆشتن بەم شێوەیە:

**1-** ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ساڵی «٢٠١٧»

| | |
|---|---|
| أ- بڕی نەوتی هەناردەکراو | (٢٠١,٥٨٠,٨٠١) ملیۆن بەرمیل بووە |
| ب- بڕی نەوتی فرۆشراو | (١٧٧,٧٧٢,٩٨٨) ملیۆن بەرمیل بووە |
| پ- بڕی داهاتی نەوت | (٧,٩٢٣,٤١٢,١٩٢) ملیار دۆلار بووە، لەم بڕە بەشی هەرێم (٣,٨٩١,٥١٣,٢١١) ملیار دۆلار بووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٩٪) کۆی داهاتی نەوت. هەروەها حکومەتی هەرێم بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و دەستکەوتنی پارە بە خێرای (١٨٣,٨٢٥,٣٣٣) ملیۆن دۆلاری بەشێوەی پێش وەخت بۆ فرۆشتنی نەوتی خاو وەرگرتووە، کە نازانرێت لە بەرامبەری چەند نەوتی داوە و نەوتی بە چەند فرۆشتووە. |
| تێبینی | ڕێژەی جیاوازیی نێوان بڕی هەناردەکراو و فرۆشراو (٢٣,٨٠٧,٨١٣) ملیۆن بەرمیل بووە، کە دەکاتە (١١٪) کۆی نەوتی هەناردەکراو، کە ئەم بڕە لە تورکیا کراوە بە قوڕ و لیتە و ئاو فڕێدراوە، کە دوو زیانی گەیاندووە، یەکەم کرێی گواستنەوەی تا بەندەری جەیهان دراوە، دووەم نرخی نەوتەکە کە بووەتە قوڕ و فڕێ دراوە. |

**2-** ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ساڵی «٢٠١٨»

| | |
|---|---|
| أ- بڕی نەوتی هەناردەکراو | (١٣٨,٦٤١,٣٥٦) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکراوە. |

| | |
|---|---|
| ب- بڕی نەوتی فرۆشراو | (١٣١,٧٢٩,٣٩٧) ملیۆن بەرمیل فرۆشراوە. |
| پ- بڕی داهاتی نەوت | (٧,٧٢٠,٣١٠,٤٧٣) ملیار دۆلار بووە، بەشی هەرێم (٤,٣٤٣,٧٤١,٢٥٠) ملیار دۆلار بووە، کە دەکاتە رێژەی (٥٦٪) کۆی نەوتی فرۆشراو. هەروەها حکومەتی هەرێم بڕی (١٩٠,٥٩٨) ملیۆن دۆلاری پێش وەخت بۆ فرۆشتنی نەوت وەرگرتووە. |
| تێبینی | بڕی جیاوازیی نەوتی فرۆشراو و هەناردەکراو: (٦,٩١١,٩٥٩) ملیۆن بەرمیل نەوت بووە، کە لە تورکیا کراوە بە قوڕ و لیتە و ئاو رێژەی (٤٪) کۆی نەوتی هەناردەکراو بووە. |

**3-** ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ساڵی «٢٠١٩»

| | |
|---|---|
| أ- بڕی نەوتی هەناردەکراو | (١٧٠,٩٧٧,٧٨٤) ملیۆن بەرمیل بووە. |
| ب- بڕی نەوتی فرۆشراو | (١٥٨,٥١٢,٩٦٠) ملیۆن بەرمیل بووە. |
| پ- بڕی داهاتی نەوت | (٨,٤٣٨,٦٠١,٣٠٠) ملیار دۆلار بووە، بەشی حکومەتی هەرێم (٤,٥١٥,٤٢١,٦٢٥) ملیار دۆلار بووە، کە دەکاتە (٥٣٪) کۆی داهاتی نەوت. |
| تێبینی | جیاوازیی نێوان نەوتی هەناردەکراو و فرۆشراو: (١٢,٤٦٤,٨٢٤) ملیۆن بەرمیل نەوت بووە، کە لە تورکیا کراوە بە قوڕ و لیتە و ئاو و فڕێدراوە. |

**4-** ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ساڵی «٢٠٢٠»

| | |
|---|---|
| أ- بڕی نەوتی هەناردەکراو | (٤٤,٤٩٣,٨٤٤) ملیۆن بەرمیل بووە. |

| | |
|---|---|
| ب- بڕی نەوتی فرۆشراو | (٤٢,٣٢٣,٧٦٩) ملیۆن بەرمیل بووە. |
| پ- بڕی داهاتی نەوت | (١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦) ملیار دۆلار بووە، بەشی هەرێم (٤٦٢,٣٢٣,٠٦٨) ملیۆن دۆلار بووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٤٪) کۆی داهاتی نەوت، حکومەتی هەرێم بڕی (٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥) ملیۆن دۆلاری لە کڕیارانی نەوت پێش وەخت وەرگرتووە، ئەمەش بەرامبەر فرۆشتنی لە داهاتوودا کە نازانرێت نەوتی بە چەند فرۆشتووە. |
| تێبینی | جیاوازی نێوان بری هەناردەکراو و فرۆشراو :- ٢,١٧٠,٠٧٥ ملیۆن بەرمیل بووە کە دەکاتە ٤٪ کۆی نەوتی هەناردەکراو کە کراوە بە قور و لیتە و ئاو لە تورکیا فرێدراوە. |

**5-** ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ساڵی «٢٠٢١»

| | |
|---|---|
| أ- بڕی نەوتی هەناردەکراو | (١٦٢,٥٢٨,٦١٦) ملیۆن بەرمیل نەوت بووە. |
| ب- بڕی نەوتی فرۆشراو | (١٥٢,٠٠١,١٥٤) ملیۆن بەرمیل فرۆشراوە. |
| پ- بڕی داهاتی نەوت | (٩,١٢٥,٩٨٦,٠٥٦) ملیار دۆلار بووە، بەشی هەرێم (٣,٩٦٤,٨١٤,٥٠٢) ملیار دۆلار بووە، کە دەکاتە (٤٣٪) کۆی داهاتی فرۆشراو. |
| تێبینی | جیاوازیی نێوان نەوتی هەناردەکراو و فرۆشراو (١٠,٥٢٧,٤٦٢) ملیۆن بەرمیل بووە، کە دەکاتە (٦٪)، کە لە تورکیا کراوە بە قوڕ و لیتە و ئاو و فڕێدراوە. |

- کۆی داهات و نەوتی هەناردەکراو و فرۆشراوی ئەو پێنج ساڵە بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| کۆی نەوتی هەناردەکراو | (٧١٨,٢٢٢,٢٦٨) ملیۆن بەرمیل بووە. |
| کۆی بری نەوتی فرۆشراو | (٦٦٢,٣٤٠,٢٦٨) ملیۆن بەرمیل بووە. |
| بڕی جیاوازی نێوان نەوتی هەناردەکراو و فرۆشراو | (٥٥,٨٨٢,١٣٣) ملیۆن بەرمیل بووە، کە لە تورکیا فەوتاوە و کراوە بە قوڕ و لیتە و فڕێ دراوە. |
| کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | (٣٤,٥٥٠,٥٧٠,٦٦٧) ملیار دۆلار بووە، کۆمپانیا بیانییەکان و خەرجییەکان بڕی (١٧,٦٧٦,٤٨٠,٢٦١) ملیار دۆلاریان بەرکەوتووە. |

بەڵام وەك سەرەنج دەدرێت لە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لەو پێنج ساڵە، بۆ نەوتی فرۆشراو بە کۆمپانیا ناوخۆییەکان، هیچ بڕە قوڕ و لیتەیەك بۆ نەوتی فرۆشراوی ناوخۆی هەژمار نەکراوە، بەردەوام نەوتی فرۆشراوی ناوخۆی بە ڕێژەی (١٠) بۆ (١٢) دۆلار لە نرخی نەوتی هەناردەکراو گرانتربووە، واتە ئەگەر حکومەتی هەرێم نەوتی بە ناوخۆی بفرۆشتایە و پیشەسازی نەوتی لەناو هەرێم بونیادبنایە، سەرەڕای فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ هەزاران بێکار قازانجێکی باشتری دەکرد و کێشەی سووتەمەنی ناوخۆیشی نەدەمێشت. هەروەها بەهۆی هەژمارکردنی ئەو برە زۆرەی نەوت بە نزاح کە لە تورکیا کراوە بە قوڕ و لیتە و ئاو نزیکەی شەش ملیار دۆلار زیانی بە داهاتی نەوتی هەرێم گەیاندووە[٢١].

- **دەرئەنجام و پێشنیاز:**

لەپاش شیکارییکردنمان بۆ مۆدیلی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان هەڵیبژاردووە، کە بتوانیت پرۆسەی گەڕان و پشکنین و پەرەپێدان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، دەرکەوت کە جۆری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم بۆ بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان گونجاو نییە، چونکە بلۆکەنەوتییەکانی هەرێم بەشێکی زۆریان کاری ڕووپێوی و پشکنینیان لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ کراوە و داتاکانیان لەلابووە. واتە هەبوونی نەوت لەو بلۆکانە پێشتر سەلمێنراوە، سەرهڕای ئەوە، بەشێکی زۆری بلۆکە نەوتییەکان لەوکاتەی گرێبەستیان لەسەر کرا بەرهەمهێنانی نەوت تێیاندا

هەبووە، وەك بلۆکی تەق تەق. بەشێکی تری بلۆکەکان کەوتبوونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لەلایەن وەزارەتی نەوت بەرهەمهێنان تیایاندا هەبوو، وەك بلۆکی خۆرمەلە.

بۆیە بنەمای مەترسی کە بڕگەیەکی سەرەکییە لە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بوونی نەبووە، کە هۆکارێکە تا وڵاتانی خاوەن نەوت ڕێژەیەکی زۆری قازانج بە کۆمپانیا بیانییەکان بدەن، لەبەر ئەو سەرکێشییەی کە کۆمپانیاکان دەیکەن لە قۆناغی گەڕان و پشکنین و سەرمایەکەیان دەخەنە مەترسییەوە.

**” بە دامەزراو نەکردنی سێکتەری نەوتی هەرێم کاریگەریی گەورەی لەسەر نە پاراستن و کەمکردنی داهات هەبوو، بەتایبەت ئەگەر وڵاتی خاوەن نەوت پشتی بە کۆمپانیای نەوتی دەرەکی بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و غازی وڵاتەکەی بەستبێت وەك هەرێمی کوردستان “**

هەروەها کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆریان دەکەونە ناوچەی دەشتای و تەختەکان، کە کارکردن تێیاندا بۆ کۆمپانیای وەبەرهێن ئاسانە، کێڵگەکان نە لە ناوچەی سەختی شاخاویدان و نە دەریا. هەروەها نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم لە چینە نزیکەکانی ڕووی زەوین، کە تێچووی هەڵکەندنی بیر و بەرهەمهێنانی نەوت تیایاندا کەمە، کە پێویست بوو ڕێژەی ملکانەی نەوتی لە بەرزترین ئاستدا بوایە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرێم کەمترین ڕێژەی ملکانەی نەوتی دیاریکردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت ئەو ڕێژە کەمەش وەرنەگیراوە.

لە هەرێمی کوردستان سێکتەری نەوت بە سیاسی کراوە و بۆ بەرژەوەندیی لایەنیکی دیاریکراو بەکارهێنراوە، تا پێگەی سیاسی و حزبی خۆی پی بەهێز بکات، چونکە نەوت لەژێر دەسەڵاتی هەر لایەنێك بێت زۆرترین هێزی لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پێدەبەخشێت، بۆ پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە ڕێگری کراوە لەوەی سێکتەری نەوتی هەرێم بەدامەزراوەی بکرێت، کەسانی پسپۆر و شارەزا لەو سێکتەرەدا ڕۆڵ ببینن، ئەو ڕەفتارە لەگەڵ نەوتی هەرێم

کارێکی کرد کە هاوڵاتیانی هەرێم بە چاوی نەفرەت لەو سامانە سروشتییە گرنگە بڕوانن، هۆکارێکی سەرەکی کەمبوونی داهاتی نەوت بووە، لەبەرامبەردا ڕێژەی خەرجی زیادبووە، کە بووەتە هۆی زیان گەیاندن بە داهاتی نەوت بۆ بوجەی گشتی، داهاتی نەوت نەیتوانی خەرجییەکانی حکومەت دابین بکات.

بۆیە پێشنیاز دەکەین، کە سێکتەری نەوتی هەرێم بە دامەزراوەی بکرێت تا لە تێکەڵاوکردنی کاری حزبی و سیاسی دووربخرێتەوە و بتوانرێت داهاتی نەوت بخرێتەوە خزمەت بەرژەوەندیی گشتی و دەقەکانی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم وەك ئەوەی لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز بڕیاری لێدراوە جێبەجێبکرێت، چونکە تاکە گەرەنتییە بۆ کەم کردنەوەی خەرجی پرۆسە نەوتییەکان و زیادکردنی داهاتی نەوت.

---

**پەراوێزەکان:**

١ - یاسای نەوت و غازی هەرێم بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە: «٥٩» / اتحادیە / «٢٠١٢» لە» «٢٠٢٢/٢/١٥» هەڵوەشایەوە و یاساکە بە نا دەستوری دانا، سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی هەڵوەشاندەوە.

٢ - فواد قاسم الامیر، ثلاثیة النفط العراقي، دار الغد للنشر،٢٠٠٧، بغداد، ص ١٨٣.
٣ - بهجت علی احمد، تسویة منازعات عقود النفط العراقیة فی ضوء القانون الدولی، چاپخانەی یادگار، سلیمانی، ٢٠٢٤، ص ١٧.
٤- بشار محمد أسعد, عقود الدولة في القانون الدولي, منشورات زين الحقوقية, بيروت, ٢٠١٠, ص ١٦.
٥ - غسان رباح, الوجيز في العقد التجاري الدولي– نموذج العقد النفطي, منشورات الحلبي الحقوقية, بيروت، ٢٠٠٨، ص ٥٩.
٦- غسان رباح, المرجع السابق, ص .٢٩.
7 -ARTICLE 4 " the Public Company shall not have any liability to the other CONTRACTOR Entities to contribute its Government Interest share of all Petroleum Costs incurred before the First Commercial Declaration Date and its Government Interest share of such Petroleum Costs shall be the responsibility of the other CONTRACTOR Entities, provided always that such other CONTRACTOR Entities shall be entitled (through the CONTRACTOR) to recover all such Petroleum Costs in accordance with Article 25»..
8- In a contract concluded between the KRG and HUNT OIL Company, Both parties agreed" Subject to the provisions of this Contract, from the First Production in the Contract Area, the CONTRACTOR shall at all times be entitled to recover all Petroleum Costs incurred under this Contract, of up to per cent 40% of Available Crude Oil (which, for the avoidance of doubt, shall apply regardless of the gravity of the oil) and Available Associated Natural Gas, produced and saved within any Calendar Year. Available Crude Oil above this percentage or otherwise not

used for the recovery of Petroleum Costs shall be Profit Crude Oil».

٩- شيماء محمد شلتاغ، القانون الواجب التطبيق على عقود الدولة مع الأشخاص الأجنبية، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية القانون والسياسة – جامعة بغداد، ٢٠٠٥, ص ١٣.

١٠- بهجت على احمد، المرجع السابق، ص ٦٢.

١١- بايەزید حسن عبداللە، سامانی نەوت و گازی عێراق و پشکی کورد لە بەڕێوەبردن، چاپخانەی کارۆ، هەولێر، ٢٠٠٨، ص ١٤٦.

١٢- مادەی «١٠» لە یاسای نەوت و غازی هەرێم (هەڵوەشاوە) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەرك و فەرمانی کۆمپانیاکە.

13- Article 4-2" The GOVERNMENT may exercise the Option of Government Participation at any time in the period commencing on the Effective Date and ending one hundred and eighty (180) days after the date on which CONTRACTOR declares the first Commercial Discovery (which date of declaration is referred to herein as the "First Commercial Declaration Date"), by nominating to the CONTRACTOR, in writing a Public Company. If the GOVERNMENT does not notify the CONTRACTOR of such election within such period, the Option of Government Participation shall be deemed to have been waived, save for in relation to any pre-emption rights to participate that may be granted pursuant to Article 39.2".

١٤- حسن رشك غياض الدبيسي، السياسة النفطية فى العراق محددات الاستثمار الاجنبي والاستثمار الوطنى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٦، ص ٤٩.

١٥- وري هايتيان وباتريك هيلر ودايفيد مانلي وبن بوتر، شركات النفط الوطنية واالنتقال إلى مصادر الطاقة النظيفة في الشرق األوسط وشمال أفريقيا، بحث مقدم الى معهد حوكمة الموارد الطبيعية، منظمة مستقلة غير ربحية، ٢٠٢١، على الرابط التالي
-companies-oil-national/documents/files/default/sites/org.resourcegovernance//:https
pdf.arabic-africa-north-and-east-middle-the-in-transition-energy-and ٢٠٢٥/٦/٢١.

١٦- بۆ زانیاریی زیاتر تەماشای مادەی «١١» لە یاسای نەوت و غازی هەرێم ژمارە: «٢٢»ی ساڵی «٢٠٠٧» بکە.

١٧- نبيل جعفر عبدالرضا المرسومي، الموسوعة النفطية، مكتبة الواعي، بصرة، ٢٠١٨، ص ١٩٣.

١٨- بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر تەماشای مادەی «١٥» لە یاسای نەوت و غازی هەرێم ژمارە: «٢٢»ی ساڵی «٢٠٠٧» بکە.

١٩- فؤاد قاسم الامير، الجديد في عقود النفط و الغاز الموقعة من قبل حكومة اقليم كردستان و السياسة النفطية للاقليم، دار الغد، بغداد، ٢٠١٣، ص ٢١٤.

٢٠- بۆ زانیاریی زیاتر سەرەنجی برگەی «٢٦» لە گرێبەستە نەوتییەکان بدە.

٢١- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلیویت سەردانی ماڵپەری حکومەتی هەرێم بکە بەم لینکە:
https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/ دواین سەردان ٢٠٢٥/٦/٢٣.



# ئایندەی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک) لە بەستێنی پرۆسەی ئاشتی تورکیا-پەکەکەدا

ناودار زیاد ڕەزا
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

## پێشەکی:

لەم سەردەمەدا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکاریی ستراتیجیدا تێدەپەڕێت، پرسی کورد و بزوتنەوە کوردییەکان لە ململانێی دەوڵەتە ناوچەییەکاندا یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتە جیۆپۆلەتیکییەکان. ئەم پرسە، بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی نوێی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لە کۆتاییەکانی «٢٠٢٤»ەوە، بایەخی گەورەی پەیداکردووە، کە نەک تەنها کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردانی باکوری کوردستان هەیە، بەڵکو دەکرێت شێوازی خەباتی کورد لە هەموو ناوچەکەدا بگۆڕێت، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لای پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)، کە وەک یەکێك لە بەهێزترین هێزە کوردییە چەکدارەکان خەبات لەپێناوی مافەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر ئێران بەڕێوەدەبات.

بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، لەم توێژینەوە شیکارییەدا باس لە پرۆسەی ئاشتی نوێی تورکیا-پەکەکە و ڕاگەیاندنی بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و داهاتووی (پژاک) لە بەستێنی ئەم پرۆسەیەدا دەکەین. وردتریش، لێکۆڵینەوە لەوە دەکەین پژاک چۆن لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا خۆی ڕێکدەخات و ستراتیجییەتی نوێی دیاری دەکات، ئایا بەردەوام دەبێت لە خەباتی چەکداری دژی ئێران یان دەچێتە ناو قۆناغێکی نوێی سیاسییەوە، کاریگەریی ئەم پرۆسەیە لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران، لەگەڵ ستراتیجییەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و عێراق و لەکۆتاییشدا، دیاریکردنی چەند سیناریۆیەك لەبارەی داهاتووی پژاك.

## تەوەری یەکەم

## پرۆسەی ئاشتی نوێی تورکیا–پەکەکە و ئایندەی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاك)

لەم تەوەرەیەدا، باس لە کورتە مێژوویەکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەکەین. پاشان، پێشینەیەك لەبارەی مێژووی دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان پەکەکە و تورکیا دەخەینە بەر باس. ئینجا، تیشك دەخەینەسەر دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی ئەمجارە تاکو دوایین ڕووداو و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە. دواتر، (پژاك) دەناسێنین: مێژووی دامەزراندنی، وابەستەیی بە پەکەکەوە، لە کوێی پرۆسەی ئاشتی ئەمجارەدایە، هەڵوێستی بەرامبەر پرۆسەکە، لەگەڵ داهاتووی حزبەکە.

### یەکەم: پرۆسەی ئاشتی نوێی تورکیا-کورد (پەکەکە) و دەستپێکی قۆناغێکی تازە

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لە ساڵی «١٩٧٨» لە تورکیا دامەزرا، بە مۆرکێکی چەپڕەوی شۆڕشگێڕیی ناسیۆنالیستییەوە لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسی–لینینی، کە ئەوکات بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دەکرد و لە ساڵی «١٩٨٤» لەپێناوی ئەم مافەدا دەستی بە خەباتی چەکداری کرد دژی تورکیا. لەو کاتەوە تاکو ئێستا چەندینجار ئاگربەستی تاکلایەنەی ڕاگەیاندووە بە ئامانجی دەرفەتدان بە تورکیا بۆئەوەی پێداچوونەوە بە سیاسەت و ستراتیجەکانیدا بکات بەرامبەر بە گەلی کورد لە تورکیا، بەڵام هەموو جارێك بێ ئەنجام بووە. لە ساڵی «١٩٩٣» یەکەم هەوڵی پرۆسەی ئاشتی لە سەردەمی (تورگوت ئۆزال) سەرۆککۆماری ئەوکاتی تورکیا دەستیپێکرد، کە خوالێخۆشبوو (جەلال تاڵەبانی) دەستی باڵای تێدا هەبوو، بەڵام بە مردنی گوماناوی (ئۆزال) پرۆسەکە پەکیکەوت و بە دەستگیرکردنی (عەبدوڵا ئۆجەلان)ی ڕێبەری پەکەکەش، لە ساڵی «١٩٩٩» و زیندانیکردنی لە زیندانی باڵای ئەمنی لە دوورگەی ئیمراڵی قۆناغێکی تازە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و پەکەکە و مێژووی پەکەکە هاتەکایەوە، چونکە پاش دەستگیرکردنی (ئۆجەلان)، وردە وردە گۆڕانکاریی بەسەر فکری ناوبراودا هات و لەوە بەدواوە لەسەر بنەمای ئەو تێزە فکرییانەی لە دووتوێی چەند کتێبێکدا لە زیندان گەڵاڵەی کرد، پەکەکە بانگەشەی (کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك) دەکات. دواتریش، بە هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە)، لە تورکیا، لە ساڵی «٢٠٠٢»، کرانەوەیەك بەڕووی پرسی کورد لە تورکیا هاتەئاراوە.

لەنێوان ساڵانی «٢٠٠٩-٢٠١٥» چەند جارێك دانوستان و گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا (ئەکەپە) و پەکەکەدا ئەنجام درا، تەنانەت لە «٢٠١٥» ڕێککەوتنی «دۆڵمەباخچە»ش کرا، بەڵام دواتر شکستیهێنا. لە هەموو گفتوگۆکاندا (ئۆجەلان) ڕاستەوخۆ بەشداربووە و پەکەکە بە تورکیای ڕاگەیاندووە بۆ بڕیار و قسەی کۆتایی بۆ لای (ئۆجەلان) بگەڕێنەوە[1].

ئەمجارەش، لە کۆتایی «٢٠٢٤»، دەوڵەتی تورکیا لەژێر ناوی «تورکیایەکی بێ تیرۆر» بانگەوازی بۆ گفتوگۆ و چارەسەریی دەستپێکردووە، کە لەبەرامبەردا، (ئۆجەلان) و پەکەکە ناویان لە پرۆسەکە ناوە «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیك». بەڵام، ئەمجارە پرۆسەکە لە جارەکانی پێشوو جیاوازترە و هەنگاوی زیاتر و جدیتری بڕیوە. لە خوارەوە باس لە دەستپێکی پرۆسەکە دەکەین تا «٢٠٢٥/٧/١٥»:

(دەوڵەت باخچەلی)، سەرکردەی پارتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیست (مەهەپە)، کە سەردەمانێک بانگەشەی بۆ لە سێدارەدانی (ئۆجەلان) دەکرد، لە «٢٠٢٤/١٠/٢٢»، بانگەوازی بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕاگەیاند و پێشنیازی ئەوەی کرد «ئەگەر (ئۆجەلان) دەستبەرداری تیرۆر بێت و هەڵوەشاندنەوەی (پەکەکە) ڕابگەیەنێت، دەکرێت پارێزبەندیی بدرێتێ و بێتە پەرلەمانی تورکیا وتار پێشکەش بکات»[٢]. بە دوایدا، (ئەردۆغان)، هەرچەندە لەم پرۆسەیەشدا ڕۆڵی پێشەنگ ناگێڕێت، بەڵام «پرۆسەکەی بە گرنگ وەسفکرد و هیوای بۆ تورکیایەکی بێ تیرۆر خواست». هاوکات، بەشێك لە بەرپرسانی دیکەی تورکیاش وەڵامی ئەرێنی بانگەوازەکەی (باخچەلی)یان دایەوە. هەندێك لە ڕاپۆرتەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم هەوڵانە چەند مانگ پێشتر لەپشت پەردەوە دەستیپێکردووە.

دوای ماوەیەکی کەم و لە سەرەتای «٢٠٢٥»، حکومەتی تورکیا بە جەختکردنەوە لەسەر گوتاری «تورکیایەکی بێ تیرۆر»، ڕێگەیدا شاندێك لە پەرلەمانتارانی پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلان (دەم پارتی) وەك نێوەندگیر سەردانی (ئۆجەلان) بکەن. دوای سەردانەکە، شاندەکە باسیان لەوە کرد، «(ئۆجەلان) ئامادەیە بانگەواز بۆ ئاشتی و چارەسەری هەمیشەیی بکات»[٣].

دواتر، ئەم شاندە دیداریان لەگەڵ چەندین کەس و هێز و لایەنی سیاسی ناوخۆی تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەنجامدا. پاش ماوەیەك و دوای سەردانێکی دیکەی شاندی (دەم پارتی) بۆ ئیمرالی، (ئۆجەلان) لە «٢٠٢٥/٢/٢٧»، بانگەوازی بۆ پەکەکە کرد چەکەکانیان دابنێن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە. پەکەکەش لەو کاتەدا، هەم بە ڕاگەیاندنی ئاگربەستی تاکلایەنە وەڵامی دایەوە، هەم داوایان لە تورکیا کرد هەنگاوی نیازپاکی بنێت و زەمینە بۆ سەرکەوتنی ئاشتی بڕەخسێنێت. پاشان، لە «٥-٢٠٢٥/٥/٧» کۆنگرەی دوازدەی حزبەکەیان بەست و لە «٢٠٢٥/٥/١٢» ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەکەیان بڵاوکردەوە، کە بە (کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوە)ش ناودەبرێت. پەکەکە لەم کۆنگرەیەدا «بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵینی ڕاگەیاند و کۆتایی بە سەرجەم کارەکانی بەناوی پەکەکەوە هێنا». لەم قۆناغەدا، پەکەکە لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە وەك لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە، بانگەشە بۆ

(سۆسیالیزمی کۆمەڵگەی دیموکراتی) دەکات[٤]. ئەمەش، گۆڕانکارییەکی دیکەی ستراتیجییە لە فکری سیاسیی ئەو حزبەدا.

بەدوایدا، بەرپرسانی باڵای تورکیا پێشوازییان لە بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵینی پەکەکە کرد. هەرچەندە، هیچ گرەنتییەکیان بۆ بەئاکامگەیشتنی پڕۆسەکە نەخستووەتەڕوو. بەڵام، باس لەوە دەکەن ئەوان زەمینەسازیی بۆ پڕۆسەکە دەکەن و دەزگا و دەسەڵاتەکانی وڵاتەکە بۆ چاودێریکردنی پڕۆسەکە ڕادەسپێرن.

> **” لە ئێستادا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکاریی ستراتیجیدا تێدەپەڕێت، پرسی کورد و بزوتنەوە کوردییەکان لە ململانێی دەوڵەتە ناوچەییەکاندا یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتە جیۆپۆلەتیکییەکان “**

کۆتا قۆناغی پڕۆسەکەش، گەیشتووەتە ئەو شوێنەی، کە (ئۆجەلان) لە «٢٠٢٥/٧/٩» لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا دەرکەوت و داوای لە هەموو لایەنەکان کرد بە ئەرکی خۆیان هەستن و میکانیزمەکانی چەکدانان خێراتر بکەن. بەدوایدا، لە «٢٠٢٥/٧/١١» مەراسیمی چەکدانانی «٣٠» گەریلای پەکەکە لە ئەشکەوتی جاسەنەی نزیك قەزای دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوو[٥]، کە ماوەیەك بوو ئامادەکاریی بۆ کرابوو. ڕۆژی دواتر و لە «٢٠٢٥/٧/١٢»، (ئەردۆغان) وتارێکی پێشکەشکرد و سەردەمێکی تازەی لە مێژووی تورکیادا ڕاگەیاند و داوای دروستکردنی کۆمسیۆنێکی لە پەرلەمانی تورکیا کرد بە نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە یاساییەکانی پڕۆسەکە[٦].

تا ئەم قۆناغە و لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی (ئۆجەلان)دا، ئەوە ڕوون بووەتەوە، ئەگەر ڕووداوێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو بۆ پڕۆسەکە نەیەتە پێشەوە، ئەوا پەکەکە جارێکی دیکە بەم فۆرم و پێکهاتەیەی ئێستاوە دەست بە خەبات ناکاتەوە، تەنانەت لە مانگی ئایاردا، ژمارە «٥٢١»ی وەشانی ڕۆژنامەی فەرمی حزبەکەی (سەرخۆبوون-SERXWEBÛN) بە بانگەوازکردن بۆ پڕۆسەی ئاشتی و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، ڕاگرت، کە تەمەنی «٤٧» ساڵە[٧].

بەم جۆرە و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نۆ مانگ بەسەر پڕۆسەکەدا، قۆناغەکانی پڕۆسەی

ئاشتی ئەمجارە درێژەی هەیە و تا ئێستا لە هەنگاوەکانی سەرەتادایە و جارێ ڕوون نییە بە کوێ دەگات و لە ئایندەدا چی ڕوودەدات. لەم چوارچێوەیەدا، داهاتووی پژاك وەك باڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پەکەکە لە بەستێنی ئەم پرۆسەیەدا چی دەبێت.

**دووەم، پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاك): بەهێزترین حزبی کوردی بەرهەڵستکاری ئێران**

(پژاک)، لە ساڵی «٢٠٠٤» دامەزراوە و لە ئێستادا (ئەمیر کەریمی) و (پەیمان ڤیان) هاوسەرۆکی حزبەکەن و یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە). کەجەکە وەك ڕێکخراوێکی چەتر چەندین پارت و گروپی سیاسیی کوردی لەخۆدەگرێت. پژاک هاوشێوەی پێکهێنەرانی دیکەی کەجەکە، (عەبدوڵا ئۆجەلان)، بە مەرجەعی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی خۆی دەزانێت.




پژاک، کە وەک لقی ئێرانی پەکەکە دامەزراوە، لەنێو حزبە کوردییەکانی ئێراندا گەنجترینە، بەڵام بەهێزترینیانە و هەر لە سەرەتاوە سوودی لە ژێرخانی سەربازی و پەیکەری فەرماندەیی و تۆڕی ئایدیۆلۆجی پەکەکە وەرگرتووە. پژاک پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرفراوانتر لەخۆدەگرێت، کە پێکهاتووە لە: باڵی مەدەنی بەناوی (کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ناسراو بە (کۆدار) و ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی (کۆمەڵگەی ژنانی

ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ناسراو بە (کەژار)، لەگەڵ باڵی سەربازی و چەکداریی بەناوی (یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ناسراو بە (یەرەکە). هەروەها، پژاك دوو گۆڤاری وەرزی بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەناوەکانی (ئەڵتەرناتیڤ و ژیلەمۆ) دەردەکات کە تا ئێستاش لە وەشاندن بەردەوامن[٨].

پژاک، چالاکترین گروپی چەکداری کوردییە، کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا دژی ئێران خەباتی کردووە. لەنێوان سالانی «٢٠١٤» بۆ «٢٠٢٥»، نزیکەی (٧٠٪)ی هەموو هێرشەکانی حزبە چەکدارییە کوردییەکان بۆ سەر ئێران لەلایەن پژاکەوە ئەنجام دراوە، هەرچەندە لە ئاگربەستیشدا بووە لەگەڵ ئێراندا. لەکاتێکدا، بەشداری ئەوانی دیکە زۆر کەم بووە، بۆ نموونە: حەدەکا بە ڕێژەی (٢١٪) و کۆمەڵە (٥٪) و پاک (٥٪) بووە. ئەمەش، گەواهی ئەوە دەدات ئۆپەراسیۆنی گروپە ڕکابەرەکانی دیکەی پژاک بەراورد بە پژاك چەندە سنووردار بووە[٩]. سەرەڕای ئەوەش، ئێران لە ساڵی «٢٠٢٣» یاداشتنامەی ئەمنی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد، کە هەرێمی کوردستان بە ناڕاستەوخۆ بەشدار بوو، بۆ چەکداماڵین و کەمپنشینکردنی ئەو حزبە کوردییە بەرهەڵستکارانەی ئێران، کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، بەڵام پژاك لەو یاداشتە بەدەر کرا، واتا ڕێککەوتنەکە پژاکی نەگرتەوە. ئەمەش، سەربەخۆیی و دەستکراوەیی پژاك لە بڕیار و چالاکییەکانیدا زیاتر دەکات.

**” یەکەم هەوڵی پرۆسەی ئاشتی لە سەردەمی (تورگوت ئۆزال) سەرۆککۆماری ئەوکاتی تورکیا دەستیپێکرد، کە خوالێخۆشبوو (جەلال تاڵەبانی) دەستی باڵای تێدا هەبوو، بەڵام بە مردنی گوماناوی (ئۆزال) پرۆسەکە پەکیکەوت و بە دەستگیرکردنی (عەبدوڵا ئۆجەلان)ی ڕێبەری پەکەکەش، لە ساڵی "١٩٩٩" و زیندانیکردنی لە زیندانی باڵای ئەمنی لە دوورگەی ئیمراڵی قۆناغێکی تازە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و پەکەکە و مێژووی پەکەکە هاتەکایەوە “**

هەروەها، بوون و ئامادەیی پژاك لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هاوسنوور لەگەڵ ئێران بووەتە فاکتەرێکی دیکەی بەشدار لە بەهێزی ستراتیجیی پژاکدا.

پێگە پشتڕاستکراوەکانی پژاک لە چیای قەندیلی پەکەکە لە باکورەوە بۆ خوارەوە تا چیای ئاسۆس و لە باشورەوە لە ناوچەکانی پێنجوێن-هەورامان، نزیک لە خاکی ئێرانە. جگە لەوەی، چەندین ناوچەی جوگرافی دیاریکراو و دابڕاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێردەستدایە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی مەریوان و ورمێ و ماکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەی گەریلاکانی پژاك لە «٢٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠» گەریلا دەخەملێنرێت، بەمەش لە گروپە کوردەکانی دیکەی ئێران گەورەترە[١٠] و ئەگەریشی هەیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، پەکەکە کەسانی دیکەی بە ئەزموون بۆ پژاک تەرخان بکات، یان پێشنیاز بۆ ئەو گەریلایانە بکات کە ئامادەی چەکدانان نابن تاکو بچنە ناو ڕیزەکانی پژاکەوە. بەمەش، توانستی شەڕی پژاک بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە. هەروەها، دەکرێت پژاک سوود لەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییە فرەچەشنەش وەربگرێت کە هەیەتی، چونکە دانیشتووانی کوردی ئێران لەڕووی تایفی و زمانەوانییەوە دابەشبوونە بەسەر سوننە (٦٠٪) و شیعە (٣٠-٣٥٪) و کەمینە ئایینییەکانی وەک یارسانییەکان، لەگەڵ دابەشبوونیان بەسەر کرمانجی و سۆرانی و گۆرانی و فەیلی زماندا. لەکاتێکدا، ئەم پارچەپارچەبوونە لەڕووی مێژووییەوە توانای حزبە کوردییەکانی بۆ بنیاتنانی بزوتنەوەیەکی یەکگرتوو سنووردار کردووە. بەڵام، چوارچێوەی ئایدیۆلۆجی پەکەکە، کە عەلەوی و ئێزدی و سوننە و عەلمانییەکان لەخۆدەگرێت، لە چوونە ناو ئەم دابەشبوون و پارچەپارچەبوونەوە سوودێکی پێکهاتەیی بە پژاک دەبەخشێت. بۆ نموونە، پژاک لە شارۆچکەکانی وەک ورمێ و خوی و ماکو لە نزیک سنووری تورکیا، لەنێو کوردانی کرمانجی زماندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. لە هەمان کاتدا، لە شارەکانی وەک سنە لەنێو دانیشتووانی سۆرانی زمان کە مەیلیان بۆ چەپگەرایی هەیە جێی خۆی کردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەناوچەکانی کرماشان و ئیلام کە پێگەی هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات تیایان دا زۆر بەهێز نییە، پژاك توانیویەتی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بەهێز بکات. هەروەها ڕۆشنبیرە دیارەکانی تاراوگە وەک (عەباس وەلی) لەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە لەگەڵ پەکەکە هاوفکرن[١١]. ئەمەش، دەستی پژاک بۆ ناو گوتاری دەستەبژێر و باڵکێشبوونی بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا فراوانتر دەکات.

بەم جۆرە، جێگیربوونی لەسەر سنوورەکان و توانستی سەربازی و تایفەگەرایی و مۆرکە ئایدیۆلۆجییەکەی، پژاك دەکاتە بەهێزترین حزبی کوردی بەرهەڵستکاری ئێران، چ لەڕووی سەربازی و چ لەڕووی سیاسییەوە.

| | |
|---|---|
| ناوی تەواو | پارتی ژیانی ئازادی کوردستان |
| مێژووی دامەزران | ٢٠٠٤/٤/٤ |
| باڵی سەربازی | یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (یەرەکە) |
| سەرۆک | هاوسەرۆکی: ئەمیر کەریمی و پەیمان ڤیان |
| ڕووبەری چالاکییەکانیان | کوردستانی ئێران و چیاکانی قەندیل |
| پەیوەندیداریی | ئەندامی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) |
| دیمۆگرافیای شەڕڤانەکانی | لە ئێستادا کوردانی ئێران (١٥–٣٠٪) شەڕڤانانی پەکەکە پێکدەهێنن |
| دۆخی ئێستا | لە ڕێککەوتنی ئەمنی ساڵی (٢٠٢٣)ی نێوان ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەرکراوە |

## سێیەم: ستراتیجی نوێی پژاك لەدوای ڕاگەیاندنی بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی پەکەکە

گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەم دوو ساڵەی ناوچەکە کاریگەریی لەسەر ستراتیجی گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە دروستکردووە. لاوازبوونی پێگەی ئێران بەهۆی ڕووداوەکانی دوای هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە «٢٠٢٣/١٠/٧» و کاردانەوەکانی ئیسرائیل و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە کۆتاییەکانی «٢٠٢٤» و نەهێشتنی هیلالی شیعی، دەرفەتێکی نوێی بە ڕووی پژاکدا کردووەتەوە. بۆیە، ئەم ماوەیە دەستیکردووە بە ڕەخنەگرتن لە ئێران و تاکو ئێستاش بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەستبەرداری خەباتی چەکداریی نابێت. پژاك ڕەنگە بیەوێت ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاریی لە ناوخۆی ئێران بقۆزێتەوە، وەك چۆن لە سوریا حزبە دەستەخوشکەکەیان (پارتی یەکێتی دیموکرات- پەیەدە) ئەو دەرفەتەی قۆستەوە[١٢].

هەڵوێستی پژاك بەرامبەر بە بڕیاری پەکەکە بۆ کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری و هەڵوەشاندنەوەی خۆی ناکۆکی تێدایە. پژاك شوێنکەوتەی پەکەکەیە. بەڵام، جەختی لەوە کردەوە کە بڕیاری پەکەکە بۆ ئەوان پابەندکەر نییە. ئەمەش، ئاماژەیە بۆ جیاوازی گریمانکراوی نێوان پژاك و پەکەکە لە ستراتیجدا، هاوشێوەی (پەیەدە)، کە نوێنەرایەتی لقی ڕۆژئاوای کوردستانی پەکەکە دەکات و پێشتر سەرۆکی باڵی سەربازیی حزبەکە (مەزلوم عەبدی) ڕایگەیاندبوو کە «بانگەوازەکەی (ئۆجەلان) بۆ داماڵینی چەک پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە لە سوریا». (ئەمیر کەریمی)ش، کە هاوسەرۆکی پژاکە، یەك هەفتە دوای بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵین و لە «٢٠٢٥/٥/١٩» ڕایگەیاند «ئێمە نە چەک دادەنێین و نە خۆمان هەڵدەوەشێنینەوە و ستراتیجی پژاکیش شەڕی چەکداریی نییە»[١٣]. واتا، ڕاستە ناچنە ناو پرۆسەی چەکداماڵینەوە، بەڵام ناشیانەوێت بە ڕێگای چەك کێشەکانیان لەگەڵ ئێران چارەسەر بکەن.

تا ئێستا، پژاك تەنها لە ئاستی گوتار و بانگەوازدا دەڵێن ئێمە چەك دانانێین و نازانرێت بەرنامە و پلانی کردارییان بۆ قۆناغەکانی دواتر چۆنە، تەنانەت چەندین بابەتی دیکەی وەك سنووری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئێران و تورکیا بە ناڕوونی ماوەتەوە. یەکێك لەو بابەتە گرنگانە ئەگەری کاریگەریی ئیسرائیلە بەسەر پژاکەوە، چونکە سەرهەڵدانی ململانێی توندی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و کەمێك نەرمتر لەگەڵ تورکیا ڕۆڵی جیۆپۆلەتیکی پژاکی بۆ ئیسرائیل زیادکردووە. پێدەچێت ئەمەش وای لە پژاك کردبێت پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا بەرامبەر بە ئێران بکات و ڕەنگە گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی لە بارودۆخێکدا کە ڕۆڵی بەرەو هەڵکشان دەچێت هەڵەیەکی ستراتیجییە چەك دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. جگە لەوەی، لەناو حزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێراندا، پژاك لە چیاکان و ناوچە سنوورییەکانی ئێران جێگیرە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هەر هێز و حزب و دەوڵەتێکدایە. بەڵام، حزبەکانی دیکە وەك دێموکرات و کۆمەڵە و پاك لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان و لەژێر کۆنترۆڵدان و تا ئەندازەیەك بەگوێرەی یاداشتە لێکتێگەیشتنە ئەمنییەکەی «٢٠٢٣» لەگەڵ بەغدا و سەپاندنی کەمپنشینی و چەکداماڵین بەسەریاندا ئێران بەرزەفتی کردوون.

> **”(دەوڵەت باخچەلی)، سەرکردەی پارتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیست (مەهەپە)، کە سەردەمانێك بانگەشەی بۆ لە سێدارەدانی (ئۆجەلان) دەکرد، لە "٢٢/١٠/٢٠٢٤"، بانگەوازی بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕاگەیاند و پێشنیازی ئەوەی کرد "ئەگەر (ئۆجەلان) دەستبەرداری(تیرۆر) بێت و هەڵوەشاندنەوەی (پەکەکە) ڕابگەیەنێت“**

وێڕای ئەوەش، ڕەنگە پژاك پێیوابێت چەکداماڵینی پەکەکە دەرفەتێکە بۆ ئەوان تاکو خۆیان بەهێزتر بکەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو زانیاریانە ڕاست بێت، کە پەکەکە پێشتر بەشێك لە چەکەکانی بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) گواستووەتەوە و بەشێکی دیکەشی ڕادەستی پژاك دەکات. هەرچەندە، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا (میت) لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دیراسەی چەکەکانی پەکەکەی کردووە و داتایەکی لەو بارەوە لەبەردەستدایە و ڕەنگە بیەوێت لە پرۆسەی چەکدانانەدا، چەکە کۆکراوەکان بەراورد بە

داتاکانی لای خۆی بکات بۆئەوەی لە کۆکردنەوەی تەواوی چەکەکان دڵنیابێت.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە پێیوایە مانەوەی پژاك کەمتر گریمانکراوە، لەو ڕووەوەی ئەگەر پەکەکە پلانی دانابێت پژاك وەك هێزێکی یەدەگ بەکاربهێنێت بۆ کاریگەریدانان لە دانوستانەکان لەسەر ئەنقەرە. بەو جۆرەی، ئەگەر پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوو بێت ئەوا پێداچوونەوەی ڕیشەیی بە پژاکدا بکات. هەرچەندە، جارێ نازانرێت فۆرم و شێوەی پێداچوونەوەکە چۆنە، چونکە پژاك تا ئێستا هەڵوێستەکانی دیار و ڕوونە. بەڵام، داهاتووی پلان و هەنگاوەکانی دواتری نادیار و ناڕوونە و ڕەنگە بەشێکی زۆری پەیوەست بێت بە وەڵامدانەوەی تورکیا بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی ئاشتی.

**تەوەری دووەم**

**پژاك لە کێبڕکێی جیۆپەلەتیکی نێوان ئێران و تورکیادا**

هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران لەلایەکەوە بە پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی کوردەکانی وڵاتەکەیان تۆمەتبارن، لەلایەکی دیکەوە لەپێناوی بەدەستهێنانی سوودی ستراتیجیدا لە جیپۆلەتیکی ناوچەکەدا بەشێوەیەکی تاکتیکی پشتگیریی لە حزب و گروپە کوردییەکان لە وڵاتانی دراوسێیاندا وەک عێراق و سوریا دەکەن. لەم نێوانەدا، حزب و گروپە کوردییەکانیش یاریزانی پاسیف و ناکارا نین، بەڵکو لەڕێگەی مامەڵەی پراگماتیک لەگەڵ ئەنقەرە و تاران و حکومەتەکانی دیکە بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. لەم سۆنگەیەوەیە، لەم کاتەدا، پرسیار لەبارەی ئایندەی پەیوەندییەکانی پژاك لەگەڵ ئێران و تورکیا دروست دەبێت، چونکە گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا پێداچوونەوە بە سیاسەت و ستراتیج و سروشتی پەیوەندییەکانیان دەکاتە پێویستی و ناچاریی.

**یەکەم، پەیوەندیی ئێران-پژاک لە کۆنتێکستی ناوچەییدا**

ئێران خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە لە قۆستنەوەی پارت و بزوتنەوە ڕزگاریخوازییە کوردییەکان لەپێناوی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و فراوانکردنی توانای دانوستانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە. ئێران تاڕادەیەك توانیویەتی پرسی کورد لە ناوخۆی وڵاتەکەی دەستەمۆ بکات و فرێی بداتە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتانی دیکەی وەك عێراق و تورکیا و سوریاوە. ئەمەشی زیاتر لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ پارت و بزوتنەوە کوردستانییەکاندا. بەڵام، ئەم پەیوەندییانەی بەپێی سەردەم و قۆناغ بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ هەندێك

لە پارتەکان لە سەردەمێکدا پەیوەندیی باش بووە و لە سەردەمێکی دیکە پەیوەندییەکانی تێکچووە. بۆ نموونە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکە لە ساڵی «١٩٨٢» بۆ «١٩٩٩» بە قۆناغی دەستپێك و گەشەسەندندا تێپەڕیوە. لە «٢٠٠٤» تاکو «٢٠١١» بەهۆی شەڕ و پێکدادانی سەربازی لەگەڵ پژاك، پەیوەندییەکانیان پاشەکشەی کردووە، بەڵام لە «٢٠١١» تاکو «٢٠٢٥» پەیوەندییەکانیان هەمەلایەن و پتەو بووە. بەگشتیش لە هەموو قۆناغەکاندا ئێران ڕایەڵە و پەیوەندییەکی وردی تاکتیکی و ناستراتیجی لەگەڵ پەکەکەدا هەبووە، کە نە وەک هێزێکی پڕۆکسی بەتەواوی پشتیوانی لێ کردووە، نە وەک دوژمنێک ڕووبەڕووی بووەتەوە. بەڵکو، ئەم پەیوەندییە حیساباتی پراگماتیکی خوڵقاندویەتی. لەلایەکەوە، ئێران سوودی لە پەکەکە وەرگرتووە و وەردەگرێت بۆ مەبەستی ڕێگریکردن لە فراوانخوازیی ناوچەیی تورکیا. بەڵام لەلایەکی ترەوە، نەیویستووە و نایەوێت پەکەکە ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت ببێتە هۆی بەهێزکردنی کوردانی ئێران[١٤].

> **” تا ئەم قۆناغە و لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی (ئۆجەلان)دا، ئەوە ڕوون بووەتەوە، ئەگەر ڕووداوێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو بۆ پڕۆسەکە نەیەتە پێشەوە، ئەوا پەکەکە جارێکی دیکە بەم فۆرم و پێکهاتەیەی ئێستاوە دەست بە خەبات ناکاتەوە “**

پەکەکەش، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کە لە ناوچەی بیقاعی سوریای هاوپەیمانی ئێران و نەیاری تورکیا نیشتەجێ بوو تا «١٩٩٨»، چووە ڕیزی بەرەی ئێران-سوریاوە بەرامبەر تورکیا و دواتریش لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سوریا لە «٢٠١١» و دروستکردنی خۆبەڕێوەبەریەکی دیفاکتۆ لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە ڕێگەپێدانی سوریا و ئێران لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)ی نزیك لە پەکەکە، توانیویەتی سوود لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران وەربگرێت بۆ کاریگەریدانان و پەلهاویشتنی خۆی لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەم پەیوەندییە مێژوویی و قووڵەوە بێت، لەکاتی پڕۆسەی ئاشتی «٢٠١٣»ی پەکەکە و تورکیا، (ئۆجەلان) گریمانەی ئەوەی کرد تاران دەتوانێت چالاکی چەکداری دژی تورکیا ئەنجام بدات و بیخاتە ئەستۆی پەکەکە و هەوڵەکانی ئاشتی تێکبدات. بۆ پێشگرتن لەم جۆرە سیناریۆیە، (ئۆجەلان) داوای لە قەندیل کرد، وریا و چاوکراوە بن[١٥].

پەکەکە، لە ساڵی «١٩٩٨» لە سوریا دەرکرا، دواتریش کە لە ساڵی «٢٠٠٤» پژاك دروستکرا و دەستیکرد بە چالاکی دژی ئێران، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران چووە ئاستێکی خراپەوە. بەڵام، ساڵی «٢٠١١» کاتێك شەڕی ناوخۆی سوریا دەستیپێکرد، پژاك تاکلایەنە کۆتایی بە چالاکییەکانی دژی ئێران هێنا، بۆئەوەی ئێران لە سوریا ڕەچاوی (پەیەدە) بکات. ئێران و سوریاش لەبەرامبەر بێلایەنی پەیەدە و نەچوونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە کۆنترۆڵی ناوچە کوردنشینەکانی سوریایان ڕادەستی پەیەدە کرد. بەمەش، لە عێراق و سوریا و ناوچەکە پەکەکە و حزبە لق و پۆپەکانی بەرەو بەرەی پاڵپشتیکراوی ئێران ئاڕاستەیان وەرگرت[١٦].

لە میانەی جەنگی دوازدە ڕۆژەی ئیسرائیل-ئێرانیشدا، پژاك بە ئاڕاستەی پیادەکردنی هەمان سیاسەتی پەیەدە لە سوریا هەنگاوی نا و دەستوەردانی دەرەکی لە ناوخۆی ئێران ڕەتکردەوە. بۆ نموونە لە پارێزگای ورمێ لەگەڵ خواستی تورکەکاندا ڕووبەڕووبووەوە، چونکە پژاك پێگەی لە پارێزگای ورمێ هەیە و دانیشتووانی ئەو ناوچەیەش زۆرینەیان ئازەرین و لەڕووی نەتەوەییەوە خۆیان لە تورکیاوە بە نزیك دادەنێن. بۆیە، پشتگیریکردنی تورکیا لە پژاک لەگەڵ هەڵوێستی ناوچەیی تورکیادا پێچەوانە دێتەوە و ئەگەر گۆڕانکارییەك لە کوردستانی ئێران ڕووبدات ئەوا تورکیا زۆر زیاتر لە گروپێکی چەکداری کوردی وەک پژاک پشتیوانی ئەکتەرە ئازەرییەکانی ناوچەکە دەکات[١٧]. پژاکیش لە ترسی بەکارهێنانی ئازەرییەکان دژی کورد لەلایەن ئێران یان لە ترسی ئەوەی تورکیا ئازەرییەکان دژی کورد بەکاربهێنێت، لەکاتی جەنگی ئیسرائیل-ئێراندا، بەیاننامەی پشتیوانی و یەکرِیزی بۆ ئازەرییەکان دەرکرد و بانگەوازی ئەوەی کرد ئێمە دەتوانین بە هاوبەشی و هەماهەنگی ئایندەیەکی ئازاد و دادپەروەر و دیموکراسی بنیات بنێین[١٨]. ئەمەش، لەگەڵ سیاسەتێکی خۆماڵی ئێرانیدا هاوتەریبە، بەتایبەت کە پژاك بەراورد بە حزبە کوردییەکانی دیکە کەمتر هەڵگری گوتارێکی ناسیۆنالیستییە و بانگەشەی دەوڵەتی سەربەخۆ ناکات. بەنسبەت پژاکیش دۆخی هەنووکەی ستراتیجی لە چەندین ڕووەوە نزیکایەتی لەگەڵ ئێران لێ دەخوازێت، لەبەرئەوەی: یەکەم، لە ساڵی «٢٠١١»وە ئاگربەستی لەگەڵ ئێران ڕاگەیاندووە، ئەمەش خزمەت بە خەباتی ئەم قۆناغەی پژاك دەکات، کە بەرەو خەباتی مەدەنی و دیموکراتی وەرچەرخاوە. دووەم، پژاك بۆ دروستکردنی هەرێمێکی کوردی دیفاکتۆ لە ڕۆژاڤای کوردستان ئەوەی لەبەرچاوە کە ئێران یارمەتی پەیەدەی دا. سێیەم، پژاك دەتوانێت بە پشتیوانی ئێران پارێزگاریی لە بنکە و بارەگاکانی لە قەندیل بکات. چوارەم، لە ئەگەری چاوەڕوانکراوی نائامادەیی پەکەکەدا، پژاك دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە.

هەرچەندە، هەردوولا (ئێران و پژاك) نەیاری یەکترین و ڕووی خەبات و تێکۆشانی پژاك لە ڕژێمی ئێرانە، بەڵام بەهۆی ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، نزیکی و لێکتێگەیشتن و نەرمینواندنیان بۆ یەکتر بژاردەیەکی مامناوەندە هەم بۆ ئێرانییەکان هەم بۆ پژاك.

**دووەم: شیمانەی هاوپەیمانێتی ڕانەگەیەندراوی تورکیا-پژاک**

لە دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی ئەمجارەوە تا ڕۆژی مەراسیمی چەکدانانی «٣٠» گەریلاکەی پەکەکە لە «٢٠٢٥/٧/١١»، لەبەردەم ئەشکەوتی (جاسەنە)ی قەزای (دوکان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، تورکیا لەبارەی پژاکەوە هیچ قسەیەکی نەکردبوو. بەڵام، لەو ڕۆژەوە بەشێك لە بەرپرسانی باڵای تورکیا باس لە چەکداماڵینی هەموو لق و پۆپەکانی پەکەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی ناویان بهێنن، کە ڕەنگە زیاتر مەبەستیان (پەیەدە) بێت، چونکە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر پەیەدە پێش دەستپێکی پرۆسەی ئاشتیش دژایەتیکردن بوو، لەکاتێکدا ڕاستە پژاك لقی ئێران و پەیەدە لقی سوریای پەکەکەیە، بەڵام لە دیدی تورکیاوە پژاك و پەیەدە وەك یەك پاکێج تەماشا ناکرێن. ئەمەش، پرسیار و گومانی زۆر دەوروژێنێت. بەتایبەت، کە تاکو ئێستا، بەگوێرەی لێدوانی هەردوولا لەناو پرۆسەی ئاشتیدا چارەسەر بۆ داهاتووی پژاك دانەنراوە. بۆیە، لێرەدا هەر شتێك بڵێین لە چوارچێوەی گریمانە و ئەگەردایە.

> ”(پژاك)، لە ساڵی "٢٠٠٤" دامەزراوە و لە ئێستادا (ئەمیر کەریمی) و (پەیمان ڤیان) هاوسەرۆکی حزبەکەن و یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) “

(ئەمیر کەریمی)، هاوسەرۆکی پژاك، لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ کەناڵی بی بی سی تورکی، لە «٢٠٢٥/٦/٢١»، ڕایگەیاند «ئێمە هەرگیز هێرشمان نەکردووەتە سەر تورکیا و هێرشیش ناکەین، بەڵکو دەمانەوێت پەیوەندیی ئاسایی و ئاشتیانە لەگەڵ تورکیا دابمەزرێنین»[١٩]. ئەم قسانە وەك ناردنی پەیام و ئاماژە بۆ تورکیا لێکدەدرێتەوە و پێدەچێت تورکیا لەگەڵ (ئۆجەلان)دا کار لەسەر ئەوە بکات مانەوەی پژاك بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئێران بەکاربهێنێت. ئەمەش، دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتیجی باڵای تورکیاوە، لەلایەکەوە لە چەقی ئەو ململانێ مێژووییە جیۆپۆلەتیکییەی لەنێوان تورکیا و ئێراندا هەیە خزمەت بە تورکیا دەکات[٢٠]. لەلایەکی دیکەوە، لەم کاتەدا، کە ئیسرائیل بەردەوام بانگەواز بۆ ڕاسانی کوردەکان دەکات دژی ئێران و تورکیا، دەکرێت ڕێگە بگرێت لەوەی ئیسرائیل گروپە کوردەکانی نەیاری تورکیا بۆ کاریگەریدانان لەسەر تورکیا بەکاربهێنێت. سەرباری، فاکتەرە ناوخۆییەکانی


وەك دوورخستنەوەی کوردەکانی تورکیا لە حزبە سیاسییەکانی دیکە لە پەرلەمانی تورکیا و نزیکخستنەوەیان لە ئەکەپە بە مەبەستی خزمەتکردن بە هەوڵەکانی (ئەردۆغان) بۆ گۆڕانکارییە دەستورییەکان و بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێك لە ناوەندەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوە (Think Tank) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەنقەرە ئامادەکاریی بۆ سیناریۆی ڕووخانی سیستم لە ئێران دەکات. بەتایبەت، لەدوای جەنگی ئیسرائیل-ئێران و مکورِبوونی حکومەتەکەی (بنیامین نەتەنیاهو) لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە ئێران، کە لە میانەیدا ئەگەری سەرهەڵدانی هەرێمی دیکەی دیفاکتۆی کوردی لە ئێران لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەمەش، وا لە تورکیا دەکات بەرنامە و پلانی بۆ ڕوودانی ئەم شیمانەیە هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەری هەیە تورکیا کار لەسەر ئەوە بکات کوردانی ئێران بۆ پەلهاویشتنی خۆی و دژی ئێران بەکاربهێنێت، هاوشێوەی ئەو کارتە گوشارەی، کە پێش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، ئێران بەرامبەر تورکیا بەکاریدەهێنا، کە خۆی لە یارمەتیدانی (پەیەدە)ی نەیاری تورکیادا دەبینییەوە[٢١]. بەڵام، تورکیا کاتێك دەتوانێت ئەم ئامانجە بەدیبهێنێت، کە لە ئێستاوە زەمینە بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ حزب و گروپە کوردییەکان ساز بدات و لەم کاتەشدا پژاك یەکێکە لە بژاردەکان تاکو لێی نزیك بکەوێتەوە، چونکە پرۆسەی ئاشتی و پەیوەندیی نوێی پەکەکە لەگەڵ تورکیا دەرفەت بۆ ئەنقەرە دەڕەخسێنێت کە پژاك بە ئاڕاستەی ڕەوتی دژ بە تاران بجوڵێنێت[٢٢]. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دەکرێت تورکیا چاوپۆشی لە چالاکییەکانی پژاك دژی ئێران بکات و ڕێگە بە پژاك بدات لەو ناوچەیەدا بمێنێتەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی دایە. تورکیا بەم کارە ئامانجێکی دیکەش دەپێکێت، ئەویش بەهانەی بەدەستەوە دەمێنێت تاکو پارێزگاری لە مانەوەی بنکە و بارەگا سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان بکات و بەم جۆرە هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بهێڵێتەوە.

سەبارەت بە پژاکیش، گۆڕانی ئەرێنی لە گوتاری تورکە توندڕەوەکانی وەک (دەوڵەت باخچەلی) بەرامبەر کورد و پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆی، هاوشان بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و گەمارۆدانی ئێران لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، ڕەنگە هەم ڕیسکی کەمتری تێدا بێت هەم زیاتر پێشبینیکراو بێت تاکو لەگەڵ تورکیادا ڕێکبکەوێت.

هەرچەندە، چاودێران پێیانوایە (ئۆجەلان) دەیەوێت پژاك بکات بە سەرمایەیەکی ستراتیجی ناوچەیی بۆ تورکیا. بەڵام، ئەگەر پەکەکە هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ ئێران بپچڕێنێت و هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەی تورکیاوە بەبێ گرەنتی سیاسی و یاسایی، ئەوە دەبێتە بێباکی و هەڵەیەکی ستراتیجی و بۆئەوەی لەم هەڵە ستراتیجییە بەدوور بێت، ڕەنگە پارێزگاری

لە مانەوەی پژاك بكات. خۆ ئەگەر پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوو بێت، ئەوا ڕەنگە پژاك بە پشتیوانی تورکیا چالاکییەکانی دژی ئێران زیاد بكات. بەڵام، ئەگەر پرۆسەكە شكست بهێنێت ئەوا پژاك وەك نەیاری تورکیا دەمێنێتەوە.




**دینامیکی سەرەکی:** تورکیا لە ڕێگەی پژاکەوە دەیەوێت کاریگەری بخاتە سەر ئێران، بەڵام دەبێت هاوسەنگی ئەمە لە بەرامبەر ئاشتی لەگەڵ پەکەکەدا ڕابگرێت. ئێران بە دەستپێشخەریی مافی زمانی کەمینەکان بەرپەرچی دەداتەوە، لە کاتێکدا پژاك وەک فاکتەری چارەسەرنەکراو لە دانوستانەکانی تورکیا و پەکەکەدا دەمێنێتەوە.

## دیدگا سەرەکییەکان

| لێکدانەوەکانی تورکیا | تەنگژەی پەکەکە | دژە جووڵەکانی ئێران |
|---|---|---|
| پێویستی بە پژاك هەیە بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئێران. | ناتوانێت دەستبەرداری شەڕڤانانی کوردی ئێران بێت. | دەستپێشخەری یاسای مافی زمانی کەمینەکان. |
| دەیەوێت ڕێگری لە کاریگەری ئیسرائیل بکات لەسەر گروپە کوردییەکان. | پێویستی بە گرەنتی یاسایی و سیاسی هەیە. | دەستپێشخەریی چاکسازییەکانی حکومەتەکەی پزیشکیان. |
| پێشبینی دەکات پژاك وەک بریکاری شیمانەکراو بەکاربهێنێت (هاوشێوەی سوپای نیشتمانی سوریا). | دەبێت هاوسەنگی لە نێوان تورکیا و ئێران ڕابگرێت. | پاراستنی دیبلۆماسی کەناڵی پشتەوە لەگەڵ قەندیل. |
| بە شێوەیەکی ستراتیجییانە لە دانوستانەکانی ئاشتیدا لەبارەی پژاکەوە بێدەنگە. | پژاك وەك هێڵی ستراتیجی بەکاردەهێنێت. | نیگەرانییەکانی سەبارەت بە فراوانخوازییە هەرێمییەکانی تورکیا. |

**لێدوانی ئۆجەلان لە ساڵی ٢٠١٣: "تاکە ڕێگە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران ئەوەیە کە پژاك گەشە بکات بۆ 40,000 شەڕڤان" – تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی پژاك وەک ڕێگرییەکی ستراتیجی لە سیاسەتی ناوچەییدا.**

(The National Context :سەرچاوە)

**تەوەری سێیەم**

**ڕۆڵی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە داهاتووی پژاک و هاوکێشەی ناوچەیی**

لەم تەوەرەیەدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری و ستراتیجییەتی ئەمریکا و ئیسرائیل، پاشان هەرێمی کوردستان و عێراق پەیوەست بە ئایندەی پژاک و مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیدا دەکەین.

**یەکەم: پێگەی پژاک لە ستراتیجییەتی ئەمریکا و ئیسرائیلدا**

تا ئێستا تورکیا لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی ئەمجارەی لەگەڵ پەکەکەدا ڕازی نەبووە هیچ لایەنێکی دەرەکی نێوەندگیر و ناوبژیوان بێت. بەڵام، زانیاریی نافەرمی و پشتڕاستنەکراوە هەن باس لە نێوانگیریی بەریتانی و نەرویجییەکان دەکەن و نکۆڵیش لەوە ناکرێت جگە لەم دەوڵەتانە چەندین دەوڵەتی تریش هەن یان ڕۆڵ و کاریگەرییان لە پرۆسەکەدا هەیە، یان کارتێکەر و کارتێکراون بە پرۆسەکە و ناچارن پلان و ستراتیجییەتیان هەبێت وەك ڕوسیا و سوریا و ئەرمینیا و قوبرس و یۆنان، کە ئێمە لێرەدا باسیان ناکەین، بەڵکو، تەنها باس لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەین وەك کاریگەرترین لایەنی دەرەکی بەسەر پرۆسەکەوە دوای تورکیا و ئێران، چونکە لەلایەك دوای ڕووداوەکانی «٢٠٢٣/١٠/٧» ئیسرائیل بووەتە ئەکتەری سەرەکی لە گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەکی دیکەوە ئاستی پشتیوانی ئەمریکا ڕۆڵی لە پرۆسەکەدا هەیە و پێشناچێت ئەمریکا تەنها تەماشاکەر بێت، بەو پێیەی (ئۆجەلان) لە داواکاری دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و کۆنفیدراڵیزمەوە، ئێستا داوای ئۆتۆنۆمیش ناکات، بەڵکو تەنها داوای ئاشتی و دیموکراسی بۆ تورکیا دەکات. ئەمەش، لەگەڵ ئاڕاستە و بڕوای ئەم ئیدارەیەی (دۆناڵد ترەمپ)دا دەگونجێت، کە هانی چارەسەری پرسی کورد دەدات لە تورکیا لەڕێگەی ئەنقەرەوە و لە سوریا لەڕێگەی دیمەشقەوە و لە عێراقیش لەڕێگەی بەغداوە[٢٣]. تەنانەت، ڕەنگە ئەمریکا بیەوێت لەم ڕێگەیەوە گوشاری تورکیا لەسەر کوردی سوریا و عێراق کەم بکاتەوە، کە لەگەڵیدا هاوپەیمانن[٢٤]. هەموو ئەمانە، ڕەنگە وا لە واشنتۆن بکات فشار بخاتە سەر ئەنقەرە بۆئەوەی سوود لەم دەرفەتە مێژووییە وەربگرێت و بۆ یەکلاییکردنەوەی دوژمنداریی نێوانیان هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکەدا بکات، وەك چۆن ئەمریکا لە سوریا ڕۆڵی گەورەی لە ڕێککەوتنی (هەسەدە) و حکومەتەکەی (ئەحمەد شەرع) دا بینی.

بەو پێیەی، پژاك ڕایگەیاندووە کە دەستبەرداری چەك نابێت، ڕەنگە ئەمریکا و ئیسرائیل بیر لەوە بکەنەوە کۆنترۆڵی پژاك بەدەستەوە بگرن، هەرچەندە، ئەمریکا لەم قۆناغەدا ئەستەمە

بتوانێت مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پژاکدا بکات، چونکە پژاکی وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەراوێزەی بابەتی بە تیرۆریست ناساندنی پژاك لەلایەن ئەمریکاوە سەرەتایەکی مشتومڕاوی هەیە و لە سەرەتادا ئەمریکا و ئیسرائیل یارمەتی پژاکیان داوە و لە «٢٠٠٦» و تەنها دوو ساڵ دوای ڕاگەیاندنی پژاك، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (سیمور هێرش) لە زنجیرە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (نیویۆرکەر) باسی لەوە کرد «هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل بە مەبەستی فشارخستنە سەر ئێران ڕاهێنان بە پژاك دەکەن و پشتیوانی دارایی و هەواڵگریان پێشکەش دەکەن»، ئەمەش، نارەزایەتیی توندی تورکیای لێکەوتەوە[٢٥] و وایکرد وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لە (٢٠٠٩) پژاك وەک «ڕێکخراوێکی تیرۆریستی» لە قەڵەم بدات. ئەمەش، بەو واتایە دێت بە تیرۆریست ناساندنی پژاك لەلایەن ئەمریکاوە لەژێر فشاردا بووە و لە دیدگای ستراتیجیی ئەمریکاوە سەرچاوەی نەگرتووە و دەکرێت ئەمریکا چاوپۆشی لەمە بکات.

**” پژاك، چالاکترین گرووپی چەکداری کوردییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا دژی ئێران خەباتی کردووە. لەنێوان ساڵانی "٢٠١٤" بۆ "٢٠٢٥"، نزیکەی (٧٠٪)ی هەموو هێرشەکانی حزبە چەکدارییە کوردییەکان بۆ سەر ئێران لەلایەن پژاکەوە ئەنجام دراوە “**

تەنانەت لەم قۆناغەی ئێستای پرۆسەکەدا، لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ کاریگەریدانان لەسەر پژاك هەندێك ئاماژە دەرکەوتوون، یان ئاڕاستەکردنی پژاك دژی ئێران. بەڵام، پژاك تا ئێستا بەم ئاڕاستەیە کاری نەکردووە. بۆ نموونە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی ئیسرائیل-ئێران لە «حوزەیرانی ٢٠٢٥»، میدیاکانی ڕۆژئاوا سانسۆریان لەسەر سەرکردەی حزبە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەڵگرت و بە ناڕاستەوخۆ هەوڵیاندا دژی ئێران هانیان بدەن. سەرباری، هەڵوێستی توندی هەندێك لەو حزبانە، پژاك بە وریاییەوە مامەڵەی کرد، بۆ نموونە: (پاك) پشتیوانی لە هێرشی ئیسرائیل کرد و بانگی ڕاپەڕینی نەتەوەیی بۆ کوردی ئێران کرد. هەردوو حزبی دێموکرات و کۆمەڵە بانگەوازی لادانی ڕژێمی ئێرانیان کرد. بەڵام، پژاك دژایەتیی هەردوو ئیسرائیل و ئێرانی کرد و بانگەوازی «هێڵی سێیەم»ی کرد، هاوشێوەی ئەوەی (پەیەدە) لە سوریا کردی و هاوتەریب بەو سیاسەتەی لە کۆنگرەی حەوتەمی خۆی

لە «٢٠٢٤/٤/٢٧»ەوە بانگەشەی بۆ دەکات، کە بریتییە لە خەباتکردن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەی دیموکراتییانە[٢٦] و لە چاوپێکەوتنێکی (ئەمیر کەریمی)، هاوسەرۆکی پژاك، لەگەڵ کەناڵی بی بی سی تورکی، باس لەوە دەکات «ئەوان پابەندن بە ئاگربەستی «٢٠١١» لەگەڵ ئێران و لایەنێکی ئەو شەڕە نین و داوای جیابوونەوە لە ئێران ناکەن، بەڵکو داوای دیموکراسی و مافی چارەنووسی خەڵك دەکەن»[٢٧]. بەڵام، ئێران هەر بە ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. تەنانەت، دوای ڕاوەستانی جەنگەکەش، لە ڕاپۆرتێکی کەناڵی «LCI"ی فەرەنسی، لە «٢٠٢٥/٧/٣»دا هاتووە «دوای جەنگی دوازدە ڕۆژەی ئیسرائیل–ئێران، ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پژاك لەلایەن ئێرانەوە بەتوندی خراونەتە ژێر چاودێرییەوە»[٢٨].

پێدەچێت ئێران لەوە بترسێت ئەم هێزانە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بۆ چالاکی و جموجۆڵ دژی ئێران بقۆزرێنەوە، بەتایبەت کە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئیسرائیل پەیامی بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ناردووە، کە ئەوان بە نیازن گۆڕانکاریی لە ڕژێمی ئێراندا ئەنجام بدەن. لەبەرئەوە، ئەم ترس و هەڵوەستەکردنەی ئێران بێ هۆکار نییە، تەنانەت لە ڕاپۆرتەکەی تەلەفزیۆنی «LCI»ی فەرەنسیدا، (ئەمیر کەریمی)، دەڵێت «تێکۆشان لە دژی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە تاران یان لەناو میدیادا نییە، بەڵکو لە شاخەکان، لەو شوێنەی کە ئایدیۆلۆجیا و پەروەردە و تێکۆشان پێکەوە گرێدراون، مانای خۆی دەدۆزێتەوە»[٢٩]. ئەمەش، بەو واتایە دێت، لەم قۆناغەدا پژاك نیازی نییە ناوچە شاخاوییەکانی ژێر هەژموونی خۆی چۆڵ بکات و لە دوای جەنگی دوازدە ڕۆژەش، ناکرێت ئەمریکا و ئیسرائیل، هێزێکی ڕێکخراوی تۆکمەی وەك پژاك، کە بەرهەڵستکاری ئێرانە، لەناو ئەجێندا و ستراتیجەکانیاندا نەبێت، جگە لە کۆمەڵێك پاڵنەر و فاکتەری دیکەی وەك: یەکەم، ئەمریکییەکان لە ترسی ئەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پژاك نەبێتە مۆڵگەی تیرۆر یان نەبێتە ناوچەی نفوزی ئێران، لە ئەگەری چۆڵکردنیدا، بەشداری لە پلانەکانی شوێنگرتنەوەی ئەو ناوچانەدا دەکەن و ڕەنگە ئەوان هێڵی سووریان لەسەر هێزەکانی پێشمەرگەی هاوپەیمانیان نەبێت. دووەم، لە ئەگەری پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئاستی پشتیوانی ئەمریکا بۆ پژاك بەرزدەبێتەوە. سێیەم، ئیسرائیل پێویستی بە پشتیوانی گەلانی ناوچەکە هەیە بۆ فراوانخوازییە جیۆپۆلەتیکییەکانی و دوای «٧»ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣»، چەندین ڕاپۆرت هەن ئاماژە بە هەوڵەکانی ئیسرائیل دەکەن بۆ گەیشتن بە ئەکتەرە کوردەکانی سوریا[٣٠]. بۆیە، ئەگەر پژاك ڕازیش نەبێت بە پشتیوانی و یارمەتییەکانی ئیسرائیل -هەروەك چۆن (ئۆجەلان) پێشتر هۆشداریدا لە قۆستنەوەی کورد لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە- بەڵام ئەوە لەگەڵ ستراتیجییەتی ئیسرائیلدا هاوتەریبە، کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدات گروپە کوردییەکان و لەنێویاندا پژاك دژی ئێران هان بدات.

**دووەم: ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و عێراق لە پڕۆسەی ئاشتی و هاوکێشەی نوێی پژاکدا**

هەرێمی کوردستان، تا ئەم قۆناغە ڕۆڵی گەورە لە پڕۆسەکەدا دەگێڕێت و لە هەموو لایەنەکان بە پەرۆشترە بۆ بەرەوپێشچوونی پڕۆسەکە، بەجۆرێك لایەنە پێکهێنەرەکانی ناو گفتوگۆکانیش: دەم پارتی، تورکیا، ئۆجەلان و پەکەکە، بە وردی درکیان بەم ڕۆڵ و پێگەیەی هەرێم کردووە. هەر بۆیە، لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی پڕۆسەی گفتوگۆکاندا شاندی ناوبژیوانی دەم پارتی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیدا کۆبوونەوە و تەنانەت (ئایشە گوڵ دۆغان)، وتەبێژی دەم پارتی، لە «٢٠٢٥/٦/١١» وتی: عەبدوڵلا ئۆجەلان داوای بینینی بافڵ تاڵەبانی، قوباد تاڵەبانی، مەزلوم عەبدی، نێچیرڤان بارزانی و مەسعود بارزانی کردووە[٣١]. پەکەکەش، خاکی هەرێمی وەك گۆڕەپانی چەکدامالین هەڵبژاردووە و ئەو کاراکتەر و دەزگایانەی تورکیاش، کە پەیوەستن بە پڕۆسەکەوە لەگەڵ دەزگا و لایەنەکانی هەرێمی کوردستاندا لە هەماهەنگیدان.

> **”گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەم دوو ساڵەی ناوچەکە کاریگەریی لەسەر ستراتیجیی گروپە چەکدارەکانی ناوچەکە دروستکردووە. لاوازبوونی پێگەی ئێران بەهۆی ڕووداوەکان ی دوای هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە "٢٠٢٣/١٠/٧" و کاردانەوەکانی ئیسرائیل و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە کۆتاییەکانی "٢٠٢٤" و نەهێشتنی هیلالی شیعی، دەرفەتێکی نوێی بە ڕووی پژاکدا کردووەتەوە“**

هەرچەندە، دوای پەیامە ڤیدیۆییەکەی (ئۆجەلان) لە «٢٠٢٥/٧/٩»، کە جەختی لەسەر جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی چەکدانانی پەکەکە کردەوە، قۆناغی یەکەمی مەراسیمی چەکدانانی «٣٠» گەریلای پەکەکە لە «٢٠٢٥/٧/١١» بەناوی (گروپی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی)، لەبەردەم ئەشکەوتی جاسەنەی سەر بە قەزای دوکانی سنووری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو[٣٢]. هەروەها ڕۆژی دواتریش، (ئەردۆغان) وتارێکی پێشکەش کرد و داوای پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی پەرلەمانی لە تورکیا کرد بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی پڕۆسەکە. بەڵام، هێشتا ڕوون نییە پەکەکە چۆن و بە چەند قۆناغی دیکە

چەکەکانی دادەنێت و داهاتووی ناوچەکانی ژێر نفوزی لە قەندیل، خواکورک، گارا، مەتینا و حەفتانین چی لێدێت، ئایا بەتەواوەتی چۆڵی دەکات و ڕادەستی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی دەکاتەوە، یاخود ڕادەستی پژاکی دەکات؟

لەناو ئەم گریمانانەدا ڕۆڵ و کاریگەریی هەرێمی کوردستان و عێراق تەوەرێکی سەرەکییە، بەتایبەت هەرێم، چونکە ڕاستەوخۆ بە هەنگاوە کردارییەکانی پرۆسەکەوە پەیوەندیدارە. تەنانەت، (ئەردۆغان)یش ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە «حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیەدا هەماهەنگن» و هەر دوای ڕاگەیاندنی پرۆسەکەش، بەغدا دەستیکرد بە پێکهێنانی شانەیەکی هاوبەشی ئەمنی و سەربازی لەگەڵ تورکیا بۆ ئاسانکاریکردن بۆ پرۆسەی چەکداماڵینەکە و تا ئێستاش هەردوو عێراق و هەرێم هیواخوازن پرۆسەکە ببێتە هۆی کشانەوەی سوپای تورکیا لەناو عێراق، کە بەگوێرەی زانیارییە نافەرمییەکان بە نزیکەی «١٠٠» بنکەی سەربازی مەزەندە دەکرێت، کە بە قووڵایی «١٠» بۆ «٤٠» کیلۆمەتر و بەدرێژایی سنوورێکی «٢٠٠» کیلۆمەتری نێوان تورکیا و هەرێم بڵاوبوونەتەوە و ژمارەی سەربازانی تورك لە عێراق بە نزیکەی «٥٠٠٠» سەرباز دەخەمڵێندرێت، کە بەسەر ئەو بنکانەدا دابەشبوون کە ئامێر و کەرەستەی سەربازی جۆراوجۆریان تێدایە، لە نموونەی تۆپخانە و زرێپۆش و شوێنی نیشتنەوەی هێلیکۆپتەر و شوێنی هەڵدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و تەنانەت تورکیا ڕێگای وشکانی نوێی بەدرێژایی سنووری تورکیا و هەرێم بەرەو بەشێک لە بنکە سەربازییەکانیان کردووەتەوە[٣٣]. تورکیا نەك تەنها لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە پاساوی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) لە شەنگال، کە وەك باڵێکی سەربازی پەکەکە دادەنرێن و لە سنووری پارێزگای نەینەوادان، چەندینجار هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچەیە و بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان گۆڕەپانی پێکدادانی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیایە، زیانی گیانی و ماددی بە هەزاران هاوڵاتی گەیشتووە و چەندین تەنگژەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی لەنێوان هەرێم و تورکیا دروستکردووە[٣٤]، کە هیچ لایەکیان خوازیاری نین. بۆیە، لە بەرژەوەندیی تورکیا و هەرێمدایە، کە چیتر شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا نەبێتە مایەی زیانمەندبوونیان و تێکچوونی پەیوەندییەکانیان.

کەواتە، ئاشکرایە کە بۆچی هەرێمی کوردستان خوازیاری سەرکەوتنی پرۆسەکەیە. بەڵام، حکومەتی عێراق بۆچی، لەکاتێکدا، پەکەکە یەکێك بووە لە کارتەکانی لای عێراق بۆ گوشارخستنە سەر تورکیا، لەبەرامبەر تورکیادا کە چەندین کارتی وەك ئاو، تورکمان و سوننەی دژی عێراق بەدەستەوەیە، بەڵام عێراق هیچ کارتێکی بەرامبەر تورکیا بەدەستەوە نییە جگە لە پەکەکە.

بەشێك لە چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان ئەوەی وایکردووە حکومەتی عێراق خوازیاری بەئەنجام گەیشتنی ئەم پرۆسەیە بێت، بریتییە لە پرۆژەی ستراتیجی (ڕێگەی گەشەپێدان)، کە پێکهاتووە لە ڕێڕەوی نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر لەنێوان عێراق و تورکیا، چونکە عێراق پێویستی بە هاوکاریی تورکیا و دوورخستنەوەی ڕێگاکەیە لە مەترسی و هەڕەشەی پەکەکە[٣٥]. بەڵام، ئەگەر پژاك لە دەرەوەی پرۆسەی چەکدانانەکە بێت، کە خۆیان دەڵێن ئەوان چەك دانانێن، ئەوا لەلایەکەوە سەرهەڵدانی نائارامی و شەڕ لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی پژاکدان دەبێتە یەکێك لە سیناریۆ ئەگەرییەکان، بەتایبەت کە پەیوەندییەکانی ئێران و پژاك خەریکە بەرەو تێکچوون دەڕوات، بۆ نموونە لە دوایین هەڵوێستدا، لە «٢٠٢٥/٧/٩»، حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێران، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دژی سەرکوتکاری و لەسێدارەدانی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی ئێران بڵاوکردەوە[٣٦]. لەلایەکی دیکەوە، مانەوەی پژاك ڕەنگە وا لە تورکیا بکات نەچێتە ژێر باری چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی لە هەرێمی کوردستان وەك چۆن لە «١٩٧٤» سوپای تورکیا هێرشی کردە سەر قوبرس و تا ئێستاش تێیدا ماوەتەوە. ئەو کاتەش دەرگا بۆ کێشمەکێشێکی تازە لەنێوان لایەنەکاندا دەکرێتەوە. بۆ نموونە، لە ئێستادا ئێران پێیوایە هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێم، تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە نییە، بەڵکو ئەم پەلهاویشتنانەی تورکیا، لەلایەك لەڕووی هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیارییەوە، هەڕەشەیە لەسەر ئێران، بەتایبەت کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و هەماهەنگی هەواڵگری و زانیاریی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە. لەلایەکی دیکەوە، توانای دانوستانی تورکیا لە ناوچەکە بەرامبەر ئێران زیاتر و بەهێزتر دەکات. بۆیە، ئێران ڕەنگە لە سەرێکەوە پێی باش بێت پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە سەرکەوتوو بێت بۆئەوەی سوپای تورکیا لە هەرێم بکشێتەوە. لە سەرێکی دیکەوە، لەبەرژەوەندیی نییە پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت، چونکە چیتر کارتی پەکەکەی دژی تورکیا بەدەستەوە نامێنێت و ترسی لەوەش هەیە تورکیا لەمەودوا کار بۆ جوڵاندن و ئاڕاستەکردنی پژاك دژی ئێران بکات، بەتایبەت، کە لەم کاتەدا تەنها ئێران ماوە گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیانە لەگەڵ کورد ڕابگەیەنێت[٣٧]. ئەمەش، پاڵ بە پژاکەوە دەنێت هاوشان بە هێز و حزب و گروپەکانی دیکەی کوردی ئێران کار لەسەر هێنانە ژێر باری ئێران بکات، بۆ ئەوەی ئێران ستراتیجی خۆی بگۆڕێت و لەسەر مافەکانی گەلی کورد دەست بە گفتوگۆ بکات.

بە ڕوودانی هەر ئەگەرێك لەو ئەگەرانەی دامان نا، هەرێمی کوردستان و عێراق کاریگەر و کارتێکراو دەبن: هەرێم ڕەنگە بە لای ڕۆڵی نێوەندگیریی و ناوبژیوانیدا بڕوات، بەڵام بەهۆی نزیکی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتدارانی عێراق لە ئێرانەوە، ئەگەری زۆرە ئێران لەڕێگەیانەوە

گوشارەکانی لەسەر پژاك زیاد بکات. هەموو ئەمانە، هاوتەریب بە کاریگەریی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و دانوستانی نێوان هێزەکانی کورد و حکومەتەکەی (ئەحمەد شەرع) لە سوریا و بەهۆی جەنگی دوازدە ڕۆژەوە، کە پێویستی پێداچوونەوە بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بووەتە ڕۆژەڤ، پژاك گوتار و هەنگاوەکانی لەم چوارچێوەیەدا ڕەنگرێژ و پیادە دەکات. لەبەرامبەردا، ستراتیجییەتی ئێران بەرامبەر هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوو ئاڕاستەیە: ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن وەك کۆمەڵە و دیموکرات و پاك، لە چوارچێوەی یاداشتی لێکتێگەیشتنی ئەمنی «٢٠٢٣» مامەڵە دەکات و لەگەڵ پژاکیش لە چوارچێوەی ئاگربەستی «٢٠١١». لەکاتێکدا، ئەگەر پرۆسەی ئەمجارەی ئاشتی لە تورکیا بە ئەنجام بگات، پێدەچێت ئێران بکەوێتە بەردەم دوو بژاردەوە: یەکەم، خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان لەنێویاندا پژاك. دووەم، گوشاری زیاتر بۆ سەر هێزە کوردییەکان[٣٨]. بژاردەی دووەم، هەرێمی کوردستان دەخاتە گۆشەیەکی لاوازەوە و بە زیانی دەشکێتەوە. بەڵام، بۆ ئەوەی ئێران بیر لە بژاردەی یەکەم بکاتەوە، کە لە بەرژەوەندیی کوردی ئێران، هەرێم و عێراقیشدایە، دەکرێت لە ئێستاوە هەرێم و عێراق لەڕێگەی زەمینەسازیی بۆ بەرهەمهێنانی گوتار و تێگەیشتنێك بە ڕۆڵی خۆیان هەستن، کە خزمەت بەم بژاردەیە بکات.

## تەوەرەی چوارەم

## سیناریۆکانی داهاتووی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاك)

لەژێر ڕۆشنایی زانیاری و شیکاریی تەوەرەکانی پێشوو، سێ سیناریۆ بۆ داهاتووی پژاك لە پەیوەندیدا بە پرۆسەی ئاشتی تورکیا-پەکەکە و کاریگەرییە ناوچەییەکان، دیاری دەکەین، ئەوانیش:

### سیناریۆی یەکەم: سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و چەکدانەنانی پژاك

بەگوێرەی ئەم سیناریۆیە پەکەکە هەڵدەوەشێتەوە و چەکەکانی دادەنێت. تورکیاش پابەند دەبێت بە پرۆسەی ئاشتی و هەنگاوی سیاسی و یاسایی دەنێت. بەڵام، پژاك چەك دانانێت و بەردەوام دەبێت لە چالاکییەکانی.

ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت پژاك بەشێك لە چەك و جبەخانەکانی پەکەکە وەربگرێت و بەهێزتر بێت. تورکیا ڕەنگە پژاك وەك ئامرازێک بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئێران بەکاربهێنێت. ئێرانیش هەوڵدەدات پژاك هاوشان بە هێزە

کوردییەکانی دیکە بە گفتوگۆوە سەرقاڵ بکات یان فشاری زیاتریان بخاتە سەر.

سوودەکانی ئەم سیناریۆیە بۆ پژاك ئەوەیە پژاك دەبێت بە هێزێکی کاریگەرتری کوردی لە ڕۆژهەڵات و بە ئەگەری زۆر دەرفەتی سیاسی و سەربازی زیاتری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەڕەخسێت و لەوانەیە ناوچەی دیکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و فشاری سەربازی لە سنوورەکانی تورکیاوە لەسەر کەمبێتەوە، ئەمەش ڕێگە بە پژاك دەدات سەرنجی زیاتر بۆ شەڕ دژ بە ئێران تەرخان بکات. لە هەمووی گرنگتر، پشتگیریی نێودەوڵەتیی لەلایەن وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل بەدەستدەهێنێت.

> **”هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران لەلایەکەوە بە پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی کوردەکانی وڵاتەکەیان تۆمەتبارن، لەلایەکی دیکەوە لەپێناوی بەدەستهێنانی سوودی ستراتیجیدا لە جیپۆلەتیکی ناوچەکەدا بەشێوەیەکی تاکتیکی پشتگیریی لە حزب و گروپە کوردییەکان لە وڵاتانی دراوسێیاندا وەك عێراق و سوریا دەکەن“**

زیانەکانی ئەم سیناریۆیە بۆ پژاك ئەوەیە ڕەنگە پژاك ببێتە ئامانجی ئێران ئەگەر نەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، لەوانەیە نائارامیش لە ناوچە شاخاوییەکانی ژێر هەژموونیدا سەرهەڵبدات ئەگەر نەتوانێت بە باشی کۆنترۆڵی بکات. بەڵام، ئەگەر پژاك بکەوێتە ژێر کاریگەریی تورکیاوە ئەوا سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات و ڕووبەڕووی ڕەخنەی لایەنە کوردییەکان دەبێتەوە، کە وەك خیانەتکار دەیبینن.

بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە بریتییە لە نەبوونی گرەنتی نێودەوڵەتیی بۆ پاراستنی پژاك و ئەگەری سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ تورکیا یان ئێران.

**سیناریۆی دووەم: سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پژاك**

بەگوێرەی ئەم سیناریۆیە هاوشان بە پەکەکە، پژاکیش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و چەکەکانی دادەنێت.

ئەم سیناریۆیە کاتێك ڕوودەدات، کە تورکیا لەسەر چەکدانانی پژاکیش پێداگر بێت, ڕەنگە پژاك چەکەکانی دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام، لە چوارچێوە و فۆرمی دیکەی حزبیدا دەستبکاتەوە بە خەباتی مەدەنی و گوشاری سیاسیی دژی ئێران.

سوودەکانی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە بەهانەپێگرتنی تورکیا و ئێران بەهۆی پەکەکەوە ڕزگاری ببێت و سەروەری بەسەر ڕووبەرێکی زۆری خاکەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و لە زیانی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ تورکیا و ئێران دووردەکەوێتەوە.

زیانەکانی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کورد بژاردەی خەباتی چەکداریی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بەدەستەوە نامێنێت و بۆ هەمیشە تەڤگەری پەکەکە لەسەر فۆرمی خەباتی چەکداریی لەسەر شانۆی کوردستان دەسڕێتەوە.

بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە بریتییە لە ڕازینەبوونی پژاك بە چەکداماڵین یاخود شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی.

**سیناریۆی سێیەم: شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی و گەڕانەوەی پەکەکە و مانەوەی پژاك وەك خۆی**

بەگوێرەی ئەم سیناریۆیە پرۆسەی ئاشتی شکست دەهێنێت و پەکەکە دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی چەکداری و تورکیاش لە هێرشە سەربازییەکانی بەردەوام دەبێت.

ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕووبدات ئەوا پژاک دەگەڕێتەوە ژێر چەتری پەکەکە و ڕەنگە چالاکییە چەکدارییەکانی زیاتر بێت.

سوودەکانی ئەم سیناریۆیە بۆ پژاك تەنها ئەوەندەیە کە دەتوانێت پشتیوانی لە پەکەکەوە وەربگرێت.

زیانەکانی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە پژاک دەبێتە ئامانجی تورکیا و ئێران، نائارامی و شەڕ لە ناوچە شاخاوییەکان سەرهەڵدەدەنەوە. ئێرانیش یان لە ئاگربەستەکەی لەگەڵ پژاك بەردەوام دەبێت، یان دەستدەکات بە دژایەتیکردنی پژاك بەهۆی ترس لە کاریگەریی پژاك بەسەر کوردەکانی ئێرانەوە.

بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە ئەوەیە تورکیا فشارێکی زۆر دەکات بۆ کۆتایی پێهێنانی پەکەکە، پەکەکەش لە دیدگای (ئۆجەلان)ەوە خوازیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و نەگەڕانەوەیە بۆ خەباتی چەکداریی.

**دەرئەنجام**

١- پرۆسەی ئاشتی تورکیا-پەکەکە دەرفەتی بەهێزبوون بە پژاك دەدات، بەهۆی کەمبوونەوەی فشاری سەربازی لە سنوورەکانی تورکیاوە و ئەگەری گواستنەوەی چەك و کەرەستەی سەربازی و گەریلا لە پەکەکەوە بۆ پژاك و هەڵکشانی گرنگی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و فشارەکان لەسەر ئێران.

٢- پژاك بە ڕەتکردنەوەی چەکداماڵین و خۆهەڵوەشاندنەوە، نیشانی داوە کە ئامادەیە ڕێگایەکی سەربەخۆ بگرێتەبەر. ئەمەش، دەرفەتێك بۆ پژاك دەڕەخسێنێت تاکو وەك بەهێزترین حزبی چەکداری کوردی بەرهەڵستکاریی ئێران بمێنێتەوە.

٣- لاوازبوونی ئێران، هاوکێشەی هێزی ناوچەکەی گۆڕیوە. پژاك دەتوانێت سوود لەم بارودۆخە وەربگرێت و هاوشان بە پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکان، خۆی وەك هێزێکی جێگر لەبەرامبەر ئێران دابنێت.

٤- ئێران ڕۆڵی دوو ڕەهەندە لەگەڵ پژاکدا دەبینێت: لە یەک کاتدا هەم هاوکاریی دەکات هەم سنووری بۆ دادەنێت. مەبەستی ئێران لەمە ئەوەیە کە پژاک بۆ گرفتارکردنی تورکیا بەکاربهێنێت، بەڵام ناشهێڵێت ئەوەندە بەهێز بێت کە ببێتە نموونە بۆ کوردانی ئێران. پژاکیش لە «٢٠١١»وە بڕیاری داوە چالاکی دژی ئێران ئەنجام نەدات، کە لەبەرامبەردا سوودی لە پشتیوانی ئێران بۆ یەپەگە لە سوریا وەرگرتووە و پارێزگاریکردن لە بنکە و بارەگاکانی لە قەندیل و ناوچە سنوورییەکان.

٥- پێدەچێت تورکیا ستراتیجێکی نوێی دەستپێکردبێت: لە جیاتی شەڕکردن لەگەڵ پژاک، دەیەوێت بیکاتە کارتێک دژی ئێران. بەرپرسانی پژاک بانگەوازی دۆستایەتی بۆ تورکیا دەکەن و بەڵێنی ئەوە دەدەن کە هێرش نەکەن. ئەگەر ئاشتی سەربگرێت ئەوا دەرفەت بە تورکیا دەدات پژاک بۆ گرفتارکردنی ئێران بەکاربهێنێت و سوپای تورکیاش پاساوی بۆ مانەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبێت. بەڵام ئەگەر پرۆسەی ئاشتی شکستبهێنێت، پژاک دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانیکردنی ئێران. لەکاتێکدا، هەڵوێستی ئێستای پژاك بەرامبەر تورکیا و ئێران نامناوەند و هاوسەنگە و تا ئێستا بۆ هیچ لایەنێکیان یەکلایی نەبووەتەوە.

٦- سەرەڕای ئەوەی، تورکیا نێوەندگیریی دەرەکی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ پەکەکەدا قبووڵ نەکردووە، بەڵام ئەکتەرە سەرەکییەکانی وەک ئەمریکا، ئیسرائیل، عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن. ئەم پرۆسەیە کە لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە فشاری تورکیا دەستپێکردووە. هاوکات، لەگەڵ ستراتیجییەتی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ناوچەکە هاوتەریبە. سەبارەت، بە ئیسرائیلیش تورکیا ئەو ڕاستییە دەزانێت ئەگەر جڵەوی کورد نەکات، ئەوا ئیسرائیل هەوڵی ئەوە دەدات

بۆ بەرفراوانکردنی پشتیوانی جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکە پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات. سەرەڕای، دەرهێنانی کارتی پەکەکە لە دەستی ئێران و بەکارهێنانی کارتی کورد (پژاك) دژی ئێران. بەڵام، پژاک لەکاتی جەنگی دوازدە ڕۆژەی ئیسرائیل و ئێران دژایەتیی هەردوو لایەنی کرد. لەکاتێکدا، حزبە کوردییەکانی دیکەی ئێران پشتیوانی ئیسرائیلیان کرد. لەگەڵیدا، پژاك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تێکۆشان بۆ مافەکانی کورد لە شاخەکاندا بەردەوام دەبێت. ئەمە پیشاندەری ستراتیجییەتێکی وریایانەیە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی لەکاتی ململانێ ناوچەییەکاندا.

٧- هەموو لایەنەکانی ناو پڕۆسەی گفتوگۆکان دانیان بە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پڕۆسەکەدا ناوە. یەکەم قۆناغی چەکدانانیش لە سنووری سلێمانی ئەنجام درا و پڕۆسەکە پێویستی بە هەماهەنگی سیاسی و ئەمنی و کرداری و لۆجستیکی زۆری هەرێم هەیە.

٨- ئەگەر پڕۆسەکە سەرکەوتوو بێت، پێدەچێت عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵی نێوەندگیریی بەرز بکەنەوە لەپێناو ئەوەی ئێرانیش بژاردەی گفتوگۆ لەگەڵ پژاکدا هەڵبژێرێت.

٩- داهاتووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پژاک بە نادیاری دەمێنێتەوە، کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەی کێشە لە داهاتوودا.

١٠-پژاك لە پڕۆسەی ئاشتیدا لەبەردەم سێ سیناریۆدایە: یەکەم، سەرکەوتنی پڕۆسەکە و مانەوە و بەهێزبوونی پژاک و بەدەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەگەری بەکارهێنانی لەلایەن تورکیاوە دژی ئێران بەکراوەیی دەمێنێتەوە. دووەم: سەرکەوتنی پڕۆسەی ئاشتی و چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پژاك. سێیەم، شکستهێنانی پڕۆسەی ئاشتی و مانەوەی پەکەکە وەك خۆی و گەڕانەوەی پژاک بۆ ژێر سێبەری پەکەکە.

---

**لیستی سەرچاوەکان:**

١- د. فراس إلياس، (تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٥/٢٠)، قرار حل حزب العمال الكردستاني والخيارات العراقية، مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠٢٥، ص٤.

٢- Erdogan ally makes offer to jailed PKK leader Ocalan to end conflict, Reuters, (Date of visit: 15/5/2025), 22/10/2024, Available; https://www.reuters.com/world/middle-east/erdogan-ally-makes-offer-jailed-pkk-leader-ocalan-end-conflict-2024-10-22/?utm_source=chatgpt.com

٣- Kurds take steps, (Date of visit: 5/7/2025), Turkish state remains passive – II, 4/7/2025, ANF News, Available; https://anfenglish.com/news/kurds-take-steps-turkish-state-remains-passive-ii-80107?utm_source=chatgpt.com

٤- Ibid.

٥- وردەکاریی پڕۆسەی چەکدانانی پەکەکە، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٧/١١)، کەناڵ ٨، ٢٠٢٥/٧/١١، بەردەستە: https://channel8.com/kurdish/news/133573

٦- وتاری ئەردۆغان لەبارەی چەکدانانی پەکەکە، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٧/١٢)، کەناڵ ٨، ٢٠٢٥/٧/١٢، بەردەستە:

١٣٣٧٧١/news/kurdish/com.channel٨//:https

٧- SERXWEBÛN'UN MAYIS 2025 (SON) SAYISI ÇIKTI, (Dîroka serdanê: 25/6/2025), SERXWEBÛN, 12/6/2025, Available; https://serxwebun.org/serxwebunun-mayis-2025-son-sayisi-cikti/

٨- ماڵپەڕی فەرمی پژاك، بەردەستە: https://pjak.net/

٩- Ranking Iran's Opposition: Strategic Depth, Networks, and Potential, (Date of visit: 28/6/2025), The National Context, 23/6/2025, Available; https://thenationalcontext.com/ranking-irans-kurdish-opposition-strategic-depth-networks-and-potential/

١٠- Ibid.

١١- Ibid.

١٢- Inside the Strategic Competition Between Turkey and Israel: How One Kurdish Group May Prove Decisive, (Date of visit: 28/6/2025), The National Context, 20/6/2025, Available; https://thenationalcontext.com/inside-the-strategic-competition-between-turkey-and-israel-how-one-kurdish-group-may-prove-decisive/

١٣- بەرنامەی تایبەت، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٦/٢٨)، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیر کەریمی، Aryen TV، ٢٠٢٥/٥/١٩، بەردەستە: bZ٦yxkxPkyI=v?watch/com.youtube.www//:https

١٤- د. بيار الخوري، (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/٢)، تداعيات حرب إسرائيل-إيران والتوازنات الإستراتيجية الاقليمية الجديدة، ٢٠٢٥/٧/٢، متاح على الرابط الأتية: ٤٤٦٦٥٣/com.jadidouna.www//:https

١٥- هێمن خۆشناو، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٧/٨)، (پژاك) لە کوێی پرۆسەی چارەسەریدا جێدەگرێت؟، ٢٠٢٥/٥/٢، درەو میدیا، بەردەستە: ١٦٧٨٣=id-smart?detail_page/net.drawmedia//:https

١٦ -محمد آلاجا، (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/٢)، هل تُنهي حرب إسرائيل على إيران السلام بين تركيا وحزب العمال الكردستاني؟، ٢٠٢٥/٦/٢٨، أمواج ميديا، متاح على الرابط الأتية: -will-dive-deep/article/ar/media.amwaj//:https pkk-the-with-peace-s-turkey-end-iran-on-war-s-israel

١٧- Iran Issues Stern Warning to KDP and PUK, Fearing IDF-Coordinated Kurdish Militants on Its Western Flank, (Date of visit: 28/6/2025), The National Context, 19/6/2025, Available: https://thenationalcontext.com/iran-issues-stern-warning-to-kdp-and-puk-fearing-idf-coordinated-kurdish-militants-on-its-western-flank/

١٨- PJAK'ê ji gelê Azerî re peyam şand: Ji hêla me ve tu gef nînin, (Date of visit: 28/6/2025), Mezopotamya ajansi, 23/6/2025, Berdeste: ١٤=page?٢٧٩٥٨٥/view/content/Nuce/kr/com.mezopotamyaajansi//:https

١٩- Mahmut Hamsici, (Date of visit: 28/6/2025), PJAK, BBC Türkçe'nin sorularını yanıtladı: Örgüt silah bırakacak mı, İsrail-İran çatışmalarına nasıl bakıyor?, 21/6/2025, BBC NEWS Türkçe, Available; https://www.bbc.com/turkce/articles/c1jwd2n9wgeo

٢٠ -هێمن خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو.

٢١- محمد آلاجا، مصدر السابق.

٢٢- Winthrop Rodgers, (Date of visit: 28/6/2025), Kurdish militancy in Iran uncertain as armed struggle recedes in Turkey, 21/5/2025, amwaj.media, Available; https://amwaj.media/en/article/kurdish-militancy-in-iran-uncertain-as-armed-struggle-recedes-in-turkey

٢٣ -تۆم باراک بۆ رووداو: فیدراڵی بۆ سووریا و عێراق نابێت، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٧/١٠)، تۆڕی میدیایی رووداو، ٢٠٢٥/٧/٩، بەردەستە: **٠٩٠٧٢٠٢٥١/syria/middleeast/sorani/net.rudaw.www//:https**

٢٤- Mohammed A. Salih, (Date of visit: 20/5/2025), Renewed Turkey-Kurd Peace Push Presents Opportunities for Regional Stability, 17/5/2025, The Foreign Policy Research Institute, Available: https://www.fpri.org/article/2025/03/renewed-turkey-kurd-peace-push/

٢٥ -حامد إدريس، (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٥/٢٠)، سنوات طويلة من الكر والفر مع إيران.. من هم حزب "بيجاك" الكردي المعارض؟، ٢٠٢٢/١٠/١٠، جادة إيران، متاح على الرابط الأتية: https://aljadah.media/archives/٦٨٥٠١

٢٦- Wladimir van Wilgenburg, (Date of visit: 5/7/2025), Caution and Fear of a Crackdown: Iranian Kurdish Opposition Responses to the Israel-Iran Conflict, 2/7/2025, The Washington Institute for Near East Policy, Available; https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/caution-and-fear-crackdown-iranian-kurdish-opposition-responses-israel-iran

٢٧ -"بيجاك": هذه الحرب ليست حربنا.. ونرفض الحل العسكري. نريد الديمقراطية وليس الانفصال.. الاعلام الغربي يرفع الرقابة عن الاحزاب الكوردية في أيران، (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/٦)، ٢٠٢٥/٦/٢٢، صوت كوردستان، متاح على الرابط الأتية: https://rb.gy/٩okx٣e

٢٨- Reportage: Gwendoline Debono, Philippe de Poulpiquet et Mohamed Hassan, (Date de la visite: 3/7/2025), LCI SUR LE TERRAIN - Avec les opposants au régime des Mollahs, dans les montagnes du Kurdistan iranien, 3/7/2025, Disponible; https://www.tf1info.fr/international/video-lci-sur-le-terrain-avec-les-opposants-au-regime-des-mollahs-dans-les-montagnes-du-kurdistan-iranien-2380762.html

٢٩- Dans la même source.

٣٠- Inside the Strategic Competition Between Turkey and Israel: How One Kurdish Group May Prove Decisive, Ibid.

٣١- Ocalan wants to meet with Kurdish leaders: DEM Party, (Date of visit: 19/6/2025), The New Region, 11/6/2025. Available: https://thenewregion.com/posts/2483

٣٢ -وردەکاریی پرۆسەی چەکدانانی پەکەکە، سەرچاوەی پێشوو.

٣٣- Turkey continues military expansion in Kurdistan Region of Iraq, establishing 136 bases, syriacpress, 2/5/2025, Available; https://syriacpress.com/blog/2025/05/02/turkey-continues-military-expansion-in-kurdistan-region-of-iraq-establishing-136-bases/

٣٤- The PKK's Decision to Disband May Offer a Historic Chance at Peace, (Date of visit: 27/6/2025), The International Crisis Group, 16/5/2025, Available: https://www.crisisgroup.org/europe-central-asia/western-europemediterranean/turkiye/pkks-decision-disband-may-offer-historic-chance-peace

٣٥- İdris Okuducu, (Date of visit: 10/7/2025), urkey's Anti-PKK Operation and "Development Road" in Iraq Are Two Sides of the Same Coin, The Washington Institute for Near East Policy, 8/4/2024, Available; https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkeys-anti-pkk-operation-and-development-road-iraq-are-two-sides-same-coin

٣٦- پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆشداری لە ڕودانی کۆمەڵکوژی لە ئێران دەدەن، (بەرواری سەردان: ٢٠٢٥/٧/١٠)، شارپرێس، ٢٠٢٥/٧/٩، بەردەستە: https://www.sharpress.net/Jimare/all-detail.aspx?=٢٤١٢٧٠

٣٧ -چەندین حزب و هێز و ڕێکخراو و گروپی سیاسی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەن کە هەندێکیان لەناو ئێراندان و هەندێکیشیان لە دەرەوە، وەك: کۆمەڵەی سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك)، سازمانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، سازمانی کرمانجی کوردی خوراسان، پارتی ئازادیی کوردستان (پاك)، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، کۆمەڵگای بانگەواز و چاکسازی لە ئێران، سازمانی دیموکراتی پارسان. کە دیارترینیان دیموکرات و کۆمەڵە و پژاك و پاکن. (توێژەر).

٣٨- Fuad Haghighi, Turkey-PKK peace process: Its influence on Iranian Kurds, (Date of visit: 5/7/2025), The New Region, 14/5/2025, Available; https://thenewregion.com/posts/2271



# ئایندەی تورکیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا: دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

زانیار حمد محمد
خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان

**پێشەکی:**

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا، وەک یەکێک لە گرنگترین پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ڕێگەی بۆ گۆڕانکاریی قووڵ لە هاوسەنگیی هێزی ناوچەکەدا خۆشکرد. تورکیا وەک دراوسێی سوریا، لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە ئەکتەرێکی چالاک بووە لە پێشهاتەکانی ئەو وڵاتە. لەم نێوەندەدا تورکیا، بە هۆی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی، لەوانەش سنووره وشکانی و ئاوییەکانی لەگەڵ سووریا، هەروەها پەیوەندیی مێژوویی، کولتووری، نەتەوەیی و ئایینی لەگەڵ بەشێک لە کۆمەڵگای سووریا، زیاتر لە ئەکتەرە ناوچەییەکانی دیکەی ئەم پەرەسەندنە کەوتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم بارودۆخە نوێیە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەنقەرە ڕۆڵێکی کاراتر لە پرۆسەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بگێڕێت و ببێتە یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی داهاتووی سیاسی سوریا.

تورکیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا چەندین دەرفەتی جیۆپۆلەتیکی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بەدەست هێنا، لەوانەش، فراوانبوونی کاریگەریی لە باکوری سوریا، ڕێگریکردن لە سەربەخۆیی پێگەی کورد، زیادکردنی ڕۆڵی خۆی لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکان، دروستکردنی فشار بەرامبەر بە وڵاتانی ئەوروپا، بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی خۆی لە کێبڕکێ لەگەڵ ئێران و سعوددییە. بەگشتی تورکیا وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی بەشێک لە ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی لە ناوچەکەدا, توانی سوود لە پێشهاتەکانی دوای ڕژێمی ئەسەد ببینێت. سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا سوودی لە چەندین

دەرفەت بۆ زیادکردنی کاریگەریی پێگەی جیۆپۆلەتیکی خۆی وەرگرت، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ستراتیجی و بەرەنگاریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووە.



ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆککۆماری تورکیا و ئەحمەد شەرع، سەرۆکی کاتی سوریا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا دوای کۆبوونەوەیان لە کۆشکی سەرۆکایەتی ئەنقەرە، لە «٤»ی شوباتی «٢٠٢٥»

## تەوەری یەکەم/ ڕۆڵی تورکیا لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس ( بەشارئەسەد) لە سوریادا

تورکیا لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە لە ساڵی «٢٠١١»ەوە لایەنگری سەرەکی ئۆپۆزسیۆن دژ بە حکومەتی بەشار ئەسەد بووە، ئەم پشتیوانییە نەک هەر ڕەگ و ڕیشەی لە پرسە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکاندا هەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای حیساباتی جیۆپۆلەتیکی و ئاسایشی بووە. ڕۆڵی تورکیا لەم پرۆسەیەدا دەتوانرێت لە دوو ئاستدا بکۆڵرێتەوە: سیاسی، سەربازی- ئاسایشی.

**یەکەم/ ڕۆڵی سیاسی:**

تورکیا پاش نائومێدبونی لە ڕژێمەکەی ئەسەد لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و داواکارییەکانی، لە «٢٦»ی ئازاری «٢٠١٢» پەیوەندییە سیاسییە فەرمییەکانی لەگەڵ دیمەشق پچڕاند و باڵیۆزخانەکەی داخست و هەڵوێستی خۆی لە ناوبژیوانییەوە گۆڕی بۆ لایەنگرێکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن[١]. ئەنقەرە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی ئەسەد وەستایەوە و بە ئاشکرا پشتگیری لە هەردوو «ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا» و «سوپای ئازادی سوریا» کرد[٢]. تورکیا بوو بە یەکێک لە سەرەکترین نەیارەکانی ئەسەد، بە قووڵی لە هەوڵەکانی گۆڕینی ڕژێم بەشداربوو. ئەمەش بریتیبوو لە: میوانداریکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، پشتیوانیکردنی گروپە چەکدارە یاخیبووەکان لەوانەش ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان، ئاسانکاری بۆ پاڵپشتی هەواڵگری و لۆجستی، کردنەوەی سنوورەکان بەڕووی پەنابەری سووری کە زۆربەیان هاوسۆزن یان سەر بە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانن[٣]. ئەردۆغان پشتیوانی لە هێزە ئیسلامییە سوننەکان یان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی سوننە کرد. هەروەها میوانداری کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی کرد لە ئەستەنبوڵ[٤]. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پشتگیریی لە بەهێزکردنی ئەکتەرە ئیسلامییە سونییەکان دەکرد، بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین، کە وەک هاوپەیمانی پارتی داد و گەشەپێدان دەبینرێت, ئەمەش بەئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتیی تورکیا لە جیهانی ئیسلامی سوننەدا[٥].

هەرچەند لە سەرەتادا تورکیا لایەنگری سوپای نیشتیمانی سوریا بوو وەک ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی دژ بە ئەسەد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بۆی دەرکەوت کە تەنها دەستەی تەحریر شام»هەتەشە» کە گروپێکی جیهادییە، توانای سەربازی و یەکگرتووییان هەیە بۆئەوەی گۆڕانکاریی لە سوریادا بهێنێتە ئاراوە دژ بە ڕژێمی سوریا و هێزە سەربازییەکانی کورد بوەستێتەوە[٦]. گرنگیدانی تورکیا بە هەتەشە بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد و دەرکردنی پرۆکسییەکانی ئێران لە سوریا و دژایەتی هێزە کوردییەکان لە سوریا بوو، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە تورکیا یارمەتی لۆجستی و سەربازی پێشکەش بە هەتەشە کرد، لەنێویاندا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان[٧]. پشتیوانی تورکیا بۆ هەتەشە بە ئامانج بوو بۆ دژایەتیکردنی پێگەی سەربازی و سیاسی کورد لە سوریا, چونکە وەك ئاڵنگارییەکی گەورە لەلایەن تورکیاوە سەیردەکرا و پێی وابوو کورد لە سوریادا گەورەترین ئاڵنگاریی بۆ هەژموون و پێگەی تورکیا دروست دەکات لە ناوچەکەدا[٨]. دەتوانین بڵێین وەڵامی تورکیا بۆ قەیرانی سوریا لە «٢٠١١»ەوە بە قووڵی ستراتیجی و پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆجی بووە، بڕیاری پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە ئاماژەیە بۆ دەستتێوەردانی ئاشکرا و تێوەگلانی تورکیا، لەڕووی سیاسییەوە ئۆپۆزسیۆنی سوریای وەک نوێنەری شەرعیی گەلی

سوریا ناساندووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تورکیا وەک ئەکتەرێکی بەهێزی ناوچەیی لە ململانێ ناوچەییەکانی سوریا دەربکەوێت, کە لە دواتردا کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر ڕووخانی بەشار ئەسەد هەبوو.

**دووەم/ ڕۆڵی سەربازی و هەواڵگری:**

لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، تورکیا ببووە بە پەناگە و ڕێڕەوی گواستنەوە بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارارەکانی سوریا. دەزگای هەواڵگریی تورکیا «میت»، لە سەرەتای ساڵی «٢٠١٢»ەوە پاڵپشتیی لە ناردنی چەک و پارە و کەرەستەی لۆجستیکی بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکرد، ئەم هاوکارییە تەنانەت دوای ئاشکرابوونی چالاکییە توندڕەوەکانی هەندێک گروپ لەوانە ئەحرار شام و جەبهەی نوسرە (لقی سوریای قاعیدە) بەردەوام بوو. ئەم گروپانە کە لەلایەن ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕێکخراوی تیرۆریستی دەستنیشان کرابوون، بوونە وابەستەی پشتیوانی لۆجستی و چەک لەلایەن تورکیاوە. لە هەمان کاتدا داعش و گروپە جیهادییەکانی دیکە سنوورە کراوەکانی تورکیایان بۆ گواستنەوەی پارە و چەک و فرۆشتنی نەوتی قاچاخ و گواستنەوەی چەکدارانی بیانی بۆ ناو سوریا قۆستەوە[٩].

تورکیا لە ساڵی «٢٠١٧»دا «سوپای نیشتیمانی سوریا»ی دامەزراند و پارەی بۆ دابینکرد، کە هێزێکە لە گروپە چەکدارە عەلمانی و جیهادییەکان پێکهاتووە. ئەو هێزە ئەرکی پاراستنی بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری سوریا و شەڕی شانبەشانی هێزەکانی تورکیا لە دژی هێزەکانی کورد لە سوریادا پێسپێردرابوو. هەروەها ئەردۆغان ئەو ناوچەیەی وەک ناوچەیەکی پارێزراو بۆ مانەوەی پەنابەرانی سووری و دواجار گەڕانەوەی پەنابەرانی سووری دانیشتووی تورکیا بۆ ناوچەکە بەکارهێنا[١٠].

لەنێوان ساڵانی «٢٠١٦» بۆ «٢٠٢٠» سوپای تورکیا بە ئۆپەراسیۆنەکانی قەڵغانی فورات و لقی زەیتون و بەهاری ئاشتی و قەڵغانی بەهار ڕاستەوخۆ چووەتە ناو خاکی سوریاوە، بە هاوکاریی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی دەست بەسەر چەند ناوچەیەکدا لە باکوری سوریا بگرن, کە پێشتر لەلایەن داعش و یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە) کۆنترۆڵکرابوون[١١]. ئەم دەستێوەردانە سەربازییە ڕاستەوخۆیەی تورکیا لە شەڕی سوریادا، دۆخێکی خوڵقاند کە وایکرد تورکیا و هاوپەیمانە ئۆپۆزسۆنەکانی ناو سوریا سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە لە شەڕەکەدا بەدەستبهێنن[١٢]. ڕۆژی «٢٧»ی تشرینی دووەمی «٢٠٢٤» سێ ئۆپەراسیۆنی سەربازی و لۆجستی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا دەستپێکرد. یەکەمیان ئۆپەراسیۆنی «ڕێگریکردن لە دەستدرێژی» بوو، بە سەرۆکایەتیی هێزەکانی تەحریر شام و لایەنە هاوپەیمانەکانی؛ دووەمیان ئۆپەراسیۆنی «بەیانی ئازادی» بوو، بە سەرۆکایەتیی سوپای

نیشتمانی سوریا و لایەنە هاوپەیمانەکانی؛ سێیەمیش ئۆپەراسیۆنی «هیوای گەڕاوەکان» بوو، کە بەرگری شارستانی سوریا (کڵاوە سپییەکان) سەرپەرشتی دەکرد. ئەم سێ ئۆپەراسیۆنە بەبێ پاڵپشتی لۆجستیکی تورکیا سەرکەوتوو نەدەبوو[١٣]. دەستپێکردنی ئەو سێ ئۆپەراسیۆنە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ ڕووخانی بەشار ئەسەد و ناچارکردنی بە جێهێشتنی وڵات. ئازادکردنی دیمەشقی پایتەختی سوریا ڕاگەیەندرا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە «٨»ی کانوونی دووەمی «٢٠٢٤» چوونە ناو کۆشکی بەشار، ئەمەش دەستپێکی سەردەمێکی نوێ نەک تەنها لە مێژووی سوریادا، بەڵکو لە مێژووی ناوچەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا[١٤].

> **” تورکیا لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە لە ساڵی "٢٠١١"ەوە لایەنگری سەرەکی ئۆپۆزسیۆن دژ بە حکومەتی بەشار ئەسەد بووە، ئەم پشتیوانییە نەك هەر ڕەگ و ڕیشەی لە پرسە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکاندا هەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای حیساباتی جیۆپۆلەتیکی و ئاسایشی بووە “**

**تەوەری دووەم/ دەرفەتەکانی بەردەم تورکیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس**

پاڵپشتی تورکیا بۆ هێزە سیاسی و سەربازییە سونییەکان بەتایبەتی هەتەشە بەسەرکردایەتیی ئەحمەد شەرع «جۆلانی» بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی سوریا، ئەم پشتیوانییە وایکرد کە تورکیا وەک ئەکتەرێکی دەرەکی باڵادەست لە سوریادا دەربکەوێت. ئەمەش ڕێگەی بۆ تورکیا خۆشکرد کە ڕۆڵی سەرەکی لە نەخشەی سوریای نوێ هەبێت. ئەم ڕۆڵەش بریتیبوو لە گفتوگۆ و هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی هەتەشە و ناردنی شاندی دیپلۆماسی و هەواڵگریی بۆ دیمەشق و ڕێککەوتنامەی سەربازی و ئابوری و لۆجیستی. بۆیە دەرفەتە ستراتجییەکانی تورکیا دوای ڕووخانی ئەسەد فرە ڕەهەندە و پەیوەندییان بە کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی و فراوانبوونی ئابووری و دەستکەوتە ئاسایشی و سەربازیی و هەژموونی ناوچەیی و کولتووری و ئایدیۆلۆژییەوە هەیە.

**یەکەم/ دەرفەتی جیۆپۆلەتیکی لە بەهێزکردنی پێگەی تورکیا:**

تورکیا هەوڵدەدات بۆ فراوانکردنی نفوزی دەسەڵاتەکەی لە وڵاتانی دراوسێ و دەیەوێت ڕۆڵی لە نەخشەی حکومڕانی نوێی سوریادا هەبێت, کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەسەد کاریگەریی گەورەی لەسەر سوریا نەبوو بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی ئێران کە

ڕکابەری تورکیا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژموونی سیاسەتی خۆی بەسەر سوریادا هەبوو، سوریا بەتەواوی وابەستەی ئێران بوو, ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و وڵاتانی سونی مەزهەب بوو[١٥]. بەڵام لەگەڵ لاوازبوونی هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ڕژێمی سوریا، ڕوسیا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا و ئێران، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل دژی پرۆکسییەکانی، پێگەی تورکیا لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر حیسابی مۆسکۆ و تاران بەهێزتر بێت. ئەمەش وایکرد کە ئەنقەرە ڕۆڵی سەرەکی لە دارشتنی سیستمێکی نوێی حوکمڕانی لە دیمەشق بگێڕێت[١٦]. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، تورکیا بەشێوەیەکی بەرفراوان توانی سوود لە بۆشایی دەسەڵات لە سوریا بۆ پێشخستنی ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی وەربگرێت، بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی کورد. یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی ئەم دەرفەتە پشتیوانیکردن بوو لە ئەحمەد شەرع وەک سەرۆکی کاتی سوریا, بۆئەوەی ڕێگری لە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کورد لە باکووری سوریا بکات.

نیگەرانی و ئامانجی سەرەکی تورکیا ئاسایشی سنوورەکانی خۆیەتی، بەتایبەتی لەناوبردن یاخود لاوازکردنی هێزەکانی یەپەگە کە گەورەترین پێکهاتەی هێزەکانی سوریای دیموکرات(هەسەدە)یە، کە تورکیا بە هەڕەشەیەکی ئەمنی دەزانێت و پێداگری دەکات کە بەرپرسیارێتیی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کورد لە سوریا بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئیدارەی نوێی سوریا، بۆیە پشت بە ئەحمەد شەرع دەبەستێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەنگاوێک لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کە بتوانێت هەڕەشە لە یەکێتی خاکی سوریا بکات[١٧]. بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی کورد، ئەنقەرە پشتگیریی لەو ڕێککەوتنە کرد لەنێوان ئەحمەد شەرع، سەرۆکی کاتی سوریا و مەزلوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە واژۆ کراوە. ئەم ڕێککەوتنە ئامانجی تێکەڵکردنی هێزەکانی هەسەدە بو بە هێزە سەربازییەکانی حکومەتی نوێی سوریا. لە ڕوانگەی تورکیاوە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، نەک هەر ئەگەری ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە کوردییەکان کەمدەکاتەوە، بەڵکو ڕێگە بە ئەنقەرە دەدات ئامانجی ستراتیژیی خۆی کە سنووردارکردنی ئۆتۆنۆمی کوردە بە درێژایی سنوورەکانی باشووری خۆی بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان ببات بەدی بهێنێت[١٨].

### دووەم/ پاڵپشتیکردنی هێزە ئیسلامییە سونییەکان:

پارتی داد و گەشەپێدان بە قووڵی سیاسەتی تورکیای لە ڕێگەی تێکەڵەیەك لە ئیسلامیزم، پۆپۆلیزم، ناسیۆنالیزم و شارستانیزم بە ڕێبەرایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وێنەی خۆی وەک پارێزەری ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی تورکیا نەخشاندووە[١٩]. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی قەیرانی سوریادا، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەژێر سەرکردایەتیی ئاکپارتی بەهۆی هاوئاهەنگی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە سوننەکان، بەتایبەت ئیخوان موسلیمین دارێژرابوو. لەم چوارچێوەیەشدا ئەنقەرە پاڵپشتی لۆجستی و دارایی و سەربازی بۆ گروپە ئیسلامییە سەلەفییەکان و ئیخوانەکان خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە[٢٠]. لە ڕوانگەی بڕیاردەرانی تورکیاوە، ئەم گروپانە نەک هەر بە ئامرازێکی کاریگەر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد دادەنران، بەڵکو فاکتەری کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی هێزە کوردییەکان لە باکووری سووریا و لاوازکردنی هەژموونی ناوچەیی ئێران و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی کاریگەریی شیعەکان لەسەر سنوورەکانی باشووری تورکیا و کەمکردنەوەی کاریگەریی میحوەرەکانی تاران- بەغدا- دیمەشق- بەیروت دادەنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی دەوڵەتێکی سوننە سەنتەری کە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا یەکدەگرێتەوە و تورکیا ڕۆڵی هەژموونی خۆی لە سیستمی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بەناو «نیو-عوسمانیزم»ە، کە هەوڵدەدات پێگەی جیۆپۆلەتیکی تورکیا بە گەڕاندنەوەی کاریگەرییە مێژووییەکەی لە جیهانی عەرەبیدا پێناسە بکاتەوە[٢١].

**”پاڵپشتی تورکیا بۆ هێزە سیاسی و سەربازییە سونییەکان بەتایبەتی هەتەشە بەسەرکردایەتیی ئەحمەد شەرع "جۆلانی" بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی سوریا، ئەم پشتیوانییە وایکرد کە تورکیا وەك ئەکتەرێکی دەرەکی باڵادەست لە سوریادا دەربکەوێت. ئەمەش ڕێگەی بۆ تورکیا خۆشکرد کە ڕۆڵی سەرەکی لە نەخشەی سوریای نوێ هەبێت “**

بەهۆی ئەو پاڵپشتییە سیاسی و سەربازی و لۆجیستی و ئابورییە تورکیا ساڵانێکە بۆ هەتەشە و سوپای نیشتیمانی سوریا پێگەیەکی بەهێز بە ئەنقەرە دەبەخشێت لە داڕشتنی داهاتووی سوریا, ئەمەش وایکردووە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دابڕێژێتەوە[٢٢]. ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا بووە هۆی ئەوەی کاریگەریی ناوچەیی تورکیا بەهێزتر بکات، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە فرەییەی تورکیا بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە سوریادا بینیویەتی[٢٣]. ئەنقەرە ساڵانێکە بە شێوەیەکی پراگماتیک لەگەڵ هەتەشە پەیوەندیی هەیە، ئێستا دەتوانێت یارمەتی بدات کە حکومەتی کاتی سوریا

بەسەرکردایەتیی ئەحمەد شەرع بەو شێوەیە ئاڕاستە بکات کە لە بەرژەوەندی تورکیادایە[٢٤].

**سێیەم/ سوودوەرگرتن لە کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد**

بیرۆکەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا پرسێکی نوێ نییە و لە ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپەوە سەرچاوەی گرت، کە فشارەکانی پنتاگۆن لەو کاتەدا ڕێگریان لە جێبەجێکردنی کرد، ئەوەش بەهۆی نیگەرانییەکانی سەبارەت بە ئاسایشی ناوچەکە و بەردەوامیی شەڕی داعش. گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی کشانەوە لە «ئیدارەی دووەمی ترەمپ»دا ڕەنگدانەوەی بەردەوامی ستراتیجیی ئەمریکایە بۆ کەمکردنەوەی بەشداریکردنی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بڕیار وایە سەربازەکان لە دوو هەزارەوە بۆ «٥٠٠» سەرباز کەمبکرێنەوە، بۆیە کشانەوەکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانی لە هێزەکانی (یەپەگە)، ئەو هێزەی سەرەکییەی کە واشنتۆن لە شەڕی داعشدا پشتی پێ بەستووە، ئەمەش وادەکات کە کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی بوونگەرایی تورکیا و حکومەتی کاتی سوریا و داعش ببێتەوە[٢٥]. تورکیا هەوڵدەدات خشتەی کاتی کشانەوەی ئەمریکا بەرەو پێشەوە ببات. هەروەها دەیەوێت ئیدارەی نوێی دیمەشق لە ئاستی نێودەوڵەتیی بەهێز پیشانبدات، تورکیا دەیەوێت ئەو زیندانیانەی داعش کە لە ئێستادا لەژێر کۆنترۆڵی هێزە سەربازییەکانی کوردایە بگەڕێتەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی کاتی سوریا، ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی پێگەی کورد لە شەڕی دژ بە داعش[٢٦]. بۆ ئەم ئامانجەش تورکیا بیرۆکەی پێکهێنانی «هاوپەیمانییەکی هەرێمی» بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێشنیاز کردووە، کە جگە لە خۆی، چەند وڵاتێکی دراوسێی سوریا لەخۆدەگرێت: ئوردن، عێراق و لوبنان، سوریا. وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و سەرۆکی هەواڵگریی ئەو پێنج وڵاتە، ڕۆژی «٩»ی ئازاری «٢٠٢٥» لە عەممانی پایتەختی ئوردن کۆبوونەوەیان ئەنجامدا و لەو میانەدا ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی ناوەندێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە سووریا[٢٧].

**چوارەم/ ڕۆڵی تورکیا لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری و ئاوەدانکردنەوەی سوریا:**

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و هەڵگرتنی هەندێ لە گەمارۆکان، تورکیا یەکەم وڵات بوو کە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی لە سوریا دەستپێکرد. ئەحمەد شەرع، سەرۆکی کاتیی سووریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر لە «٤»ی شوبات و «١١»ی نیسانی «٢٠٢٥» سەردانی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیای کرد و لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا کۆبووەوە، تورکیا بەخێرایی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی نوێی دیمەشق لەمەڕ پرسە جیاجیاکانی سەربازی، ئەمنی، سیاسی و ئابوریی کرد، جگە لەوەی تاوتوێی دابینکردنی پێداویستییەکانی کارەبای سوریا و نۆژەنکردنەوەی فرۆکەخانە و ڕێگاوبانەکانی کرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ واژۆکردنی

ڕێککەوتنێکی بازرگانیی تۆکمە لەنێوان هەردوو وڵاتدا[٢٨].

بەپێی خەمڵاندنە سەرەتاییەکان، تێچووی ئاوەدانکردنەوەی سوریا دەگاتە «٥٠٠» ملیار دۆلار و کۆمپانیا تورکییەکان لە دۆخێکی باشدان بۆ دەستەبەرکردنی گرێبەستی گەورە ئەگەر ئابووری سوریا بە ئاڕاستەی زیاتری بازاڕی ئازاد بگۆڕێت[٢٩]. دامەزراوە و کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکانی تورکیا، لە دابینکردنی کاڵای بەکاربەر، زیادکردنی ئاسایش، قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان، گواستنەوە و پەیوەندییەکان هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بژێوی خەڵک و ژیانی ڕۆژانە ڕۆڵی سەرەکی لە بوژاندنەوەی ئابوری سوریادا دەبینن[٣٠]. هەروەها تورکیا بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ئابووریی خۆی لە سوریا کار دەکات, ئەمەش لەڕێگەی پلانەکانی ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردنی بازرگانیی دوولایەنە. ئەنقەرە ئامانجی ئەوەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا «١٠» ملیار دۆلار لە بازرگانیی لەگەڵ سوریادا بەدەستبهێنێت، ئەمەش دەبێتە هاوبەشێکی سروشتی لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە دوای چەندین ساڵ لە شەڕ[٣١].

> **” پارتی داد و گەشەپێدان بە قووڵی سیاسەتی تورکیای لە ڕێگەی تێکەڵەیەك لە ئیسلامیزم، پۆپۆلیزم، ناسیۆنالیزم و شارستانیزم بە ڕێبەرایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وێنەی خۆی وەك پارێزەری ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی تورکیا نەخشاندووە “**

### پێنجەم/ وزە

لە چوارچێوەی دیدگای ستراتیژیی بۆ پرۆژەکانی وزە لە ناوچەکەدا، هێڵی بۆری غازی قەتەر و تورکیا کە سعودیە و ئوردن و سوریا دەبڕێت، پاشان بە سوریا و تورکیادا بۆ ئەورووپا تێدەپەڕێت، گرنگییەکی زۆری بۆ هاوکارییەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە هەیە. ئامانجی ئەم هێڵە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی قەتەرە بە بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا. بە گەیشتنی بە تورکیاوە دواتر بە بۆری غازی سروشتی بە بۆری «نابوکۆ» دەبەسترێتەوە. سەبارەت بە کارەباش، پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە و دیمەشق ڕێککەوتنی پەیوەندیی کارەبای نێوان سوریا و تورکیا کارا بکەنەوە، بەڵام چەندین ئاڵنگاریی لەڕێگەی ئەم کارە وەستاون، دیارترینیان لەناوچوونی بەربڵاوی ژێرخانی تۆڕی کارەبا لە سوریایە، کە پاڵنەرە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بوژانەوەی پێشوەختە بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی تۆڕی وزە و کارەبا[٣٢]. هەروەها پتەوکردنی هاریکاریی

هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات لەسەر دۆسیەی غازی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، لەڕێگەی سنووردارکردنی سنوورە دەرياييەكان و گەڕانی هاوبەشی غاز لە سنوری جوگرافیای هەردوو وڵات, ئەمە یەكێكە لەو پرسە گرنگانەی کە لە دە ساڵی ڕابردوودا بووەتە گرنگی سیاسەت بۆ وڵاتەکە، بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی وزە کە تورکیا بەدەستیەوە دەناڵێنێت و پشتبەستنی بە هاوردەکردن بۆ دابینکردنی نزیکەی (٩٥٪)ی پێداویستییەکانی غازی سروشتی[٣٣].

**شەشەم/ کەمکردنەوەی بارگرانی پرسی پەنابەرانی سوریا:**

لە ساڵی «٢٠١١»ەوە تورکیا کاریگەریی گەورەی قەیرانی سوریای لەسەرە و قەیرانەکە لێکەوتەی بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەسەر ئەم وڵاتە هەبووە و هەیە، لەوانەش زیاتر لە سێ ملیۆن و نیو پەنابەری سوری ڕوویان لە تورکیا کردبوو، کە تورکیا لەزۆر قۆناغدا ئەم پرسەی وەك کارتێکی فشار و دانوسان بەرامبەر نەیارەکانی بەتایبەتی ئەوروپا بەکارهێناوە و دەهێنێت. بوونی ئەم ژمارە زۆرەی پەنابەران لە ڕابردوو و ئێستاشدا پرسێکی مشتومڕاوی ناوخۆیی تورکیایە بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکان و قەیرانە ئابوورییەکاندا. دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، پارتی دادو گەشەپێدان بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕا و دەگەڕێت بۆئەوەی پەنابەرەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. لە ئێستاشدا کار بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران دەکات[٣٤].

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و شارەوانییەکان پرسی پەنابەران بارگرانییەکی قورسی لەسەر ئایندەی هاوپەیمانی ئاکپارتی و مەهەپە دروست کردبوو، ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی شارەوانییەکان لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵ دۆڕا، ئەمە شتێکە کە سەرکردەکانی ئاکپارتی نایانەوێت لە هیچ هەڵبژاردنێکی داهاتوودا دووبارەی بکەنەوە[٣٥]. هەروەها ئەم پرسە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یەکێك بوو لە بەهێزترین کارتەکانی فشاری هێزە نەتەوەپەرستەکان و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان کە بەتوندی دژی ئەم پرسە وەستانەوە، ئەمەش وایکردووە هەندێک لە توێژەکانی دانیشتووان پێشێلکاریی بەرامبەر بە پەنابەرانی سوریا لە ناوخۆی تورکیادا ئەنجام بدەن. بە گەڕانەوەی پەنابەرانی سوریا، فشارەکان لە سەر ناوخۆی تورکیا کەم دەبێتەوە و ئەمەش لەبەرژەوەندیی پارتی دادوگەشەپێدانە[٣٦]. ئەمە جگە لەوەی گەڕانەوەی پەنابەران و دامەزراندنی بەشێك لەوان لە دامەزراوە فەرمیی و نافەرمییە جۆراوجۆرە گرنگەکانی سوریا, وەك هاوکار و نفوزی تورکیا لە دامەزراوە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی گرنگی دەبێت.

**حەوتەم / لەڕووی سەربازی و ئاسایشییەوە:**

ئەو هێزە سیاسی و سەربازی و مەدەنیانەی ئۆپۆزسیۆن کە لە سوریا بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد کردووە، پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ تورکیادا هەیە,

ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و سەربازی تورکیا, چونکە زۆربەی سەرکردەی ئەو هێزانە لەڕێگەی تورکیاوە ڕێنمایی دەکران یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەماهەنگییان لەگەڵ هەبووە. ئەمەش دەرفەتێک بە تورکیا دەدات کە لە داهاتوودا ئەو هێزانە بەتایبەتی هەتەشە کە بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی تورکیا کاربکەن[٣٧]. بەپێی ڕاپۆرتی بلومبێرگ، ئەنقەرە هەوڵی چەسپاندنی ئامادەیی سەربازی خۆی لە سوریا دەدات بە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی بەرگری. هەروەها بەپێی هەواڵی ڕۆیتەرز تورکیا کار بۆ دامەزراندنی بنکەی بەرگریی ئاسمانی لە ناوەڕاستی سوریادا دەکات بۆ پاراستنی ئاسمانی سوریا لە هەر چالاکییەکی دوژمنکارانە کە سوریا بکاتە ئامانج[٣٨]. هەرچەندە وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرزی ڕەتکردەوە کەوا گوایە پێش سەردانەکەی ئەحمەد شەرع بۆ ئەنقەرە، هەردوولا تاوتوێی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سەربازییان کردبێت، بەڵام زۆرێک لە سەرچاوەکان بەردەوامن لە پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئەنقەرە بەردەوامە لەسەر ئەم دەستپێشخەرییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی[٣٩]. هەروەها بلومبێرگ لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، ئەنقەرە هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی دوو بنکەی سەربازی لە سوریا و جێگیرکردنی «٥٠» فڕۆکەی جەنگی «ئێف ١٦» لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هاوکاریی بەرگریدا، کە ڕەنگە بەم زووانە کۆتایی پێبهێنرێت. ئەم فڕۆکە «ئێف ١٦»انە وەک هێزێکی ئاسمانی کاتی بۆ سوریا کار دەکەن تا ئەوکاتەی هێزی ئاسمانی وڵاتەکەی دروست دەکرێتەوە. سەرەڕای پاڵنەرە بەهێزەکانی تورکیا بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی سەربازی خۆی لە سوریا، سەرکەوتنی بەندە بەو ڕادەیەی زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ئەم ڕۆڵە قبوڵ دەکەن، ئەمە جگە لە ئەگەری گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا[٤٠].

> **” گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی کشانەوە لە "ئیدارەی دووەمی ترەمپ"دا ڕەنگدانەوەی بەردەوامی ستراتیجی ئەمریکایە بۆ کەمکردنەوەی بەشداریکردنی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا “**

دامەزراندنی بنکە سەربازییەکان لە سوریا تەواوکەری ئامادەبوونی سەربازییە لە قەتەر. هەروەها لە لیبیا و سۆماڵ، کە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ فراوانبوونی هەژموونی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین دەکات[٤١]. چەند پرسێکی گرنگی دیکەش بوونی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: ڕێکخستنەوەی سوپای سوریا و هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و دەزگای

هەواڵگریی بە پشتبەستن بەو مۆدێلانەی کە پسپۆڕانی حکومەتی تورکیا پێشنیازیان کردووە، گواستنەوەی کۆنترۆڵی ئاسمانی و کۆنترۆڵی ئەمنیی فڕۆکەخانەی دیمەشق و حەلەب بۆ تورکیا، جێگیرکردنی سەرباز و فەرماندەی زیاتری تورکمان لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا بە مەبەستی لاوازکردنی پێگەی هێزە چەکدارەکانی کورد لە سوریادا، فرۆشتنی ئەو چەکانەی کە پیشەسازییە سەربازییەکانی تورکیا بەرهەمیان هێناوە بە سوریا[٤٢]. ئەو ئامانجانەی سەرەوە لە کارنامەی حکومەتی ئەردۆغان و دەزگای هەواڵگریی نشتیمانی تورکیا «میت»ن بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم کالین، لە دۆخێکدا کە بەشێک لە تیۆریستەکانی سیاسی و بەرگریی تورکیا هانی ئەردۆغان دەدەن بۆئەوەی بە دووبارە جەختکردنەوە لەسەر دوکتورینی «نیشتمانی شین» دەسەڵاتی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست نیشان بدات[٤٣].

> **” لە چوارچێوەی دیدگای ستراتیژیی بۆ پرۆژەکانی وزە لە ناوچەکەدا، هێڵی بۆری غازی قەتەر و تورکیا کە سعودیە و ئوردن و سوریا دەبڕێت، پاشان بە سوریا و تورکیادا بۆ ئەوروپا تێدەپەڕێت، گرنگییەکی زۆری بۆ هاوکارییەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە هەیە. ئامانجی ئەم هێڵە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی قەتەرە بە بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا “**

**هەشتەم/ هەژموونی کولتووری و ئایدیۆلۆژی:**

دوای ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا لە ساڵی «٢٠١١»، تورکیا هەوڵی داوە لەڕێگەی ئامرازەکانی هێزی نەرمەوە نفوزی خۆی لە ناوچە عەرەبییەکان فراوان بکات. ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، وەک هاوپەیمانێکی ستراتیجیی ئێران، دەرفەتێکی گرنگی بۆ تورکیا ڕەخساند بۆ چەسپاندنی هەژموونی کولتووری و ئایدیۆلۆجیی خۆی لە سوریا و ناوچەی شام.

تورکیا لە ساڵی «٢٠١٩»ەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا زیادی کردووە، ئەنقەرە بەرپرسانی ناوخۆیی دەستنیشانکردووە و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک پۆستەخانەکانی دامەزراندووە و دراوی ناوخۆیی بە لیرەی تورکی گۆڕیوە[٤٤]. لە ناوچەکانی وەک عەزاز، ئەلباب، عەفرین و جەرابلوس کە لەژێر دەستی گروپەکانی هاوپەیمانی ئەنقەرەدا بوون، تورکیا قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگای ڕاهێنانی زمانی تورکی دامەزراندووە. ئەم پرۆژانە تەنیا ئامرازی هەژموونی نەرم نین، بەڵکو هەوڵێکن بۆ گۆڕینی شوناسی کولتووری ئەو

ناوچانە بەرەو مۆدێلی تورکی، تا ساڵی «٢٠٢٣» زیاتر لە «٢٠٠» قوتابخانەی سەر بە تورکیا لە ناوچەکانی باکووری سوریا کاریان دەکرد و زمانی تورکی وەک زمانی دووەم دەخوێندرێت[٤٥]. تورکیا بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و شوێنەوارە مێژووییەکانی عوسمانی لە سوریا و بەکارهێنانی ڕەمزی ئاڵا و ناوەکانی عوسمانی، هەوڵدەدات یادەوەری کولتووری گەلی سوریا بنیات بنێتەوە, ئەم ئاوەدانکردنەوە ڕەمزییە بنەمایەک بۆ قبوڵکردنی هەژموونی کولتووری تورکیا دەڕەخسێنێت.

**نۆیەم/ پرۆسەی چەکدانانی پەکەکە:**

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و چەکدانانی پەکەکە دەکرێت وەک دەرفەتێکی ستراتیجی سەیر بکرێت, بۆئەوەی تورکیا پێگەی خۆی لە سوریا بەهێزتر بکات و کاریگەریی زیاتری لەسەر هاوکێشەی جیاوازەکانی سوریا بەگشتی و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بەتایبەتی هەبێت. دەکرێت تورکیا هەوڵ بدات هاوشێوەی هەولێر هەوڵی ڕێکەوتن و نزیکبوونەوە لەگەڵ ئیدارەی خۆسەر بدات و بەرژەوەندییەکانی لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریا فەراهام بکات.

تورکیا دەیەوێت سود لە دەرفەتی چەکدانانی پەکەکە ببینێت. بۆ ئەو ئامانجە عومەر چەلیك وتەبێژی پارتی داد و گەشەپێدان ڕایگەیاند: «پێویستە چەکدارانی کورد لە تورکیا و عێراق و سوریا بە هێزەکانی هەسەدەشەوە چەکەکانیان دابنێن... هیچ سازش و دانوستانێک لەگەڵ تیرۆریستان ناکرێت», بەڵام مەزلوم عەبدی فەرماندەی گشتی هەسەدە ستایشی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، بەڵام ڕەتیکردەوە ئەو پەیامە بۆ هێزە سەربازییەکانی کورد لە سوریا بێت[٤٦]. تورکیا لە چوارچێوەی ستراتیجی ناوچەیی خۆیدا، پرسی چەکدانانی هێزە کوردییەکان لە سوریاش وەک یەکێک لە بەرنامەی گرنگی ئاسایشی خۆی لێیدەڕوانێت. کۆبوونەوەیەک لە «٩»ی تەمموزی «٢٠٢٥» بە بەشداریی ئەحمەد شەرع و تۆماس باراک نوێنەری ئەمەریکا و مەزلوم عەبدی ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی «١٠»ی ئازاری «٢٠٢٥»، کە بریتییە لە تێکەڵکردنی هێزە سەربازییەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا لەگەڵ سوپای نیشتمانی سوریا و گەڕانەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان و کێڵگە نەوتی و گازییەکان بۆ حکومەتی ناوەندیی سوریا[٤٧]. هەر لەم چوارچێوەیەدا تۆماس باراك نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا، لەبارەی ڕێککەوتنی هەسەدە و حکومەتی سووریا ڕایگەیاند، هەسەدە لە پرۆسەی تێکەڵبوونی لە حکومەتی سووریا «سست» بووەتەوە و پێویستە پرۆسەکە خێراتر بکات. ڕاشیگەیاند، بۆیان دەرکەوتووە فیدراڵی بۆ عێراق و سووریا نابێت[٤٨]. تورکیا لەڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە هەوڵ دەدات پێگەی سەربازی و سیاسی کورد لە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لاواز بکات، چونکە بە یەکگرتنەوە لەگەڵ حکوومەتی دیمەشق، کورد لە ڕۆڵی ئەکتەرێکی سەربەخۆ و

کاریگەرەوە لەسەر ئاستی ناوچەکە دوور دەخاتەوە.

**تەوەری سێیەم/ ئاڵنگارییەکانی بەردەم تورکیا لە سوریا**

تورکیا دەیەوێت ڕۆڵێکی سەرەکی و کردەیی لە داهاتووی سوریادا بگێڕێت، بەڵام ئەم ڕۆڵە ئاڵنگاریی زۆری لە پێشە لەوانەش: دابەشبوونە ناوخۆییەکانی ناو سوریا، پێگەی کورد، گرژییەکان لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و مەترسییە ئابوورییەکان، کە هەمووی ڕووبەڕووی هەژموونی تورکیا دەبێتەوە.

**یەکەم/ پێگەی کورد لە سوریا و گرنگی ستر اتیجیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی:**

دوای لاوازبوونی ئەسەد، بۆشایی دەسەڵات لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بووە هۆی ئەوەی کە هێزە سەربازی و سیاسییەکانی کورد کۆنترۆڵی ناوچە بەرفراوانەکان بکەن و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری «ڕۆژئاڤا» دابمەزرێنن. ئەمریکا لە ساڵی «٢٠١٥»ەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی کورد هەبووە، لەڕێگەی هاوکاریی چەک و مەشقی سەربازی و پاڵپشتی هەواڵگرییەوە. ئەم پاڵپشتییە بووە هۆی سەرکەوتنی سەربازی لە دژی داعش و فراوانکردنی کۆنترۆڵی کورد بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا. جگە لەوەش هاوکاریی لەگەڵ ئەمریکا شەرعیەتێکی ڕێژەیی نێودەوڵەتیی بۆ ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دابین کردووە .ئەم پێشهاتانە بۆ تورکیا جێگەی نیگەرانی بوو[٤٩]. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لە باکور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا گرنگی ستراتیژییان هەیە, چونکە بەشێکی زۆری نەوت و گازی وڵاتەکە لە سنورەکەدایە. هێزی هەسەدە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی سوریای لەژێر کۆنترۆڵدایە، لەوانە سویدە و ڕمێلان لە پارێزگای حەسەکە و عومەر لە پارێزگای دێرەزۆر. ئەنقەرە ترسی ئەوەی هەیە کە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە باکووری سوریا هانی کوردانی ناو تورکیا بدات تا داوای مافی زیاتر بکەن یان تەنانەت داوای جیابوونەوەش بکەن, بۆیە ڕێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان قەوارەیەکی سەربەخۆ لە سوریا، لە پێشینەی کارەکانی تورکیایە[٥٠].

بوونی قەوارەیەکی بەهێزی کوردی لە سوریا دەتوانێت کاریگەریی ناوچەیی تورکیا کەم بکاتەوە و توانای کاریگەریی لەسەر ڕەوتی چارەسەری سیاسی و بەرژەوەندییەکانی لە سوریا سنووردار بکات. بۆیە ڕەنگە پێکدادان لەگەڵ کورد بەشێک بێت لە ستراتیژی تورکیا بۆ دەستەبەرکردنی ڕۆڵی داهاتووی خۆی لە سوریا[٥١]. هەرچەندە دوای کەوتنی ئەسەد ئەنقەرە هەوڵیدا کە هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان و حکوومەتی کاتی سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەربازییەکانی کورد کەڵک وەربگرێت, بەڵام ئەم هەوڵانە تاڕادەیەك بێ سوودبوون. دەکرێت ئەم هەوڵانەی ببێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا لە شەڕێکی درێژخایەن لە سوریا تێوەبگلێت[٥٢]. هەروەها لەلایەکی

دیکەوە، ڕەنگە ئیسرائیل بە هۆکاری جیۆپۆلەتیکی و ئەمنی و ستراتیجی پشتیوانی لە هێزە سەربازییەکانی کورد لە سوریا لە دژی تورکیا بکات و دەتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد وەک ئامرازێک بۆ فشاری دیپلۆماسی و سیاسی بۆ سەر تورکیا بەکاربهێنێت، بۆیە ئەگەر ئیسرائیل بە ئاشکرا یان بە نهێنی پشتیوانی لە کورد لە سوریا بکات، ئەمە تورکیا دەخاتە دۆخێکی سەختەوە.

**” پرۆسەی  ئاشتی لە تورکیا و چەکدانانی پەکەکە دەكرێت وەك دەرفەتێكی ستراتیجیی سەیر بكرێت, بۆئەوەی تورکیا پێگەی خۆی لە سوریا بەهێزتر بکات و کاریگەریی زیاتری لەسەر هاوكێشەی جیاوازەکانی سوریا بەگشتی و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بەتایبەتی هەبێت. دەکرێت تورکیا هەوڵ بدات  هاوشێوەی هەولێر هەوڵی ڕێكەوتن و نزیکبوونەوە لەگەڵ ئیدارەی خۆسەر بدات و  بەرژەوەندییەکانی لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریا فەراهام بکات “**

**دووەم/ پێشبینینەکردنی هەڵوێستی هەتەشە لە داهاتوودا**

لە ئێستادا تورکیا کاریگەریی گەورەی لەسەر هەتەشە هەیە, بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەریدا هەیە، دەکرێت هەڵوێستی سەرکردایەتیی هەتەشە بەهۆی فشارە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بۆیە ئەگەر هەتەشە لە هێڵی ئەنقەرە دوور بکەوێتەوە مەترسییەکی جددی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا دروست دەبێت.

هەتەشە ڕەگ و ڕیشەی لە بەرەی نوسرەدا هەیە، کە لقی پێشووی قاعیدە بوو لە سوریا, کە ئایدۆلۆژیای سەلەفی-جیهادییە، لەوانەیە لە درێژخایەندا لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئاسایشی تورکیادا ناکۆک بێت. بۆیە تورکیا وەک دەوڵەت ترسی لە هێزێک هەیە کە مەیلی جیهادی هەبێت کە دواتر لە دژی بەکاربهێنرێت یان ببێتە هۆی گرژی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ڕووسیا و ئەمریکا و ئیسرائیل[٥٣]. هەرچەند کە هەتەشە پێشتر زۆر پشتی بە پشتیوانی تورکیا بەستبوو، ئێستا دەستیکردووە بە کەمکردنەوەی پشتبەستن

بە ئەنقەرە، چونکە وڵاتانی دیکە، وەک ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا، زیاتر ئارەزووی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتیی نوێ لە دیمەشق دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە تیشک دەخاتە سەر ئەو سنووردارکردنانەی کە تورکیا لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکانی لە ناوخۆی سوریادا ڕووبەڕووی دەبێتەوە[٥٤]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاریگەرییەی تورکیا ڕەها نییە لەسەر هەتەشە ڕووبەڕووی دەبێتەوە, بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئیسرائیل لە ناوچەکە وەك هێزێکی هەژموونی و کاریگەر.

**سێیەم/ ناکۆکی ئەمریکا و تورکیا لە پرسی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ کورد**

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و تورکیا بۆ پێش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەگەڕێتەوە، کە دوای کەوتنی بەشار ئەسەدیش بەردەوامی هەیە، ئەویش پرسی پشتیوانی ئەمریکا بوو بۆ هێزە سەربازییەکانی کورد، بەتایبەتی یەپەگە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

لە ساڵی «٢٠١٤»ەوە ئەمریکا پشتی بە هێزە سەربازییەکانی کورد بەتایبەت یەپەگە بەستووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. ئەمریکا ئەم هێزەی بە کاریگەر و یەکگرتوو و جێی متمانە بۆ ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکان دژ بە داعش زانیوە. تورکیاش یەپەگە بە لقێکی پەکەکە دەزانێت و پشتیوانی لە یەپەگە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت, بەڵام ئەم هێزانە سەرنجی واشنتۆنیان ڕاکێشاوە، بەو پێیەی واشنتۆن بەدوای هاوبەشێکدا دەگەڕا کە گرنگی بە بەرەنگاربوونەوەی داعش بدات و دەستی لە ئاڵۆزییەکانی دۆخی سوریا و بەرژەوەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکاندا نەبێت[٥٥]. لەگەڵ درێژەدان بە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بە هێزە سەربازییەکانی کورد، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا چووەتە قۆناغێکی گرژیی توندەوە. تورکیا لەم دۆخە زۆر نیگەران بووە و چەندین جار هۆشداری بە واشنتۆن دا کە ڕێگە نادات دەوڵەتی کوردی لەسەر سنوورەکانی باشووری خۆی دروست ببێت.

**چوارەم/ هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی لە پرسی هەژموونی تورکیا**

لەدوای ڕۆخانی ئەسەدەوە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی میسر، سعودیە و ئیمارات بەچڕی دژایەتیی نەزعەی فراوانخوازیی تورکیا دەکەن لە ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵەکانیان چڕتر کردووەتەوە بۆئەوەی لە سوریای دوای ئەسەد تورکیا هەژموونی تەواو بەسەر سوریادا نەکات, کە ئەوان بە بەشێك لە جیهانی عەرەبی و سوننە هەژماری دەکەن. لەم پێناوەشدا، هەریەکە و لەڕێگا و ئامڕازی جیاوازەوە لە هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هاوکاریکردنی سوریای نوێن و هەریەکە و بەپێی توانا و تایبەتمەندیی خۆی لەڕووی سیاسی- دبلۆماسی و

ئابوری - هاوكاریی دارایی بۆ حكومەتی نوێی سوریا، سەرقاڵی هاوكاریی كردنن و نایانەوێت خراپی و ناجێگری دۆخی سیاسی- ئاسایشی و ئابوری سوریا بۆشاییەك بێنێتە كایەوە كە توركیا لە ڕێگەیەوە هەژموونی تەواو بەسەر گۆڕەپانە جیاوازەكانی سوریادا بكات.

**پێنجەم/ دەركەوتنی هەژموونی فراوانخوازی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لە دوای كەوتنی ئەسەد ئیسرائیل بووە بڕیاردەری سەرەكی لە بەشێك لە باشور و باشوری ڕۆژئاوای سوریا، كە هاوسنوورە لەگەڵ ئیسرائیل و سێ پارێزگای (درعا، السویداء، القنیطرة) دەگرێتەوە. ئەم سێ پارێزگایە بەتایبەت ئەو بەشانەیان كە نزیكترە لە سنورەكانی ئیسرائیلەوە، ئێستا لەژێر چاودێریی سوپای ئیسرائیلە و خاڵی سەربازی و چاودێرییان تێدا دامەزراندووە[٥٦]. داگیركاری ئیسرائیل بۆ سەر سوریا لە بەرزاییەكانی جۆلانەوە بەرەو دیمەشق فراوان بووە[٥٧]. توركیا لە هەژموونی فراوانخوازی ئیسرائیل لە سوریا زۆر نیگەرانە, بۆ ئەم مەبەستە هاكان فیدان وەزیری دەرەوەی توركیا چەندین جار ڕەخنەی لە هێرشە سەربازییەكانی ئیسرائیل گرتووە لە ناوخۆی سوریا و بە ناسەقامگیری و تێكدانی دەسەڵاتی سەروەری سوریا ناوی بردووە[٥٨]. هێرشە ئاسمانییەكانی ئیسرائیل بۆ سەر سوریا لە ڕوانگەی توركیاوە، وەك فراوانكردنی كاریگەریی ئیسرائیل و پێگەی هەواڵگریی سەربازی سەیر دەكرێت، بەتایبەتی لە نزیك بەرزاییەكانی جۆلان و دەوروبەری.

> **” توركیا دەیەوێت ڕۆڵێكی سەرەكی و كردەیی لە داهاتووی سوریادا بگێڕێت، بەڵام ئەم ڕۆڵە ئاڵنگاریی زۆری لە پێشە لەوانەش: دابەشبوونە ناوخۆییەكانی ناو سوریا، پێگەی كورد، گرژییەكان لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكان و مەترسییە ئابوورییەكان، كە هەمووی ڕووبەڕووی هەژموونی توركیا دەبێتەوە “**

ئیسرائیل پێی وایە كە توركیا پاڵپشتی گروپە ئیسلامییە سوننەییەكان دەكات, كە زۆرێكیان دوژمنایەتیی ئیسرائیل دەكەن. ئەمەش ئەو گروپانە دەگرێتەوە كە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە حەماس و ئیخوان موسلیمین نزیكن. ئیسرائیل پاڵپشتی ئایدیۆلۆژیكی توركیا بۆ ئەم گروپانە وەك مەترسییەكی درێژخایەن دەبینێت، ترسی ئەوەی هەیە ئەگەر توركیا هەژموونی تەواوەتی بكات بەسەر سوریادا، هەڕەشەی بە وەكالەت لەسەر ئیسرائیل زیاد دەكات,

چونکە سوریایەکی ئاڕاستەکراوی تورکیا کە لەلایەن ئیسلامییە سوننەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، دەتوانێت زیاتر بۆ سەر ئیسرائیل هەڕەشە بێت لەوەی سوریای هاوپەیمانی ئێران لە ڕابردوودا لەژێر دەسەڵاتی ئەسەددا بووە[٥٩].

**شەشەم/ تێچووی بونیادنانەوەی سوریا**

لەپێناوی کۆنترۆڵکردن و هەژموونکردن لە سوریا, تورکیا دەیەوێت لە سێکتەرە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئاوەدانکردنەوەی سوریادا ببینێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تورکیادان. بەپێی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی سێتا، ئاوەدانکردنەوەی سوریا پێویستی بە «٥٣٠» ملیار دۆلار هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابوری تورکیا کە خۆی ڕووبەڕووی هەڵاوسانی بەرز و دابەزینی بەهای لیرە و بێکاری بووەتەوە، بەبێ هاوکاری دەرەکی ناتوانێت ئەو تێچوونانە دابین بکات[٦٠]. هەروەها جەنگی نێوان ئیسرائیل و ئێران کە لە «١٣»ی حوزیرانی «٢٠٢٥» دەستی پێکرد، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئابوری و سیاسەتی تورکیا هەبووە. سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران بووەتە هۆی ئەوەی تورکیا هاوردەکردنی نەوت لە ئێران ڕابگرێت، لە ڕابردوو لە (٤٥٪) پێداویستییە نەوتییەکانی لە ئێران هاوردە دەکرد، کاریگەری ململانێی ئێستای ئێران و ئیسرائیل لەسەر هاوردەی نەوتی سنوردارە، بەڵام مەترسییەکان لەسەر هاوردەی گازی سرووشتییە، تورکیا ساڵانە نزیکەی «١٠» ملیار مەتر چوارگۆشە گازی سرووشتی لە ئێران هاوردە دەکات، کە لەڕێگەی کێڵگەی پارسی جنوبەوە دابینی دەکرد، ئەو ڕوداوانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابوریی تورکیا دروستکردووە[٦١].

**حەوتەم / نائارامی دۆخی ئاسایشی ناوخۆیی سوریا**

دۆخی ئاسایشی لەو ناوچانەی کە بەدەست هەتەشەوەیە حوکمڕانیەتی بەتەواوی سەقامگیر نەبووە. بەتایبەتی لەو ناوچانەی پێکهاتەی عەلەوییەکانی لێیە, واتە پارێزگاکانی تەرتوس و لازقیە و بەشێك لە حمس و حەما، هێشتا کوشتن و گرتن و ڕفاندن ماوە، لەبەرامبەردا چەند گروپ و کۆمەڵە چەکداری عەلەوییەکانیش کە پێناچێت ژمارەیان زۆر بێت لێرەو لەوێ جموجۆڵیان هەیە. ئەمە جگە لە ناوچە دروز نشینەکان لە باشور، کە هێشتا لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هەتەشەیە. لە ناوخۆی دیمەشقیش سەرباری جۆرێك لە هێمنی باری ئەمنی، بەڵام ململانێیەکی بێدەنگ لە ناوخۆی هەتەشە هەیە. ترس هەیە ئەحمەد شەرع لەلایەن گروپ و باڵە جیاوازە نا ڕازییەکانی ئەو بەرەیە بکوژرێت[٦٢]. بەهۆی گۆڕانە ناوخۆییەکانی سوریاوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕۆڵی تورکیا لەلایەن هەندێک لە بزووتنەوەی سیاسی سوریاوە لە سوریای نوێدا ڕەتبکرێتەوە. بۆ نمونە هەندێك لەو بزووتنەوانەی لە تورکیا دەژیان

و چالاکیان دەکرد، بەڵام نارازین لەوەی دوای کەوتنی ئەسەد ڕێگە بە گروپی تر دراوە لە سوریای نوێدا باڵادەست بن[٦٣].

**” وەك چۆن ئێران لە عێراقدا لە دوای "٢٠٠٣"ـەوە بە ڕێگا و ئامڕازی جیاوازی سیاسی، ئاسایشی، ئابوری و سەربازی تا ڕادەیەك هەژموونی کردووە بەسەر کایە جۆربەجۆرەکانی گۆڕەپانی عێراقییەوە، لە ئێستاشدا تورکیا دەیەوێت هەژموونی تەواو و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سوریادا هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئامڕاز و ڕێگای جیاوازی گرتووەتەبەر “**

**دەرئەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە داهاتووی تورکیا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا لە چوارچێوەی سێ سیناریۆیی ئەگەریدا شیدەکاتەوە:

**یەکەم/ بەهێزکردنی پێگەی تورکیا وەک هەژموونێکی ناوچەیی:**

ئەم سیناریۆیە بریتییە لە هەوڵی تورکیا بۆ هەژموونی تەواوەتی لە سوریادا وەك چۆن ئێران لە عێراقدا لە دوای «٢٠٠٣»ەوە بە ڕێگا و ئامڕازی جیاوازی سیاسی، ئاسایشی، ئابوری و سەربازی تا ڕادەیەك هەژموونی کردووە بەسەر کایە جۆربەجۆرەکانی گۆڕەپانی عێراقییەوە، لە ئێستاشدا تورکیا دەیەوێت هەژموونی تەواو و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سوریادا هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئامڕاز و ڕێگای جیاوازی گرتووەتەبەر. دەرفەتەکان بۆ تورکیا لەم سیناریۆیەدا بریتین لە پاشەکشەکردنی ئێران و ڕوسیا لە سوریا و لاوازبوونی بەرەی بەرنگاری (مقاوەمە)ی ئێران، بوونی پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەر لەگەڵ هێزە ئیسلامییە سونییە ڕادیکاڵەکان وەك هەتەشە، بوونی پەیوەندی و هەماهەنگیی لەگەڵ ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، تاڕادەیەك لاوازی پێگەی وڵاتانی عەرەبی لە سوریا، کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی سنوورەکان، فراوانکردنی بازرگانی ناوچەیی، کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی کورد، دروستکردنی ناوچەی پاراستنی ئاسایشی و ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا و کاریگەریی لەسەر نووسینی دەستووری نوێی سوریا. بەڵام ئاڵنگارییەکان وەک خەرجییە سەربازییەکان، دژایەتیی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیی بۆ داگیرکاریی درێژخایەنی تورکیا و گرژییە تائیفییەکان

دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگای ئەنقەرە بۆ گەیشتن بە هەژموونی ناوچەیی قورس بکەن.

**دووەم/ سنووردارکردنی هەژموونی تورکیا:**

لەم سیناریۆیەدا، تورکیا ناتوانێت هەژموونی تەواوەتی هەبێت لە سوریا, ئەمەش بەهۆکاری وەك قەیرانی دارایی و ئابووری ناوخۆیی، تێچووی ئابووریی ئامادەبوونی سەربازی، چەقبەستوویی لە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد، زیادبوونی خەباتی پارت و گروپە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا، فشارە نێودەوڵەتییەکان، چڕکردنەوەی فشارەکانی ڕۆژئاوا بۆ کشانەوە لە سوریا، ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کاتی سوریا و هێزە کوردییەکان کە ئەمریکا پاڵپشتی دەکات، ئاڵۆزتربوونی پرسی پەنابەران و نەتوانینی گەڕانەوەیان. هەموو ئەم هۆکارانە وادەکات کە تورکیا بە تەواوی ئامانجە هەژموونگەرییەکانی لە ناوچەکەدا فەراهام نەبێت. هەروەها لە ناوخۆیی سوریادا ڕووبەڕووی کێشەی پێگەی سەربازی کورد و نائارامی دۆخی سیاسی و بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی سوریا دەبێتەوە. جگە لەوەش، زیادبوونی کێبڕکێ لەگەڵ یاریزانە دیارەکانی ناوچەکە وەك (ئێران، سعوددیە، ئیمارات، ئیسرائیل) هەریەك لەم دەوڵەتانە بەڕێگەی جیاواز وەک ڕێگرییەک لە بەرامبەر هەژموون و فراوانبوونی کاریگەرییەکانی ئەنقەرەدا کاردەکەن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (ڕووسیا، ئەمریکا) هەوڵدەدەن هاوسەنگی هێز بپارێزن و ڕێگری لە هەژموونی تاکلایەنەی تورکیا بکەن. لەم سیناریۆیەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە سنووردارکردنی هەژموونی فراوانخوازی تورکیا بەرامبەر بە تێوەگلانی تورکیا لە سوریا مەترسیی پێکدادان لەگەڵ ئەکتەرە ڕکابەرەکان و هێزە نادەوڵەتییەکانی زیاتر کردووە. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە تورکیا بەهۆی سیاسەتی فراوانخوزای و هەژمونگەرایییەوە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی کاردانەوەی هێزە ناوخۆییەکانی سوریا و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بێتەوە.

**سێیەم/ ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێژەیی تورکیا لە سوریا:**

لەم سیناریۆیەدا تورکیا پێگەیەکی تاڕادەیەک گرنگ و کاریگەر لە هاوکێشەکانی سوریادا هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی نییە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هاوشێوەی سیناریۆی یەکەم ناگێڕێت. بەم شێوەیە ئەنقەرە زیاتر وەک ناوبژیوانێکی چالاک و ئەکتەرێکی مەیدانی لە پێشهاتەکانی سوریادا دەردەکەوێت نەک وەک بڕیاردەرێکی سەرەکی. هەرچەندە تورکیا بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا دەکات، بەڵام توانای سەپاندنی ئیرادەی کۆتایی خۆی بەسەر ئەکتەرەکانی دیکەدا نابێت. بەگشتی تورکیا لەم چوارچێوەیەدا بە ئەکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت، بەڵام بە جۆرێک نییە کە بتوانێت ئاڕاستەی کۆتایی نەخشەی سیاسی سوریا دیاری بکات. بۆیە ئەم سیناریۆیە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە, چونکە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەر

زەوی و گۆڕەپانی سیاسی سوریا یەکدەگرێتەوە و وێنەیەکی تاڕادەیەک ورد لە پێگەی ئێستای تورکیا لەم بارودۆخەدا دەخاتەڕوو.

---

### لیستی سەرچاوەکان:

1- Solomon, Erika. "Turkey Closes Syria Embassy, Homs Shelled Again." Reuters, March 26, 2012. Available at: https://www.reuters.com/article/world/turkey-closes-syria-embassy-homs-shelled-again-idUSBRE82P08Q/.(17-6-2025).

2- Balci, Bayram. "Turkey's Relations with the Syrian Opposition." Carnegie Endowment for International Peace, April 13, 2012. https://carnegieendowment.org/research/2012/04/turkeys-relations-with-the-syrian-opposition. (17-6-2025).

3- Fatma Tanis, Turkey looks set to play an outsize role in shaping the new Syria after Assad, December 18, 2024. Available at: https://www.npr.org/2024/12/18/nx-s1-5232122/turkey-role-syria-post-assad. (19-6-2025).

4- Firmian, Federico Manfredi. War in Syria and the Middle East: A Political and Economic History. University of Texas Press, United States of America, 2025.p 101.

5- Firmian, Federico Manfredi. Op.cit .p 101.

6- De Martino, Claudia. "Turkey, the New Syrian Arrangement and the Wider Regional Balance." Aspenia Online, 21 February 2025. Available at: https://aspeniaonline.it/turkey-the-new-syrian-arrangement-and-the-wider-regional-balance/.(20-6-2025)

7- De Martino, Claudia. Op.cit.

8- De Martino, Claudia. Ibid.

٩- خبرگزاری کردپرس، ١٠ نکته درباره مداخلات و نفوذ ترکیه در سوریه. (٢١-٦-٢٠٢٥).
https://www.kurdpress.com/news/2781617/10،-(٢٥-٦-٢٠٢٥).

١٠- خبرگزاری کردپرس، همان منبع.

١١ -ترك برس، من الدعم إلى الشراكة: تركيا وسوريا في مرحلة ما بعد الأسد، 16 -٢- ٢٠٢٥، على الرابط التالي:
https://www.turkpress.co/node/104577.(٢٥-٦-٢٠٢٥)

١٢ - ترك برس، من الدعم إلى الشراكة: تركيا وسوريا في مرحلة ما بعد الأسد، المصدر سبق ذكره.

١٣- مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، مستقبل الدور التركي في سوريا ما بعد الأسد: الفرص والتحديات، ٢٣-٦-٢٠٢٥، على الرابط التالي:
https://mediterraneancss.uk/2025/01/30/the-turkish-role-in-post-assad-syria-opportunities-challenges/(٢٧-٦-٢٠٢٥).

١٤- مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، المصدر نفسه.

١٥- ئارام هەڵەدنی، ڕۆڵی تورکیا بۆ ڕوخانی ئەسەد لە پێناوچی؟ لینکی ئەلیکترۆنی: -https://www.shar press.net/op-detail.aspx?jimare=232927 (٢٧-٦-٢٠٢٥)

16- Adam Michalski , Turkey's reaction to the fall of al-Assad: opportunities and challenges. (OSW Centre, Dec 2024), available at: https://www.osw.waw.pl/en/publikacje/analyses/2024-12-10/turkeys-reaction-to-fall-al-assad-opportunities-and-challenges(27-6-2025).

١٧ -سعيد عبد الرازق، تركيا عراب «سوريا الجديدة» تسابق لتثبيت نفوذها، ٧ مايو ٢٠٢٥، على الرابط التالي : https://aawsat.com/العالم-العربي/المشرق-العربي/٥١٤٠٤١٨-تركيا-عرّاب-سوريا-الجديدة-تسابق-لتثبيت-نفوذها(٢٨-٦-٢٠٢٥).

١٨ -سعيد عبد الرازق، المصدر نفسه.

19- Yilmaz, Ihsan. "Islamist Civilizational Politics and the AKP: Turkey's Role in a Changing Muslim World." ISPI, March 20, 2025. https://www.ispionline.it/en/publication/islamist-civilizational-politics-and-the-akp-turkeys-role-in-a-changing-muslim-world-203361. (28-6-2025)

20- Islam, Thowhidul. "Turkey's AKP foreign policy toward Syria: shifting policy during the Arab Spring." International Journal on World Peace 33, no. 1 (2016): 7-42.

21- Islam, Thowhidul. Ibid. p.7-42.

٢٢- مركز مينا للأبحاث، المسار الاستراتيجي لتركيا في سوريا: الفرص والتحديات، ٢٠ يناير ٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://www.mena-researchcenter.org/ar/المسار-الاستراتيجي-لتركيا-في-سوريا-ال/)٢٨-٦-٢٠٢٥)

٢٣- جابر عمر، أولويات تركيا في مرحلة ما بعد سقوط الأسد: العملية الانتقالية وشرق الفرات،10 ديسمبر ٢٠٢٤، على الرابط التالي: https://www.alaraby.co.uk/politics/أولويات-تركيا-في-مرحلة-ما-بعد-سقوط-الأسد(٢٨-٦-٢٠٢٥).

٢٤- د. محمد عز العرب، تعزيز النفوذ.. كيف توظف تركيا التحولات الجيوسياسية بعد سقوط الأسد؟، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، الملف المصري، العدد ١٢٦، ٢٠٢٥، ص ٣١.

25- Davison, John, and Orhan Qereman. 2025. "Exclusive: US Pulls Out of Two More Bases in Syria, Worrying Kurdish Forces." Reuters, June 17, 2025. https://www.reuters.com/business/media-telecom/us-pulls-out-two-more-bases-syria-worrying-kurdish-forces-2025-06-17/. (28-6-2025)

٢٦ -سعيد عبد الرازق، المصدر سبق ذكره.

٢٧- سعيد عبد الرازق، المصدر نفسه.

٢٨- سعيد عبد الرازق، المصدر نفسه.

29 -Elgendy, K. Turkey's energy hub ambitions have new momentum after Assad's fall. Chatham House. (2024, December).available at: https://www.chathamhouse.org/2024/12/turkeys-energy-hub-ambitions-have-new-momentum-after-assads-fall. (1-7-2025).

٣٠ -مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، المصدر نفسه.
٣١- مركز مينا للأبحاث، المسار الاستراتيجي لتركيا في سوريا: الفرص والتحديات، ٢٠ يناير ٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://www.mena-researchcenter.org/ar/المسار-الاستراتيجي-لتركيا-في-سوريا-ال/. (١-٧-٢٠٢٥)
٣٢- الجزيرة، ملامح شراكة إستراتيجية بين سوريا وتركيا، 10/2/2025، على الرابط التالي: https://www.aljazeera.net/politics/2025/2/8/سوريا-وتركيا-بصدد-تأسيس-شراكة. (٢-٧-٢٠٢٥)
٣٣ -مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، المصدر نفسه.
٣٤- د. محمد عز العرب، تعزيز النفوذ.. كيف توظف تركيا التحولات الجيوسياسية بعد سقوط الأسد؟، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، الملف المصري، العدد ١٢٦، ٢٠٢٥، ص ص ٣١ – ٣٢.
٣٥- د. محمد عز العرب،المصدر سبق ذكره، ص ص ٣١ – ٣٢.
٣٦- سمير العركي، مكاسب تركيا عقب الإطاحة بالأسد، على الرابط التالي: https://www.aljazeera.net/opinions/2024/12/8/مكاسب-تركيا-عقب-الإطاحة-بالأسد. (٢-٧-٢٠٢٥)
٣٧- مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، المصدر نفسه.
٣٨- الجزيرة، ملامح شراكة إستراتيجية بين سوريا وتركيا، 10/2/2025، على الرابط التالي: https://www.aljazeera.net/politics/2025/2/8/سوريا-وتركيا-بصدد-تأسيس-شراكة(٢-٧-٢٠٢٥).
٣٩- ترك برس، من الدعم إلى الشراكة: تركيا وسوريا في مرحلة ما بعد الأسد، المصدر سبق ذكره.
٤٠- د. محمد عز العرب،المصدر سبق ذكره، ص ٣١.
٤١- د. محمد عز العرب، المصدر نفسه، ص ٣١.
٤٢- خبرگزاری تسنيم، همان منبع.
٤٣- خبرگزاری تسنيم، همان منبع.
٤٤- خبرگزاری كردپرس، همان منبع.
45- TRT World, Turkey's education push caters to 200,000 students in northern Syria,avaialble at: https://www.trtworld.com/magazine/turkey-s-education-push-caters-to-200-000-students-in-northern-syria-49434. (3-7-2025)
٤٦- إسلام المنسي ، ثلاثة مسارات :فرص وتحديات نجاح مبادرة أوجلان لإنهاء الصراع التركي الكردي، 11 مارس، ٢٠٢٥، مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة. على الرابط التالي:. https://futureuae.com/arAE/Mainpage/Item/10041/ثلاثة-مسارات-فرص-وتحديات-نجاح-مبادرة-أوجلان-لإنهاء-الصراع-التركي-الكردي.( ٥-٧-٢٠٢٥).
٤٧- شفق نيوز، لقاء ثلاثي مرتقب بين باراك والشرع وعبدي لدمج قسد في الدولة السورية، -2025-07-09، على الرابط التالي: https://shafaq.com/ar/الشرق-الأوسط/لقا-ثلاثي-مرتقب-بين-باراك-والشرع-وعبدي-لدمج-قسد-في-الدولة-السورية .(١٠-٧-٢٠٢٥)
٤٨- هاوار عەبدولڕەزاق، تۆم باراک بۆ ڕووداو: فیدراڵی بۆ سووریا و عێراق نابێت، 2025-07-09، لینکی ئەلیکترۆنی: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/syria/090720251 (١٠-٧-٢٠٢٥)
٤٩- مركز مينا للأبحاث، المسار الاستراتيجي لتركيا في سوريا: الفرص والتحديات، المصدر سبق ذكره.


٥٠ -حسين معلوم ، مأزق «قسد":مسارات علاقة تركيا والأكراد بين الصدام والمرونة في سوريا، 4 يناير، ٢٠٢٥ ، مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، على الرابط التالي: https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/9919/مأزق-قسد-مسارات-علاقة-تركيا-والأكراد-بين-الصدام-والمرونة-في-سوريا(١٠-٧-٢٠٢٥)
٥١- حسين معلوم، المصدر سبق ذكره.
٥٢- مركز مينا للأبحاث، المسار الاستراتيجي لتركيا في سوريا: الفرص والتحديات، المصدر سبق ذكره.
٥٣- International Crisis Group.The Best of Bad Options for Syria's Idlib, Crisis Group Middle East Report N 197, 14 March 2019.p.7.
٥٤- مركز مينا للأبحاث، المسار الاستراتيجي لتركيا في سوريا: الفرص والتحديات، ٢٠ يناير ٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://www.mena-researchcenter.org/ar/المسار-الاستراتيجي-لتركيا-في-سوريا-ال/ (١٠-٧-٢٠٢٥)
٥٥- مركز المستقبل، تحالفات تكتيكية:أنماط وتحديات الدعم الأمريكي للأكراد في سوريا، 21 مايو، ٢٠١٧، على الرابط التالى: https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/2814/تحالفات-تكتيكية-أنماط-وتحديات-الدعم-الأمريكي-للأكراد-في-سوريا(١١-٧-٢٠٢٥)
٥٦- ڕەنج نەوزاد، باشووری سووریا و دروزەکان و ئیسرائیل، لینکی ئەلیکترۆنی: https://www.haremnews.com/detailsWtar/8630(١١-٧-٢٠٢٥)
57- Eurasia. "Israel and Turkey: The Showdown That Could Shape Syria's Future." Eurasia, March 17, 2025.https://eurasia.ro/2025/03/17/israel-and-turkey-the-showdown-that-could-shape-syrias-future/ . (12-7-2025)
58- Cem Cetinguc,op.cit.
59- Eurasia.Ibid.
٦٠ - بارين كاياوغلو، خطة تركيا الكبرى في سوريا: إعادة الإعمار بمساعدة دول الخليج، 28-5-2025، على الرابط التالي: https://natourcenters.com/المونيتور-خطة-تركيا-الكبرى-في-سوريا-إع/(١١-٧-٢٠٢٥)
٦١- إسلام أوزجان، تركيا والصراع بين إسرائيل وإيران: تحديات مرحلية وفرص استراتيجية، 25 يونيو ٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://epc.ae/ar/details/brief/turkia-walsirae-bayn-isra-el-wa-iran-tahadiyat-marhalia-wafuras-astiratijia
٦٢- سەرتیپ جەوهەر، سوریا: ژیان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شەرعدا، 21-06-2025، لینکی ئەلیکترۆنی: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=17016(١١-٧-٢٠٢٥)
٦٣- مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، المصدر نفسه.

# خوێندنەوەی کتێب



# وێرانەخاک...
# جیهانێک لە تەنگژەی نەبڕاوەدا
# ڕۆبەرت کاپڵان، ڕاندۆم هاوز، ٢٠٢٥

ئامادەکردنی: د. سەرکەوت جەلیل
دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی



## دەستپێک: دەستنیشانکردنی نارێکی لە جیهانێکی پەرتبوودا

کتێبەکەی کاپڵان لە بناغەوە ڕامانێکی دردۆنگانەیە لە جیهانی سەدەی بیست و یەکەم. بە ئیلهام وەرگرتن لە گەلێک سەرچاوەی ئەدەبی، مێژوویی، جیۆسیاسی و هەروەها میزاجی باوی خەمناکانەی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگەکەی ئەوروپا، کاپڵان پێی وایە ئێمە لە «ساتێکی ڤایماری»دا دەژین، ساتێک کە نیشانە دیارەکانی نیگەرانی و بیمارین، داتەپین و داخورانی دیموکراسی، دڵخواردبوونی دەستەبژێر، هەروەها بە خشکەیی سەرهەڵدانەوەی ستەمکاری (authoritarianism). لەبری ئەوەی جۆرێک لە ڕاسپاردە یان سیاسەتنامەی دیاریکراو بخاتە بەر دەم، کاپڵان دەستنیشانکردنێکی بەرفراوانی کەلتووری و سیاسیی جیهانێکمان نیشان دەدات، کە خەریکە بەرەو نێو گەرداو دەخزێت. بە حوکمی پاشخانی نووسەر، کە ساڵانێکی زۆرە وەک ڕۆژنامەنووس و گەڕیدە، کاری کردووە، بەگشتی زمانێکی ڕۆژنامەوانی(جۆرنالیستی) بەسەر شێوازەکەیدا زاڵە و زیاتریش بە میتۆدی وەسفکاری(descriptive) دەدوێت. بەهۆی ئەوەوەیە، کە بەشی زۆری کتێبەکە، وەسفکردنی جیهانە لە دوو ڕەهەند یان دوو ساتی مێژوویی‌یەوە: ئەوەی ڕووی داوە و ئەوەشی ئێستا ڕوو دەدات. وەک خۆیشی دەڵێت، مەبەستی ئەوە نییە فاڵ بگرێتەوە، یان وەک دەوترێت، نوقڵانەی داهاتوویەکی لێ بدات. بەڵام لەوەش بەدەر نییە؛ دواجار مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە لە تێکهەڵکێشکردنی هەردوو ساتی ڕابردوو و ئێستاوە، وێنایەکی داهاتوومان نیشان بدات.

هەر سێ بەشی کتێبەکە—»ڤایمار بەگەردوونی دەبێتەوە»، «هێزە مەزنەکان لە داتەپیندا»، «جەماوەر و ئاژاوە»—یەک لە دوای یەک تاووتوێی لێکچوونی مێژوویی، داڕووخانی شارستانیی، لەگەڵ دینامیکییەتی دەروونیی جەماوەردا دەکەن. ڕەنگە کاپڵان لە کۆی کارەکەدا تیۆرییەکی یەکانگیر پێشکەش نەکات، بەو پێیەی ڕەنگە خودی کاپڵان بە مانا زانستی و ئەکادیمییەکەی تیۆریست نەبێت، بەڵام کتێبەکە لە سەرجەمیدا تێکەڵەیەکە لە ڕەخنەی کەلتووری و ڕەشبینیی ستراتیژیک. لەم خوێندنەوەیەدا هەریەک لەو بەشانە بەکورتی دەخرێنە بەر باس، ڕەخنەییانە دیقەتی میتۆد و گریمانە ئایدیۆلۆژییەکانی کاپڵان و ڕێچکەی بەراوردکاری و پێچواندنەکەی دەدرێت.

### ١_ ڤایمار بەگەردوونی دەبێتەوە: گەڕانەوەی نائومێدیی کەلتووری

بەشی یەکەم بە پێچوواندنێکی بوێرانە دەست پێ دەکات: کاپڵان دەڵێت، داتەپینی ئاکاری و کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیای سەردەمی ڤایمار لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا لە ئاستێکی جیهانیدا دووبارە دەبێتەوە و لاسایی دەکرێتەوە. ئەو کە باسی بەرلینی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە دەکات، وەک ئاوێنەیەکی سەردەمەکەی

ئێستامان، وێنای دەکات: چێژپەرست، شەکەت و خۆلۆمەکار، بەڵام سەربازی ئەوانەش هێشتا لەڕووی فیکرییەوە سەرڕێژە و لەڕووی سیاسییشەوە فشۆڵە. چەندان نووسەری تریش بە نووسین و چالاکییەکان هەوڵیان داوە جۆرێک لە ژیان یان گەشانەوە پێشکەوتنی ئەڵمانیا و جیهان تۆمار بکەن. بۆیە کاپڵانیش باوەڕی وایە، کە ئەمڕۆ و لە ئاستێکی گەردوونیدا وزەیەکی هاوشێوە، واتە گەشانەوەی فیکری لە سەروەختی داڕووخانی سیاسیدا، لە کاردایە.

لەم بەشەدا نووسەر زۆر لەسەر هیتلەر و قۆناغی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە، دەوەستێت. خاڵی جەوهەری لەو بەشەدا، یان یەکێک لە خاڵە ناوەندی و جەوهەرییەکانی، بەدحاڵیبوونی جیهانە لە سەردەمەکە. جیهان لێرەدا واتە دنیای دەرەوەی ئەڵمانیا؛ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش. هاتنی هیتلەر و نازییەکان، بڕێکی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، جیهان لە پڕێکدا و لە کۆماری سەردەمی ڤایمارەوە، کەوت بەسەر دەوڵەتی نازیزم و جینۆساید و هۆبز وتەنی، جەنگی هەمووان دژی هەمووان.

بانگەشەی سەرەکیی کاپڵان بریتییە لەوەی «ڤایمار» چیتر جێیەک نییە، بەڵکو دۆخێکە. لە دیدی ئەودا، ڕێژەگەرایی ئاکاری، سەگباوەڕیی دەستەبژێر، نامۆبوونی تەکنۆلۆژی و تووڕەیی پۆپۆلیستانە، کۆمەڵە دیموکراتیکەکانیان شڵەژاندووە. وەک ئەوەی خۆی دەڵێت، «ڤایمار» چیتر شارێک یان دەیەیەک نییە، بەڵکو میزاجێکی گەردوونییە»، کە بەوەش چاخی ئێستامان بە پێشەکییەکی داتەپیوی پێش زریانێکی ستەمکارانە یان شۆڕشگێڕانە، دەچووێنێت.

پێچوواندنەکەی کاپڵان تەنیا مێژوویی نییە، بەڵکو مێتافیزیکی و چارەخوازانەشە. لە جێیەکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئێمە ئێستا لە ڕۆحێکی ڤایمارانەدا دەژین»، تێیدا لەدەستدانی باوەڕ بە دەزگاکان، بە حەقیقەت و بە داهاتووش، دەرگایان بەسەر تەریکبوونەوەی بەکۆمەڵدا کردووەتەوە. دیدی موحافیزکارانەی توندڕۆیانەی خودی نووسەر و ڕەخنە کەلتوورییەکانی، زۆر لەوانەی هەندێک نووسەری تر دەچن کە دەکرێت بوترێت سەر بە هەمان ڕێچکە و نەریتی فیکریین، لەوانەش ئۆزواڵد سپێنگلەر و ئالان بلووم. کاری ئەوانەش زیاتر لاواندنەوە یان شێنگێڕان بووە بۆ لەدەستدانی پێودانگەکەن، بۆ داڕووخانی متمانەی شارستانی و داتەپینی ڕۆژئاوا.

یەک لە خاڵە گرنگەکانی تری لێکدان و نزیککردنەوەی ناوخۆیی و جیهانییە. دەکرێت ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتێک و دەزگاکانیدا دەقەومێت، ئاسەواری جیهانیی لێ بکەوێتەوە. بەڵگەشی وەک دیارە، ئەڵمانیای دوای ڤایمارە. هاتنی هێزی نوێی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕ و هەڵتەکێنەری دنیای کۆن، ئەوانەی بە جلی سەربازییەوە بە شەقامەکاندا مارشیان دەکرد و هاواریان دەکرد «دنیای کۆن خۆتان خۆش»، دواجار بوو بە یەکێک لە گەورەترین ئەو ئاڵنگارییانەی

بەرۆکی هەموو مرۆڤایەتییان گرتووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەنگدانەوەی دەبیسترێت. لێرەوەیە کاپڵان ڕستەیەکی گرنگی خۆی دەدرکێنێت: «سەرلەبەری دنیا ئێستا یەک ڤایماری گەورەیە، کە هەرچەندە لە هەندێک ڕووەوە زۆر لێک نزیک و پێکداچووە، بەڵام هێشتا لەڕووی سیاسییەوە خۆڕاگر نییەو ... بە قۆناغێکی ترسناک، فشۆڵی تەکنۆلۆژی و سیاسیدا دەگوزەرێنین». هەر بۆیە هاوشێوەی ڤایمار، دنیای ئێستا لە ژمارەیەک بەشی تێکچرژاو پێکدێت، کە پێکەوە ڕووبەڕووی ژمارەیەک قەیرانی ترسناک دەبێتەوە، لەوانەش کۆڤید-١٩، ناکۆکیی هێزە مەزنەکان، گۆڕانی ئاووهەواو ...هتد. هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی بۆ ئەو دیاردانەش گرنگە، وەک کاپڵان دەڵێت: بیرهێنانەوەی ڤایمار بۆ جەختکردنەوە و ددانانە بە پشت-بە-یەکتر-بەستوویی جیهانەکەمان.

تەنیا دیوی بابەتیی ڕووداوەکانیش گرنگ و کاریگەر نییە، بەڵکو ئەو کەسانەشی دەبنە بڕیاردەر و قسەکەر بە ناوی جیهانەوە، چارەنووسسازە. قۆناغی پێش نازیزم، کەسێکی وەک فرانز ڤۆن پاپین دەبێتە ڕاوێژکار، کە بە باوەڕی هەندێک مێژوونووس، لەوانەش گۆلۆ مان، کەسێکی بەتاڵ و نابەرپرسیار و بێئەندازە ڕواڵەتیی بووە. ئەوەش واتە، هاتنەپێشەوەی کەسانی بێ پرەنسیپ و ناکاریزماتیک، دەکرێت سەرەتای کۆتایی قۆناغەکە بێت. کاپڵان لە زاری گۆلۆ مانەوە دەڵێت، بوونی مرۆیی چ مانایەکی دەبێت، کاتێک لە ساتێکی هەستیاردا، کەسێکی سووکی وەک پاپێن بڕیار لە ئاڕاستەی مێژووی جیهان بدات؟! هەر بۆیە کاپڵان تاوێکی پاش ئەوە و لە زاری چەرچڵەوە، پەسنی جیهانی سەردەمی پاشایەتیی دەکات، بەو پێیەی سەردەمێک بوو لای کەم سەقامگیری و هەندێک بەهاشی تێدا بوو. بۆیە ڕستەیەکی تری گرنگ دەدرکێنێت و دەڵێت: «ڕاستییەکەی، دەبێت نیزام[order] لە پێش ئازادییەوە بێت، چونکە بە نەمانی نیزام، هیچ کەسێکیش ئازاد نابێت». نەک تەنیا ئازادییش، بەڵکو دادپەروەرییش ون دەبێت. ئەی چارە چییە؟ کاپڵان ڕەتی دەکاتەوە بەرگری لە موحافیزەکاری بکات، تەنیا «سیستەمێکی سیاسیی گرەنتیکراو و سەقامگیر و خاوەن نیزامی وا هەبێت، کە تێیدا یاساکان جێبەجێ بکرێن». خەمخواردنی کاپڵان لە نیزام، وای لێ دەکات هەموو جۆرە جووڵە و گۆڕانێک بە شڵەژان وەسف بکات. لای ئەو هەرچی «یزم» هەن نزیکن لە یەکترەوە، ئیتر فاشیزم، نازیزم، کۆمیونیزم، یان هەر کامێکی تریان بێت. زۆر بەڕوونی دەڵێت، جەنگی یەکەمی جیهان، ناپێویست بوو، گەلێک ئاکامی گەردوونییشی لێ کەوتەوە، لەوانەش هاتنەئارای نازیزم و کۆمیونیزم.

جگە لەوانەش، دەپەڕێتەوە سەر زۆر بابەت و پرسی تر، کە لە کۆی گشتیدا، بەشێکن لەو وێنە گەورەیەی ئەو دەیکێشێت: لاوازبوونی دەوڵەت، لاوازبوونی دەزگاکان، نەمانی کوالیتی، نەمانی بەها و کەسێتیی کاریزماتیک، لەوێشەوە سەرهەڵدانی چەندان قەیران و پرسی تر،

کە دەوڵەتان و جیهان بە خۆیانەوە سەرسام و سەرقاڵ دەکەن و وزەیەکی زۆری لێ بەفیڕۆ دەدەن. لەو کێشانەش، شەڕی ناوخۆیی و سەرهەڵدانی دەیان گرووپی چەکداری گوندەی نەیاری دەوڵەت، بە زۆری لە ئەفریقا، گۆڕانی ئاووهەوا، قەیرانی کۆچبەری و... هتد.

هەرچەندە ورووژێنەرە، بەڵام بەکارهێنانی ڤایمار وەک خاڵی دەستنیشانکردن و پێچوواندن لەلایەن کاپلانەوە، هەم بەهێزە و هەمیش کێشەدارە. چونکە پێچوواندن دەکرێت بابەتێک یان ناڕوونییەکمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام هاوکات کارێکیش دەکات بەسەر جیاوازییە وردەکاندا باز بدرێت و نەبینرێن. ئەوەی لە ماوەی هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا ڕووی دا، بووە هۆکاری جەنگی سەراپاگیر و جینۆساید، بۆیە یەکسانکردنی سەردەمی ئێستامان بەو سەردەمە، هەم زێدەڕۆییە و هەمیش قەدەرییەت. جگە لەوەش، ڕەشبینیی کاپلان دەربارەی دیموکراسیی لیبراڵ سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی، خەلەل و نارێکییەکانی ئێستا وەک ئەوەی کۆتایی بن، نەک ئەوەی خولاو و شیاوی تێپەڕاندن بن، تێبگەین. هێنانە بەر باسی ڤایمار بەو شێوەیە، زیاتر لە ڕەخنەیەکی ئاکاریانە دەچێت، وەک لەوەی ئارگومێنتێکی پتەو بێت. نکۆڵی ناکرێت، لە ئاستی زمان و وێنەسازی و چوواندندا، ئەوەی کاپلان لەگەڵ ڤایمار دەیکات، شێوازێکی ئەدەبیی باڵایە و هەر ئەوەش بەسەر کۆی بەشەکانی دواتری کتێبەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

> **” کتێبەکەی کاپلان لە بناغەوە ڕامانێکی دڕدۆنگانەیە لە جیهانی سەدەی بیست و یەکەم. بە ئیلهام وەرگرتن لە گەلێك سەرچاوەی ئەدەبی، مێژوویی، جیۆسیاسی و هەروەها میزاجی باوی خەمناکانەی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگەکەی ئەوروپا ‘ “**

### ٢_ هێزە مەزنەکان لە داڕووخاندا: نۆستالجیا، ئیمپراتۆریا و لەدەستدانی نیزام

لە بەشی دووەمدا، کاپلان لە پێچوواندنەوە دەپەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی مێژوویی. لە داڕووخانی هێزە مەزنەکان ورد دەبێتەوە، بە دیاریکراوی ڕوسیا و چین و تا ڕادەیەکیش ئەمەریکا، لەگەڵ باسکردنی ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی کە بە دوای وەها داڕووخانێکدا دروست دەبێت. لێرەدا و بۆ گەیاندنی مەبەست، هەروەها بۆ دیسان چوواندنی سەردەمەکە بەوەی پێشتر، باسی زیاد لە کەسێتییەکی مێژوویی دەکات؛ وینستن چەرچڵ، هێنری کیسنجەر، ئایزایا

بەرلین، ئەلێکساندەر سۆلژنستین و جۆرج کێنان. بە دیدی کاپڵان، ئەو کەسێتییانە زۆر باش لە ناسکی یان فشۆڵیی شارستانێتی و پێویستیی تراژیکمان بە دەسەڵات و نیزام، تێگەیشتبوون. هەر بۆیە لە پاژێکی بەرچاوی بەشی یەکەمدا، باسی نەهامەتییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی سۆڤێتی و کاریگەریی شۆڕشی سوورەکان لەسەر جیهانی دواتر، دەکات. ڕەنگە لە هەندێک جێدا هەندێک جیاوازیی ببینێت و بدرکێنێت، بەڵام بەگشتی وەک یەک سەیری نازیزم و کۆمیونیزم و ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤێتیی سەردەمی ئەو دوو ئایدیۆلۆژییە دەکات. بەوردی باسی شکان یان کەوتنی وێنەی ڕوسیای مەزن لە پاش جەنگی ئوکراین، دەکات و دەیچووێنێت بەو وێنە نێگەتیڤەی بۆ ئەمەریکای پاش داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق، لە دنیادا هاتە ئاراوە. تەنیا ئەوەندەش نا، بەڵکو هەمان بۆچوونی لەسەر چین هەیە. پێی وایە گەر چین و خی ژینپینگ، هەمان هەڵەی ڕوسیا و پوتن بکات و پەلاماری تایوان بدات، جگە لەوەی ئاسایشی خۆی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دووریش دەخاتە بەر مەترسی و تۆقینی دراوسێکانییەوە—بەتایبەت یابان، کە ماوەیەکە حسابی ورد بۆ جووڵەکانی چین و کۆریای باکوور دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش بە سیستەمی بەرگریی خۆیدا چووەتەوە—هەمان کات ناوبانگی خۆیشی دەزڕێنێت و زیانی گەورەشی بەر دەکەوێت. ئەمەریکا، بە باوەڕی کاپڵان، تا ئێستا توانیویەتی لە ژێر باری جەنگی ئەفغانستان و عێراق بێتە دەرێ و بەردەوام بێت، بەڵام ڕوسیا لە ئوکراین و چین لە تایوان (لە حاڵەتی پەلاماردان و جەنگدا)، بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی لێی نایەنە دەر.

ئەوەی لای کاپڵان بایەخدارە، سەقامگیرییە. بۆیە هەر جووڵەیەکی حساب بۆ نەکراو، کە دەبێتە تێکدانی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە، ڕەت دەکاتەوە. بۆچوونی سەرەکیی کاپڵان ئەوەیە، کە کەوتنی ئاخێزگە نەریتییەکانی شەرعییەت—پاشایەتی، ئەریستۆکراسی، ئاین—وای کردووە کۆمەڵە مۆدێرنەکان فشۆڵ بن و بکەونە بەر ڕەحمی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، توندئاژۆیی ئایدیۆلۆژی و هیچگەرایی(nihilism). لەو پێناوەشدا، زیاد لە جارێک وتەی سۆلژنستین دەهێنێتەوە و هەمان جۆری ئەو دەستنیشان دەکات، کە چۆن ڕۆژئاوا لەڕووی ڕۆحییەوە بەتاڵە، زیاد لە پێویست مادییە و دوورە لە مەبەستی ئاکارییەوە. تا دەگاتە ئەوەی کاپڵان دەڵێت، لیبراڵیزم دەشێت کۆتا ئایدیۆلۆژی بێت، بەڵام لە داتەپین بەدەر نابێت.

دنیای سەردەمی جیهانگەرایی(globalization)، بەو پێیەی کارێکی کردووە هەموو بەشەکان پەیوەندیی توند و ڕاستەوخۆی ڕاستەوانەیان پێکەوە هەبێت، لە ڕیشەوە دنیایەکی ناسەقامگیرە. بۆیە لە سەردەمی کۆڤید-١٩ و هەبوونی بۆشایی سیاسیی ئەورووپی لە بەری ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەوە و مژۆڵبوونی ئەمەریکاش بە کێشە ناوخۆییەکانییەوە و بە قۆناغی گواستنەوەی نێوان کابینەی یەکەمی ترامپ و کابینەی بایدن، ڕێیان بۆ ڕوسیا تەخت کرد

ئەو هەڵە ستراتیژییە گەورەیە بکات و پێی خۆی لە داوێک گیر بکات، کە دەرچوون لێی باجی قورسی بۆی دەبێت. ئەو تەنگژەیەی ئوکراینیش، کاپڵان دەڵێت، درێژکراوە و لێکەوتەی سەردەمی حوکمڕانیی لینین و ستالین و کۆمیونیزمە لە یەکێتیی سۆڤێتیدا. بۆیە جگە لە میراتی کۆمیونیزم، ئەوەی وا دەکات جیهان لە تەنگژەیەکی بەردەوامدا بێت، بەکارهێنانی دیستۆپیایانەی تەکنۆلۆژیا، سنووردارێی زەوی و سەرچاوەکانی، گۆڕانی ئاووهەوا، بنبڕبوونی پاشایەتی و ئیمپراتۆرییەکان، پەرەپێدانی چەکی زۆر بەدیقەت و وردبین و ژیریی دەستکرد و هی تریش. ئەوەی لە نێو لیستەکەدا نەشاز دێتە بەرچاو، لای کەم بۆ من، نەمانی پاشایەتی و ئیمپراتۆرییە! وەک ئەوەی کاپڵان پێمان بڵێت، یان دەبێت لە سایەی ئەو دوو جۆر ڕژێمەدا بژین، یان قبوڵتان بێت کە لە برسێتی و جەنگ و کۆچبەری و کۆڵبەری و نائارامی و ناسەقامگیریدا بژین! لە هەموو کتێبەکەدا ئەم دیدە دووانەگەر(دوالیستی)یە زاڵە، یان ئەمیان و یانیش ئەویان؛ بژارەی سێیەم نییە.

**” بەشی یەکەم بە پێچوواندنێکی بوێرانە دەست پێ دەکات: کاپڵان دەڵێت، داتەپینی ئاکاری و کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیای سەردەمی ڤایمار لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا لە ئاستێکی جیهانیدا دووبارە دەبێتەوە و لاسایی دەکرێتەوە “**

وەک وتم، هەموو «یزم»ەکان لای کاپڵان یەکن، تا ئەو ڕادەیەی خزمەتی سەقامگیری دەکەن. بە سەرسامییەوە باسی ڕیفۆرمەکانی دێنگ ژیاوپینگ دەکات، ئەو سەرۆکەی پاش نەمانی ماو زیدۆنگ، حوکمی چینی کەوتە دەست. دێنگ پارتیی کۆمیونیستیی هەڵنەوەشاندەوە، بۆچی؟ چونکە دەیزانی تەنیا لە ڕێی ئەو حیزبەوە سەقامگیری بەرقەرار دەبێت. کاپڵان دەڵێت، ئەمەریکییەکانیش لەبەر بەرژەوەندیی ئەڵمانیای دوای دووەم جەنگی جیهانی، هەمان کاریان لەگەڵ ئەفسەرە نازییەکاندا کرد. بەڵام، کاپڵان دیارە بە جۆرێک حەسرەتەوە وا دەڵێت، هەمان کاریان لەگەڵ بەعسییەکانی عێراقدا نەکرد، پاش ئەوەی لە «٢٠٠٣» وڵاتەکەیان داگیر کرد. دیدێکی هۆبزییانەیە، ئاشتی و ئاسایش پێش هەموو شت. گرنگ نییە بە زەبری ئاگر و ئاسن بووە یان بە خوایشت، گرنگ ئەو ڕژێمانە توانیویانە ئاسایش و سەقامگیری بچەسپێنن. بە بوێرییەکیشەوە دەڵێت، داڕووخانی هێزە مەزنەکان، گورزێکی تری کوشندەیە لەو بەهایانەی ئیمپریالیزم، کە سەقامگیرییان پێوەیە و لەو نیزامە سیاسییە تا ڕادەیەک

جێگیرەشی دروستی دەکات.

هاوکات وەک هەلێکی لەدەستچوو، باسی سەردەمی پاش جەنگی ساردیش دەکات. پاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێتی، دیموکراسییە لیبراڵەکان پێیان وا بوو کە مێژوو کۆتایی هاتووە (ئەو تێزەی بە پلەی یەکەم بیرمەندێکی وەک فوکویامای لە پشتەوە بوو). کەچی لەبری ئەوە، دەسەڵاتی نوێی ستەمکارانە سەریان هەڵدا و ڕۆژئاواش بەرەو پەرتبوون چوو. کاپلان ئەمە وەک لێکەوتە یان دەرهاویشتەیەکی ئیمپریالی لێک دەداتەوە—هێزە مەزنەکان ناتوانن دەستبەرداری هەژموونی خۆیان بن، بەڵام لە خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانێکی فرەجەمسەریشدا دەستەوەستاون.

ئەم بەشەی کتێبەکە، گێڕانەوەی مێژوویی فیکریی قووڵ لەگەڵ جۆرێک لە حەتمییەتی تراژیک، ئاوێزان دەکات. تێیدا سەرسامیی کاپلان بە هەندێک کەسێتیی ڕیالیستی موحافیزکاری وەک کیسنجەر و کێنان، بەڕوونی دەبینرێت و هاوشێوەی ئەوانیش گومانی خۆی لە ئایدیالیزم بەیان دەکات. بەڵام، ڕەنگە ئەوەی هەندێک سەیر بێت، شێوازی ئاخافتن و لێکدانەوەی بە جۆرێکە، هەست دەکرێت نۆستالجیای بۆ نیزامی ئیمپریالی و ئەریستۆکراسی هەیە. ئەو گریمانەیەی کە دیموکراسی بە سروشتی خۆی، مەیلەو بێنیزامی و ئاژاوەیە و ئەوەشی کە لیبراڵیزم بەبێ پایەگەلی نەریتی، لاواز دەبێت، وەها بۆچوونێک لە توانایی خۆگونجاندن و پەرینەوەی کۆمەڵە دیموکراتیکەکان، کەم دەکاتەوە. ڕاستە ئەم بەشە، وەک بەشەکانی تری کتێبەکەش، لەڕووی فیکرییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام وەک وترا، هەست بە ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراویش دەکرێت تێیدا.

**٣_ جەماوەرو ئاژاوە: دەروونناسیی ڕووخان**

بەشی سێیەم و کۆتایی زیاتر تیۆریایی و فەلسەفییە. لەو بەشەدا کاپلان زیاتر لەسەر سروشتی جەماوەر و شۆڕش و ئاژاوە، چڕ دەبێتەوە. بە پشتبەستن بە بیرمەندانی وەک هانا ئارێنت، ئۆزواڵد سپێنگلەر، سارتەر، کامۆ و تی.ئێس.ئیلیەت و ... هتد، چۆنێتیی پێکهاتنی قەرەباڵغی(mob) و چۆنێتیی خۆلەدەستدانی تاکەکەس لە چوارچێوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و گەورەکردنەوەی ئەو کاریگەرییە لەلایەن سۆشیاڵ میدیاوە، شیدەکاتەوە. کاپلان لەنێوان خەڵک(folk) و قەرەباڵغی یان ڕەشەخەڵک(mob)دا جیاوازی دەکات. یەکەمیان زیاتر سەر بە نەریتی خۆجێیی و نەتەوەییە، نیستەجێی گوندە، کەچی دووەمیان سەر بە نەریتی جیهانی و کۆسمۆپۆلیتییە، نیستەجێی شارە. یەکەمیان سەرباری هەر توندی و ڕەقێتییەک، لای کەم ناوکێکی هەیە، ڕستێک بەهای جێگیری هەیە. لە کاتێکدا دووەم تەواو تواوەتەوە و دوای بۆچونی زۆرینە و باوی شارەکان دەکەوێت. بە مانا بوونەکییەکەی

لای سارتەر و کامۆ، کەسێکی چیتر ڕەسەن نییە، چونکە لە دۆخی تاکێتی و تاقانەیی خۆیدا ناژی، بەڵکو بووەتە برغوویەکی هەرزان لە ماشێنێکی زۆر لە خۆی قەبەتردا و هێندە خەریکی خۆگونجاندنە، سەرقاڵی داهێنان نییە.

ئەو ڕەشۆکییەی شارەکان لە چی یان لەکوێدا ترسناکە؟ بە باوەڕی کاپڵان، شارەکان شوێنی جەنجاڵن، چەندان ملیۆن مرۆڤ لە پانتاییەکی سنوورداری کەمدا دەژین. ئەوەش واتە ژیانێکی چڕ. ئەو چڕییەش جگە لە ڕەهەندە جەستەیی و بینراوەکەی، وەک ئەوەی لە شوقە و باڵاخانە و جادەکاندا دەبینرێت، دیوێکی سیاسیشی هەیە: چیتر شتەکان گفتوگۆ و تاووتوێ ناکرێن، بەڵکو دەبنە بابەتی کاردانەوە. ئیتر لەبری ئەوەی، وەک پێشتر وترا، کەسێکی خاوەن مۆراڵ و پرەنسیپی جێگیر، لە چاوی کاپڵانەوە، حوکمی شارەکان بکات، تۆپەڵێک خەڵک، کە زیاتر بە پاڵنەری ڕەمەکی و کوێرانە لە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوە، حوکم دەکەن. شارەکان بەگشتی جێی چڕبوونەوەی بوون و ژیانن، ئەوەش وا دەکات ئەگەری دەنگدانەوە و کارتێکردن و تەقینەوەش، گەلێک زیاتر و کوشندەتریش بێت. هەر بۆیە لە سەردەمی نەمانی بەهاکاندا دەژین، چونکە دەیان کەناڵی میدیایی و سۆشیاڵ میدیایی ئاڕاستەمان دەکەن و بواری ئەوەی بە کەڵڵەی خۆمان بیر بکەینەوە، نارەخسێت.

> **” بانگەشەی سەرەکیی کاپڵان بریتییە لەوەی "ڤایمار" چیتر جێیەك نییە، بەڵکو دۆخێکە. لە دیدی ئەودا، ڕێژەگەرایی ئاکاری، سەگباوەڕیی دەستەبژێر، نامۆبوونی تەکنۆلۆژی و تووڕەیی پۆپۆلیستانە، کۆمەڵە دیموکراتیکەکانیان شڵەژاندووە. وەك ئەوەی خۆی دەڵێت، "ڤایمار" چیتر شارێك یان دەیەیەك نییە، بەڵکو میزاجێکی گەردوونییە"، کە بەوەش چاخی ئێستامان بە پێشەکییەکی داتەپیوی پێش زریانێکی ستەمکارانە یان شۆڕشگێڕانە، دەچووێنێت “**

وا دیارە کاپڵان زۆر لە خەمی «تەختبوون»ی گوتاردایە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. بە دیدی ئەو، سۆشیاڵ میدیا تاکەکەس دەگۆڕێت بە کۆمەڵێک هەبووی کارلێککەری، کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی سۆز و نمایشدایە. داخورانی دەسەڵات، بەربڵاویی زانیاریی هەڵە یان زڕەزانیاری، لەگەڵ زاڵبوونی هۆزگەرایی بەسەر سیاسەتدا (یان گۆڕانی سیاسەت لە کردەیەکی گشتییەوە

بۆ کردەیەکی تایبەت و بەرتەسک و بنەماڵەیی)، هەموو پێکرا فوو بەوەدا دەکەن کە ئەو ناوی دەنێت سەردەمێکی نوێی دەروونناسیی جەماوەر. بۆیە دەڵێت جەماوەر چیتر لەسەر جادەکان نییە، بەڵکو لە نێو مۆبایلەکەتدایە.

هەمان کات دەشچێتەوە سەر ڕۆمانە مێژووییە گەورەکەی سۆلژنستین، ڕەوڕەوەی سوور (The Red Wheel)، کە بە دیدی کاپڵان یەکێکە لە مەزنترین کارە خەیاڵییە سیاسییەکان. لای کاپڵان، وێناکردنی سۆلژنستین بۆ شۆڕشی ڕووسی، هۆشدارییەکە بۆ ئەوەی دەشێت ڕوو بدات کاتێک کۆمەڵەکان ڕێکارە ئاکارییەکان و یادەوەریی دەستەجەمی، لەدەست دەدەن. کاپڵان لەمرۆشدا هەمان ئەو مەترسییانە دەبینێت، نەک تەنیا یەک دانە کارەساتیش، بەڵکو خلیسکانێکی لەسەرخۆ بەرەو هەڵوەشانەوە. تەنانەت واش دەردەکەوێت، کە لە کۆی پرۆژەی مۆدێرنیتی ناڕازی بێت، کاتێک دەڵێت شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی ڕوسی، کریستالناخت، شۆڕشی کەلتووریی چینی سەردەمی ماو و شۆڕشی ئێرانی کۆمەڵێک نموونەی «شێتیی جەماوەری شارنشینن»، کە هاوڕێ لەگەڵ توندئاژۆیی، ڕەوتی مێژووی مۆدێرن و پاش مۆدێرنیان دەسنیشان و ئاڕاستە کردووە. بگرە لە ئەمەریکاش، وەک ئەو کاری تێکدەرانانەی پاش کوشتنی جۆرج فلۆیدی ڕەشپێست بە دەستی پۆلیسێک، زۆربەی شارەکانیان گرتەوە و دەیان مۆڵ و بازاڕ تاڵان کران و کار گەیشتە ئەوەی پۆلیس، قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەنێت. وەک ئەوەی لە زاری کاراکتەرێکی ڕۆمانی «١٩٨٤»ی جۆرج ئۆروێلەوە دەگێڕێتەوە، «هەمیشە لەگەڵ جەماوەردا هاوار بکە، پێت دەڵێم. ئەوە تاقە ڕێگەیە بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بمێنیتەوە».

لێکدانەوەی کاپڵان بۆ جەماوەر، هەم ئانییە و هەمیش هۆشیارکەرەوە. لە دەستنیشانکردنی کاریگەریی وێرانکارانەی میدیای خوارزمی(ئەلگۆریتمی) و لەناوچوونی گوتاری هاوبەشدا، پێکاویەتی. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو جۆرە لێکدانەوە و دەستنیشانکردنە، یەکلایەنەیە، بەو پێیەی جەماوەر دەکرێت بۆ دادپەروەرییش خۆی ڕێک بخات، نەک تەنیا بۆ ئاژاوە، یان لای کەم هەموو جارێک بۆ ئاژاوە نییە و نابێت. ئەوەتا تۆڕە دیجیتاڵییەکان دەکرێت بانگەواز بۆ هاوخەمی بکەن، بۆ پێکەوەیی و هاوسۆزی، نەک تەنیا پەرتەوازەیی. ئەوەی کاپڵان دەیڵێت گوایە سیاسەتی جەماوەری هەمیشە ترسناکە، بەرەو نوخبەگەرایی سەر دەکێشێت و زیاتر ڕەنگدانەوەی ترسە لە قەرەباڵغی وەک ئەوەی کارلێک و بەرکەوتن و تێگەیشتن بێت لە بزووتنەوە هاوچەرخەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. داڕووخان ڕۆژئاوا تەنیا لە سیاسەتی ڕاستەوخۆدا نابینێتەوە، بەڵکو دەگاتە کۆدی جل، زمان و ئەدەبیاتی خەڵک، فرۆشتن/کڕینی کتێبی جددی و مۆسیقای کلاسیک و ... هتد.

لە زاری نووسەرێکەوە دەڵێت، پاش کەوتنی ڕۆما، مەسیحییەت هات، پاش ئەویش باوەڕبوون بە شارستانێتی و بە مرۆڤایەتی. لیبراڵیزم کۆتا ئایینە، هەرچەندە کڵێسایەکی دنیایی هەیە و

سەر بەم دنیایەی ئێرەیە، بەڵام وەک زۆر دروستکراوی تر، ڕۆژێک دێت لیبراڵیزمیش کە باشترین دەستکەوتی ڕۆژئاوایە بە دەستی مرۆڤی مۆدێرن وەک بووکەڵەیەکی پارچەبوو، کۆتایی دێت.

**ئەنجامگیری: لەنێوان کۆتایی دنیا وڕیالیزمدا**

لە کۆتاییەکانی کتێبەکەدا دیقەت دەدرێت، کە کاپڵان ئاوڕێکی جددی لە دیوی پراکتیکیی پێشنیازەکانی یان سەرنجەکانی لەمەڕ کێشە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، ناداتەوە؛ بەبێ پێشنیازکردنی چارەسەر وێرانەخاک کۆتایی پێ دەهێنێت. بە زمانێکی مەیلەو خەمناکانە و زیاتر پێشگۆییانە، دەدوێت. پێی وا نییە ئێمە خەریکین ڕووبەڕووی هیتلەر یان ستالینێکی نوێ دەبینەوە، بەڵام پێی وایە ئێمە خەریکین دەچینە جیهانێکەوە، کە لە دۆخێکی نەپساوەی ناجێگیریدایە، لە پشتییەوە داڕووخانی کەلتووری، ئاوابوونی دەزگاکان و فرەیی(پلورالیزمی) چارەنەکراو، هەن و وەستاون. وەک خۆی دەڵێت، «جیهان کۆتایی نایەت، بەڵام لە [سەروەختی] هەڵوەشانەوەدایە».

> **" لە بەشی دووەمدا، کاپڵان لە پێچوواندنەوە دەپەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی مێژوویی. لە داڕووخانی هێزە مەزنەکان ورد دەبێتەوە، بە دیاریکراوی ڕوسیا و چین و تا ڕادەیەکیش ئەمەریکا، لەگەڵ باسکردنی ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی کە بە دوای وەها داڕووخانێکدا دروست دەبێت. لێرەدا و بۆ گەیاندنی مەبەست، هەروەها بۆ دیسان چوواندنی سەردەمەکە بەوەی پێشتر، باسی زیاد لە کەسێتییەکی مێژوویی دەکات؛ وینستن چەرچڵ، هێنری کیسنجەر، ئایزایا بەرلین، ئەلێکساندەر سۆلژنستین و جۆرج کێنان "**

بەگشتی دەکرێت بوترێت، ئەوەی وێرانەخاک جیا دەکاتەوە، ئاگاداریی بەرفراوان و شێوازی نووسین و قووڵیی مێژووییەتی. وا دیارە کاپڵان لە تێهەڵکێشدا دەستڕەنگینە، بەو پێیەی سەدە و پسپۆڕی و سەرزەمینی جۆراوجۆر و زۆر پێکەوە گرێ دەدات. باڵادەستیی ئەدەبی و ئاماژە سیاسییەکانیشی، سەرنجڕاکێشە و شێوازی نووسینیشی، کە کورتبڕ و ئاستبەرزە، لە هەناویدا مۆرکی چاودێرێکی بەئاگا و هۆشیاری هەڵگرتووە. بەڵام کتێبەکە هێندە لە ڕامانێکی

فەلسەفی دەچێت، لە تێزێکی سیاسی ناچێت.

سەرباری ئەوانەش، بەشی خۆی خاڵی لاوازیی تێدایە. جیهانبینی کاپڵان موحافیزکارانەیە، تەنانەت لە هەندێک جێگەشدا کاردانەوەییە. شیکاریەکەی ئەو دەچێتە ڕیزی نارەتیڤی داڕووخانی شارستانێتییەوە، کە تێیدا نیزام و نەریت و پلەبەندیی دەکەونە سەرووی دادپەروەری و یەکسانی و فرەییەوە. زۆر کەم خۆی لە قەرەی توانای بەرگەگرتن یان نەرمینواندنی دەزگا لیبراڵەکان و داهێنانی بزووتنەوە دیموکراتیکەکان و شیمانەی نوێبوونەوە، دەدات. پێچوواندنەکانی، بەتایبەت لەگەڵ ڤایمار، ورووژێنەرن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زێدەڕەوییان تێدایە.

وێرانەخاک: جیهانێک لە تەنگژەی نەبڕاوەدا ڕامانێکی قووڵ و پڕفیکر و هەندێک جاریش بێتاقەتکەر و خەوزڕێنی فشۆڵیی شارستانێتیی مۆدێرنە. زیاتر پرسیار دەکات، وەک لەوەی وەڵام پێشکەش بکات؛ زیاتر سێبەر دروست دەکات وەک لە ڕووناکی. بۆ ئەو خوێنەرانەی بە دوای ڕوونییەوەن، کتێبەکە ڕەنگە شیاو نەبێت؛ بەڵام بۆ کەسێک بە دوای ئاگاداری و هۆشدارییەوە بێت، دڵخواز و گونجاوە.

بەگشتی، کاپڵان پێشبینی کارەسات ناکات، بەڵکو سەرقاڵی تۆمارکردن و نووسینەوەی لادانێکە. بە باوەڕی خۆی، وەها لادانێک بوونەکی و کەلتووری و هەڵنەگەڕاوەشە. جا لەگەڵی هاوڕا بین یان نا، پەیامی ئەو ڕوونە: شارستانێتی لە پڕێکدا نارووخێت، بەڵکو وردە وردە و لە شتە چکۆلەلانەوە دادەخورێت. لە کۆتا پەرەگرافی کتێبەکەشیدا دەڵێت: «ئاراستەی مێژوو، نەزانراوە... ڤایمار مایەی سەرنج و ڕەزامەندیی زۆریک لە لیبراڵەکان بوو... ئومێدی زۆر بە ڤایمار هەبوو، بەڵام نیزامی لەگەڵ نەبوو. بۆ ئێستا خۆلادان لە چارەنووسی ڤایمار، ئەرکی هەرە لەپێشینەی جیهانە».

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین
# لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

سیاسەت و ڕێنمایی نووسینی گۆڤار لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتین لە: (ڕێنمایی نووسین، شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە، ڕێنمایی وەرگێڕان).

**یەکەم: ڕێنمایی نووسین:**

- بابەتی نووسراو، پێشتر لە هیچ جێگایەکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە.
- زمانی بڵاوکردنەوەکانی گۆڤار تەنها زمانی کوردییە.
- گۆڤار ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە پرسە ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەکان.
- لە پەیکەری نووسینی بابەتدا هەندێك سەربەستی دەبەخشرێتە توێژەر، بەڵام پێویستە پەیکەری بابەتی نووسراو ئەم بەشانە لەخۆبگرێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، دەرئەنجام، پێشنیاز ئەگەر هەبێت، لیستی سەرچاوەکان.
- بابەتەکە بە تایپکراوی و بە فایلی(word) بێت.
- پێشەکی بابەتەکە لەنێوان (٢٠٠-٣٠٠) وشەدا بێت.
- کۆی وشەکانی بابەتی نووسراو، لەنێوان (٣٠٠٠-٥٠٠٠) وشەدا بێت.
- جێهێشتنی (٢ سم)، بۆ هەر چوار لای پەڕەکە.
- بۆشایی نێوان دێڕەکان (١.١٥) بێت.
- پێویستە توێژەر فۆنتی یونیکۆد (Goran) بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاربهێنێت.
- لە نووسینی ناونیشانی بابەت، قەبارەی فۆنتی (١٦)ی بۆڵد بۆ ناونیشان و (١٤)ی بۆڵدیش بۆ ناونیشانی لاوەکی ناوەڕۆك بەکاربێت.
- قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی بابەت (١٤)بێت.
- لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەڕەوە، ژمارەی لاپەڕە دابنرێت.

- چارت و وێنەکان بە شێوەی (JPG) بێت.

- بابەتی نووسراو لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە بنێردرێت: jss@dirasatdiploma. org

**دووەم: شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا و بەشێوازی (Insert Endnote) بێت و بە فۆنتی قەبارە (١٢) بنووسرێن.

- لە لیستی سەرچاوەکان بەم شێوازانەی لای خوارەوە سەرچاوەکان بنووسرێن:

*** توێژینەوەی بڵاونەکراوە (نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا):**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ناونیشانی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا، ناوی کۆلێج و زانکۆ، ساڵ، لاپەڕە.

*** کتێب:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی کتێب، (وەرگێڕ و پێداچوونەوە ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە یان چاپخانە، لاپەڕە.

*** گۆڤار:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی توێژینەوە یان وتار، ناوی گۆڤار، ژمارەی بەرگ، ژمارەی گۆڤار، لاپەڕە.

*** ڕۆژنامە:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، (ڕێکەوت)، ناونیشانی بابەت، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

*** چاوپێکەوتن:**

- ناوی کەسی چاوپێکەوتنکەر, ناوی کەسی چاوپێکەوتنکراو و پیشەکەی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن، شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاژێر.

*** ماڵپەڕ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ڕێکەوت، (ئەگەر نەبوو ڕێکەوتی سەردانیکردن بنووسرێت)، ناونیشانی بابەت، لینکی ماڵپەڕ، یان سەرچاوەی ئەلیکرتۆنی ڕێکەوتی سەردانیکردنی ماڵپەڕ.

- **تێبینی:** لەو ڕوانگەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناوی خێزانیی بەکارناهێنرێت، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەوە, هەر ناوی سیانی نووسەر بنووسرێت.

*** ڤیدیۆ:**

- ناونیشانی ماڵپەر، (ڕێکەوتی دانانی ڤیدیۆ)، ناونیشانی ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕ، بەرواری سەردانیکردن.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

# The Strategic Studies

Issue 2, Summer 2025